# کۆمەڵناسیی گشتی

## بەشی یەکەم

## مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی

مەنوچێهر موحسنی

# کۆمەڵناسیی گشتی

بەشی یەکەم

## -مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی-

وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانی

کوردستان

هەولێر - ٢٠٠٥



ئەم کتێبە وەرگێڕدراوی سێزدە بەشە لەم کتێبەی خوارەوە:

دکتر منوچهر موحسنی

جامعەشناسی عمومی

انتشارات طهوری، چاپ هفدهم، تهران ١٣٨٠

**ناوی کتێب: کۆمەڵناسیی گشتی**

بەرگی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی

- نووسین: د. مەنوچێهر موحسنی
- وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانی
- پیتچنی و نەخشەسازی ناوەوە: موسڵح ئیروانی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- تیراژ: ١٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٥٠٧)
- چاپی یەکەم: ٢٠٠٥
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر

زنجیرەی کتێب -٣- (١٠٦)

ناونیشان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

هەولێر: پشت ڕۆژنامەی خەبات

پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com

ژمارەی تەلەفۆن: 2260311

پێشكەش بە مامۆستای بەڕێزم

## دكتۆر ڕەشاد میران



## ناوەرۆك

پێشەكیی وەرگێڕ ١١

**بەندی یەكەم: بنەماكان**

**بەشی یەكەم: بابەتی كۆمەڵناسی**

پێناسەی كۆمەڵناسی ١٢

سنووری كۆمەڵناسی ١٩

**بەشی دووەم: دیاردەی كۆمەڵایەتی**

چەمكی دیاردەی كۆمەڵایەتی ٢٤

ماهیەتی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان ٢٨

تایبەتمەندیی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان ٣١

پۆلێنكردنی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان ٣٦

وابەستەیی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان ٣٩

**بەشی سێیەم: ئامانج و بەكارهێنانەكانی كۆمەڵناسی**

ئامانجەكانی كۆمەڵناسی ٤٢

بەكارهێنانەكانی كۆمەڵناسی ٤٥

**بەشی چوارەم: كۆمەڵناسی و لقە زانستییەكانی تر**

پۆلێنكردنی زانستە كۆمەڵایەتییەكان ٥٠

کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر ٥١
دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ٥٣
ئابووری ٥٤
سیاسەتناسی ٥٥
دیمۆگرافیا ٥٦
ئێتنۆگرافیا ٥٨
ئێتنۆلۆژی ٥٩
مرۆڤناسی ٦٠
سۆسیۆگرافی ٦٢
زمانناسی ٦٣
مێژوو ٦٤
کۆمەڵناسی و لقە زانستییەکانی تر ٦٦
ئامار ٦٧
جوگرافیای مرۆیی ٦٨
ئیکۆلۆژیای مرۆیی ٦٩
فەلسەفە ٧٠
یاسا ٧٠
ئەخلاق ٧١
**بەشی پێنجەم: بوارە پسپۆرییەکانی کۆمەڵناسی**
کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسییەکان ٧٢
بەشە پسپۆرییەکانی کۆمەڵناسی ٧٣





کۆمەڵناسیی کردەیی ٧٤
کورتەی بەندی یەکەم ٧٦


## بەندی دووەم: ڕەوتی وەرچەرخانی کۆمەڵناسی


**بەشی شەشەم: هزرە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوا تا پێش سەدەکانی ناوەڕاست**
فەلسەفە لە یۆنانی کۆندا ٨١
ئەفلاتون ٨١
ئەرستۆ ٨٥
**بەشی حەوتەم: هزرە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوای سەدەکانی ناوەڕاست**
هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووریی سەدەکانی ناوەڕاست ٩٠
هزرە کۆمەڵایەتییەکان ٩١
**بەشی هەشتەم: هزرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەورووپا**
**لە ڕێنسانسەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم**
هەلومەرجی گشتیی ڕێنسانس ٩٥
بیکۆن و دیکارت ٩٧
ماکیاڤیللی ١٠٠
تۆماس مۆر ١٠٣
تۆماس هۆبز ١٠٥
جۆن لۆك ١٠٨
ڤیکۆ ١١٠
فیزیۆکراتەکان ١١٣

مۆنتیسکیۆ ١١٧

ڤۆلتێر ١٢٢

جان جاك ڕۆسۆ ١٢٤

**بەشی نۆیەم: هزرە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەدا**

سان سیمۆن ١٣٠

هێگڵ ١٣٤

ئۆگست کۆنت ١٣٨

مارکس ١٤٦

هێربرت سپنسەر ١٥١

**بەشی دەیەم: کۆمەڵناسی لە سەدەی بیستەمدا**

هۆی بایەخدان بە کۆمەڵناسی ١٥٥

کۆمەڵناسی لە فەرەنسا ١٥٨

ئەمیل دورکایم ١٦٠

جۆرج گورڤیچ ١٦٧

کۆمەڵناسی لە ئەڵمانیا ١٧٠

ماکس ڤیبەر ١٧١

کۆمەڵناسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٧٤

سورۆکین ١٨٠

پارسۆنز ١٨٣

کۆمەڵناسی لە بەریتانیا ١٨٧

کۆمەڵناسی لە ئیتاڵیا ١٨٩





پارێتۆ ١٨٩

کۆمەڵناسی لە وڵاتە سوسیالیستییەکان ١٩٢

**بەشی یازدە: قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی لەسەدەی بیستەمدا**

قوتابخانەی دەروونناسی ١٩٦

قوتابخانەی بایۆلۆژی ١٩٨

قوتابخانەی جوگرافیایی ١٩٩

قوتابخانەی ئەرکگەرێتی ٢٠٠

قوتابخانەی بونیادگەری ٢٠١

**بەشی دوازدەهەم: چاوخشاندنێك بەقۆناغەکانی دروستبوونی کۆمەڵناسی** ٢٠٤

کورتەی بەندی دووەم ٢٠٨

سەرچاوەکان ٢١٠

## پێشەکیی وەرگێڕ

نووسینی ئەکادیمیانە لە بواری کۆمەڵناسی بە زمانی کوردی، سەرەتایی و نوێیە و بۆیە بێ کەموکووڕی نییە. لە نووسین یان وەرگێڕانی بەرهەمێکی کۆمەڵناسی دا هەم لە ڕووی زاراوەسازییەوە تووشی گرفت دەبین و هەم لە کورداندنی بابەتە تیۆرییەکاندا. ئەمە تەنیا پاساوێك نییە بۆ خۆ دزینەوە لە کەموکووڕییەکانی ئەم بەرهەمە، بەڵکو واقیعێکە دەبێ دانی پێدا بنێین.

ئەمە دووەم کتێبی مەنوچێهر موحسنی، پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی لە زانکۆی تارانە، کە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی. ئەم کتێبە ئەگەر چی تازە نییە، بەڵام وەك سەرچاوەیەك لەو بوارەدا بە زیندوویی ماوەتەوە. پێداچوونەوەی پێنجەم و چاپی حەڤدەهەمی فارسیەکەی نیشانەی گرنگی و زیندوویێتیی ئەم بەرهەمەیە.

ئەم کتێبە خۆی لە سی و یەك بەش پێکهاتووە، بەڵام ئێمە تەنیا ١١ بەشیمان لە بەرگێکدا وەرگێڕاوە. خوا یار بێ، لە ئایندەدا ئەوەی ماوە وەردەگێڕین و هەمووی لە بەرگێکدا بڵاوی دەکەینەوە.

خوێنەرە بەڕێزەکان ئاگادار دەکەمەوە کە شێوازی ئاماژەکردن بە سەرچاوە لەم کتێبەدا جیاوازە لە کتێبی *دەروازەکانی کۆمەڵناسی*. ژمارەی ناو کەوانەی [ ] ئاماژەیە بۆ ئەو سەرچاوانەی لە کۆتایی کتێبەکەدا هاتوون.

*موسڵح ئیروانی*

بەندی یەکەم: **بنەماکان**

باسی یەکەم

# بابەتی کۆمەڵناسی

## پێناسەی کۆمەڵناسی

دەتوانین بڵێین کۆمەڵناسی بریتییە لە کۆمەڵێك مەعریفە و زانین کە لە ڕێی پشکنین و لێکۆڵینەوەی پشتئەستوور بە میتۆدی زانستی لەمەڕ بونیاد یان پێکهاتە (البناء)، ڕێکخراو (التنظيم) و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا مرۆییەکان چنگ دەکەون. کۆمەڵناسی هەوڵی پشکنین و شیکردنەوەی کاروبار و کێشە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدات: کێشەگەلێکی وەکو: گەشەکردن و فراژووبوونی تاك لە منداڵییەوە تا پیری، تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ناکۆکی و جیاوازی و ململانێ سیاسییەکان و شەڕەکان، نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان، گرفتی گرووپ و توێژە تایبەتییەکانی کۆمەڵگا، دەسەڵاتی سیاسی، نفووزی میدیای جەماوەری لە ژیاندا، پیسبوونی ژینگە، جۆرەکانی لادانی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گشت ئەو بابەتانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیان هەیە.

هەر لەو کاتەوەی کە "ئۆگست کۆنت" (Auguste Comte ١٧٩٨-١٨٥٧) دامەزرێنەر و داهێنەری وشەی "کۆمەڵناسی" لەو بارەوە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە و [بۆ یەکەمجار] وشەی "کۆمەڵناسی" (Sociologie) بەکارهێنا (ساڵی ١٨٣٩)، چەندین پێناسەی جیاجیای



کۆمەڵناسیمان لەبەردەست دان کە هەر کۆمەڵناسە و بەگوێرەی لێکۆڵینەوە و میتۆد و ڕوانگەی خۆی و هەروەها گەشەی زانستی و بواری کاری ئەم لقە زانستییە لە درێژایی مێژوودا پێناسەی کردووە. بۆ ئەوەی هەندێ لەو پێناسانە تاووتوێ بکەین گرنگترینیان بەم شێوەیەی خوارەوە دێنینەوە.

"ئۆگست کۆنت" کۆمەڵناسی بە زانستی شیکردنەوەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێت و وەك زانستێکی سەربەخۆ لە ڕیزی پۆلێنکردنەکەی بۆ زانستەکان جێگەی کردەوە.

"ئەمیل دورکایم" کۆمەڵناسی فەرەنسی (E. Durkheim ١٨٥٨-١٩١٧) لە بەرهەمەکانیدا هاوکات لەگەڵ ئەو وەرچەرخانەی کە لە لێکۆڵینەوە و تیۆرەکانیدا بە ئەنجام دەگەیشت چەند پێناسەیەکی بۆ کۆمەڵناسی کردووە. ئەگەر دوایین پێناسەی وەرگرین بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەو پێی وایە کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە کە لە شێوە تایبەت و جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کە پشت بە کۆویژدان (الوجدان الجمعي) دەبەستێ، دەکۆڵێتەوە. لە ڕێی ئەم پێناسەوە "دورکایم" هەوڵدەدات گرنگی بە کۆویژدان بدات کە لە ڕاستیدا لە کۆمەڵێك هزر و بیروڕا، ئامانج، بەها و بیروباوەڕ پێکهاتووە.

"ماکس ڤیبەر" کۆمەڵناسی ئەڵمانی (M. weber ١٨٦٤-١٩٢٠) بڕوای وابوو کۆمەڵناسی، زانستێکە دەیەوێ لەڕێی شیکردنەوەی واتا خودییەکانەوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بناسێت و زانستییانە تەفسیری بکات.

"مارسێل مووس" کۆمەڵناس و مرۆڤناسی فەرەنسی (M. Mauss ١٨٧٢-١٩٥٠) کۆمەڵناسی بەو زانستە دادەنێت کە بە تێڕوانینێکی گشتگیرەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە.

"جۆرج زیمێل" کۆمەڵناسی ئەڵمانی (G. Simmel ١٨٥٨-١٩١٨) ئەم لقە بە زانستی پەیوەندییە مرۆییەکان پێناسە دەکات.

"ئەلبیون سماڵ" کۆمەڵناسی ئەمریکی (A. Small ١٩٢٦-١٨٥٤) و دامەزرێنەری گۆڤاری کۆمەڵناسیی ئەمەریکایی (American Sociology) بڕوای وابوو کۆمەڵناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان (التفاعل الاجتماعي).

کۆمەڵناسێکی دیکەی ئەمریکی "ویلیام گراهام سامنێر" (١٨٤٠-١٩١٠ W.G. Sumner) سەرتاپاگیرتر دەڕوانێت و کۆمەڵناسی بە هاوواتای **زانستی کۆمەڵگا** دادەنێت.

"گاستۆن ریشار" (G. Richard) لە ساڵی ١٩٢٨ رایگەیاند کە کۆمەڵناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکی و جێنێتیکیانەی چەشنە کۆمەڵایەتییەکان. ساڵی دواتر "رینێ مونیێ" (R. maunier)، کۆمەڵناسیی وا پێناسە کرد کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکیانەی کۆمەڵگاکان؛ پێناسەیەك کە گشت زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەخۆ. "گاستۆن بۆتۆل" کۆمەڵناسی فەڕەنسی بۆچوونێکی وەکو هی "مونیێ" و "ریشار"ی هەبوو. ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٩ رایگەیاند کە کۆمەڵناسی بەبێ پشتبەستن بە بەراوردکردنی بەردەوامی نێوان شێوە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی وڵات، نەتەوە و قۆناغە جیاجیاکان، ناتوانێت بە هیچ پێشکەوتنێك بگات.

"جۆزیف فیچەر" (Joseph H. Fichter) کۆمەڵناسی ئەمریکی لە کتێبی **کۆمەڵناسی**دا کە لە ساڵی ١٩٦١ بڵاوکرایەوە، رایگەیاند روانگەی کۆمەڵناسی لەو شوێنەوە سەرهەڵدەدات کە تاکەکەسان لە شێوەی کۆمەڵیانەدا دەژین. کۆمەڵناس لە سیستەمی گرووپبەندیی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە کە لە گشت کۆمەڵگاکاندا هەیە. ئەم زانستە پشت بە واقیعی پەیوەندییە مرۆییەکان دەبەستێ، واتە ئەوەی دەستی هەیە لە هاتنەکایەی



کۆمەڵە مرۆییەکاندا. هەر شتێك کە لەم ڕێڕەوەدا بەرهەم دێت پێی دەگوترێ کۆمەڵناسی[٢].

وتووێژە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی بابەت و سنووری کۆمەڵناسی بەردەوام لە کۆنفرانسەکانیشدا بەدرێژی باس کراوە. بۆ نموونە لە مانگی مایسی ١٩٦٠ لە دانیشتنی "کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کۆمەڵناسانی فەرەنسی زمان" کە لە جنێف ئەنجام درا چەندین پێناسەی جیاواز خرانەڕوو. "هێنری ژان" (H. Jenne) لە زانکۆی برۆکسل باسی مەسەلەی هوشیاریی کرد سەبارەت بە واقیعی کۆمەڵایەتیی سەرتاپاگیر. "رینێ ژیرۆ" ئاماژەی بەوە کرد کە بابەتی کۆمەڵناسی تۆژینەوەیە لە ڕێکخراو و پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگا، هەروەها "ئالان تۆرین" (A. Touraine) لە زانکۆی پاریس رایگەیاند کە کۆمەڵناسی زانستی رەفتارە کۆمەڵایەتییە ئاسایی و دامەزراوەییەکانە.

لە ساڵی ١٩٦٥ لەکاتی بەستنی هەمان کۆنفرانسدا، کۆمەڵناسێکی تر لە فەڕەنسا واتە "لوسیان گۆڵدمان" (L. Goldman) وتی ئامانجی کۆمەڵناسی روونکردنەوەی رەهەندە سەرەکییەکانی گشت کاروبارە مرۆییەکانە. ماوەیەك دواتر "ژان دوڤینیو" (J. Duvignaud) لە دانیشتنی "کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کۆمەڵناسی"دا رایگەیاند کە کۆمەڵناسی بریتییە لە شیکردنەوەی قووڵی گشت لایەنەکانی ژیانی بەکۆمەڵ[١٢٣].

"جۆرج گورڤیچ" (G. Gurvitch) کۆمەڵناسی فەڕەنسی لە وتارێکیدا لە ژێر ناوی "بابەت و میتۆدی کۆمەڵناسی"دا دوای ئەوەی زۆربەی پێناسەکانی کۆمەڵناسان تاووتوێ و رەتدەکاتەوە، لە ئەنجامدا بە حەزەرێکی تایبەتەوە رادەگەیەنێت کە کۆمەڵناسی زانستێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، گرووپبەندییە بچووکەکان و کۆمەڵگا گەورەکان لە ڕووی ڕەوتی دروستبوون و لەناوچوونیان دەکۆڵێتەوە[٤].

کۆمەڵناسی ئەمریکی "تالکۆت پارسۆنز" (T. Parsons)، هەوڵی داوە پێناسەکانی کۆمەڵناسی لە ئەوروپا و ئەمریکا لە یەکتر نزیك بکاتەوە و بڕوای وابوو کە کۆمەڵناسی ئەو لقە زانستییەیە کە لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە.

"ساموێل کۆنیگ"، (S. Koenig) کۆمەڵناسی ئەمریکی، پێی وایە[٥] "کۆمەڵناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتار و کرداری ئادەمیزاد لەناو گرووپدا لە لایەك و چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان لە لایەکی ترەوە، ئەم زانستە هەوڵدەدات لە چۆنیەتی و ئامانجەکانی کۆمەڵە مرۆییەکان و چۆنیەتیی گەشە و پێشکەوتن و گۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان و داب و نەریتییان تێبگات و شرۆڤەیان بکات".

"ریچارد شافیر" کۆمەڵناسی ئەمریکی لە کتێبی ***کۆمەڵناسی*** (١٩٨٣)دا بڕوای وایە بابەتی ئەم لقە زانستییە لێکۆڵینەوەی سیستماتیکانەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و گرووپە مرۆییەکانە، کە سەرنجی خۆی بە پلەی یەکەم ئاراستەی کاریگەرییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هەروەها چۆن چۆنیی کۆمەڵەکان دێنەکایەوە و دەگۆڕێن[١].

بەچاوخشاندنێك بەناو ئەم پێناسانەدا، کە تەنیا چەند نموونەیەکن لە گرنگترین پێناسەکان، دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەوەی لە هەندێ حاڵەتدا ئەم پێناسانە واتای هاوبەش و لێکچوو دەگەیەنن بەڵام جیاوازیگەلێکی تایبەت لە تێڕوانینە سەرەکییەکان و ئامانجیاندا بەدی دەکرێت. لە نێوان کۆمەڵناسە ئەوروپی و ئەمریکاییەکاندا جیاوازیی دەربڕین هەیە. بۆ نموونە کۆمەڵناسە فەرەنسییەکان لە باسکردنی کۆمەڵناسیدا گرنگی بە بونیاد و سیستەمی کۆمەڵگا دەدەن، لە کاتێکدا کە بەلای کۆمەڵناسە ئەمریکاییەکانەوە ئەوەی لە هەموو شتێك گرنگترە پەیوەندیی تاکەکەسان و کردە گرووپییەکانە.



لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی جاراندا، کۆمەڵناسی تا پێش گۆڕانکارییەکانی ساڵی ١٩٩١ و دواتر ناوەڕۆکەکەی جیاواز بوو لەوەی لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا هەیە. "ریمۆن ئارۆن" (R. Aron) لە دوو دەیەی ڕابردوودا وای بۆ دەچوو کە لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا، کۆمەڵناسی لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای مارکسی دایە، کە لە هەمان کاتدا سێنتزیانە و مێژوویی و دۆگماییە، سەرنجی پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگا دەدات و هەوڵی پێشبینیکردنی گۆڕانکارییەکان دەدات[٦]. لەوساوە تا ئێستا و سەرەڕای ئەو ماوە کورتە، کۆمەڵناسی بەو شێوەیەی کە لەو وڵاتانەدا دەگوترێتەوە و دەخوێنرێت گۆڕانکاریی بونیادیی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەم پرۆسەیە هێشتا بەردەوامە. هەڵبەت دەزانین کۆمەڵناسیی مارکسیستیش لەم وڵاتانەدا لە پاڵ ئاراستەکانی تر (وەکو زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوا) درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

کێشەکە لەوە دایە کە زۆربەی ئەم پێناسانە، کۆمەڵناسی تێکەڵ بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەکەن. هەندێ لە زانایان لە پێناوی بەرزڕاگرتنی هەرچی زێتری ئەم لقە زانستییە، هەندێ جار واتایەکی زۆر بەرفراوانی پێدەدەن کە لقەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە. لە هەندێ حاڵەتی تردا، پێناسەکان لایەنێکی زۆر پسپۆڕیانە وەردەگرن و لە سەرتاپاگیرییەکەیان کەم دەکرێتەوە. ئەو دیاردانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدەن، جگە لە کۆمەڵناس، لە بوارەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا هەن، کە پێویستە ئەم پەیوەندییە یان ئەم لایەنە هاوبەشە لەبەرچاو بگیرێت. جگە لەوانە پێویستە هەلومەرجی زەمەنیی ئەم پێناسانە و ڕەوشی کۆمەڵناسی لە هەر وڵاتێکدا لەبەرچاو بگیرێت. بەکورتی تەمومژ و جیاوازیی بیروڕا لە پێناسەکردنی کۆمەڵناسیدا بەرادەیەکە کە "ریمۆن ئارۆن" کۆمەڵناسی فەرەنسی بەشێوەیەکی تەنزئامیز

وتوویەتی "کۆمەڵناسان تەنیا لەسەر بابەتێك هاوڕا و تەبان، ئەویش سەختیی پێناسەکردنی کۆمەڵناسییە" [٢٦]

بە لەبەرچاوگرتنی پێناسەکانی سەرەوە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە کۆمەڵناسی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و بە بایەخدانێکی تایبەت بە دامەزراوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بونیاد و دامەزراوەکان و لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییان دەکۆڵێتەوە و هەڵدەستێ بە بەراوردکردن و شیکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەم دیاردانە. کۆمەڵناسی لەڕێی سوودوەرگرتن لە ئەنجامەکانی زانستەکانی تر و بەتایبەت زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، لە شێوەی پەیوەندییەکانی تاکەکەسان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیاندا دەکۆڵێتەوە و ئامانجی لەم لێکۆڵینەوانە دۆزینەوەی ئەو یاسا گشتیانەیە کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا باڵادەستن، ئەم کارەش لەڕێی سوودوەرگرتن لە میتۆدە زانستییەکان ئەنجام دەدات و هەوڵی ناسینی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دیاردانە دەدات. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە، کۆمەڵناسی بەپێی میتۆدێکی زانستی لەگشت دیاردەکان، بونیادەکان، دامەزراوەکان، گرووپەکان، ژێدەرەکانی دەسەڵات، ئەو پەیوەندی و ڕەفتارانەی کە بەهۆی پشتبەستنی ژیانی مرۆڤەکان بەکۆمەڵگاوە دێنە ئاراوە تۆژینەوە ئەنجام دەدات. بەگوێرەی ئەم وەسفە، کۆمەڵناسی لەڕێی میتۆدی پراکتیکی و دۆزینەوەی هاوبەندییەکان دەتوانێت یان لانی کەم دەیەوێت یاسا گشتی یان تایبەتییەکان وەدەست بێنێت. کۆمەڵناسی بەهۆی داکۆکیکردن لەسەر بینین و هەڵسەنگاندن بواری ئەوە دەرەخسێنێت زانیاریگەلێکی ڕێکوپێك و گونجاو لە بارەی پرسیارگەلێکی تایبەت بە سیاسەت و هەڵبژاردنە کۆمەڵایەتییەکان وەدەست بێنین [١٢٤].



## سنووری کۆمەڵناسی

کۆمەڵناسی لقێکی زانستییە کە کایەی تێڕوانینەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. بینیمان کە بەلای هەندێ کۆمەڵناسەوە، کۆمەڵناسی لقێکی زانستییە کە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان بەگشتی و دیاردە کۆمەڵایەتییە سەرتاپاگیرەکان دەکۆڵێتەوە و بەلای هەندێکی ترەوە کۆمەڵناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی گرووپبەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دیارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆر و تایبەتییەکان. بە بڕوای هەندێکی تر کۆمەڵناسی داوا دەکات بەگوێرەی تواناکانی خۆی هەوڵی دەرخستنی ناکۆکییەکان و ئاراستەکان و ژیانی شاراوەی تایبەت بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بدات. گرووپێکی تری کۆمەڵناسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کۆمەڵناسی لە بنەڕەتدا پشت بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان تاکەکەسان و یاساکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەبەستێ.

شایانی باسە ناتوانین زەمینەی بابەتی کۆمەڵناسی تەنیا لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان تاکەکەساندا کورت بکەینەوە، چونکە کۆمەڵناسی ناتوانێت تەنیا لە گرووپەکان (وەك ئەوەی کۆمەڵناسانی ئەمەریکی بایەخی پێدەدەن) بکۆڵێتەوە[٧].

کۆمەڵناس هەوڵی دۆزینەوەی ئەو یاسایانە دەدات کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا زاڵن و لەو ڕووەوە لە هەندێ باردا خۆی لە واقیعگەلێکی تایبەت بە دوور دەگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوەی کە گشتییە هەست پێبکات. بابەتی کۆمەڵناسی تۆژینەوەیە لە دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (لە هەرکات و شوێن و هەر کۆمەڵگایەك چ پەرەسەندوو بێت یان لە حاڵەتی پەرەسەندندا بێت)، و ناسینی بونیاد و چالاکی و پەیوەندییە مرۆییەکان لە چوارچێوەی ژیان لە کۆمەڵگادا، دیاردەگەلێکی وەکو ئەنجامدانی ئەرکی ئاینی، پەروەردە و فێرکردن، کار، داب و نەریت، یاساکان، دامەزراوە

کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها مامەڵە و پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ فرەجۆریی لەرادەبەدەری خود لە سەندیکا و ڕێکخراوە کەم تا زۆر فراوانەکاندا، هەموو ئەمانە لە بابەتە سەرەکییەکانی تۆژینەوەن لە کۆمەڵناسیدا.

هەر لە سەرەتای مێژووەوە، رەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بابەتێکی سەرنجڕاکێش بووە بۆ لێکۆڵینەوە. شێوەی رەفتاری مرۆڤ لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، واتە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان، هەمیشە جێی بایەخ بووە و لەلایەن کەسانی وەکو مێژوونووسان، سیاسەتمەداران، شاعیران، چیرۆکنووسان، زانایانی ئایینی و فەیلەسوفان بەشێوەی جیاجیا لێی تۆژراوەتەوە. بەڵام وەك بینیمان کۆمەڵناس میتۆدێکی تایبەتی هەیە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی دوولایەنە و ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

ئەرکی کۆمەڵناس ئەوەیە کە لە ڕووی زانستییەوە رەوتی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان شیبکاتەوە. ئەوەی کۆمەڵناسی لێی دەکۆڵێتەوە، شتێك نییە تازە دۆزرابێتەوە. زەمینەی سەرەکی کۆمەڵناسی داهێنان یان تێکەڵێکی نوێ نییە لەوەی کە پێشتر هەبووە، واتە وەك چۆن لە داهێنراوە تاقیگەییەکانی (الاختراعات المختبرية) لقێکی زانستیی وەکو کیمیا باسی لێوە دەکرێ. کۆمەڵناس بەدوای پشکنین و ناسینی شێوەی باوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزانین کە هەمیشە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی نوێ روودەدەن، شێوەی نوێی ژیانی گرووپی سەرهەڵدەدەن و شێوازی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن... گشت ئەم واقیعانە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستین لە کۆمەڵگادا.

بواری سەرەکیی کۆمەڵناسی هەر لەو کاتەوەی کە ئادەمیزاد بە کۆمەڵ بەیەکەوە ژیاون، هەبووە. ئەگەرچی لە هەندێ رووەوە ئەم بوارە لەکات و شوێندا رووبەڕووی گۆڕانکاری بۆتەوە و هەندێجار بە خێرایی، یان بە سستی



گۆڕاوە، بەڵام بناغە سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەگشتی هەر ئەوانەن کە پێشتر هەبوون.

ئێستا با بزانین بەم پێیە، سنووری تایبەتی کۆمەڵناسی کامەیە و چ کێشەگەلێك دەگرێتەوە. هەندێ لە گرنگترین بوارەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە:

- دیاردە پەیوەستەکان بە شێوە و پێکهاتەی مادیی کۆمەڵگای مرۆیی،
- بزاڤ و گۆڕانی دانیشتوان لە پەیوەندیدا بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیان،
- توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان و تایبەتمەندی و پێگەیان،
- پەیوەندی مرۆڤ بە شوێنی نیشتەجێبوون و کاریگەریی دوو لایەنەی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان،
- گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوە و چەشنی جیاجیاوە،
- داب و نەریت و خووە کۆمەڵییەکان،
- لادانە کۆمەڵایەتییەکان،
- شێوەی کۆمەڵە مرۆییەکان وەکو کۆچنشینی، گوندنشینی و شارنشینی،
- گرووپە کەمینەکان (الاقليات) و پەیوەندییان بە گرووپەکانی دیکەوە،
- پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان،
- بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئامانج و رەمز (سیمبۆل)ە کۆمەڵایەتییەکان،
- جموجوڵ و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان،
- دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە ئایین، ئەخلاق، پەروەردە و فێرکردن، ئابووری، خێزان، سیاسەت و هتد..
- ئەو دیاردانەی لە رەفتاری کۆمەڵییەوە سەرهەڵدەدەن.

هەرچەندە هەریەك لەم دیاردانە لە لایەك لە لایەکانیەوە دەشێ بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش بێت، بەڵام ئامانج و شێوەی لێکۆڵینەوەی

کۆمەڵناسان بەشێوەیەکە کە زێتر بایەخ بە ناسین و دیاریکردنی هۆکار و ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دیاردانە دەدات.

روانگەی کۆمەڵناسی ئەوکاتە پەرە دەستێنێ، کە بێلایەنانە سەیری کۆمەڵگا و ئەو دیاردەیەی مەبەستمانە بکات و زانستیانە شیی بکاتەوە. بەدەستەواژەیەکی تر، وەك سەرنجدەرێکی جیهان، پێویستە دیاردەگەلێکی وەکو ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەندیان بە ئێمەوە هەیە، خێزان و بنەماڵەمان، دراوسێمان، هاوپۆلەکانمان، هاوشارییەکانمان و زۆربەی دیاردەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی دیراسە بکەین [٢٧].

کۆمەڵناسی وەکو گشت زانستەکانی تر بۆ رێکخستنی تێڕوانین بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و راکێشانی سەرنجی خەڵك بۆ چەند لایەنێکی کێشەکان، سوود لە چەمکە تایبەتییەکانی خۆی وەردەگرێت کە دەشێ جیا بن لە بەکارهێنانی ڕەشۆکییانەی ئەو چەمك و زاراوانە: ئەمە واقیعێکە کۆمەڵناسی لە مەعریفەی گشتی یان وتارە ئاساییەکانی ناو رۆژنامان جیادەکاتەوە. بۆ نموونە زاراوەی گرووپی کۆمەڵایەتی کە هەموو بەکاری دێنن، لە کۆمەڵناسیدا واتایەکی تایبەتی هەیە.

باسی دووەم

# دیاردەی کۆمەڵایەتی

## چەمکی دیاردەی کۆمەڵایەتی

پێش ئەوەی جەوهەر و تایبەتمەندیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شرۆڤە بکەین پێویستە بزانین سەرچاوەی پۆلێنکردنی هەندێ لە دیاردەکان لە ژێر ناوی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە کوێوە هاتووە؟ لە رابردوویەکی زۆر دوورەوە دیاردەکانیان بەگشتی لە ڕووی بابەتەوە بۆ سێ دەستە دابەش کردووە: دیاردە سروشتییەکان، دیاردە بایۆلۆژییەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

هەندێ زانا، دیاردە بایۆلۆژییەکان دابەش دەکەن و بوونێکی سەربەخۆش بە دیاردە دەروونییەکان دەدەن. هەریەك لەم دیاردانە سنووری تایبەتی خۆیان هەیە و دەبنە بابەتی زانستگەلێکی جۆراوجۆر. دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش بەوە بوونی خۆیان دەسەلمێنن کە لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە و هەر لەبەر ئەوەشە سیفەتی کۆمەڵایەتییان پێ دەدەین. ئەم دیاردانە بوونی سەربەخۆی خۆیان هەیە: لە کۆمەڵگادا دروست دەبن و دەگۆڕێن؛ لەهەر کۆمەڵگایەکیشدا دەشێ بەشێوەیەکی تایبەت دەربکەون. ئەگەر بمانەوێ باشتر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکەین دەتوانین سەرنجی ڕەوشی ژیان و پەیوەندییەکانی خەڵك لە لایەنە جیاجیاکانی کات و شوێن و شێوەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیان بدەین بۆ ئەوەی لەو جیاوازییە تێبگەین کە لەم بوارە فراوانەدا هەیە. بەکورتی دەتوانین بڵێین دیاردە



کۆمەڵایەتییەکان لە ژیان و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دێنە بوون و پێویستە لە دیاردە سروشتی و بایۆلۆژییەکان جیایان بکەینەوە.

بێگومان ئەم دیاردانە (سروشتی، بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی) پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە، و ئەم لێکجیاکردنەوەیە لە ڕووی جیاوازیی یەکجارەکیان لەیەکتر نەبووە، بەڵکو تەنیا بەمەبەستی ئاسانکردنی لێکۆڵینەوە و ناسینیان بووە. ئەو پەیوەندییە لەو شوێنەدا ئاشکرا دەبێت کە پێمان وابێ گشت دیاردەکان لەبنەڕەتدا پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیە، ئەگەر بۆ هەریەك لە دیاردە سروشتی و بایۆلۆژییەکان زانستگەلێکی جۆراوجۆر هەبن، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش بابەتی زانستە کۆمەڵایەتییەکانن و هەریەك لەم زانستانە بایەخ بە لایەنێك یان سیمایەکی تایبەتی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە دەدەن.

لێرەدا پێویستە کورتە ڕوونکردنەوەیەك لە بارەی چەمك و ناوەرۆکی «دیاردەی کۆمەڵایەتی» و چەمکی «واقیعی کۆمەڵایەتی» (social fact) بخەینەڕوو. بەگشتی دیاردە بریتییە لەوەی کە لەرێی بینەرانەوە ئاشکرا دەبێت یان لەرێی هەست یان هوشیارییەوە دەرك دەکرێ. لە زمانی کۆمەڵناسیدا دیاردە بەگشت واقیعە کۆمەڵایەتییەکان دەگوترێ، هەڵبەت کاتێك بەرچاو و بابەتیانە بێت. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانن[٧]. سەرەڕای ئەوەی هەندێ کەس ویستوویانە جیاوازی لە نێوان چەمکی دیاردەی کۆمەڵایەتی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا بکەن، بەڵام وا نایەتە بەرچاو کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا هەبێ. لەبەر ئەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی بەهۆی بەڵگەنەویستی، ڕوون و ئاشکرایی، شیاوی لێتێگەیشتنەوە دیاردەکرێت، بریتییە لە هەر پێگە، هەر پەیوەندی یان واقیعێك کە بەشێوەیەك لە شێوەکان یەکێك لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەربڕێت[٢]: ئەمە هەمان ئەو واتایەیە کە بۆ دیاردەی

کۆمەڵایەتیش دیاری کراوە. بە بڕوای "ئەمیل دورکایم" دەبێ فاکت یان واقیعە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەکی سەربەخۆ و دابڕاو لەو بوارانەی کە بەرجەستەی دەکەن دیراسە بکرێن، پێویستە لە دەرەوە و وەکو شتە دەرەکییەکان بیناسین، و بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەبێ گشت چەمکەکانی پێشوو بەلاوە بنێین [٩]. پێویستە بەو ئەنجامە بگەین کە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە دەشێ بناسرێ و دەستنیشان بکرێت کە لە ڕێی دیاریکردنی هۆکار و ئەنجامەکان و پەیوەندی بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە سەرنجی بدرێتێ و بەدەستەواژەیەکی وردتر پێویستە ئیعتیباری ئەزموونگەریی ئەم هۆکار و ئەنجام و پەیوەندییانە پشتڕاست بکرێ[٣].

لەبەر ئەوەی بابەتی باسەکەمان دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە وشەی «کۆمەڵایەتی» یەکێکە لەو چەمکانەی کە تا ڕادەیەك تەمومژاوییە و تەنانەت لەو وتارە نوێیانەشدا کە لە فەرهەنگە نوێیەکانی کۆمەڵناسیدا بڵاوکراونەتەوە ئەم چەمکە بەچاکی ڕوون نەکراوەتەوە. ئێمە دەزانین ناوەڕۆکی سیفەتی «کۆمەڵایەتی» بە درێژایی مێژوو بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە سەدەکانی چواردە و پازدەهەمدا، لە زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکاندا سیفەتی کۆمەڵایەتی (Social) دەچێتە ناو زاراوەی «ژیانی کۆمەڵایەتی»یەوە، کە واتای ژیان لە کۆمەڵگادا دەگەیەنێ کە دەکەوێتە بەرامبەر ژیانی تاکەکەسییەوە. لە سەدەی هەژدەدا فەیلەسووفان بایەخیان بە مەسەلەی هاوبەندیی گشت مرۆڤەکان دا، و لەو کاتەدا وشەی کۆمەڵایەتی واتایەکی نوێ وەردەگرێت و لە کۆمەڵگای مرۆییدا بایەخی پێدەدرێت. لە ساڵی ١٨٩٧دا، "ئەمیل دورکایم" باس لە «واقیع یان فاکتی کۆمەڵایەتی» دەکات. کاتێك ماوەیەك دواتر ئابووریناسی فەرەنسی، "سیمیان" (Simiand) ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ «پارە واقیعێکی



کۆمەڵایەتییە»، لە ڕاستیدا دەیەوێ داکۆکی لەوە بکات کە پارە لەواقیعدا هۆکارێکی ئاڵوگۆڕی نێوان تاکەکەسانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەژاد، چین یا نەتەوەکەیان.

لە زمانی زانستیدا، زاراوەی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر تاکەکەسیدا بەکاردێنن، چونکە باس باسی ئەخلاقی تاکەکەسی و ئەخلاقی کۆمەڵایەتییە. لە حاڵەتی یەکەمدا ژیانی هەست وسۆز و تاکەکەسیی مرۆڤ دەردەکەوێت و لە حاڵەتی دووەمدا پەیوەندیی تاکەکەسان لە کۆمەڵەکاندا بەرچاو دەکەوێت، وەکو کۆمەڵە ئایینییەکان، سەندیکاکان، لایەنە سیاسییەکان و هی تر. لە کۆنگرەی نێو نەتەوەیی فەلسەفەدا کە لە ساڵی ١٩٠٤ لە جنێف بەسترا، "ڤیلفێر دو پارێتو" (V. pareto) ڕایگەیاند کە: «چەمکە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی تەنیا لایەنی موجەڕەدیان هەیە، ئەوەی واقیعییە بریتییە لەوەی کە بڵێین ژاکلین یان پاول». هەر لەبەر ئەوەیە وتوویانە ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لێکۆڵینەوەیە لە هەلومەرجی ژیان لە کۆمەڵگا و بەتایبەتیش ئەو پەیوەندییانەیە کە مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵەکاندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

لەسەردەمی ئێمەدا وشەی کۆمەڵایەتی بەرچاوتر و ڕوونتر دەردەکەوێت. پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان باس لە لایەنە پسپۆڕییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. لەگەڵ ئەم وەرچەرخانەدا، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەستپێدەکات، سیفەتی کۆمەڵایەتی بە واتایەکی سنووردار بەکاردەهێنرێت کە وەنەبێ تەنیا ئەو مرۆڤانە بگرێتەوە کە لە کۆمەڵگادا دەژین، بەڵکو ئەرکەکانی کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. لە دوایین واتادا، چیتر وشەی «کۆمەڵایەتی» لە بەرامبەر «تاکەکەسی»دا بەکارناهێنرێت و مرۆڤ ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی تاکەکەسیش لێی

دەکۆڵدرێتەوە. هەڵبەت لە بەکارهێنانی گشتیدا، هەمیشە و زۆربەی جار واتا جیاجیاکانی سیفەتی کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەوێت.

## ماهیەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

"جۆرج گورڤیچ" کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرەنسی دیاردەی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە وەسف دەکات و ئەمە یەکێکە لەو پێناسانەی کە لەو بارەوە خراونەتەڕوو. «واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێکی ئاڵۆز و دابەشنەکراوی ئەو کردارانەیە کە پلەی توندییان جیاوازە. واقیعی کۆمەڵایەتی هەم لەرووی ستوونی و هەم لەرووی ئاسۆیی پەرەدەستێنێ. لەرووی ستوونییەوە باس لە دیاردەگەلێکی وەکو ڕێکخراو یان دامەزراوەکان، ڕەفتارە ڕێکخراوەکان (نەریت، ڕێورەسمی ئایینی و هی تر)، ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، کۆرەفتار، ئاماژەکان، ڕەفتارە نوێ و داهێنەرەکان، بەهاکان و ئینتیما جەماعییەکان و لە کۆتاییدا کۆویژدان (گیانی جەماعی، بیروباوەڕ و کۆکردار) دەکرێت. لەرووی ئاسۆییەوە ئێمە ململانێیەك دەبینین کە لە نێوان شێوەکانی ئینتیمای کۆمەڵایەتی و لە نێوان گرووپە بچووکەکان بەتایبەت لە نێوان چینە کۆمەڵاتییەکان و لەناو ئەوانیشدا لە نێوان توێژەکان، پیشەوەران، حیزبە سیاسییەکان و سەندیکاکاندا لە ئارادایە»[٤].

"دورکایم" کۆمەڵناسی فەرەنسی لەو کەسانەیە کە زێتر لە هەموو کەسێك باسی جەوهەری دیاردەی کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندییەکانی، میتۆدی بینین و لێکۆڵینەوە و هتد.. کردووە و لە کتێبی ڕێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی دا دەڵێت: «واقیعی کۆمەڵایەتی هەموو جۆرە کارێکی جێگیر یان ناجێگرە کە بتوانێت لە دەرەوەڕا تاکەکەس ناچار بکات، یان واقیعی کۆمەڵایەتی بریتییە لەوەی کە لە هەمان کاتی هەبوونی وجوودێکی تایبەت و سەربەخۆ و دابڕاو لە گشت خۆدەرخستنی تاکەکەسی لە سەرانسەری



کۆمەڵگایەکی دیارکراودا، گشتی بێت»[١١] "دورکایم" لە پێناوی ئەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی بکاتە بابەتێکی سەربەخۆ، پێیوایە دەبێ دیاردەی کۆمەڵایەتی وەکو «شت» لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە لە هەمان کتێبی نێوبراودا بەشێکی تەرخان کردووە بۆ ڕێساکانی بینینی دیاردەی کۆمەڵایەتی و دوای ئەوەی ئاماژە بە میتۆدە باوەکانی ناو گشت زانستەکان و پێشینەکەی لە کۆمەڵناسیدا دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەکو دیاردە مادییەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێ و وەك شت لەبەرچاو بگیرێن. بۆ تەواوتر جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ئەو پێشنیار دەکات کە تۆژەران پێش لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ: هەموو چەشنە حوکمدان یان چەمکێکی پێشینە لە هزری خۆیان دوور بخەنەوە، پێناسەی هەموو دیاردەیەك دەبێ سەرتاپاگیر بێت، و دواجار دیاردەی کۆمەڵایەتی دەبێ بەدوور لە لایەنە تاکەکەسییەکەی لێی بکۆڵدرێتەوە.

ئەم خاڵەی سەرەوە، واتە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ وەکو شتەکان لێیان بکۆڵدرێتەوە. لەلایەن هەندێ لە هاوچەرخەکانی "دورکایم" ڕەخنەی لێدەگیرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا وەڵامیان بداتەوە و بڵێ: «ئەم حوکمە کە دەڵێ دەبێ وەکو شت سەیری واقیعە کۆمەڵایەتییەکان بکرێ واتە حوکمێك کە بنچینەی میتۆدی ئێمەیە، یەکێکە لەو حوکمانەی کە زێتر لە هەموو شتێك گفتوگۆیەکی لێکەوتۆتەوە. هەندێ کەس ئەمە بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی دروست تێدەگەن و پێیانوایە ئێمە واقیعەکانی دونیای دەرەوە و واقیعەکانی جیهانی کۆمەڵایەتیمان تێکەڵ بەیەك کردووە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە واتا و سنووری ئەم یەکبوونەدا بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر تووشی هەڵەبوونە. بابەتی ئەم یەکبوونە ئەوە نییە کە فۆرمە باڵاکانی بوون دابەزێنین بۆ فۆرمە نزمەکانی،

به پێچەوانەوە مەبەستمان ئەوەیە کە بە ئەندازەی فۆرمە نزمەکانی بوون واقیعیەت بە فۆرمە باڵاکانی بوون بدرێ. بە دەستەواژەیەکی تر، ئێمە نالێین واقیعە کۆمەڵایەتیەکان شتگەلێکی مادین بەڵام شتبوونیان بەشێوەیەکی ترە». «بەڵام با بزانین شت چییە؟ هەروەك چۆن ئەوەی لە دەرەوەڕا دەیناسین لەگەڵ ئەوەی لە ناوەوەڕا دەیناسین جیاوازە شتیش لەگەڵ وێنەدا جیاوازە. شت هەموو بابەتێکی مەعریفەیە کە بێگومان لەگەڵ عەقڵ تێکناکاتەوە، شت واقیعێکە کە بەشیکردنەوەیەکی رۆحیی سادە ناتوانین وێنەی ورد و دروستی لێ وەدەست بێنین، شت ئەوەیە کە هزر ئەو کاتە دەتوانێت لێی تێبگات کە بە یارمەتیی بینین و تاقیکردنەوەوە لە قاوغی خۆی بێتە دەرەوە و وردە وردە و لە جاران زێتر لە بەرجەستەترین و بێ نێوانگیرترین و نزیکترین واقیع تێپەڕێت و بەشاراوە و قووڵترینیان بگات. کەواتە تۆژینەوە لە چەند چەشنە واقیعێکی تایبەت وەکو شت، مانای ئەوە ناگەیەنێ کە لە کۆمەڵێك فاکتدا کۆکراونەتەوە، بەڵکو هەڵویست وەرگرتنێکی دەروونیی تایبەتە لە بەرامبەریاندا. بە دەستەواژەیەکی تر لێکۆڵینەوە لەو واقیعانە لەرێی پەسندکردنی ئەو پرەنسیپەوەیە کە ئێمە بە هەموو شێوەیەك لە جەوهەریان بێ ئاگاین و ناتوانین خەسڵەتی جیاکەرەوە و هۆکاری شاراوەیان لەرێی بینینی ناوخۆیی (هەستکردن بە وردترین جۆریان) بدۆزینەوە». «لەگەڵ ئەم پێناسەیە بۆ شت و کاروباری تر، بڕوای ئێمە نەك تەنیا پێچەوانەی عورفی گشتی نییە، بەڵکو نزیکەی روونکردنەوەیەکی ئاشکرایە. ئەم بڕوایە هێشتا زۆربەی جار لەو زانستانەدا کە لە مرۆڤ دەکۆڵنەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵناسیدا تەواو نەناسراوە. بەو مانایە دەتوانین بڵێین بابەتی هەر زانستێك شتێکە و لەوانەیە تەنیا بابەتە ماتماتیکییەکان لەم رێسایە بەدەربن... کەواتە، رێسای ئێمە هیچ چەشنە فکرێکی میتافیزیکی و بیرکردنەوە و رامان لە جەوهەری بوونەوەران ناگرێتەوە. ئەوەی مەبەستە لەم رێسایە ئەوەیە کە کۆمەڵناس



[دەبێ] حاڵەتێکی دەروونیی تایبەت بەسەر خۆی بێنێت کە فیزیکزان و کیمیازان و زانایانی بایۆلۆژیا ئەو کاتە بەسەرخۆیاندا دێنن کە هەنگاو دەنێنە ناوچەیەکی دۆزینەوەی تازەوە لە ئاقاری خۆیاندا. کۆمەڵناس ئەوکاتەی دەچێتە ناو جیهانی کۆمەڵایەتیەوە دەبێ هۆشی لەسەر ئەوە بێ کە هەنگاو بۆ ناو جیهانێکی نەناسراو دەهاوێژێ. دەبێ خۆی لە بەرامبەر واقیعگەلێکدا بدۆزێتەوە کە هەمووان لە یاساکانیان، واتە یاساکانی ژیان پێش دروستبوونی زیندەوەرزانی، بێ خەبەرن. دەبێ خۆی بۆ ئەو دۆزینەوانە ئامادە بکات کە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی» [١١].

"گی روشێ" کۆمەڵناسی کەنەدی بەم شێوەیە هەمەجۆریی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شروڤە دەکات: «لە نێوان یەکتر بینینی لەناکاو و خێرای دوو کەس و شارستانیەتێکی هەزار ساڵە جیاوازییەکی زۆر هەیە و بەدوو واقیعی تەواو جیاواز دادەنرێن و لانی کەم، بەرواڵەت بەیەکتر نامۆن.. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان واقیعی کۆمەڵایەتین: چونکە هەردووکیان لەوەدا هاوبەشن کە فەزا، چوارچێوە و ژینگەیەك پێکدێنن، کە ئەنجامی چالاکیی کۆمەڵیانەی مرۆڤە و مەرج بۆ چالاکییە مرۆییەکانی تاکەکەسان دادەنێت»[٢٨].

## تایبەتمەندییەکانی دیاردەی کۆمەڵایەتی

به لەبەرچاوگرتنی لێکۆڵینەوەکانی "دورکایم" و ئەو تیۆرانەی لەلایەن کۆمەڵناسانی دیکەوە خراونەتەڕوو و هەروەها تۆژینەوە لە فاکت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەم ساتەوەختەدا دەتوانین سێ خەسڵەت بۆ ئەم دیاردانە دەستنیشان بکەین:

**ئەلف. دەرەکیبوون یان بەرجەستەبوون.** مەبەست لە دەرەکیبوون ئامادەیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە لە دەرەوەی بوون یان کەسایەتیی تاکەکەسیی مرۆڤ. لەبەر ئەوەی فاکتە کۆمەڵایەتییەکان وەکو بۆچوونی

گشتی وان، مرۆڤ بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی کۆمەڵیانە دوای لە دایکبوون لە بەردەمی خۆیدا بە ئامادەیی دەیانبینێ، چونکە خواست و ویستی تاکەکەس لە دروستبوونیاندا هیچ دەورێکی نەبووە. تاکەکانی کۆمەڵگا لەژێر کاریگەری ئەو بنەما و پرەنسیپانەدان کە لە دەرەوەی ویژدانی تاکەکەسیدان.

تاکەکەسان لەمیانی پرۆسەی بەکومەڵایەتیبووندا لەرێی فێربوون، و لەژێر کاریگەری پەروەردە و فێرکردنەوە، تایبەتمەندی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەردەگرێت و بەم شێوەیە دیاردەگەلێکی کۆمەڵایەتیی دەرەکی دێنێتە ناو هزری خۆیەوە. ئەو کاتەی هێشتا چەند هەفتەیەك بەسەر لەدایکبوونی منداڵدا تێنەپەڕیوە، ئیمتیازێك لە نێوان خۆی و ئەوانی تر دانانێت و لەوە بەدوا پەیتا پەیتا جیاوازی لە نێوان کەسایەتی و ناسنامەی خۆی و ئەوانی تردا دەکات. لە چەند مانگی دوای لە دایکبووندا پەیتا پەیتا دیاردەی بلاوبوونەوەی هەست و سۆز لە ناخی منداڵدا دیاردەکرێت و لە ژێر کاریگەریی دەوروبەریدا ستریۆتیپی تێدا دەردەکەوێت، بەرە بەرە لەگەڵ گەشەکردنی عەقڵانیی منداڵدا، تایبەتمەندیی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تێدا دەردەکەوێ. گشت رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ کەم تا زۆر ئەم تایبەتمەندییەیان (دەرەکی بوون) هەیە و مرۆڤ لە درێژایی ژیانیدا، دیاردەی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر خۆیدا بە قووتکراوەیی دەبینێت و لە بوونی ئەم واقیعانەدا ویستی ئەو دەورێکی کەمی هەیە. بۆ نموونە:

- کاتێك تاکەکەسێك لە ساتەوەختی بەشداریکردن لە کۆنفرانس و سیمینارێکدا پەیڕەوی لە داب و نەریت دەکات بەو شێوەیەی لە کۆمەڵگادا چەسپیوە.
- کاتێك منداڵ لە قوتابخانەی سەرەتاییدا خەریکی فێربوونی وانەکانە،
- کاتێك منداڵ گوێ لە فەرمانەکانی دایك و باوکی خۆی دەگرێت،



- یان کاتێك تاکەکەسان هەست دەکەن پێویستە فێری داب و نەریتی کۆمەڵگای خۆیان بن، دیاردەیەکی دەرەکی دەخەنە ناو هزری خۆیانەوە.

ئەم دیاردانە ئەوەندە لەگەڵ کەسایەتیی ئێمەدا تێکەڵاو دەبن کە ناتوانین بەئاسانی هەست بەدەرەکی بوونیان بکەین. زۆربەی ئەم دیاردانە هاوبەندییەکی تایبەت لەگەڵ هەستەکانماندا دروست دەکەن، بەشێوەیەك کە تەنانەت دەشێ وازلێهێنانیان بۆ ئێمە نامومکین بێت. هێزی ئامادەیی هزر و هەستی ئێمە لە بەرامبەر ئەم دیاردانەدا هەمیشە بە یەك شێوە نییە. هەندێکیان بەچاکی دەناسین و لە هزرماندان، بەڵام لە هەندێ شتی دیکەی وەکو ماددە جیاجیاکانی ئەو یاسایەی کە حوکم بەسەر ژیانماندا دەکەن دەشێ بێ ئاگابین، هەرچەند ئەم دیاردانە لە دەرەوەی وجودی ئێمەدا هەن.

**ب: حەتمیبوون.** لە زۆربەی حاڵەتەکاندا سیفەتی دەرەکیبوون پەیوەندیی بە چەمکی حەتمیبوونیشەوە هەیە. مەبەست لە حەتمیبوون ئەو هێزەیە کە رەفتار یان رێسا کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا هەیانە و تاکەکەسان دەروەستن بە پیادەکردنی. بەگشتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان جۆرە قاڵب یان نموونەیەك بۆ رەفتاری تاکەکەسان دیاریدەکەن و ئەوەی حەتمیبوون تا ڕادەیەك زامن دەکات ئەنجامی دواتریەتی. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هێزێکی خۆسەپێنیان هەیە و تاکەکەس خۆی وادەبینێ ناچارە پەیڕەویان لێ بکات، بەڵام حەتمییەتی کۆمەڵایەتی لە گشت دیاردەکاندا بەیەك ئەندازە ئامادە نییە. لە هەندێ حاڵەتدا حەتمییەتی کۆمەڵایەتی بە پتەوترین شێوەی خۆی دەگات و وەکو قانونی لێدێ و لە حاڵەتی دیکەدا وەکو ئادابێکی کۆمەڵایەتی وایە.

ئاکام و ئەنجامەکانی پەیڕەوی نەکردن لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا رووبەڕووی کۆمەڵێك کاردانەوەی تایبەت دەبنەوە، و ئەوەی لە کۆمەڵگایەکدا بە حەتمییەتی کۆمەڵایەتی دادەنرێ لەوانەیە لە شوێنێکی تر وانەبێ. هەروەها لەیەك کۆمەڵگادا حەتمییەتە کۆمەڵایەتییەکان

لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن. لە هەندێ باردا ئەنجامدانی ڕەفتارێکی دیاریکراو کە شێوەی جۆرە دابونەریتێکی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەیە دەشێ ببێتە هۆی گاڵتەپێکردن لەلایەن ئەوانی ترەوە و لە ئەنجامدا دابەزینی ڕادەی خۆشەویستبوونی یان لایەنی کۆمەڵایەتی تاك، یانیش لەکاتی سەرپێچیکردن لە ڕێساگەلێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت کە پشتیوانییەکی یاسایی لێدەکرێ، دەشێ سزا چاوەڕوانی بکات.

خەسڵەتی حەتمیبوون لە هەندێ باردا ئەوەندە تێکەڵ بە خەسڵەتی کەسایەتیی ئێمە دەبێت کە لە بنەڕەتدا هەست بەوە ناکەین کە گەلێك کار لەوانەی ئەنجامیان دەدەین لە ناچارییەوەیە و ئەوەش لە ئەنجامی خوگرتنی ئێمەیە بەو خوو و شێوازە باوانەی لە کۆمەڵگادا هەن. لەو ڕووەوە زۆربەی چەشنەکانی حەتمییەتی کۆمەڵایەتی بەلای ئێمەوە هەستپێکراونین و لە ڕیزی پێویستییەکانی ژیاندان. کاتێك ئێمە لە ڕەوتی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانمان و لە ماوەی ژیانی ڕۆژانەماندا:

- ڕەفتارێکی گونجاو لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگا بەرامبەر بەئەوانی تر دەنوێنین،
- کاتێك لە هەر کۆمەڵگا یان گرووپێکدا پێویستە پەیڕەوی لە پرەنسیپێکی تایبەت بکەین،
- کاتێك سنوورێك بۆ ئازادیی خۆمان دادەنێین،
- دواجار کاتێك یاسا و بڕیارە باوەکانی وڵاتێك پەیڕەو دەکەین،

لە هەموو ئەم حاڵەتانە و چەندین حاڵەتی تریشدا هەمیشە ڕووبەڕووی حەتمییەتی کۆمەڵایەتی دەبینەوە.

**ج: گشتگیربوون.** مەبەست لە گشتگیریی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بوون و بڵاوبوونەوەی دیاردە یان ڕەفتارگەلێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە لە کۆمەڵگادا. برەوسەندن و گشتگیریی دابونەریت و ڕێوڕەسمە



کۆمەڵایەتییەکانی تر (لەهەر پلەیەکی توندی و هێزدا بن) گوزارشت لەو خەسڵەتە دەکەن. گشتگیری تەنیا تایبەت نییە بەوەی هەموو تاکەکان ڕەفتارێکی دیاریکراو ئەنجام بدەن، بەڵکو ئەوەی گرنگە بوونی کۆمەڵایەتیی دیاردەکەیە، چونکە ئەم فاکتە حاڵەتێکی جیاوازی هەیە لەوەی کە لە هزری تاکەکەسان دایە و هەروەها بوونی سەربەخۆی خۆیشی هەیە. بەڵام کۆمەڵایەتیبوونی ئەم دیاردانە لەبەر گشتگیربوونیان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کۆمەڵایەتین گشتگیرن. زۆربەی دیاردە سروشتییەکانیش گشتگیرن بەڵام بە چەمکە سۆسیۆلۆژییەکەی کۆمەڵایەتی نین. "دورکایم" لە وەسفکردنی دیاردەی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات و دەنووسێت: «بەڵام دەڵێین ئەو کاتە دیاردەیەك دەتوانێت کۆمەڵایەتی بێت کە لە نێوان گشت ئەندامانی کۆمەڵگا یان لانی کەم زۆربەیاندا هاوبەش و کەواتە گشتگیرتر بێت. گومان لەوەدا نییە: بەڵام گشتیبوونی لەبەرئەوەیە کە کۆمەڵایەتییە (واتە کەم تا زۆر ناچارییە) نەك لەبەر ئەوەی گشتییە کەواتە کۆمەڵایەتییە». «بەدەستەواژەیەکی تر دیاردەی کۆمەڵایەتی حاڵەتێکی گرووپییە کە بەسەر گشت تاکەکەساندا دەسەپێنرێت و دووبارەش دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی لە کۆ دایە لە بەشیشدا هەیە، نەك بەپێچەوانەوە کە لە بەشدا هەبێ کەواتە لە کۆشدا بەدی دەکرێت. ئەمە ڕاستییەکی نکوڵی لێنەکراوە کە بەتایبەت لەو بیروباوەڕ و کردارانەدا دەبینرێت کە بەشێوەیەکی ئامادە لە نەوەکانی پێشووەوە بۆمان ماوەتەوە. کاتێك کە ئێمە ئەم بیروباوەڕانە وەردەگرین و پەسندیان دەکەین لەبەر ئەوەیە کە (چونکە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتدا کۆنە) هێز و ئیعتیبارێکی تایبەتی هەیە کەوا ڕێوشوێنی پەسندکردن و ڕێزگرتن لەو بیروباوەڕانەی فێرکردووین. ئەوکات دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەو ڕێیەوە بە ئێمە دەگەن» [١١]. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین هەموو توخمەکانی واقیعی

کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی سروشتی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ماهییەتیان بابەتی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی نین [٣]. دیاردە دەبێ واقیعێکی سۆسیۆلۆژیی هەبێت، واتە بەگوێرەی زەمینەیەکی تیۆری کە پەیوەندیی بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە دەربخات، پێناسە بکرێتەوە، نەك هەر شتێکی لە کۆمەڵگادا هەبێت.

هەر سێ تایبەتمەندی پێشوو واتە حەتمیبوون، دەرەکیبوون و گشتگیربوون پەیوەستن بەیەکترەوە و دیاردەی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی رێژەیی هەرسێ تایبەتمەندیی تیایە و ئەمە لە شێوەی ئەرك و شوێنەوارەکانیدا دەردەکەوێ.

## پۆلێنکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

لەبەر ئەوەی گشت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان یەك تایبەتمەندییان نییە و جیاوازن، دەتوانین لەرووی تایبەتمەندییە گشتییەکانەوە بۆ چەند دەستەی سەرەکی دابەشیان بکەین کە بریتین لەمانە:

ئـ: ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە هەیە،

ب: ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە هەیە،

جـ: ئەو دیاردانەی پەیوەندییان بە رەفتارە گرووپیی و جەماعییەکانەوە هەیە.

لەم پۆلێنکردنەدا زێتر بۆچوون سەرچاوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتە گشتییەکەیەتی و پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دەتوانین دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە رووی دیکەشەوە بۆ نموونە توندی و لاوازی یان مادی و نامادی بوونیش پۆلێن بکەین. لە خوارەوەدا بەکورتی ئەم سێ جۆرەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ترووتوێ دەکەین.

**ئـ: مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی.** ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە بونیاد و پێکهاتەی مادیی کۆمەڵگاوە هەیە، وەکو رەوشی



نیشتەجێبوون، شوێنی نیشتەجێبوون، شوێنگەی سروشتی و جوگرافی، نەخشەی شوێن، شێوازی بینایە و باڵاخانەکان، بارودۆخی بیناسازی، پەراگەندەیی و چڕیی دانیشتوان و بەگشتی ئەو دیاردانەی کە پێکهاتە و شێوەی دەرەوەی کۆمەڵگا پێکدێنن. ئەم کۆمەڵە دیاردانە بەگشتی سەقامگیریان پێوە دیارە و لە ریزی مادیترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دان.

**ب: فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی:** فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە ئەرك و پەیوەندی و دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگاوە و بۆ نموونە دیاردەگەلێکی وەکو: پەروەردە و فێرکردن و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی، ئایین و رێکخراو و گرووپ و دەستەکانی، رابواردن و شێوەی بەسەربردنی کاتی بێئیشی، حکومەت و شێوازی پەیوەندییە سیاسییەکان و ئەو مەسەلانەی لێی دەکەوێتەوە، خێزان و پەیوەندییە خێزانییەکان و ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەدا دێتەبوون، رێکخراوە ئابوورییەکان و تۆری بەرهەمهێنان و بەکاربردن، و هتد... هەموویان روخساری دیاردە فیزیۆلۆژییەکانن لە کۆمەڵگادا.

ئەم کۆمەڵە دیاردە کۆمەڵایەتیانە بەبەراورد لەگەڵ مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەرکەوتنی دەرەکییان کەمترە و لەرووی مادیبوونەوە بەپلەی دووەم دێن. دیاردە فیزیۆلۆژییە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لەبەر ئەوەی زۆر هەمەجۆرن بابەتی لقە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵناسین.

**ج: رەفتارە گرووپی و جەماعییەکان.** ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیانە لەوانەیە نامادیترین و لە هەندێ حاڵەتدا کەم سەقامگیرترین دیاردەی کۆمەڵایەتی بن و ئەو رووداو، بیرورا، هەڵچوون، هەست و سۆز یان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە لەوانەیە لەناو گرووپ، چین، یان تەنانەت نەتەوەیەکی تایبەتدا هەبن. دەتوانین لەم نموونانەی خوارەوەدا سەروسیماکانی ئەم جۆرە دیاردانە ببینینەوە: ئەو هەستەی کە ئێرانیەك بەرامبەر نەتەوایەتیی خۆی هەیەتی،

کەسانێك کە دەکەونە ژێر کاریگەریی تەلقینێکی مۆدە یان رۆشنبیریی دیاریکراوەوە، یان کەسانێك کە لە رێپێوان و خۆپیشاندانە سیاسییەکاندا بەشداری دەکەن.

دەتوانین ئەم دیاردانە لەرووی شێوە و هێزی کاریگەرییانەوە بۆ دوو دەستە دابەش بکەین:

١- **پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەم دەستەیە دەرکەوتەی مادیی و دەرەکیان کەمترە و زۆرتریش بە درێژایی مێژوو بەهۆی بوونی هەندێ رابەر یان سەرهەڵدانی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسی دیاریکراو دێنە ئاراوە. لەوانەیە گرووپ یان رێکخراوگەلێکی دیاریکراویش لەم رێڕەوەوە بێنەکایەوە، بۆ نموونە بزووتنەوە و قوتابخانە سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، ئایینی و زانستییەکان. رێبازگەلێکی وەکو: تەسەوف، نازیزم، ئانارشیزم، پۆزیتیڤیزم، سۆسیالیزم، پراگماتیزم و زۆری تریش، چ ئەوانەی ئەنجام و شوێنەواری کۆمەڵایەتیی هەمەجۆریان لێ کەوتۆتەوە و هێشتا بەردەوامن یان ئەوانەی لە سەردەمێکدا هاتوونەتە کایەوە و دواتر لە نێوچوونە، هەموویان لە جۆری پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانن. شتێکی سروشتییە کە ئەم پرۆسانە لەناو بونیادی فیزیۆلۆژیی کۆمەڵگادا دێنە ئاراوە، پەرەدەستێنن و کاردەکەنە سەر کۆمەڵگا.

٢- **هەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکان.** ئەم دەستەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان نامادیترین و ناسەقامگیرترین دیاردەی کۆمەڵایەتین و بەزۆری بەشێوەیەکی کاتی لە سەردەمێکی دیاریکراودا دێنە ئاراوە، هەرچەندە هەندێکیان لەوانەیە جێگیر ببن و بگۆڕێن بۆ ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە وتەخوێنێك لە بەرامبەر گرووپێك دەوەستێ و قسەیان بۆ دەکات. ئەم قسەکردنە بەگوێرەی زەمینەی فیکریی ئەو کەسانەی لەو کۆڕەدا بەشدارن دەشێ هەڵچوونێکی تایبەتی لێ بکەوێتەوە کە لەوانەیە هەر ئێستا یان دواتر



کردار یان بیروڕایەکیان لەلا دروست بکات. لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت لەوانەیە ئەم کەسانە بەکۆمەڵ یان تاکەکەسیانە چالاکیگەلێك ئەنجام بدەن کە ببێتە سەرچاوەی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی. ئەو کەسانەی کە سەیری پێشبڕکێیەکی وەرزشی دەکەن، بەهۆی سەرنجڕاکێشبوونی پێشبڕکێیەکە و گرنگییەکەی رەفتارێکی تایبەت دەنوێنن کە دواجار دیاردەیەکی جەماعیی لێدەکەوێتەوە. هەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی کاتی، توند و پڕ جموجۆڵ وجۆش و خرۆشن و وەکو ئاکامێکی دامەزراوە و رێکخراو و پەیوەندییە تاکەکەسییەکان لە قەڵەم دەدرێن.

## وابەستەیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

ئەو سێ جۆر دیاردە کۆمەڵایەتییەی کە لە پۆلێنکردنە گشتییەکەی سەرەوەدا خرانەڕوو، ئەگەرچی وا دێتە بەرچاو سەرچاوەیەکی سەربەخۆیان هەبێ و هەریەکیان تایبەتمەندیی تایبەتی هەبێ، بەڵام ناتوانین هیچ کامیان لە جۆری سەربەخۆ دابنێین. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیی دوولایەنە و بەنێو یەکداچوویان هەیە و لە لێکۆڵینەوەی هەر کامیاندا پێویستە گشت هۆکارە کاریگەرەکانی تریش حسێبیان بۆ بکرێ.

ئایین کە لە جۆری دیاردە فیزیۆلۆژییە کۆمەڵایەتییەکانە بوونی کۆمەڵگەلێکی (communities) تایبەت لە شوێنگەلێکی دیاریکراو بە پێویست دادەنێت. ئەم زەرورەتە لە ئایینی ئیسلامدا بۆ نموونە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی شوێنێکی تایبەت بەناوی مزگەوت کە شێوازی بیناسازییەکەی لە بابەتی مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا باس دەکرێت. کۆبوونەوەی تاکەکەسان بە بۆنەی دیاریکراو و بەشێوەی گرووپێك کە هاودەمە لەگەڵ پەیڕەویکردن لە داب و رێورەسمی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، هەڵچوونی کۆمەڵایەتی تایبەتیشی

لێدەکەوێتەوە. بیروباوەڕ، داب و ڕێوڕەسم و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی بنەبڕیان لەسەر شێوەی سەقامگیریی کۆمەڵەکاندا هەیە.

جگە لەم لایەنانە پێویستە حیساب بۆ کاریگەرییە چالاکەکانی ئەم جۆرە دیاردە کۆمەڵایەتیانەش لە درێژایی مێژوودا بکەین. ئەگەرچی زۆربەی هەڵچوونە کۆمەڵایەتییەکان کە گۆڕاون بۆ ئاراستەی کۆمەڵایەتی و دوای سەقامگیربوون و پەرەسەندن گوازراونەتەوە بۆ کایەی فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و لەو ڕێیەوە پەیتا پەیتا بۆ لایەنە مادییەکانی کۆمەڵگا واتە مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتیشیان گواستۆتەوە.

بەشی سێیەم

# ئامانج و بەکارهێنانەکانی کۆمەڵناسی

## ئامانجەکانی کۆمەڵناسی

یەکێك لەو مەسەلە سەرەکیانەی کە دوای باسکردن لە بابەت و کایەی هەر لقێکی زانست دێتە ئاراوە، ئەوەیە بزانین ئامانجی ئەو زانستە چییە؟ ئەگەر بمانەوێ ئامانجەکانی کۆمەڵناسی لەم سەردەمەدا بخەینەڕوو ناچارین باس لەوە بکەین کە ئەم لقە زانستییە بە درێژایی گۆڕانکارییە مێژووییەکان لەهەر قۆناغێکی پێشکەوتندا و لە روانگەی هەریەك لە قوتابخانەکانیەوە ئامانجگەلێکی دیاریکراوی هەبووە کە سەرجەمیان جۆرە رەوتێکی پەرەسەندن دەردەخەن.

هەر چەندە لە کۆندا زانایانی وەکو ئەفلاتون، ئەرستۆ، سیسیرۆن، فارابی، خواجە نیزامولمەلیك، جان جاك رۆسۆ و زۆری تریش، بیریان لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان کردۆتەوە، بۆچوونەکانیان لە مێژووی کۆمەڵناسیدا بەشێکی تایبەتی ئەم زانستە داگیر دەکەن، بەڵام ئامانجیان لەگەڵ ئامانجی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسیی ئێستادا جیاوازیەکی زۆری هەبوو. "ئۆگست کۆنت" پێیوابوو ئامانجی کۆمەڵناسی بەدەستەوەدانی ڕێساگەلێکە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا مرۆییەکان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. دەتوانین بۆچوونی بنەڕەتی و ئامانجی کۆتایی زۆربەی ئەو زانا و بیرمەندانەی کە پێش سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیی زانستی باسیان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کردووە



لە چەند دەستەیەکدا پۆلێن بکەین: چاکسازیکردنی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان، خێر و چاکەی گشتی، وەسفکردنی جۆرە یۆتۆپیا یان کۆمەڵگایەکی نموونەیی، و ڕێکخستنی پرۆگرام و حکومگەلێك کە ئەنجامگەلێکی پراکتیکی دەگرنە خۆ. بێگومان ئامانجیان چەند شتێکی وەکو: تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان دیاردەکان، ناسینی وابەستەیی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە، ناسینی شێوەی ژیان لە کۆمەڵەکاندا و ناسینی جەوهەری بوونی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان نەبووە، وێڕای ئەوەش بە درێژایی مێژوو هەر چەندی لەم سەردەمەمان نزیك دەبینەوە دەبینین وردە وردە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم ئامانجانە دەردەکەون. ئەو ئامانجانەی باسکران پەیوەندیان بە میتۆدەکانی ئێستای توێژینەوەی کۆمەڵناسی و ئامانجی سەرەکیی ئەم لقە زانستییەوە هەیە. کاتێك میتۆدی بیرمەند بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا تەنیا لە بیرکردنەوەدا کورت ببێتەوە؛ زێتر ئەگەری ئەوە هەیە بەشوێن بنیاتنانی یۆتۆپیاوە بێ.

ئێستا بەگوێرەی ئاراستەی باو، ئامانجی کۆمەڵناسی ڕاستەوخۆ خستنەڕووی ڕێساگەلێك بۆ ژیانی باشتر و خۆشگوزەرانیی زێتر نییە. کۆمەڵناس هەوڵ دەدات ڕێنمایی و ئامۆژگاری بکات و بە خەڵك بڵێت بۆ چاکتر ژیان پێویستە چی بکەن و چی نەکەن. ئامانجی کۆمەڵناسی ڕاستەوخۆ چاکسازیکردنی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناس لە چەندین لایەنەوە کاریگەریی هەیە لە چاکترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەم ئەنجامانە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سوودە دێنە کایەوە کە پسپۆڕانی بوارەکانی تر و جێبەجێکارانی کاروبارەکان لەو لێکۆڵینەوانەی وەردەگرن کە لەلایەن کۆمەڵناسانەوە ئەنجام دەدرێن. کەواتە کۆمەڵناسی لەم ساتەوەختەدا بەتایبەتی ئامانجی «ڕێسایی» یان خستنەڕووی ڕێسا «زانستی و کردەییەکان» نییە. کۆمەڵناس ڕەچەتەی دەرمان و چارەسەر

بۆ تاك یان گرووپێك نانووسێت. كۆمەڵناسی ڕاستەوخۆ خۆی لە چارەسەكردنی كێشە و گیروگرفتە كۆمەڵایەتییەكان هەڵناقورتێنێ. ئامانجی كۆمەڵناس دەستوەردانی كردەیی لە كێشەكان و چارەسەرییان نییە، و ئەم كارە بە خزمەتگوزارە كۆمەڵایەتییەكان دەسپێرێ. بێگومان ئەوەی بۆ چاكسازی و دەستوەردان لە بارودۆخی باو پێویستە، هێنانەدی گۆڕانكاری و پێكهاتەیەكی تازەی پەیوەندییەكانە و ئەم كارە بەبێ ناسینی زانستیانە و بایەخدان بە هۆكارە بنیاتنەرەكانی بارودۆخی باو كە لە ژێر كاریگەریی دامەزراوە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دایە، ئامانجی گونجاو و خوازراو دابین ناكات.

هەروەها كاری كۆمەڵناس دەركردنی بڕیاری بەهایی و حوكمدان لە بارەی چاكی یان خراپیی كاروبار و كێشەكان نییە. كۆمەڵناس لێكۆڵینەوەی زانستی لەبارەی كێشەكان ئەنجام دەدات، بێ ئەوەی حوكم لەبارەی باش و خراپ بوون یان ڕاست و ناڕاست بوونی كێشەیەك بدات، و خۆی لە لایەنە بەهاییەكانی كێشەكان هەڵقورتێنێ. كۆمەڵناس وەكو زانایەك وایە كە هەوڵدەدات بێلایەنانە و بەبێ حوكمی پێشینە، ئەوەی بە میتۆدێكی زانستی دەیبینێت بە زمانێكی زانستی و بە یارمەتی بەڵگەهێنانەوەی زانستی دەریدەبڕێت. بۆ كۆمەڵناس جوانی و ناشرینی و باشی و خراپی بوونی نییە. بۆ نموونە، ئەگەر بمانەوێ بزانین ئایا بارودۆخی ژینگەی خێزانی و كێشەكانی كاریگەریی هەیە لەسەر تاوانكاریی لاوان یان نە، كۆمەڵناس بە میتۆدێكی زانستی و بە یارمەتی تەكنیكی پێویست لە لایەنە جیاجیاكانی ئەم پەیوەندییە دەكۆڵێتەوە و بۆ نموونە ڕادەگەیەنێت كە لێكحاڵینەبوونی نێوان منداڵ و خێزان یان هۆكاری دیكە هەر یەكەیان تا چەند كاریگەریی هەیە لە سەرهەڵدانی دیاردەی تاوانكاریی لاوان. بەم شێوەیە كۆمەڵناس وەك تۆژەرێك كێشەكە دەناسێ و هۆكارەكانیشی دەستنیشان دەكات و باسی ئەوە ناكات:



چ شتێك باشە و چ شتێك خراپە، یان بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی ئەم كێشانە پێویستە چ ڕێگەیەك بگرینە بەر و كامەیان باشترە، خێزانەكان دەبێ چ بنەماگەلێك ڕەچاو بكەن و شێوەی هەڵسوكەوتی باوان لەگەڵ یەكتر و لەگەڵ منداڵەكانیان لەناو خێزاندا چۆن بێت. ئەو وەك زانایەك كار دەكات، نەك چاكەكارێك و كەواتە بەبێ ئەوەی دژی ئامانجە كردەییەكان بێت ئەم كارانە بە خزمەتبەخشانی كۆمەڵایەتی و زانایانی پەروەردە و فێركردن دەسپێرێت، چونكە كاری ئەوان زێتر پەیوەندی بە ئامانجە كردەییەكانەوە هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەو لێكۆڵینەوانەی ئەنجام دراون و دۆزینەوەی میتۆد و تەكنیكی گونجاو بتوانن، دەستكاری بارودۆخی باو بكەن و هەلومەجێكی گونجاو بێننەكایەوە.

لەگەڵ ئەم پێشەكییەدا دەردەكەوێ كە ئامانجی كۆمەڵناسی وەك زانستێك لێكۆڵینەوە و ناسینی زانستیانەی دیاردەكان و دەرخستنی پەیوەندییە هۆیەكییەكانی ناو ئەم دیاردانە و وەسفكردنیانە بەشێوەیەكی زانستی.

## بەكارهێنانەكانی كۆمەڵناسی

بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجی هەنووكەی كۆمەڵناسی، باسكردن لە بەكارهێنانەكانی، پێویستی بە ڕوونكردنەوەیەكی زۆر نییە. وەك گوتمان كۆمەڵناسی بایەخ بە مەعریفەی كۆمەڵایەتی دەدات و كۆمەڵناس هەوڵی ناسینی زانستیانە دەدات و ئەنجامی كارەكانی دەخاتەڕوو. كەواتە پێویستە بەكارهێنانەكانی كۆمەڵناسی بەگوێرەی ئەو ئەنجامگیرییانەی لەو ڕێیەوە دێنە دەست هەڵسەنگێنین.

ئەوەی تا ئێستا گوتمان لانی كەم ناڕاستەوخۆ پێویستبوونی لێكۆڵینەوە لە كۆمەڵناسیدا دەردەخات. ئاشكرایە ژمارەیەكی كەمی ئەو قوتابیانەی كۆمەڵناسی دەخوێنن دەبنە كۆمەڵناس، بەڵام بێگومان هەموویان لە

کاروباری کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکەن و دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی زێتر لە جاران ڕۆڵی جۆراوجۆرتر دەگرنە ئەستۆ. لەبەر ئەوەی هەر چۆنێك بێت هەموو کەسێك دەبێ لە کۆمەڵگادا بژیت، بەشداری لەگەڵ ئەوانی تردا بکات و ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی تایبەت لە ئەستۆ بگرێت، کۆمەڵناسی دەتوانێت یارمەتییەکی باش لەو بارەوە پێشکەش بکات. "ڕایت میلز" لەو بارەوە دەنووسێ: «مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت لە مانای ژیان تێبگات و چارەنووسی خۆی دەرك بکات کە خۆی بخاتە نێو چوارچێوەی سەردەمی خۆیەوە. مرۆڤ ئەو کاتە دەتوانێت شوێنگە و دەرفەتەکانی خۆی دەستنیشان بکات کە ئاگاداری بارودۆخی ئەو خەڵکانەش بێت کە لە هەلومەرجێکی وەکو ئەوەی ئەودا دەژین» [٢٩].

جیاوازیی کۆمەڵناسی لەگەڵ زانستەکانی تر بە لای مرۆڤەوە لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤ لەڕاستیدا خۆی کایەی سەرەکی و یەکێك لە بەدیهێنەرەکانی زانستە. ئایا ئەو پەیوەندییەی کە مرۆڤ بە کۆمەڵناسییەوە هەیەتی دەتوانێ بۆ نموونە لەگەڵ لقێکی زانستیی وەکو «زەویناسی»یش بە هەمان ڕادە هەیبێ. کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکایەکی مرۆڤەکانەوە هەیە، چونکە مرۆڤ خۆی بەدیهێنەریانە.

ئەمڕۆ کۆمەڵناسی زێتر لە جاران بەکاردەهێنرێ و لە لایەن ئەو پسپۆڕانەوە پشتی پێ دەبەسترێ کە لە بواری پلانەکانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا چالاکی دەنوێنن. هۆی ئەوەی زۆربەی ئەم پلانانە یان پێشکەوتنی پێویست لە پراکتیکدا وەدەست ناهێنن یاخود بە ئەنجامگیرییەکی گونجاو ناگەن، لەوانەیە ئەوە بێ کە لە کاتی داڕشتنی پرۆگرامدا تەنیا بنەماکانی پلاندانان بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرە تەکنیکی – ئابوورییەکان لەبەرچاو گیراون و حیسابێکی ئەوتۆ بۆ ڕۆڵی سەرەکی ژینگەی کۆمەڵایەتی نەکراوە.



یاسا و ڕێساکانی هەر کۆمەڵگایەك پەیوەندی بە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەوە هەیە و لقی کۆمەڵناسیی یاسایی لەم واقیعانە دەکۆڵێتەوە. یاسا خۆی دامەزراوەیەکە (institution) کە بەمەبەستی هێنانەدیی شیرازە (order) و دیاربوونی سنووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵات و بەرپرسیارێتییە تاکەکەسییەکان هاتۆتە کایەوە و جۆرە حەتمییەتێکی کۆمەڵایەتییە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە. هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە یاساییەکانیش بە ڕەسمی یان کردەیی دەگۆڕێن. بایەخنەدان بەم چوارچێوە کۆمەڵایەتیانە لە کاریگەریی پیادەکردنی یاساکان کەم دەکاتەوە. بۆ ئەوەی یاسادانەر بۆ نموونە بزانێت بۆ ڕووبەڕوونەوەی تاوانەکانی دژی موڵکایەتی دەشێ پێشبینی چ یاساگەلێك بکات، ناچارە شارەزایی لە بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایە و بە تایبەت لەبارەی کۆمەڵناسیی تاواندا هەبێ. بۆ داڕشتنی ئەو یاسا و ڕێسایانەی شیاوی پیادەکردنن و گرنگیی کۆمەڵایەتیی جیاوازیان هەیە پێویستە زانیاریی تەواومان لەمەڕ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هەروەها پێشبینیی ئەو ئاکامانەی کە بەهۆی دانانی یاساوە دەشێ بێتەکایەوە لە بەردەست دابێ. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵناسی پێش هەموو شتێك هەوڵی فراوانکردنی مەعریفەیەکی ڕەخنەگرانە لەمەڕ کۆمەڵگا دەدات، چونکە لەڕێی گەشەکردنی ئەم ڕوانگەیەوە دەتوانێت لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی هەبێت (بۆ نموونە لە ڕێی تۆژینەوە و خستنەڕووی مەسەلەی هەژاری، تاوان، تەڵاق و...). هەر لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی کەرەستەیەکی سەرەکی هەم بۆ باشتر ناسینی ئەو دونیایەی کە ئێمە تیایدا دەژین دەخاتە بەردەست و هەم لەوڕێیەوە ئامرازی چاکترکردنی دێنێتە کایەوە[١٢٦].

کۆمەڵناسی بۆ هەندێ لە لقە زانستییەکانی تر وەکو زانستێکی یاریدەدەر یان ڕۆشنکەرەوە وایە، چونکە ئەم زانستانەش مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا دەکەن، و کۆمەڵناسی لە ڕێی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو یاسایانەی زاڵن بەسەریدا، یارمەتییەکی کارای ئەم لقە زانستیانە دەدات. هەندێ لەم لقە زانستیانە بریتین لە: دەروونناسی، ئابووری، زانستە سیاسییەکان، مێژوو و جوگرافیا.

خاڵێکی تر کە تایبەتە بە سەردەمی ئێستا و لە ڕووی ڕوونکردنەوەی بەکارهێنانەکانی کۆمەڵناسییەوە جێی ئاماژەیە، سەرهەڵدانی چەند بەشێکی زانستییە کە هەندێ لە کۆمەڵناسان بە لقی کردەیی کۆمەڵناسی یان کۆمەڵناسیی پراکتیکی (Applied Sociology) ناوی دەبەن و گرنگترینیان بریتین لە: سیاسەتی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی کە لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا لەو بارەوە دەدوێین.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڵێین بەکارهێنانەکانی کۆمەڵناسی لە کۆمەڵگا نوێ و هاوچەرخەکاندا لە ئاستێکی فراوانتری شیکردنەوەی زانیارییەکان و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دایە و فێرخوازانی ئەم لقە زانستییە بە ئیشی جۆراوجۆری وەکو چالاکییە فێرکارییەکان، خزمەتگوزاریی حکومی، خزمەتگوزاریی تەندروستی و چارەسەری، پەیوەندییە گشتییەکان، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، پروپاگەندە و توێژینەوەوە خەریکن [١٢٨].

بەشی چوارەم

# کۆمەڵناسی و لقە زانستییەکانی تر

## پۆلێنکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

لە باسی پەیوەندیی کۆمەڵناسی بە لقە زانستییەکانی ترەوە پێویستە بە پلەی یەکەم زانستە کۆمەڵایەتییەکان پۆلێن بکەین و دواتر پەیوەندییان بە لقە زانستییەکانی ترەوە تاووتوێ بکەین. سەرەتا پێویستە بڵێین لەم بوارەدا وێرای ئەو باس و وتووێژە دوور و درێژانەی کراون کۆدەنگییەك نییە لەسەر ئەم مەسەلەیە و هەر بۆیەش چەندین پۆلێنی جیاجیا هەیە. هەندێ لەم پۆلێنکردنانە لەو ڕووەوە نەگونجاون کە زانستی جیاواز دەخەنە پاڵ یەکترەوە بێ ئەوەی سەرنج بدەنە پەیوەندیی نێوانیان. «گاستۆن ڕیچارد» (G. Richard)، کۆمەڵناسی فەرەنسی لە کتێبی چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسیدا ئەم پۆلێنەی خوارەوەی خستۆتەڕوو:

١. ناسینی وەسفیانەی واقیع (فاکت)ـە کۆمەڵایەتییەکان واتە مێژوو و ئێتنۆلۆژی.

٢. زانستە کۆمەڵایەتییە موجەڕڕەد یان ڕووتەکان کە هەر یەکەیان لە لایەنێکی ماهیەت یان چالاکیی مرۆیی، کە دەکەونە ژێر کاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، دەکۆڵنەوە، وەکو ئابووریی سیاسی.

٣. کۆمەڵناسیی پراکتیکی، واتە لێکۆڵینەوە لە چەشنە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی پێکهاتە و پەیوەندییەکان و وابەستەییان بە یەکترەوە (کە لە ڕووی میتۆدەوە ئیستنتاجی و ئاراستەکارانەیە). ئەم بوارە تەنانەت ئاوێتە (سێنتز)ییانەشە، و پەیوەندییەك لە نێوان لێکۆڵینەوە ئاماری، ئابووری، مێژوویی و ئێتنۆلۆژییەکان دروست دەکات.



## کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر

ئەو خوێندکارەی بیەوێ بەشێوەیەکی دیاریکراو بزانێت چ بابەتێك پەیوەندی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە و ئەو سنوورە کامەیە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیای دەکاتەوە زۆربەی کات سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، «کۆمەڵایەتی»ن و نەك تەنیا لە جۆری کۆمەڵناسی، ئابووری یان سیاسی بن[١٢]. «پییێر ناڤیل» (P. Naville) پێیوایە کۆمەڵناسی شوێنی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵێك لقی زانستی و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە یان پێکهاتەیەکە لەوان. ناوبراو رایدەگەیەنێت کە زەحمەتە بەبێ ئەنجامە وەدەستهاتووەکان لە زۆربەی بوارەکانی تردا بتوانین بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە توێژینەوەی کۆمەڵناسی ئەنجام بدەین، چونکە بەڕای ئەو کۆمەڵناسی زانستێکی «چواڕیانی»یە کە لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی زانستەکانی تر دێتە دەست. لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵناسی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە دەتوانین باسی چەند بۆچوونێك بکەین.

ئـ. کۆمەڵێك پێیانوایە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لقی [جیاجیای] کۆمەڵناسین، چونکە گشت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵناسیدا لێیان دەکۆڵدرێتەوە؛

ب. هەندێك پێیانوایە کۆمەڵناسی لە پەیوەندییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە و کۆمەڵناس بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی زانایانی لقەکانی تر بە یەکترەوە دەبەستێتەوە؛

ج. کۆمەڵێکی تر پێیانوایە بابەتی کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر هەر یەکێکە. کۆمەڵناسیش وەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر، لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە و میتۆدی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیاواز نییە.

زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەر یەکەیان لە لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵنەوە و پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکترەوە هەیە و هەر یەکێکیان

سەرنجی خۆی لەسەر لایەنێکی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی چڕدەکاتەوە. گرفت لەوەدایە سنوورێکی نەگۆڕ و جێگیر نییە ئەم زانستانە لە یەکتر جیابکاتەوە. ئابووریناسی لە سیستمی دابینکردنی پێداویستییە مادییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە؛ سیاسەتناسی لە ڕێکخستنی حکومی و پەیوەندییەکانی دەکۆڵێتەوە؛ دەروونناسیی کۆمەڵایەتی لایەنە دەروونییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاووتوێ دەکات و بەم پێیە کۆمەڵناسی تۆژینەوە لە دیاردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و لە ڕاستیدا کۆمەڵناسی سوود لە گشت زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەردەگرێ. کۆمەڵناسی جگە لە ڕوانگەیەکی گشتی کە سەرنجی لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دەدات، بایەخ بە لایەنە تایبەتییەکانی پەیوەست بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنە هاوبەشەکانیان بە کۆمەڵناسییەوە دەدات. لە ئەنجامی ئەم هاوبەشییە لە بابەتدا چەند لقێك سەریانهەڵداوە وەکو کۆمەڵناسیی ئابووری، کۆمەڵناسیی یاسایی، کۆمەڵناسیی سیاسی، کە تخووبی نێوان کۆمەڵناسی و لقە زانستییەکانی وەك ئابووری، یاسا و سیاسەتن.

کۆمەڵناسی پەیوەندی بە گشت زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە هەیە و جیاکردنەوەی بابەتەکانیان بە یەکجاری ئاسان نییە. هەر لقێك یارمەتی لقێکی تر دەدات و کۆمەڵناسیش سەرەڕای ئەوەی یارمەتی لقەکانی تر دەدات، خۆیشی یارمەتی لە لقەکانی تر وەردەگرێت. بەم پێیە، نە دەتوانین زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر بە لقەکانی کۆمەڵناسی لەقەڵەم بدەین و نە کاری کۆمەڵناسیش لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و نە دەشێ بڕوامان وابێ کۆمەڵناسی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تردا نییە، بەڵکو دەبێت کۆمەڵناسی بە لقێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دابنرێت کە لە ڕووی بابەتەوە پەیوەندیی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە هەیە.



### دەروونناسیی کۆمەڵایەتی

پەیوەندیی نێوان دەروونناسی و کۆمەڵناسی لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بایەخی پێدراوە، چونکە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی تەواویان بەیەکترەوە هەیە. ڕوانگەیەکی بەهێز هەیە کە [دەیەوێ] لێکۆڵینەوەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ڕووەو پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان لەناو گرووپە بچووکەکاندا ئاراستە بکات. لەوانەیە کەم دیاردەی کۆمەڵایەتی هەبێ کە پەیوەندی بە دەروونناسییەوە نەبێ و لە لایەکی تریشەوە هەر دیاردەیەکی «دەروونی» لە راستیدا «کۆمەڵایەتی»شە. دەرووناسیی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیی تاك بە کۆمەڵگاوە لە ڕووی کاریگەرییە دەروونییەکانییەوە دەکۆڵێتەوە و بەگشتی سنووری لێکۆڵینەوەی لەو چەند بوارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

ئـ: کاریگەریی کۆمەڵگا لەسەر تاکەکەس لە ڕێی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە،

ب: کاریگەریی تاکەکەس لەسەر کۆمەڵگا لە ڕێی دیاردەگەلێکی وەکو سەرکردایەتی،

پ: پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان و کردە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو ناکۆکی، کێبڕکێ و گونجانکاری،

ت: شوێنەوارە دەروونییەکانی پەیوەست بە پێداویستییەکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی لە پەیوەندی بە دەوروبەرەوە.

لەو کاتەوەی سەربەخۆیی کۆمەڵناسی ڕاگەیەنراوە تا ماوەیەك لە کۆمەڵناسی و دەرووناسیدا باس و مشتومڕ —کە هەر یەکەیان لقەکەی تری دەخستە چوارچێوەی خۆیەوە- هەبوو و لە زۆربەی دەقەکانی ئەم دوو زانستەدا ئەم مەسەلەیە گفتوگۆی لەسەر کراوە. «ئۆگست کۆنت» لەناو پۆلێنکردنەکەی بۆ زانستەکاندا شوێنی بۆ دەروونناسی نەکردۆتەوە و «گبرائیل تارد» (G. Tarde) بڕوای بە بوونی کۆمەڵناسی نەبوو. یەکە یان بابەتی لێکۆڵینەوەیان تاکەکەس و کۆمەڵگا بوو و بەزۆری بە جیا لەم دوو بابەتەیان دەکۆڵییەوە، لە کاتێکدا هیچ یەك لەم دووانە تەواو لەیەکتر دابڕاو

نین. ئەمڕۆ پێناسەی نەریتیانە بۆ دەروونناسی —کە لەبەرچاوگرتنی شوێنگەی دەروونیانەی تاکەکەسە بەبێ گرنگیدان بە شوێنگە کۆمەڵایەتییەکەی- بایەخی خۆی لەدەست داوە. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵناسیش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دەروونناسان هەیە، چونکە لە زۆربەی لقەکانی کۆمەڵناسیدا بەبێ بایەخدان بە هۆکارە دەروونییەکان ناتوانین تۆژینەوەیەکی ورد و تێروتەسەل ئەنجام بدەین. تێگەیشتن لە هۆکارەکانی شڵەژانی دەروونی و نەگونجانەکان بەبێ ناسینی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە گەڵەك باردا نەشیاوە.

## ئابووری

لە زانستی ئابووریدا لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و بەکاربردنی شتومەك و خزمەتگوزارییەکان لە کۆمەڵگادا دەکرێت، کە بە هۆی هەوڵدانی مرۆڤ لەپێناوی دابینکردنی پێداویستییەکان هاتۆتەکایەوە، و بابەتەکەی یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. کاتێك بمانەوێ لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی بە پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پێناوی گەشەکردنی نەتەوەییدا بکۆڵینەوە پەنا دەبەینە بەر کۆمەڵناسی. پێشکەوتنە پیشەسازییەکان بەستراونەتەوە بە بونیاد و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگاوە و دابونەریت و ڕێوڕەسم و بیروباوەڕەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرهەمهێنان، دابەشکردن و بەکاربردنی کالاّ و شتومەك و خزمەتگوزارییەکان. لە لایەکی ترەوە ڕەوشی ئابووریی کۆمەڵگا و شێوەی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. هەلومەرجی ژیانیی توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی دانەبڕاوی بە پرۆسە ئابوورییەکانەوە هەیە و ئاشکرایە ئەنجامگیری لە بارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ لەبەر چاوگرتنی هۆکارە ئابوورییەکان لە ڕووی زانستییەوە نرخ و بەهایەکی ئەوتۆی نییە.



ڕەمزەکانی نێوان ئابووری و کۆمەڵناسی لە پێوەرێکی بەرفراواندا پانتاییەکی گەورەتر لە ڕابردوویان داگیرکردووە و ئەم گۆڕان و وەرچەرخانە لە هەر دوو بواردا بەرچاو دەکەون. ئابووریناسی خۆی لە خۆیدا، سەرەڕای خۆشەویستبوونی لە ڕووی دونیای کاسبی و کارە حکومییەکانەوە سالاّنێکە کەوتۆتە ناو قەیرانێکی تیۆرییەوە. ئابووریناسی بە واتا باوەکەی بەکردەوە کەمتر توانیویەتی واقعیانە ڕووبەڕووی کێشە و قەیرانەکانی سەردەم ببێتەوە. وەك دەزانین تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئابووریی وڵاتە جیاجیاکانی جیهان بەم کێشانە دەناسرێتەوە: هەڵاوسان و کەساد (بەدیل یان ئاوێتەکردنیان)، هۆکارە دەستنیشانکەرەکانی نایەکسانیی ئابووری، ڕەوتەکانی پەرەسەندنی ئابووری و ئاستەنگەکانی گەشەسەندن (التنمیة) [١٤٠].

## سیاسەتناسی

مەبەست لە سیاسەتناسی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان کۆمەڵەکان، گرووپە سیاسییەکان، ململانێیەکان، کێبڕکێکان، گرووپەکانی گوشار، پێشبڕکێیەکانی هەڵبژاردن و گرووپە سیاسییەکان، پەیوەندییەکانی هێزە جیاجیاکانی وڵات، ململانێی حیزبی و ...

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان زەمینە خۆشکەری سەرەکیی کاروبارە سیاسییەکانی کۆمەڵگان و کۆمەڵناس ناتوانێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان پەی بە هۆکاری ڕاستەقینەی دیاردەکان ببات. لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسەت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە. ئەوەی ئەم دوو لقە زانستییە لەیەك نزیکتر دەکاتەوە ڕابردووی مێژوویی هاوبەشیانە. بایەخدان بە کاروبارە حکومی و سیاسییەکان یەکێکە لە کۆنترین هوشیارییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ. ئەگەرچی سیاسەتناسی یەکێکە لە بوارە تازەکانی ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام شیکردنەوە و

شرۆڤەکردنی ژیانی سیاسی بابەتێکی زۆر لەمێژینەیە. "ئەرستۆ" بەر لە نووسینی کتێبی سیاسەت لێکۆڵینەوەی لەسەر یاسای ١٥٨ شاری یۆنانی و بیانی کردبوو. "مۆریس دۆڤێرژێ" (M. Duverger) ئاماژە بەوە دەکات کە سیاسەت لە لایەکەوە جۆرە ڕووبەڕووبوونەوە یان ململانێیەکە لە نێوان تاکەکەس و گرووپەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەی کە سەرکەوتووەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان بەسەر ژێرکەوتووەکاندا پیادەی دەکەن، بەڵام لە لایەکی ترەوە سیاسەت هەوڵدانیشە بۆ هێنانە کایەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە بۆ هەمووان بە سوودە [١٣].

لە بارەی پێناسەی سیاسەتناسی و جیاوازیی لەگەڵ سیاسەت کۆدەنگییەك لە نێوان پسپۆڕاندا نییە. «ژان مەینۆ» (J. Maynaud) رایدەگەیەنێت کە ئەم ناکۆکییە هێندە گرنگ نییە، ئەوەی سەرەکییە کۆدەنگییە لەبارەی بابەتی ئەم زانستە، واتە ماهییەتی دیاردە «سیاسییەکان» [١٤]. بەڵام ئەو کێشەیەی کە زێتر لە ئارادایە دەستنیشانکردنی دیاردەی «سیاسی» و جیاکردنەوەیەتی لە دیاردەی «ئابووری» یان «کۆمەڵایەتی» بە واتا گشتییەکەی. هەوڵدراوە بواری سەرەکیی توێژینەوە و شیکردنەوەی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگا دەستنیشان بکرێ. یەکێك لە گرووپە پسپۆڕییەکانی «یونسکۆ» کە لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە، چوار کایەی سەرەکی دەستنیشان دەکات: تیۆرە سیاسییەکان و مێژووی بیروباوەڕە سیاسییەکان، دامەزراوە سیاسییەکان، حیزب و گرووپەکان و رای گشتی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان [٧].

### دیمۆگرافیا

بابەتی ئەم لقە زانستییە (Demograghy) لێکۆڵینەوەی زانستییە لە دیاردە دیمۆگرافییەکانی وەکو لەدایکبوون، هاوسەرگیری، مردن، زیادبوونی دانیشتوان و تایبەتمەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و کۆچکردن. ئەگەرچی بابەتی لێکۆڵینەوەی دیمۆگرافی بزاوت و پێکهاتەی دانیشتوانە،



بەڵام توێژینەوەی دانیشتوان لە زۆر حاڵەتدا لە دیمۆگرافییەوە دزەی کردۆتە ناو لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی.

دیمۆگراف وەکو وێنەگرێك کاردەکات و کارەکەی زێتر لایەنێکی پێوەریانەی هەیە، و جگە لە میتۆدە تایبەتییەکانی خۆی سوود لە ئامار و تەکنیکەکانیشی وەردەگرێت و باس لە چەندایەتیی دانیشتوان دەکات. دیمۆگرافی بە واتای ئەمڕۆی زێتر دەیەوێ بەدوای هۆی دیاردەکاندا بگەڕێ و ئەو هۆکارانە ئاشکرا بکات کە کاریگەرییان هەیە و شێوەی پێکهاتنیان بە کۆمەڵناسی بسپێرێ. لقی دیمۆگرافیای کۆمەڵایەتی لەو ساڵانەی دواییدا بایەخی بەم مەسەلانە داوە [١٦].

لە دیمۆگرافیادا یەکەی لێکۆڵینەوە بە پلەی یەکەم «تاکەکەس»ە نەك خێزان. هۆیەکەشی ئەوەیە کە واقیعە دیمۆگرافییەکان بە پلەی یەکەم کاریگەرییان لەسەر تاکەکەس هەیە؛ ئەوە تاکەکەسە هاوسەرگیری دەکات، منداڵی دەبێت، و دەمرێت. سەرەڕای ئەوەش ئەم واقیعە لەگەڵ جۆرێکی تری شیکردنەوەشدا دەگونجێ کە بابەتەکەی زێتر خێزانە. بەڵام دەزانین کە خێزان؛ یەکەم، چەمکێکە جگە لە پێناسەی ئاماریی، پێناسەیەکی کۆمەڵایەتیی وەکویەکیشی (هاوبەش) نییە؛ دووەم، بایەخێکی کۆمەڵایەتیانەی وەکویەکی لە سەرانسەری دونیادا نییە، و سێیەم، لە هەموو وڵاتاندا پەیوەندیی بە خێزانەوە دیاریکراو نییە، هەرچەند کە لە هەلومەرجی وڵاتێکی وەکو ئێراندا دەشێ خێزان و بنەماڵە وەك یەك چەمك وەرگرین [١٤٠].

بەگوێرەی پێناسەی «فەرهەنگی دیمۆگرافی» کە لەلایەن «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە» بڵاوکراوەتەوە، دیمۆگرافیا زانستێکە بابەتەکەی لێکۆڵینەوەیە لە دانیشتوانە مرۆییەکان و لەسەر بنەمای پانتایی زانستی، بونیاد، گۆڕان و تایبەتمەندییە گشتییەکانی، کێشەی دانیشتوان لە ڕووی چەندایەتییەوە دیراسە دەکات [١٧]. بەم پێیە دیمۆگرافیا سوود لە ئامار و ئەو کۆمەڵە میتۆدەی کە لە ڕووی چەندایەتییەوە لە دیاردە دانیشتوانییەکان دەکۆڵنەوە وەردەگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێناسەیە و بە مانایەکی

وردتر، ئیشی دیمۆگرافیا وەسفکردنی دانیشتوانە بەڵام لە دوو روانگەی جێگیری (سەرژمێری، پێکهاتەی دانیشتوان) و بزاوتەوە (گۆڕانی دانیشتوان)، واتە ئەوەی لە سنووری دوو باسی سەرەکی «پێکهاتەی دانیشتوان» و «بزاوتی دانیشتوان»دا لێی دەکۆڵرێتەوە [١٨].

دیاردە دانیشتوانییەکان لەو ژینگەیە جیاناکرێنەوە کە تیایدا دێنە کایەوە و بۆیە دانیشتوانناس (دیمۆگراف) ناچارە لەو پەیوەندییە بکۆڵێتەوە کە دەشێ لەنێوان ئەو دیاردانەی ئەو لێی دەکۆڵێتەوە و هۆکارەکانی تردا هەبێ، هۆکارگەلێکی وەکو پزیشکی، تەندروستی، هزری، ئەخلاقی، ئایینی، سیاسی و ئابووری. بەم شێوەیە هەلومەرجی دانیشتوانی وڵاتێکیش کاریگەریی قووڵی لەسەر بوارە جیاجیاکاندا هەیە، وەکو دەسەڵاتی سیاسی یان سەربازی، هەلومەرجی ئەخلاقیی گشتی و بزاوتی نەتەوەیی. خۆشگوزەرانی دانیشتوان و پەرەسەندنی ئابووری لە ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی دانیشتوان جیانابنەوە. ئەگەر بتوانین دیاردە دیمۆگرافییەکان وەکو شت تاووتوێ بکەین، و ئەگەر بشێ شیکردنەوەی ماتماتیك بۆ روونکردنەوەی ئەم دیاردانە بەکاربهێنرێ، راستییەکەی ئەوەیە کە ناتوانین ئەم دیاردانە لە واقیعی کۆمەڵایەتیی گشتی (کە تیایدا تواونەتەوە) دابماڵین. دیاردە دانیشتوانییەکان لەبنەڕەتدا کۆمەڵایەتین و دەبێ لەو سوچەوە لێیان بکۆڵینەوە [٣٠].

## ئێتنۆگرافیا

ئێتنۆگرافیا (Ethnograghy) لقێکی زانستییە کە بە پێناسە کلاسیکەکەی لێکۆڵینەوەیە لەو کۆمەڵگایانەی کە بە کۆمەڵگای سەرەتایی ناودەبرێن. "ئەندرێ بۆنارد" (A. Bonnard) کۆمەڵناسی سویسری، «هیرۆدۆت» بە دامەزرێنەری جوگرافیا، ئێتنۆگرافیا و مێژوو لەقەڵەم دەدات [١٩]. ئێتنۆگرافیا بەپێی ئەو روونکردنەوەیەی "لیڤی شتراوس" (C. Levi-Strauss) دەیخاتە ڕوو گشت سەرنجە گرنگ و مانادارەکانی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان



کۆدەکاتەوە، جا چ ئەم کۆمەڵگایانە ئێستا زیندوو و هەبن یان لەنێوچووبن [٢٠]، هەروەها [ئەم زانستە] لە شتگەلێکی وەکو: جلوبەرگ، چەك، ئامرازەکانی ژیان، شتومەکی پیرۆز، بیروباوەڕەکان، دابونەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە.

سنووری ئیشکردنی ئێتنۆگرافیا زۆر لە فۆلکلۆر فراوانترە، بێ ئەوەی لە ئاستی تیۆرسازیدا، بەو شێوەیەی لە ئێتنۆگرافیادا روونکراوەتەوە چالاکی بنوێنین. تۆژینەوە لە ئێتنۆگرافیادا لە شوێنی نیشتەجێبوونی میللەت (ئێتنۆس) دەتۆژرێتەوە و «مۆنۆگرافی»یەك پێشکەش دەکات. کەواتە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا سنووردارە بە وەسفکردنی دیاردە کولتوورییە تایبەتییەکان. لەلایەکی ترەوە مۆزەخانە ئێتنۆگرافییەکان دەرفەتی بەراوردکردنی ئەو شتانە بۆ تۆژەران دەڕەخسێنن کە لە میللەتە جیاجیاکانەوە بەدەستمان گەیشتوون.

## ئێتنۆلۆژی

ئێتنۆلۆژی (Ethnology) بایەخ بە ئاوێتەسازی و شیکردنەوە دەدات. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەشێ سێ ئاراستەی سەرەکیان هەبێ. یەکەم روانگەی جوگرافی و ئەویش ئەو کاتەیە کە ئامانج ئەوەبێ لەگەڵ گرووپی لێکۆڵینەوەدا گرووپی هاوسێش بناسین. دووەم روانگەی مێژوویی و ئەویش ئەو کاتە دێتەئاراوە کە هەوڵدەدرێ ڕابردووی یەك یان چەند خەڵکانێك دادەڕێژرێتەوە. جۆری سێیەم پێی دەگوترێ سیستماتیك کە لەو حاڵەتەدا ئەو دیاردەیەی تۆژینەوەی لەبارەوە دەکرێ بە وردی دیار دەکرێ و سەرنجی دەدرێتێ (وەکو جۆرێکی تایبەتی تەکنیك، نەریت یان دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لێی دەکۆڵدرێتەوە).

جیاوازی ئێتنۆلۆژی و مرۆڤناسی (Anthropology) (هەرچەند کە تەواو روون نییە) لە دوو لایەنەدا دەردەکەوێ: یەکێکیان لە ڕوو چوارچێوەی ئەو بوارە کۆمەڵایەتییەی لێی دەکۆڵدرێتەوە، کە لە ئێتنۆلۆژیادا تایبەتە بە

لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا سەرەتاییە گۆشەگیرەکان و دووەمیان لە ڕوو ناوەرۆکی ئەم دوو لقەوەیە. لایەنی فیزیکیی مرۆڤ کە مرۆڤناسانی فیزیکی بایەخی پێ دەدەن لە لایەن میللەتناس(ئێتنۆلۆگ)ەکانەوە بایەخی پێنادرێ. بەپێی گوتەی "لێڤی شتراوس" پانتایی لیکۆڵینەوە لە ئێتنۆلۆژیادا تایبەتە بە کۆمەڵگا «سارد» یان پەرەنەسەندووەکان. هەندێ دەڵێن ئێتنۆلۆژی لە سروشتەوە بەرەو کولتوور ئاراستەمان دەکات. لە راستیدا گشت کۆمەڵە مرۆییەکان وەکو سیستمێکی پەیوەندی و تۆڕێکی لێکحاڵیبوون وان کە پێویستە خاڵە تەمومژاوییەکانی بناسین. کولتوور وەك چەمکێکی بەرفراوان بوارێکی سەرەکییە لە تۆژینەوەی ئێتنۆلۆژیدا. یاساکانی خزمایەتی، نەك تەنیا لەناو زماندا بەرچاودەکەون، بەڵکو لە ڕێوڕەسمی تایبەت بە ڕاو، ریتواڵی ئایینی، دابەشکردنە «تەوتەمییەکان» یان ئەفسانەشدا دەردەکەوێ.

## مرۆڤناسی

لە باسی چەمکی مرۆڤناسیدا، زۆربەی نووسەران ئاماژە بە رستەی ناوداری "مارسێل مووس" (M. Mauss) دەکەن کە دەڵێ کۆمەڵناسی وەکو دەروونناسیی مرۆیی بەشێکە لە لقێکی بایۆلۆژیا کە مرۆڤناسی پێدەگوترێ، واتە زانستێك کە گشت ئەو زانستانە بگرێتەخۆ و وەك بوونەوەرێکی زیندوو، هوشیار و کۆمەڵایەتی لە مرۆڤ دەکۆڵنەوە. هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی لایەنی فەلسەفیی مرۆڤناسی زۆربەی تۆژەرانی ئەم لقە زانستییە سەرنجیان خستە سەر مێژووی سروشتیی مرۆڤ. "برۆکا" (Broca)، مرۆڤناسی فەرەنسی، پێیوابوو مرۆڤناسی لە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. دوای "برۆکا" مرۆڤناسان ڕایانگەیاند نابێ مرۆڤناسی تەنیا بپرژێتە سەر لایەنی رواڵەتی فیزیکیانەی مرۆڤ، بەڵکو دەبێ لە لایەنی کولتووریانەی ژیانی مرۆڤیش بکۆڵێتەوە. «لێڤی شتراوس» لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانیدا هەوڵی دەدا مرۆڤناسی بکاتە ناوەندێك بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی مرۆڤەوە، ئەمەش ئەو بۆچوونە بوو کە لە لایەن



کۆمەڵناسانی وەك "جۆرج گۆرڤیچ" و "جۆرج بالاندیێ" (G. Balandier) بە تەواوی رەتکرایەوە. ئەگەر لێکجیاکردنەوەی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی بە ئاسانی ئەنجام بدرێ، ئەوا لێکجیاکردنەوەی ئێتنۆلۆژی و مرۆڤناسی ڕووبەڕووی کێشەی جیدی دەبووەوە و وای لێدەهات زۆرێك لە تۆژەران ناوەرۆکی ئەم دووانە لێکجیانەکەنەوە و مرۆڤناسی بە زاراوەیەکی ئەمریکی و ئێتنۆلۆژی بە زاراوەیەکی فەرەنسی لەقەڵەم بدەن. "ئیڤانس پریچارد" (E. Evans-prichard) پێیوایە زاراوەی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی لەئەوروپا لە ژێر ناوی ئێتنۆلۆژی یان کۆمەڵناسیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. ئێتنۆلۆژی کێشەی تایبەت بە نەژاد و میللەتان دەگرێتەوە و ئەرکی میللەتناس (ئێتنۆلۆگ) پۆلێنکردنی دانیشتوانە بەگوێرەی تایبەتمەندییە نەژادی و کولتوورییەکان و لە پەیوەندیدا بە بزاوتی دانیشتوان و تێکەڵاوبوون یان کاریگەربوونی کولتوورەکانەوە سەیری دابەشبوونی ئێستا و ڕابردوویان بکەن. بە بڕوای وی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی ئامانجێکی تەواو جیاوازی هەیە، چونکە دەپڕژێتە سەر شیکردنەوەی ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتیانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی دامەزراوەکانی وەك خێزان، سیستمی خزمایەتی، رێکخراوی کۆمەڵایەتی، بونیادی دادوەری، ڕێوڕەسمی ئایینی و پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکان [٢١].

بە چەمکە هاوچەرخەکەی، مرۆڤناسی لێکۆڵینەوەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا یان لێکۆڵینەوەی شتێکی سنووردار و دیاریکراوە بە میتۆدێکی قووڵ، و زێتر بایەخ بە هۆکارە رەفتاری و پاڵنەرەکان لە ناو گرووپێکی سنووردار دەدات کە شیاوی ناسینی قووڵە. مرۆڤناسی بۆ دوو لقی سەرەکی دابەش دەبێ:

ئـ: مرۆڤناسیی سروشتی کە بایەخ بە لایەنە بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ و جیاوازییە جەستەییەکانی مرۆڤەکان دەدات و هەلومەرجی تایبەتی ئێتنیکیش دەگرێتەوە.

ب: مرۆڤناسیی کولتووری و کۆمەڵایەتی کە زێتر بەراوردێکی شیکاریانەی هەلومەرجی تایبەتی ژیان و شارستانییەتی میللەتە کۆنەکان دەکات.

هەندێ لە زانایان پێیانوایە مرۆڤناسی لێکۆڵینەوەیە لە کۆمەڵگا سەرەتایی یان دواکەوتووەکان، ئەم بۆچوونە لە هەندێ باردا لەگەڵ چەمکی باوی مرۆڤناسیدا ناگونجێت. مرۆڤناسان لەو ساڵانەی دواییدا بواری کارکردنی خۆیان فرەوانکردۆتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە. بۆچوونی یەکەم لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە کاری مرۆڤناسی لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دەستی پێکردووە و ئێستاش گرنگترین بواری کارکردنی مرۆڤناسی هەمان ئەم کۆمەڵگایانەن.

ئەگەر پێناسەی گشتیتری مرۆڤناسی قبوڵ بکەین، ڕووبەڕووی گرفتێکی تر دەبینەوە کە بریتییە لە تێکەڵاوبوونی بابەتەکانی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا، چونکە لەو حاڵەتەدا دیاریکردنی سنووری نێوان ئەم دوو لقە زانستییە سەختتر دەبێت. لەبەر ئەوەی مرۆڤناسی زانستێکی نوێیە و بە درێژایی مێژووی خۆی ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی سەرەکی بۆتەوە ناتوانین پێناسەیەکی تێروتەواو و براوەی بۆ بکەین. هەر لەبەر ئەوەیە هەندێ لە مرۆڤناسانی کۆنەپارێز (کۆنسێرڤاتیڤ) خۆیان دەبوێرن لە بەدەستەوەدانی هەر جۆرە پێناسەیەك کە بواری لێکۆڵینەوەیان سنووردار بکات!

## سۆسیۆگرافی

وەکو ئێتنۆگرافیا، سۆسیۆگرافیش (Sociograghy) لایەنێکی وەسفیانەی هەیە، بەڵام سۆسیۆگرافی بایەخ بە کۆمەڵگا نوێیەکان دەدات. لەڕوو میتۆدی لێکۆڵینەوە جیاوازییەکی لەگەڵ ئێتنۆگرافیادا نییە و ئامانجی بەدەستەوەدانی جۆرە وێنایەکە لە لایەنە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. لە سۆسیۆگرافیدا سوود لە ئامار و دیمۆگرافیاش وەردەگیرێت، بەڵام لە ئاستێکی زۆر سادە و سەرەتاییدا و لە چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ و



وەسفکردنی ئەوەی بەدی دەکرێ بەولاوەتر ناڕوات. جیاوازیی کۆمەڵناسی و سۆسیۆگرافی هەر لەو خاڵەدایە. وا بەدی کراوە لە هەندێ حاڵەتدا تێکەڵاوییەك لە نێوان ئەم دووانەدا دەکەن و لێکۆڵینەوە سادە و وەسفییەکانی سۆسیۆگرافی بە کۆمەڵناسی لەقەڵەم دەدەن. کۆمەڵناسی فەڕەنسی، "ئارمان کوڤیلیێ" (A. Cuvillier) بڕوای وایە کە ناشێ سۆسیۆگرافی و کۆمەڵناسی بخەینە بەرامبەری یەکترەوە، بەڵکو سۆسیۆگرافی ئامرازێکی پێویستە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسیدا [٢٢]. بەشێوەیەکی گشتی نابێ بە کەم سەیری سۆسیۆگرافی بکرێت، چونکە دەشێ ئەنجامەکانی لە هەندێ بواردا بەکاربهێنرێ و زانیاریی گشتیتر بخاتە بەر دەستی تۆژەران.

## زمانناسی

زمانناسی زانستی زمانە و بابەتە دیاریکراوەکەی بۆتە هۆی ئەوەی زمانناسی ببێتە زانستێکی شیکاری. "فێردیناند دو سۆسێر" (F. de Saussure) لە کۆمەڵە دەرسوتارەکانیدا لە ژێر ناوی زمانناسیی گشتیدا دەڵێت زمان بریتییە لە کۆمەڵێك نیشانەی کەم تا زۆر ڕێکوپێك و نووسراو کە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە و توانای ئەوە بە تاکەکەس دەبەخشن کە بیروڕای خۆی دەربڕێت. ئاشکرایە زمانیش، وەکو کولتوور لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە. زمان لە لایەن مرۆڤەوە داهێنراوە و بەردەوام شتی بۆ زیاد دەبێت. زمان سیستمێکی ڕێکوپێکە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. «فێردیناند دو سۆسێر» لە کۆتاییەکانی ژیانیدا لێکۆڵینەوەکانی زێتر بەرفراوان کردن و پەیوەندیی نێوان زمان و بڵاوبوونەوەی زانیاری و پەیوەندیکردنی ئاشکراکرد. ناوبراو بەو ئەنجامە گەیشت کە زمان سیستمێکی نیشانەکانە کە بیروڕاکان دەخاتەڕوو و هەر بۆیە لەگەڵ نووسین، زمانی ڕەمزەکان و نیشانە سەربازییەکاندا دەشێ بەراورد بکرێ، و زمانناسی زانستێکە لە هەناوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە دونیای نیشانەکان دەکۆڵێتەوە.

دونیای نیشانەکان لە سنووری کاری زمانناسیدا کورت ناکرێتەوە. نیشانەکانی ناسینەوەی (Symptomes) نەخۆشییەك دەبێتە هۆی ئاگاداریی پزیشك لە جۆری نەخۆشی.

لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیی سەرەکیی زمان مرۆییبوونیەتی، پەیوەندیی توندوتۆڵی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، چونکە ژیانی کۆمەڵیانە و پەیوەندییە گرووپییەکان فۆرمەڵەی دەکەن و لەناو گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا زمانی قسەکردن جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەمەڕ شێوازە ئەدەبییەکان ئەنجام دراون ئەم بابەتە باشتر ڕوون دەکەنەوە.

## مێژوو

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە وشەی مێژوو چەندین مانای هەیە. لە لایەك مەبەست لە دیاردەی مێژوویی واقیعێکە پەیوەندی هەیە بە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانەوە بە درێژایی مێژوو و لە لایەکی ترەوە زانستی مێژوو لقێکی زانستە مرۆییەکانە. چەندین جار وتویانە مێژوو لە مرۆڤ و کۆمەڵگا لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی خەتەوە دەکۆڵێتەوە. وەك دەزانین نیشانەکانی پەیوەندیکردنی نووسراو تەنانەت پێش سەرهەڵدانی خەتیش هەبوون. ئەگەر خەت سەرچاوەی زانستی مێژوو بێت، بێگومان سەرچاوەی شارستانیەت نییە. لە لایەکی ترەوە زیادەڕۆییە ئەگەر وەکو «فێردینان برۆدێل» (F. Braudel) پێمانوابێ مێژوو زانستی مەعریفەکانی مرۆڤە [٣٠]. هەندێجار مێژووناسان بە زیادەڕۆییکردن لە گرنگیی مێژوودا بەوە گەیشتوون بوونی زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە کۆمەڵناسیش ڕەت بکەنەوە. ئەوانە دەڵێن کۆمەڵناسی نییە، چونکە ئەگەر تەنانەت چرکەساتێکیش بەسەر کاتی لێکۆڵینەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕێت ئەوا دەبێتە مێژوو.



بێگومان مەعریفەی مێژوویی ڕێژەییە و پێویستە سەرنج بدەین داخۆ دەشێ باسی «یاسای مێژوویی» و «زانستی مێژوو» بکەین؟ ئایا یاسای مێژوویی لە جۆری یاسا زانستییەکانە؟ هیچ مێژووێکی کامڵ و تێروتەواو نییە. مێژوونووس سەرەتا لەنێو واقیعەکاندا هەڵبژاردەیەك کۆدەکاتەوە و لە ڕێی سوودوەرگرتن لە بەڵگەنامەکان و بە پشت بەستن بە هۆش و توانای خۆی ڕابردوو دادەڕێژێتەوە.

لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوانەی پێشوو دەردەکەوێ کە ئامانجی مێژوو، ناسینی ژیانی کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەکی گشتی بەگوێرەی خەسڵەتە شوێن و کاتییەکان. مێژوو ڕووداوە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان بەگوێرەی تەرتیبی کاتەکی و شوێنی ڕوودانی دیراسە دەکات و بە پێی بابەت بۆ چەند بەشێکی وەك ئایینی، زانستی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، سیاسی، ئابووری، هونەری، فەلسەفی، و کولتووری دابەشیان دەکات. مێژوو لەچاو کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکانی ڕابردوو دەکۆڵێتەوە و دەشێ بیخەینە ریزی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

لقێکی مێژوو کە فەلسەفەی مێژووی پێدەگوترێ پەیوەندییەکی زێتری بە کۆمەڵناسییەوە هەیە. مێژوو بۆ ڕوونکردنەوەی رابردووی ژیانی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی لەسەر ڕەوشی ئێستا (لە هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵگادا) پێویستە لە لایەن کۆمەڵناسەوە بایەخی پێ بدرێ، چونکە ناتوانین لە تاکەکەسان بکۆڵینەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕابردوویان. زۆربەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕابردووێکی دوور و درێژیان هەیە کە وەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ڕەوشی ئێستایان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕابردوویان کارێکی نادروستە. ڕابردووی مێژوویی شوێندەستی هەیە لەسەر هەموو ڕەهەندەکان، لە نامادیترین لایەنی ژیان (کە بەشێکیان بریتین لە بیرباوەڕ و دابونەریت و شێوازە جیاجیاکانی ڕەفتار) تا دیاردە تەواو مادییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (وەکو شێوەی نیشتەجێبوون و کاروباری تایبەت بە مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی).

لێکۆڵینەوە بە میتۆدێکی زانستی لە مێژوودا دەریدەخات کە خەڵك لە سەردەمە جیاجیاکان و لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی دونیادا چ بیروباوەڕێکی فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستیان هەبووە و لەو سەردەمانەدا چۆن بیریان لە کاروبارەکان دەکردەوە؟ ژیان و بژێویی خۆیان چۆن دابین دەکرد؟ جۆرەکانی حکومەت، ڕێکخراوەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جۆرەبەجۆرەکان چۆن بوونە و چ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا هاتووە؟ لەهەر سەردەمێکدا ڕابردووی فیکریی مرۆڤ توانای هێنانەکایەی چ داهێنانێکی ڕەخساندووە؟ چ سوودێك لەو داهێنانانە بینراوە؟

کۆمەڵناسی وەك کایەیەکی زانستی تێکەڵییەکی زۆری لەگەڵ مێژوودا هەیە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا واقیعێکی «کۆتایی نەهاتوو»ە، بابەتی شیکردنەوەی کۆمەڵناسیش بەم پێیە لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە (گۆڕانی بەردەوامی بابەتی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان) و کۆمەڵناسی بەردەوام لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دایە کە لێیان دەکۆڵێتەوە. چاودێریکردنە کۆمەڵناسییەکان بەکردەوە بابەتی لێکدانەوە و تەفسیرکردنە جۆراوجۆرەکانی گرووپە جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵناسانەیە کە خاوەنی بوارە ئایدیۆلۆژییە جۆربەجۆر و گۆڕاوەکانن بە درێژایی مێژوو. لە وڵاتێکی کۆنی وەکو ئێراندا، مێژوو زەمینەخۆشکەرێکی بەهێزی گشت بنەماکانی کۆمەڵگایە [١٤٠].

## کۆمەڵناسی و لقە زانستییەکانی تر

لەبەر گشتگیری، فراوانی و پانتایی کۆمەڵناسی کەم لقی زانستی و مەعریفی هەیە پەیوەندی بە بابەتەکانی ناو کۆمەڵناسییەوە نەبێ. ژینگەی کۆمەڵایەتی زەمینەخۆشکەری سەرهەڵدان و گەشەسەندنی زانستەکانی ترە. بیرمەندان لێکۆڵینەوەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو چەمك و بنەمایانەدا ئەنجام دەدەن کە لە کۆمەڵگاوە وەریان دەگرن و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر پەرەسەندنی زانستی و



بیروڕای زانایان. بۆ نموونە لە ئەمریکا کە فەلسەفەی پراگماتیزم باڵادەستە کۆمەڵناسیش لە جیاتی بایەخدان بە کێشە تیۆرییەکان چالاکیی خۆی ئاراستەی ئەو لێکۆڵینەوانە دەکات کە زێتر سوودی کردەیی و بەتایبەت ئابووریان هەیە.

ئەوەی بابەتی کۆمەڵناسی پێکدێنێت مرۆڤ، کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، لە ڕەوتی هەر یەك لەم هۆکارانەدا، زانستگەلێك سەرهەڵدەدەن کە بابەتی پسپۆڕییان تۆژینەوەیە لەم دیاردانە. بە هەمان شێوە ئەم زانستانەش بە نۆرەی خۆیان دەکەونە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی کۆمەڵگاوە. کۆمەڵناسیش بۆ ناسینی مرۆڤ، کۆمەڵگا و ژینگە پێویستی بە دەستکەوتەکانی ئەم زانستانە هەیە و هەر لەبەر ئەوەیە کۆمەڵناس لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا ناچارە یارمەتی لە لقە زانستییە جیاجیاکانی، وەکو زانستە سروشتییەکان، زانستی ماتماتیك و زانستە مرۆییەکان وەربگرێ. کەس ناتوانێ بۆ هەمیشە و تەنیا کۆمەڵناسێکی پەتی بێ، بۆ دادوەریکردن لە هەر بوارێکدا پێویستە زانیاریی پێویستی لەسەر لقە زانستییە پەیوەندیدارەکانی تریش هەبێ. زۆربەی ئەو تۆژینەوانەی لە زانستەکانی تردا ئەنجام دەدرێن کۆمەڵناس پێویستی پێیان هەیە و کۆمەڵناس ناتوانێ چاوپۆشی لەو ئەنجامانە بکات کە ئەوان وەدەستیان هێناون. جگە لە گرنگترین لقەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە لەسەرەوە بەکورتی باسی پەیوەندیان بە کۆمەڵناسییەوە کرا ئەم لقە زانستییە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە زانستی تریشەوە هەیە کە بۆ نموونە ئاماژە بەوانەی خوارەوە دەدەین:

### ئامار

ئامار کە لقێکە لە زانستی ماتماتیك بەشێوەی جیاجیا لە کۆمەڵناسی و لقەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێت. زیادبوونی سوودوەرگرتن لە تەکنیکە ئامارییەکان بۆتە هۆی ئەوەی ئاماری

کۆمەڵایەتی (الأحصاء الأجتماعي) بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەبستێنێ. ئامار بنەمای تۆژینەوەی گشت زانستە مرۆییەکان، زانستە سروشتییەکان، زانستە بایۆلۆژییەکان و زۆربەی زانستەکانی ترە، چونکە بۆ ئەنجامگیریی واقعیانە هەموویان پێویستیان بە ژمارە، ژمێریاری و ئەزموونکردن هەیە. وشەی ئامار لەبنەڕەتدا بە مانای دەوڵەت بەکاردەهات و ئەمەش نیشانەی گرنگیی ناسینی بەشەکانی دەوڵەتە. لە شارستانییەتەکانی سۆمەری، میسری کۆن، ڕۆمانی و چین بەڵگە هەن کە ئامار بەکارهێنراوە. سوودوەرگرتن لە ئامار و میتۆدەکانی لە کۆمەڵناسیدا، ئەم لقەی فێری گرنگیی گۆڕینی تایبەتمەندییە چۆنایەتییەکان بۆ چەندایەتییەکان لە شیکردنەوەدا کردووە. لە ڕێی بەکارهێنانی ئامارەوە توانراوە شیکردنەوەی چەندایەتی لە کۆمەڵناسیدا بکرێ و لە لقە زانستییەکانی وەکو کۆمەڵناسیی سیاسی، کۆمەڵناسیی خێزان، کۆمەڵناسیی تاوان و کۆمەڵناسیی شاردا بەراوردکردنی جیهانی و نێونەتەوەیی ئەنجام بدرێ.

## جوگرافیای مرۆیی

جوگرافیای مرۆیی زانستی نیشتەجێکردنی دانیشتوان و کاریگەریی دوولایەنەی هۆکارە جوگرافی و مرۆییەکانە لەسەر یەکتر. جوگرافیای مرۆیی لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لە لایەن جوگرافیناسەکانەوە بایەخی پێدراوە زۆر وابەستەی هەلومەرجی مادیی ژینگەیە، دیاردەگەلێکی وەکو ماهیەتی خاك، ئاو و هەوا، سەرچاوە سروشتییەکان و هی تر، بەزۆری لە چوارچێوەی بەشەزانستییە جیاجیاکانی وەکو ژینگە یان ئیکۆلۆژیای مرۆیی لەم دیاردانە دەکۆڵنەوە. دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە جوگرافیای مرۆیی تۆژینەوەیە لە گونجانی مرۆڤەکان لەگەڵ ژینگە و بە پێچەوانەشەوە و بیگومان ئەمە بەشێکی بەرفراوانە و چەندین دیاردە دەگرێتەخۆ.



لە جوگرافیای مرۆییدا زاراوەی «جۆری بژێوی» زۆر بەکاردەهێنرێت. جۆری بژێوی وەڵامی کۆمەڵگایە بۆ ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دیاریکراو کە لە ژێر کاریگەریی ژینگەی سروشتی دایە. «ڤیدال دولابلانش» کە بە پێشەنگی جوگرافیای مرۆیی دادەنرێ ئەم زانستە بە لقێکی سەربەخۆ دادەنێت کە لە پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان مرۆڤ و ژینگەی جوگرافی دەکۆڵێتەوە. گشت پێناسەکانی تریش بە جیاوازییەکی کەمەوە، مرۆڤ و ژینگەی جوگرافی بە یەکترەوە دەبەستنەوە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا گرنگییەکی زێتر بە یەکێك لەم دوانە دەدەن.

لە جوگرافیای مرۆییدا باسی ئەوە دەکرێ کە مرۆڤ چ پەیوەندییەکی بە جۆری ئاووهەواوە هەیە، شێوە جیاجیاکانی کۆمەڵگا چ پەیوەندییەکیان بە پێکهاتەی جوگرافییەوە هەیە، پەیوەندیی مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بە دیاردە جوگرافییەکانەوە چۆنە، بڕاقی دانیشتوان چ جۆرە پەیوەندییەکی بە هۆکارە جوگرافییەکانەوە هەیە. پێویستە بڵێین پەیوەندیی نێوان کۆمەڵناسی و جوگرافیا تەنیا لە جوگرافیای مرۆییدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو چەند لقێکی دیکەی جوگرافیا وەکو جوگرافیای سیاسی، جوگرافیای ئابووری و جوگرافیای دانیشتوان هەموویان ئەم خەسڵەتەیان هەیە.

## ئیکۆلۆژیای مرۆیی

ئیکۆلۆژیا زانستێکە بایەخ بە پەیوەندیی نێوان ئۆرگانیزمە زیندووەکان و ژینگەکەیان دەدات. مەسەلەی سەرەکی لە پەیوەندیی نێوان ئۆرگانیزم — ژینگەدا ئەنجامێکە کە بەهۆی کاریگەرییەکانی توخمە زیندوو و نازیندووەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دێتە بەرهەم و ئیکۆسیستمی پێدەگوترێ. لەبەر ئەوە ئیکۆسیستم گرنگترین چەمکە لەناو ئیکۆلۆژیدا و هەندێ کەس ئیکۆلۆژیا بەو زانستە دادەنێن کە لە ئیکۆسیستمەکان دەکۆڵێتەوە. ئیکۆلۆژیای مرۆیی تۆژینەوەیە لە ئیکۆسیستمەکان لەو حاڵەتەی کە کاریگەری دەخەنە سەر بوونەوەری مرۆیی و کاریگەریشی لێوەردەگرن.

ئیکۆلۆژیای مرۆیی ئەو زانست و تاقیکردنەوانەی لەبارەی چەند لقێکی وەکو کیمیا، ئابووری، سیاسەتناسی، ئێتنۆلۆژی، کۆمەڵناسی و بایۆلۆژی لە یەک کۆدەکاتەوە و دەست دەکات بە هەڵێنجانی ئەنجامگیری [٢٤]. شایانی ئاماژەپێکردنە ئیکۆلۆژیای مرۆیی بە لقێکی ئیکۆلۆژیا دادەنرێ و گرنگترین بەشەکانی تری ئەم لقە زانستییە کە لە بوونەوەرانی تر دەکۆڵنەوە بریتین لە: ئیکۆلۆژیای دەریایی، ئیکۆلۆژیای ڕووەکی و ئیکۆلۆژیای ئاژەڵی.

### فەلسەفە

لە کۆندا فەلسەفە بە گشت ئەو زانست و زانینانەی مرۆڤ دەگوترا کە لەمەڕ هەموو بوارەکانەوە هەیبوو. حەکیم یان فەیلەسوف کەسێک بوو کە هەموو شتێکی دەزانی و بەم پێیە کۆنترین فەیلەسووفانی کۆمەڵایەتی هەمان فەیلەسووفانن. پەیتا پەیتا کە زانستەکان بەرەو چەسپان و چێگیربوون ڕۆیشتن لە فەلسەفە جیابوونەوە، بەڵام هەرچەندی بابەتی لێکۆڵنەوەیان نامادیتر بوو، ئەم جیابوونەوەیە درەنگتر و بە زەحمەتی زێترەوە هاتە ئاراوە، ئێستاش هەندێ لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیان بە هزری فەلسەفییەوە هەیە. هزرە فەلسەفییەکان لە هەر پلەیەکی بایەخ و گرنگی و هەر ڕێڕەوێکدا بن لەژێر کاریگەریی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە هاتوونەتە ئاراوە. کایەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، جا چ بیرکردنەوە بێ لە ڕەوشی باو یان پێشبینیکردنی بارودۆخی جیهان، پشت بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و بیرۆکە لەبارەی پەیوەندیی نێوان دیاردەکان دەبەستێ.

### یاسا

بابەتی زانستی یاسا لێکۆڵینەوەیە لەو ڕێسا و ڕێنماییانەی کە شێوەیەکی نووسراو و فەرمیان هەیە و بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا باڵادەستن. ئەم لقە زانستییە لە مەسەلەی بارودۆخ و جێبەجێکردنی یاساکان دەکۆڵێتەوە. کۆمەڵناسیش لە دیاردە یاساییەکان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، دەکۆڵێتەوە و شتێکی سروشتییە ئەگەر بارودۆخی یاسا و



ڕێنماییەکان لە کۆمەڵگادا پشت بە هەر جۆرە پێوەرێک یان ڕابردوویێک ببەستێ شوێنەواری دواتری خۆی دەبێت لەسەر پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان لە قاڵبی بونیاد و ڕێکخراوی کۆمەڵگادا. یاسا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە.

### ئەخلاق

ئەخلاق لەو لقە مەعریفیانەیە کە بایەخ بە خێر و چاکەی گشتی دەدات و هەوڵی دانان و بڵاوکردنەوەی ڕێساگەلێک بۆ ڕەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دەدات. دەشێ ئەخلاق بە بەشێک لە فەلسەفە لەقەڵەم بدرێت کە ئامانجەکانی زێتر کردەیین. کاتێک مرۆڤ بۆ نموونە بیر لە ژیانی خۆی دەکاتەوە، ڕەخنە لە ڕەفتاری خۆی دەگرێت، چەند نموونەیەک دەکاتە سەرمەشق بۆ خۆی و هەوڵدەدات ڕەفتاری خۆی سەبارەت بە کۆمەڵگا بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێکبخات یان بگۆڕێت، ئەوا لە ژێر کاریگەریی ئەخلاق دایە [٢٣].

نموونە ئەخلاقییەکان ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتین، و جیاوازیی زۆری ئەم نموونانە لە ئاستی ناوچە جیاجیاکاندا گوزارشت لە پابەندیی بنەما ئەخلاقییەکان بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەکات. هەندێ کەس، بەتایبەت فەیلەسوفان هەوڵیان داوە ئەخلاق بە زانست لەقەڵەم بدەن. ئەمڕۆ ئەخلاق زێتر وەک تیۆری پەیوەست بە پەیوەندیی تاکەکەس بە ئەوانی ترەوە حسێبی بۆ دەکرێت و لە چەند بوارێکی وەک ئەخلاقی سیاسی، ئەخلاقی مەدەنی، ئەخلاقی ئایینی و ئەخلاقی زانستیدا بەکاردەهێنرێت.

بەشی پێنجەم

# بوارە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسی

## کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسییەکان

سەرەتا، ئەوەی جێی باسە [لێرەدا] ئەوەیە کە بزانین لقە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسی وەکو کۆمەڵناسیی ئابووری چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئابووریناسیدا هەیە، یان جیاوازیی کۆمەڵناسیی سیاسی لەگەڵ زانستی سیاسەتدا لە چی دایە. پێشتر بە کورتی لە بارەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر دواین. هەندێ پێیان وایە بۆ نموونە ئەرکی سیاسەتناسی بە شێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی کاروبارە سیاسییەکانە، لە کاتێکدا کۆمەڵناسیی سیاسی زێتر داڕشتنەوەی ئەنجامی ململانێیەکانە. کۆمەڵناسیی سیاسی بەبێ لەبەرچاوگرتنی کێشەکانی ئابووریی سیاسی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و لە هەمان کاتدا پسپۆڕی زانستی سیاسەتیش بەبێ بایەخدان بە کۆمەڵناسی، لە شرۆڤەکردنی ئەو دیاردانەی لێیان دەکۆڵێتەوە تووشی سەختی و زەحمەتی دەبێت. هەر چەند زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیی سیاسی بواری کارکردنیان هاوبەشە، بەڵام بۆچوونی جیاوازیان هەیە [٢١].

بەر لەوەی کۆمەڵناسی وەك ئێستا پەرەبستێنێ، لە ڕووی بابەتەوە تێکەڵاویی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو و کۆمەڵناس کەسێك بوو کە لە گشت ئەم کێشانەدا باس و تۆژینەوەی دەکرد. پەیتا پەیتا کۆمەڵناسی تا ڕادەیەك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان جیابووەوە و بەرەو پسپۆڕی ڕۆیشت و کۆمەڵناسان هەر یەکەیان لە بوارێکی تایبەتدا بوون بە پسپۆڕ.



"ئۆگست کۆنت" کۆمەڵناسیی بۆ دوو لقی جێگیر (Statique) و گۆڕاو (Dynamique) دابەش کرد. ناوبراو لە کۆمەڵناسیی جێگیردا لە بابەتی وەکو موڵکایەتی، خێزان، زمان و شتی لەو بابەتەی دەکۆڵییەوە و کۆمەڵناسیی گۆڕاوی تایبەت کرد بە دۆزینەوەی یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵگا مرۆییەکان. سەرەڕای ئەوەی ناوەڕۆکی کۆمەڵناسیی "ئۆگست کۆنت" تێکەڵ بوو بە زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکەم دابەشکردنە بۆ ئەم زانستە بۆیە جێی بایەخە. "ئەمیل دورکایم" بابەتەکانی ئەم زانستەی لە سێ بەشدا پۆلێن کرد: مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی (Morphologie)، فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و دەروونناسی. لە هەمان کاتدا "دورکایم" بڕوای وابوو کە ئەم سێ بەشە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە و ئەم پەیوەندییەش ڕووبەڕووانەیە.

دوای ئەم دوو بیرمەندە، کۆمەڵناسی لە فەرەنسا، ئەمریکا و بەریتانیا بەخێرایی پێشکەوت و هەر ڕۆژەی بەشێکی بۆ زیاد بوو. بۆ نموونە "بەکر" (Baker) و "بارنز" (Barnes) کۆمەڵناسانی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٢٥ بەشەکانی ئەم زانستەیان بەم شێوەیە پۆلێن کرد: کۆمەڵناسیی چەندایەتی، کولتووری، شیکاری، مێژوویی، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافیا، گرفتناسی یان پاتۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژی. لەو ساڵەوە تا ئێستا کۆمەڵناسی بەردەوام بەرەو پسپۆڕیبوونی زێتر ڕۆیشتووە و تا ئێستا ژمارەی بەشەکانی چەند جار ئەوەندەی ئەوسای لێهاتووە، و کۆمەڵناسی وەك پێشگری زۆرێك لە دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا بەکاردەهێنرێ.

## بەشە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسی

لەبەر ئەوەی بابەتی کۆمەڵناسی بەرفراوانە، بۆیە بەسەر چەندین بەشدا دابەش دەبێت کە هەر یەکەیان بوارێکی تایبەتی خۆی هەیە و هەندێ لە بەشە هەرە گرنگەکانی ئێستای ئەمانەن: کۆمەڵناسیی مێژوویی، سیاسی،

کەمینەکان، ئایین، یاسا، توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان، پزیشکی، شارنشینی، لادێیی، ئابووری، هونەر، خێزان، پەروەردە و فێرکردن، زانست، زانین (مەعریفی)، هۆیەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری، کار و پیشە، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، ئەدەبیات، بەسەربردنی کاتی بەتاڵی، پەرەپێدان و لادانی کۆمەڵایەتی. هەر یەك لەم بەشانەی سەرەوە بەگوێرەی بەرفراوانیی بوارەکەی دەشێ لقی دیکەی لێببێتەوە. بۆ نموونە کۆمەڵناسیی لادانی کۆمەڵایەتی دەشێ لقی دیکەی جۆراوجۆری وەکو (ئیدمان، تاوان، لەشفرۆشی و...) هەبێ.

## کۆمەڵناسیی کردەیی

کۆمەڵناسیی کردەیی چەمکێکە لە ماوەی چەند دەیەی دواییدا بڵاوبۆتەوە و چەندین زانا لە بەشی جیاجیا لەم بوارەدا کاردەکەن، و ئەمە یەکێکە لە نوێترین ئەو ڕۆڵانەی کە کۆمەڵناسی لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەستۆی گرتووە. بایەخدان بە کۆمەڵناسیی کردەیی یان پراکتیکی، لە بەرهەمی فەیلەسووفانیشدا (کە جەخت لەسەر چاکسازیی کۆمەڵایەتی دەکەن) بەرچاو دەکەوێ. ئەوان هەوڵیان داوە تیۆرەکانیان لەلایەن خزمەتگوزارەکانی کۆمەڵگاوە بایەخی پێبدرێ و دواجار لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا کاریگەریان هەبێ. ئەمڕۆ ئەم جۆرە بەکارهێنانانە ڕەهەندی فراوانتریان وەرگرتووە [١].

نموونەیەك لە بواری پزیشکیدا ئەم مانایە روونتر دەکاتەوە. پزیشك مامەڵە لەگەڵ چەندین زانستی جیاجیا دەکات و بۆ دەستنیشانکردن و چارەسەرکرنی باشتری نەخۆشییەکان یارمەتی لە دەستکەوتە زانستییەکانی ئەم بەشە زانستیانە وەردەگرێ. لە لایەکی ترەوە وادێتە بەرچاو کە خزمەتگوزاریی تاقیگەیی لە پەیوەندی بە پزیشکی سەردەم پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە، و لە راستیدا ئەم خزمەتگوزارییانە حاڵەتێکی لێکۆڵینەوەییان هەیە، چونکە نەخۆشیناس (پاتۆلۆژیست) لە ڕێی



لێکۆڵینەوەی ورد، رەوشی تایبەتی هەر نەخۆشییەك بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی هەن دیاری دەکات و چۆنیەتیی بایۆلۆژییانەی نەخۆش دەخاتە بەردەستی پزیشکەوە. لێرەوە ئەرکی پزیشك ئەوەیە کە گونجاوترین ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکە بدۆزێتەوە و چارەسەری نەخۆشییەکە بکات. بەشەکانی کۆمەڵناسیی کردەییش لە پەیوەندییان بە کۆمەڵناسی بە مانا تایبەتییەکەی و هەروەها هەوڵدان لە پێناوی چاکترکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی لەو جۆرەیان هەیە. بەشەکانی وەکو: خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، چاکسازیی کۆمەڵایەتی، سیاسەتی کۆمەڵایەتی، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و پلانی کۆمەڵایەتی لە ڕاستیدا کرِیاری ڕاستەوخۆی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانن و نموونەگەلێك لە پەیوەندیی نێوان زانست و کردار بەدەستەوە دەدەن.

"پاوڵ هێنری شومبار دو لۆو" (P. H. Chombart de lauwe) کۆمەڵناسی فەرەنسی لە بارەی ڕۆڵی کردەیی کۆمەڵناسی پێیوایە [٤]: «گرفت دروست نابێ ئەگەر زانستە مرۆییەکان، بەتایبەت کۆمەڵناسی بخەینە تەنگژەوە و بپرسین تائێستا ئەوان چ خزمەتێکی کاریگەر و چالاکیان ئەنجام داوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەرکی کۆمەڵناسان نییە، بەڵکو ئەرکی ئەو کەسانەیە کە سوود لە ئەنجامەکانی ئەو زانستە وەردەگرن. بەم پێیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونە کردەییە جیاوازەکانی دەتوانین چەندین نموونە بۆ سوودە کردەییەکانی بهێنینەوە. تاووتوێکردنی بۆدجەی خێزان لە کاری پلان و بەرنامەڕێژیدا، گرنگییەکی لەڕادەبەدەری وەرگرتووە. ئەو کۆمەڵناسانەی ئاراستەی جیاجیایان هەیە وەکو "لوپلێ" یان "هالبواکس" و ئابووریناسانی وەك "ئینگلز" چەندین جار ئەم مەسەلەیان خستۆتە بەر باس. ئێمەش هەوڵمان داوە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی خۆماندا بەکارهێنانی بۆدجەی خێزانی بۆ خەرجییەکان و پێوەرەکانی خەرجی لەناو خێزانەکاندا بخەینە بەر باس. چەندین لێکۆڵینەوەی بەرفراوان لە لایەن ڕێکخراوەکانی وەکو «دەزگای ئاماری نەتەوەیی و تۆژینەوەی ئابووری» و «دەزگای نەتەوەیی بۆ

لێکۆڵینەوەی دیمۆگرافی» لەم بوارەدا ئەنجام دراون، بەڵام هێشتا چەندین کاری گەورە لەبەردەمماندا ماوە بۆ ئەوەی تۆژینەوە زانستییەکان ببەستینەوە بە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە سیستمی بەهاکان، گۆڕانی سیستمی ئابووری، گۆڕانی چینە کۆمەڵایەتییەکان و بزاوتی کۆمەڵایەتی. لە لایەکی ترەوە لە شارسازی و پێشبینیکردنی پێداویستییەکانی شاردا ڕاستەوخۆ سوود لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسیی شار وەردەگرن. هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی گۆڕانی خێزان و باڵاخانە و خانووی تێدا نیشتەجێبوون ئەنجام دراون لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوە بوونە لەبارەی پێداویستییەکانی خانوو و زەرووڕەتی گۆڕینی پلانی فراوانی بیناسازیی شوقەی تێدانیشتەجێبوون. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر گۆڕانی کار لە کارگەدا و هەروەها گۆڕانی پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان، پیشە و چینە کۆمەڵایەتییەکان و... ئەنجام دراون هەم لە لایەن سەندیکاکان و هەم لە لایەن بەڕێوەبەرانی کارەوە بایەخی پێدراوە. لێکۆڵینەوەی نوێ لەسەر ئافرەتان بۆتە هۆی خستنەڕووی کێشەگەلێك لە بواری کرێ و دەستحەق، گۆڕینی سەعاتەکانی ئیشکردن، گۆڕینی هەندێ یاسا و هەروەها لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی پلەوپایەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا. لە دەروونپزیشکیی کۆمەڵایەتی یان لە تۆژینەوەکانی تایبەت بە تاوانکاریی مێردمنداڵاندا کاری تۆژەران بە چەندین شێوە سوودی لێ بینراوە کە تۆژەر و بەرپرسانی ڕێکخراوە گشتییەکان دەستیان کردووە بە لێکۆڵینەوەی.»

### *کورتەی بەندی یەکەم*

ئەوەی لەم بەشەدا باسمان کرد سەرەتا چاوخشاندنێك بوو بەناو پێناسە گرنگەکانی کۆمەڵناسی، پێناسەگەلێك کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵناسییەوە تا ئێستا لە لایەن هەندێ کۆمەڵناسی ناودارەوە خراونەتە ڕوو. هەمەجۆریی ئەم پێناسانە و لەگەڵ یەکتر نەگونجانیان گوزارشت لەو واقیعە دەکات کە هێشتا کۆدەنگییەك لەو بارەوە لە نێوان کۆمەڵناساندا نییە. ئاماژەیان بەوە دا کە کۆمەڵناس لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ



دەکۆڵێتەوە ئەوەیش لەڕێی جەختکردنەوە لەسەر دامەزراوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و ئەم لێکۆڵینەوەیە بە یارمەتیی میتۆدە پراکتیکییە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دەدات و لە ئاکامدا پەیوەندیی نێوان دیاردەکان دەدۆزێتەوە. ئەو دیاردانەی کۆمەڵناسی لێیان دەکۆڵێتەوە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، واتە لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدەن.

بابەتی باسی دووەم ناسینی تایبەتمەندییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بوو. ئەو دیاردانەی خاوەنی خەسڵەتی وەکو دەرەکی بوون، ئیجبارییبوون و گشتیبوونن و بابەتگەلێکی وەکو فیزیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و کۆویژدان دەگرنەخۆ. هەروەها ئاماژەمان بەوە دا کە ئەم خەسڵەتانە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە و لێکجیاکردنەوەیان تەنیا بۆ ئاسانکردنی باسەکەیە.

ئامانج و بەکارهێنانەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی لە بەشی سێیەمدا تاووتوێ کراوە و باسی ئەوە کراوە کە کۆمەڵناس هەوڵی دەرکردنی حوکمی بەهایی نادات و ڕاستەوخۆ بیر لە چاککردنی ڕەوش و کێشە کۆمەڵایەتییەکان ناکاتەوە. بەشێوەیەکی بابەتی لە کێشەکان دەکۆڵێتەوە، و ئەو شتەی بە پێی میتۆدی زانستی دیراسە دەکات لە چوارچێوەی چەمك و تیۆرە کۆمەڵناسییەکاندا دەردەبڕێت. ئەو لقانەش کە لایەنێکی کردەییان هەیە سوود لە تۆژینەوە کۆمەڵناسییەکان وەردەگرن.

کۆمەڵناسی بەهۆی بەرفراوانیی بواری لێکۆڵینەوەی پەیوەندی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەك و زانستەکانی وەکو ئامار و جوگرافیای مرۆیی لە لایەکی ترەوە هەیە. لێکجیاکردنەوەی وردبینانەی سنووری نێوان کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر زۆر سەختە. ئەم گرفتە جگە لە کۆمەڵناسی لە لای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تریش بەدی دەکرێ، بۆ نموونە دیاریکردنی سنووری نێوان بەشە زانستییەکانی وەکو ئێتنۆلۆژی و مرۆڤناسی. پەیوەندیی کۆمەڵناسی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە

پەیوەندییەکی راستەوخۆیە و دوو لایەنەیە واتە هەم یارمەتی ئەم زانستانە دەدات و هەم یارمەتیان لێ وەردەگرێت.

لە بەشی پێنجەمدا باسی بوارە پسپۆرییەکانی کۆمەڵناسی کرا و گوتمان لە هەلومەرجی ئەمرۆدا کۆمەڵناسی ناچارە پسپۆریانە بێت و هەر کۆمەڵناسێك لە هەمان کات کە زانیاریی گشتیی لە بوارەکانی دیکەدا هەیە ناچاریشە لە یەك دوو بەشدا پسپۆر بێت. پسپۆریبوون تا ڕادەیەك توانای ئەوە ناهێڵێ کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی لێی بکۆڵدرێتەوە. دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەوانەیە ئەرکی هێنانەدیی کۆمەڵێك دەستکەوتی لقە جیاجیاکانی کۆمەڵناسی لە ئەستۆی کۆمەڵناسیی گشتیدا بێت کە روانگەیەکی گشتی و سەرتاپاگیری هەیە و بنەماکانی کۆمەڵناسی تاووتوێ دەکات.

بەندی دووەم:

## ڕەوتی وەرچەرخانی کۆمەڵناسی

فەسڵی شەشەم:

# هزرە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوا تا پێش سەدەکانی ناوەڕاست

لە ماوەیەکی دوور و درێژ، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا «هزر و بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان»، کە هەندێکیان پشتیان بە تێبینییە تاکەکەسییەکانی بیرمەندان دەبەست و بەرهەمی گەشت و سەفەرەکانیان بوون بۆ ناوچە جیاجیاکان، بەشێوەیەکی گشتی لە بواری «فەلسەفە»دا بوون و بەزەحمەت دەتوانین جۆرە سەربەخۆییەکی بابەتیی بۆ «هزرە کۆمەڵایەتییەکان» دەستنیشان بکەین. لەو قۆناغەدا یۆنان ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە و دوای ئەویش دەتوانین ئاماژە بە ڕۆمانی کۆن بکەین. ئەگەر لە یۆنانی کۆندا هزرە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی گەشەکردنی فەلسەفە لەو وڵاتەدا ڕەهەندێکی فەلسەفییان هەبوو، لە بارەی ڕۆمانی کۆنەوە دەبێ بڵێین هزرە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئایین (مەسیحییەت) تێکەڵاوببوون. لەبەر ئەوەی ئامانجمان لەم بەشەدا تەنیا ئاماژەکردنە بە خاڵە سەرەکییەکانی مێژووی کۆمەڵناسی تەنیا باسی کۆمەڵگای یۆنانی کۆن و دوو لە فەیلەسووفە ناودارەکانی ئەو قۆناغە واتە "ئەفلاتون" و "ئەرستۆ" دەکەین.



### فەلسەفە لە یۆنانی کۆندا

لەسەدەی شەشەمی پێش زایین بەدواوە لە یۆنان وردە وردە لە نێو فەیلەسوفاندا باسی خەسڵەتەکانی مرۆڤ و جیهانی دەوروبەری لە چەندین ڕووەوە کرا. ئەم بابەتە وردە وردە لە هزری بەربڵاوی هەندێ فەیلەسووفدا دەستی پێکرد و لەگەڵ سەرهەڵدانی زانایانی وەکو "سوقرات"، "ئەفلاتون" و "ئەرستۆ" پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی.

دیاردە سروشتییەکان لە سەرەتاییترین ئەو شتانە بوون کە حەکیمەکانی یۆنان سەرنجیان دایێ و هزری سەرەتاییان تایبەت بوو بە بۆچوونیان لەمەڕ ئاسمان و زەوی و ئەوەی تیایەتی وەکو مانگ، خۆر، ئەستێرەکان و بوونەوەران و بەشێوەیەکی گشتی ئەم دیاردانەیان بە هێزە سەرو سروشتییەکانەوە ( رب الانواع) دەبەستنەوە. بەڵام بایەخدان بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە میانی هزری بیرمەندانی ناوبراوەوە چەند بابەتێکی سنوورداری دەگرتەوە. ئەم ڕەوشە تا دەرکەوتنی "سوقرات" بەردەوام بوو کە یەکێکە لە درەوشاوەترین کەسایەتییە فەلسەفییەکانی مێژووی مرۆڤ و بیروڕاکانی لەڕووی پەروەردەیی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەوە (کە لە ناو نووسینەکانی ئەفلاتوندا بەدی دەکرێن) جێی سەرنجن. لە نێوان بیرمەندانی یۆنانی دوای سوقرات و ئەو فەیلەسوفانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بیروڕاکانیان لە ژێر کاریگەری ئەودایە و بەتایبەت لە ڕووی هزرە کۆمەڵایەتییەکانەوە جێی بایەخە، باسەکەی خۆمان لە چاوخشاندنێك بە هزری دووکەس لە گەورەترین فەیلەسوفانی ئەو قۆناغەدا واتە "ئەفلاتون" و "ئەرستۆ" کورت دەکەینەوە.

### ئەفلاتون

"ئەفلاتون" (٤٢٧-٣٤٨ پ. ز) یەکێك بوو لە قوتابییە لێهاتووەکانی "سوقرات" و نزیکەی ١٠ ساڵ لە ژێر ڕێنماییەکانی ئەودا بوو. قۆناغی ژیانی ئەو هاودەمە لەگەڵ حکومەتی "داریوشی دووەم" و"ئەردەشیری

دووەم" لە ئێراندا[٣١]. ئەگەرچی بەرهەمەکانی "ئەفلاتون" (نزیکەی ٣٠ نامەی دراوەتە پاڵ) رەهەندێکی فەلسەفیان هەیە، بەڵام لە هەندێکیاندا ئاماژە بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کراوە و چەند بەرهەمێکیش تایبەتن بە کێشە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان [٣٢]. "ئەفلاتون" زۆربەی هەوڵەکانی بۆ ناساندنی بەرهەمەکانی مامۆستاکەی تەرخان کرد.

ناوبراو بایەخی بە زۆربەی کێشە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەدا و لە بەرهەمەکانیدا ئاماژە بە چینایەتی کۆمەڵایەتی، موڵکایەتی، کاریگەری هەلومەرجی جوگرافی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسەت، ئەخلاق و دابەشکردنی کار کراوە. ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی کە ئەو پێشنیاری دەکات کۆمەڵگایەکە کە بە «یۆتۆپیا» (Utopia) ناوی دەرکردووە. ناوبراو وەسفی ئەو تایبەتمەندییانەی کردووە کە شارێکی نموونەیی دەبێ هەیبێ. "ئەفلاتون" فەیلەسوفێکی ئایدیالخوازە و باسی ئەو شتە دەکات کە دەبێ ببێ، نەك ئەوەی کە هەیە یا هەبووە. ناوبراو کۆمەڵگا بە جەستەی مرۆڤ دەشوبهێنێ و بەگوێرەی ئەو شوبهاندنە دابەشی دەکات بەسەر سێ بەشدا.

١- **سەر**. مەبەستی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگا و کاربەدەستەکانن.

٢- **دڵ یان سینگ**. هێزی سەربازی و سوپاییەکانن کە ئاسایشی کۆمەڵگا دەپارێزن.

٣- **زگ (یان جگەر)**. ئەو کەسانەی کار بۆ ئامادەکردنی پێداویستییە کشتوکاڵی یان پیشەسازییەکانی خەڵك دەکەن و ئامرازەکانی بەردەوامبوونی ژیانیان دابین دەکەن.

هاوسەنگیی نێوان ئەم سێ بەشە وەکو چۆن لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی ساغی و سەلامی، لە کۆمەڵگاشدا لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانە و ئیمکانی گەیشتن بە دادپەروەری دەرەخسێنێ. "ئەفلاتون" چینی یەکەم واتە



کاربەدەستان لەسەر دوو چینەکەی تر بە باشتر دەزانێت. بەم پێیەش باسێکی تێروتەسەل لە بارەی خەسڵەتەکانی کاربەدەستان و چۆنیەتی پەروەردەکردنیان دەخات ڕوو و پلەوپایەیان لە پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە لە شاری نموونەییدا دەستنیشان دەکات. لەم سیستمەدا روونی دەکاتەوە کە منداڵ دەبێ چۆن پەروەردەبکرێن و چۆن لەنێو ئەمانەدا کاربەدەستان هەڵبژێردرێن.

بە بڕوای ئەو دادپەروەری ئەوکاتە لە کۆمەڵگادا دەچەسپێ کە خەڵك بەدوای تەماع و زێترخوازیدا نەگەڕێن و قەناعەت بە ژیانی سادەی خۆیان بکەن. ئەگەر وانەبێ گرووپێك دەست بەسەر زەویی ئەوانی تردا دەگرن و بوار بۆ سەرهەڵدانی شەڕ دەڕەخسێ. لەهەر شارێکدا، دانیشوان بۆ دوو دەستە دابەش دەبن: هەژار و دەوڵەمەندان، دوژمنایەتییەکی هەمیشەییش لە نێوان ئەم دوو دەستەیەدا دروست دەبێت.

بەپێی ئەنجامگیریی "ئەفلاتون"، گۆڕان لە سیستمی ئابووری (دابەشکردنی سامان)دا گۆڕانی سیستمی سیاسیی لێدەکەوێتەوە. ئەرستۆکراسی (حکومەتی خانەدانان) پەیتا پەیتا بەهۆی زۆربوونی سامانی هەندێ کەس جێی خۆی بە حکومەتی سەرمایەداران دەدات. بەرژەوەندیخوازی کاتەکیی سەرمایەداران دەبێتە هۆی ڕاپەڕینی خەڵك و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لەنێوچوونیان. دواتر دیموکراسی دەبێتە هۆی لەنێوچوونیان، چونکە دیموکراسی پشت بەجەماوەری خەڵك دەبەستێ و ئەم گرووپە توانای هەڵبژاردنی باشترین کەسیان بۆ حکومەت و بەڕێوەبردنی وڵات نییە. خەڵك زۆر بەتوندی دەکەونە ژێر کاریگەری پروپاگەندەی سیاسییەوە و دەسەڵات بەکردەوە بە گرووپێك دەسپێردرێ کە توانایەکی پێویستیان نییە بۆی [٣٣].

"ئەفلاتون" فەیلەسوفێکە وەکو «سوقراتی» مامۆستای، ڕیفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتییە، بەرزترین ئامانجی چاکسازیکردنی کۆمەڵگایە

و لە ئاكامى چاكسازييە كۆمەڵايەتييەكانەوە بايەخێكى تايبەت بە پەروەردەكردنى ئەخلاقيى لاوان دەدات.

مەيل بۆ هزرگەلێكى لە چەشنى هاوبەشيانە دەبێتە هۆى ئەوەى كە ناوبراو لە بوارى هاوسەرگيرى و پێكهێنانى خێزانيشدا مەيلى هاوبەشانەى هەبێت و لەبەر ئەوەى لە يۆتۆپياكەيدا پێويستى بە منداڵى جوان و باش هەيە هاوبەشيبوونى ژيانيش بەڕەوا دەزانێت - هەڵبەت لە ژێر ڕێنمايى و ديسپلينى خۆيدا. لە ڕێبازى ئەفلاتوندا تێكەڵبوون و پەيوەنديى سێكسى پياو و ئافرەتان لە قۆناغى پێش يان دواى هاوسەرگيرى ئازادە، بەڵام نابێ ڕێگە بە منداڵبوون بدەن و لەو بارەوە دەبێ پەنا بەرنە بەر لەباربردنى كۆرپەلە. لەو حاڵەتەدا ئەگەر منداڵێك هاتە دنياوە نابێ پەروەردە بكرێ. هەروەها لەبەرئەوەى هاوسەرگرى لەنێوان خزمان دەبێتە هۆى لەناوچوونى نەوە، پێويستە خۆى لێ ببوێردرێ [٣٣].

سروشت و توانا خودييەكانى مرۆڤ ئەركەكانى تاكەكەس لە كۆمەڵگادا دياردەكەن و هەركەس لەسەريەتى ئەو كارە بكات كە تايبەتە بە خۆى و نارەزايى دەرنەبڕێت. تەنيا لەو حاڵەتەدا حكومەتى دادپەروەرانە دێتە ئاراوە. لەبەرئەوەى لە ڕێبازى ئەفلاتوندا حكومەت و فەزيلەتى ئەخلاقى پەيوەندييەكى توندوتۆڵيان بەيەكترەوە هەيە، حاكم دەبێ حەكيم بێت يان حەكيمەكان بگەنە پلەى حكومەتكردن. "ئەفلاتون" بايەخێكى زۆر بە پەروەدەو فێركردن و ميتۆدە ئايديالييەكانى دەدات.

گرنگترين بەرهەمەكانى ئەفلاتون لەلايەنى هزرە كۆمەڵايەتييەكانەوە بريتين لە:

١- **كۆمار**، كە تيايدا كۆمەڵگاى نموونەيى يان يۆتۆپيا شيدەكاتەوە. لەم كتێبەدا هزرەكانى "ئەفلاتون" لەمەڕ كاروبارە سياسييەكان ئاشكرا دەبن و بايەخ بە سێ پرەنسيپى دادپەروەرى، پەروەردە و يەكگرتوويى دەدات و لە



پێناوى پيادەكردنى تەواوى هەريەك لەو سێ پرەنسيپانە، دواى لێكۆڵينەوە لە كێشە باوەكان چەندين ڕێگە چارە دەخاتەڕوو.

٢- **ياساكان**، لە گرنگترين بەرهەمەكانى ئەوە و زۆر لە بەرهەمەكانى ترى واقعييانەترە. ناوبراو لەم كتێبەدا پۆلينەكەى خۆى بۆ جۆرەكانى حكومەت، بەم شێوەى خوارەوە ڕوون دەكاتەوە.

- پاشايەتى. لەم جۆرە حكومەتەدا گشت دەسەڵاتەكان لە دەستى كەسێكى دياريكراودان.
- خانەدانى (ئەرستۆكراتى). دەسەڵات لە دەستى خانەدان و پياوماقووڵەكان دايە.
- ديموكراسى. كە ماناكەى حكومەتى زۆرينەى خەڵكە.

### ئەرستۆ

فەيلەسوفى گەورەى يۆنانى كۆن "ئەرستۆ" (٣٨٤-٣٢٢ پ. ز) لە بوارى كاروبارى كۆمەڵايەتيدا خاوەن بيروڕاى گشتگيرتر، واقعييانەتر و نووسراوتر لە ""ئەفلاتون"ە.

"ئەرستۆ" (Aristote) ماوەى بيست ساڵان قوتابيى ئەفلاتون بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێچكەيەكى فيكريى جياوازى بۆ خۆى هەڵبژارد و دەيگوت ئەگەرچى "ئەفلاتون" لاى من ئازيزە، بەڵام ڕاستى ئازيزترە! دروشمى "ئەفلاتون" كە لە دەروازەى ئەكاديمياى خۆيدا نووسيبووى: «هەركەسێ هەندەسە نەزانێت با نەيەتە ژوورەوە»، لەلاى "ئەرستۆ" گۆڕا بۆ «هەر كەسێ لۆجيك (منطق) نەزانێت با نەيەتە ژوورەوە» [٣٤].

بنەماى تيۆرە كۆمەڵايەتييەكانى ئەرستۆ لە كتێبى **سياسەت**دا باسكراون. ناوبرا لەم بەرهەمەدا باس لە دەوڵەتە شارەكان و پەيوەنديى تاكەكەسان بەحكومەتەوە دەكات. هەروەها پێيوايە دەوڵەت بەرزترين نموونەى قۆناغى وەرچەخانى كۆمەڵگايە، و لەم ڕەوتى وەرچەخان و گۆڕانەدا

یەکەمجار خێزان دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای دوو پەیوەندیی گرنگ دامەزراوە: پەیوەندی ژن و مێرد، پەیوەندیی خودان و کۆیلە. ئەو پێیوایە ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە زۆر سروشتین و یەکێکن لە بنەما سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بە کۆبوونەوەی چەند خێزانێك گوند دروست دەبێت و چەند گوندێکیش دەوڵەت پێکدێنن. هەرچەند دەوڵەت لە ڕووی زەمەنییەوە دەکەوێتە قۆناغی دوای خێزانەوە بەڵام دەکەوێتە پێش ماهیەت و بوونی خێزان و تەنانەت ئەو تاکەکەسانەشەوە کە پێکی دێنن.

هاوسەرگری و خێزان لەو بابەتانەن کە "ئەرستۆ" بایەخی پێداون و چەندین تیۆری جۆراوجۆری لەو بارەوە هەیە. بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکات کە باشترین تەمەنی هاوسەرگری بۆ پیاوان (٣٧)ساڵی و بۆ ئافرەتانیش(٢٠) ساڵییە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەردووکیان دوای ماوەیەکی دیاریکراو لەوەچەخستنەوە دەکەون و بواری جیاوازی کەمتر دەور دەبینێ. ئافرەت لە پەنجا ساڵی و پیاو لە حەفتا ساڵیدا توانای وەچەخستنەوەیان نامێنێ. «ئەرستۆ» پێیوایە ئەو کەسەی یەکەمجار خێزانی دامەزراند گەورەترین چاکەکاری دونیا بوو، چونکە ئەگەر مرۆڤ لە کۆمەڵگای خۆیدا یاسایەکی نەبێت وەکو ئاژەڵ هەڵسوکەت دەکات. لەسەر ژن پێویستە گوێرایەڵی ڕەهای مێردەکەی بێت. ژن لە بەرامبەر مێرددا وەکو کۆیلە وایە لەبەردەم خاوەنەکەیدا، چونکە ئافرەت بوونەوەرێکە بە بەراورد لەگەڵ پیاودا پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە. ئافرەتان توانای بەڕێوەبردن و بڕیاردانیان نییە و بۆیەشە ناتوانن سەربەخۆ بژین. کەواتە پەروەردەکردنی ئافرەتان دەبێ لە هی پیاوان جیاواز بێت، چونکە دواتر چالاکیی لێکجیایان دەکەوێتە ئەستۆ. ئازایەتی ئافرەت لە گوێڕایەڵی و ئازایەتی پیاویش لە فەرماندان دایە.



ئەرستۆ گرنگی بە کۆیلایەتی و پەیوەندیی خودان و کۆیلە دەدات. لە یۆنانی کۆندا کۆیلایەتیان بە واقعێکی لۆجیکی و دروست لە قەڵەم دەدا. بۆچوونی خەڵك ئەوەبوو کە کۆیلەکان دەبێ لە چینەکانی خوارەوە بن، چونکە هەندێ خەڵك، هەر بە ژێردەستەیی خەڵقکراون و هەندێکی تر بە حاکم و بەڕێوەبەر. هەروەها ئەرستۆ دەڵێ کۆیلەکان دەبێ لە نەژادە نزمەکان و لە نێوخەڵکی نایۆنانیدا هەڵبژێردرێن. کۆیلەکان خەڵکی بێ ئیرادەن و وەکو ئامرازی کار حیسابیان بۆ دەکرێ کە خودانەکەیان دەتوانێت ناچاریان بکات بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك کە دەیەوێت. کۆیلە لە بەرامبەر خودانەکەیدا وەکو جەستە وایە لە بەرامبەر مێشکدا. لەبەر ئەوەی ملکەچیی جەستە بۆ مێشك شتێکی پێویستە، کۆیلەش دەبێ ملکەچی فەرمانەکانی خودانەکەی بێت.

بە بڕوای "ئەرستۆ" سەرهەڵدانی حکومەتی دیموکراسی ئەنجامی ڕاستەوخۆی شۆڕشی چینە هەژارەکانە لە دژی ئەرستۆکرات و خانەدانەکان. بوونی گیانی قازانجپەرستی دەبێتە هۆی ئەوەی وردە وردە ژمارەی تاکەکسانی ئەم گروپە کەمتر بێتەوە و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی چینە هەژارەکان زیاد بکات کە دوای ماوەیەك دژی بارودۆخەکە رادەپەرن، ئەم ڕاپەڕینە دەبێتە هۆی لەناوچوونی حکومەتی خانەدانەکان و سەرهەڵدانی دیموکراسی. بەڕای "ئەرستۆ" باشترین جۆری حکومەت، حکومەتێکە کە تێکەڵێك بێت لەخانەدان و خەڵکی ئاسایی، ئەم حکومەتە لەسەر بنەمای دەستوور بەڕێوە دەچێت. سەرچاوەی گشت شۆڕشەکان، نایەکسانیی خەڵکە لە سوود وەرگرتن لە مافە مرۆییەکان. هۆی نارەزایی خەڵك نایەکسانیانە لە سوودمەندبوون لە کرێ و موڵك و ماڵی گشتی.

ئەرستۆ بایەخ بە مەسەلەی سەرژمێریی دانیشتوانیش دەدات. ئەگەر دانیشتوانی شارێك زۆر کەم بێت، خەڵکەکە ناتوانن پشت بەهێزی مرۆیی

خۆیان ببەستن و لە بەرامبەر ئەمەدا نابێ دانیشتوانی شار لە ١٠٠٠٠ کەس زیاتر بێت چونکە گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.

بەڕای "ئەرستۆ" قۆناغی لاوی کێشەگەلێکی تایبەت دەخوڵقێنێ و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەجی دەروونی — کۆمەڵایەتیی لاوان، هەوڵدەدا پاساو بۆ دژایەتیی ڕەفتاریی لاوان لە ڕێی بوونی زیادەڕۆیی و هەڵپەکردن (افراط و تفریط) بهێنێتەوە. "ئەرستۆ" لە بارەی قۆناغی ڕێنمایی سەربازیی لاوان لە ئەسینادا دەنووسێت: «لاوان لەم دوو ساڵەی خزمەتکردندا، جلوبەرگێکی سەربازیی تایبەتیان دەپۆشی و نەیاندەتوانی هیچ کاری تر بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی بەهانەیەکیان نەبێت لە ئامادەنەبوونیان هەرگیز نەیاندەتوانی وەکو داواکار (مدعي) یان داواکراو (مدعي علیه) لە دادگا ئامادەبن یان بانگ بکرێن بۆ دادگا. تەنیا لە مەسەلەی میرات پێ گەیشتندا نەبێ (کە ناچار بن یەکلای کەنەوە)، یان بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمێکی ئاییی خێزانی دا، دەیانتوانی خۆیان لە سەربازی بدزنەوە» [٣٥]. تێبینی دەکەین "ئەرستۆ" لەم بەرهەمەدا وەك مێژوونووس یان سۆسیۆگرافیك (وەسفکەری کۆمەڵگا) وەسفی بارودۆخی ئەسینا دەکات.

کۆمەڵگای "ئەفلاتون" لەلایەن "ئەرستۆ"وە ڕەخنەی لێ دەگیرێت. کاتێك ئافرەت و منداڵان هاوبەش بن خۆشەویستی لە نێوان تاکەکەسان نامێنێ. لە کۆمەڵگا سەرەتایی و ئاژەڵدارەکاندا دەتوانین کۆمەڵگایەکی هاوبەش بەدی بکەین، بەڵام کاتێك کۆمەڵگا تایبەتمەندی وەردەگرێ و دابەشبوونی کار سەرهەڵدەدات و پلەی گرنگیی تاکەکەسان جیاواز دەبێت، تاکەکەسان لە ئاستی یەکساندا نابن و لە کۆتاییدا حکومەتی هاوبەش توانای بەردەوامبوونی نابێت.

"ئەرستۆ" داهێنەری زانستی «جوانیناسی» (ئیستاتیکا)یە. بەڕای ئەو داهێنانە هونەرییەکان پەیوەندییان بە چاولێکەریی لە سروشتەوە هەیە، و



مرۆڤ لەزەت لە چاولێکەری دەبینێ و سروشت وەك ئاوێنەیەك لە بەرامبەر خۆیدا رادەگرێت.

لە بەرهەمێکی هونەریدا تەنیا روخسار و رواڵەتی دیاردەیەك بەدی ناکرێت، بەڵکو مانای شاراوە و خودیی شتێکی پەیوەست بەویشەوە دەردەبڕێت.

دەتوانین بەرهەمەکانی "ئەرستۆ" لەرووی بابەتەوە بۆ چوار گروپ دابەش بکەین کە بریتین لە لۆجیك، فەلسەفە، میتافیزیکا و ئەخلاق [٢٣].

ئەگەر بمانەوێ هەندێ لە گرنگترین بیروڕاکانی "ئەرستۆ" لە بواری واقیع و دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا پوخت بکەینەوە دەتوانین بڵێین ئەرستۆ:

- کۆمەڵگای بە دیاردەیەکی سروشتی دادەنا و هۆی سەرهەڵدانی دەگێڕایەوە بۆ گەشەکردنی خێزان، گوند و شار. رستەی «مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە» یەکێکە لە ناودارترین وتەکانی.
- کۆیلایەتی بە فاکتێکی (واقعێکی) سروشتی و پێویست دادەنا.
- پێیوابوو پیاو لە ئافرەت باشترە.
- کاری جەستەیی و ماسولکەیی بەکەم دەزانی و دەیگوت باشترین حکومەت ئەوەیە کە تیایدا خەڵك بەکاری ماسولکەییەوە خەریك نەبن.
- بڕوای وابوو کە دەوڵەت دەبێ ژمارەی دانیشتوان کۆنترۆڵ بکات.
- چەندین جۆر حکومەتی لێکجیاکردۆتەوە و پۆلینی کردووە.
- بایەخی بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و هۆی دەرکەوتنیانی دەدا.

بەشی حەوتەم

# هزره کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوای سەدەکانی ناوەڕاستدا

## هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووریی سەدەکانی ناوەڕاست

سەدەکانی ناوەڕاست بەو قۆناغە مێژووییەی ئەوروپا دەگوترێ کە دەکەوێتە نێوان سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێوە. بەزۆری سەرەتای ئەم قۆناغە دەگێڕنەوە بۆ هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی، واتە ساڵی ٤٧٦ی زایینی. چەند سەدەی یەکەمی سەدەکانی ناوەڕاستیان بە «سەدە تاریکەکان» ناوناوە و بۆ کۆتایی ئەم قۆناغەش ساڵانی ١٤٥٠ یان ١٥٠٠ دیارکراوە [٣٦]. سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بە هاوتای ڕۆژگارە تاریکەکانی هزری مرۆڤ لە سەرانسەی ئەورووپا دادەنرێ، ئەو سەردەمەی کە بە خەسڵەتگەلێکی وەکو پیادەکردنی فشاری کۆمەڵایەتی، نەبوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەژاری و نەبوونی ناسراوە. لە ڕاستیدا مەسیحییەت لە سەرەتادا وەك ڕێباز و شێوازێکی کردەیی بۆ ژیانێکی باشتر هاتە مەیدان و سیمای ڕێبازێکی فەلسەفیی نەبوو. ڕێنماییەکانی ئایینی مەسیحی لەسەر بنەمای هاوکاری و یارمەتیدانی مرۆڤ دامەزرابوون.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەم قۆناغە درێژەی مێژووی ئەورووپادا زانست بایەخێکی زۆر کەمی پێدەدرا. هونەرە نەریتییەکانی وەکو وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، شیعر و ئەدەبیاتی ئازادیش فەرامۆش کرابوون و باس و بیرکردنەوە لەمەڕ زانست و فەلسەفە تەنیا لە قوتابخانە ئایینییەکان و



کلێسادا ئەنجام دەدرا. ئەم ڕێنماییانە تایبەت بوو بە ڕێنماییەکانی گەورە پیاوانی ئایینی مەسیح، کە بە زاراوەی «سکولاستیك» (Scolastique) ناویان دەبرد. ئامانجی ئەم ڕێبازە سەلماندنی ڕاستەقینەی مەسیحییەت بوو نەك ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان.

ئیمانی ئایینی دەخرایە پێش عەقڵەوە و دوای ئیمان تێگەیشتن بەرهەم دەهات. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو سەدەکانی ناوەڕاستدا بەو چەشنە بووە، بەڵکو لەو سەردەمەشدا کەسانێك هەبوونە کە بایەخیان بە لێکۆڵینەوە و ناسینی واقیع داوە، هەر چەند ژمارەی ئەم گرووپە زۆر کەم بووە. لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی قوتابخانەی سکولاستیك دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و بیرکردنەوە لە کاروباری ئایینیدا، و برەوسەندنی ئەو ڕێنماییانەی کە پشت بە جەربەزەیی و پاڵەوانیی تایبەت بە سەردەمی دەرەبەگایەتی دەبەستن، بکەین.

هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵك لە ڕەوشێکی زۆر ناڵەباردا بوو. لە ناوچە گوندنشینەکانی ئەورووپادا سیستمی «سێرڤاچ» Servage (واتە سیستمێك کە بەگوێرەی ئەوە کەسێك کە لەسەر پارچە زەوییەك کاردەکات بە بەشێکی زەوییەکە دادەنرێ و خاوەنەکە دەتوانێت لەگەڵ زەوییەکەدا بە کەسێکی تری بفرۆشێت) باو هەبوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سیستمی سێرڤاچ بڵاوبووەوە و ئەگەر چی هەرەسهێنانی ئەم سیستمە لە سەدەی شازدەیەمی زایینەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە هەندێ وڵاتدا درەنگتر کۆتایی پێهات، بۆ نموونە لە ڕوسیادا سێرڤاچ تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو [٣٨].

## هزره کۆمەڵایەتییەکان

لە بارەی بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نووسیویانە کە [٦]: «لە سەدەی سێیەمی زایین تا کۆتایی سەدەکانی

ناوەڕاست هەموو سیستمێك جا چ تاكەكەسی بێت یان كۆمەڵایەتی وەكو سیستمی خەڵقەت خرانە ژێر چاودێریی خواوەندەوە واتە ویستی بەر لە زانستی وی یان تەنیا ویستی ڕەها و قەدەری ئەو. بەم شێوەیە ئەو جیاوازیانەی دەبوونە هۆی گۆڕینەوەی بیروڕا و بەریەككەوتنی بیروباوەڕەكان و سەرهەڵدانی هزرە داهێنراوەكان لەناوبران، چونكە كاروباری كۆمەڵایەتیش وەكو كاروبارە سیاسی و زانستی و ئایینییەكان هەموویان بوونە پاشكۆی یەك بنچینە و وەكو سەردەمی یۆنان ئامانجی فەلسەفە و زانست چیتر مەعریفە و ناسینی دونیای دەرەوە (جا چ مرۆیی بێت یان نامرۆیی) نەبوو، بەڵكو مەبەستی سەرەكی هەموو زانینێك تێگەیشتن و سەلماندنی سیستمی یەزدانی لە گەردوون و دەركەوتنی لەنێو بوونەوەرانی ئەم جیهانەدا بوو... لەو جۆرە دونیایەدا كە زانست وەك پێویستییەك نەدەهاتە بەرچاو تەنیا بایەخ بە بیركاری دەدرا ئەویش تا ئەو ڕادەیەی كە دەیتوانی روونكەرەوە و شرۆڤەكەری ئەو چەمكە ئەبستراكتانە بێت كە فەلسەفەی ئایینی بەرهەمی هێناون. ئەو زانستانەی تایبەت بوون بە مرۆڤ و كۆمەڵگا ئەوەندە بە پێویست نەدەزانران، تەنیا یاسای لێدەرچێ كە ڕەنگدانەی لوتف و قەدەری یەزدانی و لە سیستمی دەرەبەگایەتیدا دەستنیشانكەری ئەرك و فەرمانەكانی تاكەكەسان بوو لە بەرامبەر یەكتردا... لە سەدەكانی ناوەڕاستدا وەكو فەیلەسوفی ناوداری فەرەنسی "ئەتین ژیلستۆن" لە كتێبی *گیانی فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاست* دا دەڵێ: «سیستمی سروشتی چ لە رووی سەرەتا و چ لە رووی ئاكام و مەبەستەوە پشتی بە سیستمی سەروسروشتی (میتافیزیكا) دەبەست و مرۆڤ لە شێوەی پەروەردگاری خۆی دروستكرابوو و لەو رووەوە پێویست بە هیچ تۆژینەوە و لێكۆڵینەوەیەكی سەربەخۆیانە لەمەڕ بوون و تایبەتمەندیی مرۆڤ و كۆمەڵگا نەبوو، و لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە ریزی بوونەوەرەكانی تر دانەدەنرا تا بشێ لێكۆڵینەوەی لەسەر



بكرێ روانینی ڕەها و گشتی و سەرتاپاگیری حەكیمەكانی یۆنان بۆ مرۆڤ گۆڕا بۆ روانینی تایبەت و سنووردار. ئادەمیزاد لێرە بەدواوە سیمای تەواوی پەروەردگار بوو و لە حاڵەتی بوونەوەرێك كە شیاوی لێكۆڵینەوە بێت وەكو بوونەوەرەكانی تر چووبووە دەرەوە. بەم شێوەیە دەبینین لە جیهانبینی مەسیحیی سەدەكانی ناوەڕاستدا زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكان لەژێر ڕۆشنایی زانستە یەزدانی و شەرعییەكاندا بوون و بۆیە چەندین سەدە تێپەڕین بەبێ ئەوەی بیرمەندی گەورە لەم بوارەدا سەرهەڵبدەن.»

یەكێك لەو خاڵە گرنگانەی لە قۆناغەكانی كۆتایی ئەم سەردەمە شایانی باس بێت بریتی بوو لە بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی یۆنانی بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی بیرمەندانی ئیسلامی. سەرهەڵدانی ئیسلام كاریگەرییەكی بەرچاوی لەسەر سەدەكانی ناوەڕاست و سەرهەڵدانی ڕێنسانس لە ئەوروپادا هەبووە كە لە باسی هزرە كۆمەڵایەتییەكان لە ئێراندا بە كورتی باسی ئەم بابەتە دەكەین. واتا و ناوەرۆكی فەلسەفە بە درێژایی ئەم سەردەمە لە قاڵبی چەمكە ئایینییەكاندا كورت دەكرایەوە.

فەلسەفە لە ناسینی مەسیحدا كورت ببووەوە و ئامانجی ئەم زانینە لوتفی یەزدانی بوو بۆ خەڵك كە تەنیا لە ڕێی كلێساوە ئەنجام دەدرا.

دوای هەرەسهێنانی شارستانییەتی كۆنی یۆنان فەلسەفە گوازرایەوە بۆ رۆما. لەم قۆناغەدا یەكێك لە ناودارترین ئەو كەسانەی كە بە روانگەیەكی تایبەتی ئەهلی كلێسا بیروڕای لەسەر كێشە كۆمەڵایەتییەكان دەردەبڕی "سەنت ئۆگستین" (S. Augustain) قەشە و ئەدیبی رۆمانی بوو (٣٥٤-٤٣٠) كە بڕوای بە دوو چەشنە شار هەبوو، شاری زەمینی و شاری یەزدانی. هەروەها پێی وابوو لە سەر زەویدا دانیشتوانی ئەم دوو شارە تێكەڵ بەیەكتر بوونە. ناوبراو دەوڵەتی بە بازووی زەمینیی كلێسا لەقەڵەم دەدا و دەیگوت خەڵك تا ئەو كاتە دەبێ پەیڕەوی لە دەوڵەت بكەن كە بڕیارەكانی دژی ئایین

نەبێ. ئەگەر پێچەوانە بوو سەرپێچیکردن لە ملکەچی و گوێڕایەڵی لەسەر خەڵك پێویستە. ئەو یەکێك بوو لەو کەسانەی بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتیان تا ڕادەیەك خستەڕوو، و سەرەڕای ئەوەی بایەخی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنیان دەدا بەڵام ئەمەی لە ڕوانگەی ئایین و بە پشتبەستن بە دەستەواژەکانی ئەهلی کلێسا و بە شێوەیەکی یەکلایەنە بەرەو پێدەدا. "قەشە ئۆگستین" لە قۆناغی گەنجیدا مەیلی بۆ ئایینی مانی هەبوو و دوای بایەخدانی بە فەلسەفەی ئەفلاتون زۆر پابەند بوو پێیەوە. بەڵام دوای ماوەیەك پاش ئەوەی پەیوەندی بە خەڵکی کلێساوە کرد ڕەخنەی زۆری ئاراستەی ئەم ئایینە کرد و چووە ڕیزی قەشەکانەوە و بە پلەی مەترانی گەیشت.



بەشی هەشتەم

# هزرە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەوروپا لە ڕێنسانسەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم

## هەلومەرجی گشتیی ڕێنسانس

زاراوەی «ڕێنسانس» (Renaissance) کە لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای لەدایکبوونەوە دێ، لەبەر ئەوە بۆ ناولێنانی بەشێکی مێژووی رۆژئاوا بەکارهێنراوە چونکە کۆمەڵگای ئەوروپایی بە هۆی کاریگەریی کۆمەڵێك بارودۆخ و هەلومەرجەوە لە خەوی قورسی سەدەکانی ناوەڕاست بەخەبەر هاتەوە. لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری هەمەلایەنە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوروپییەکاندا ڕوویدا.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شارستانیەتە تازەیە حەزکردنە لە ناسینی کێشە زانستی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان. مرۆڤ خۆی وا دەبینی کە دەتوانێ ژینگە بناسێ و زێتر لە جاران بیخاتە ژێر ویستی خۆیەوە. ڕێنسانس هۆکارێك بوو بۆ دروستبوونی گۆڕان لە گشت لایەنە مادی و نامادییەکانی کۆمەڵگا. لەو ڕووەوە پەیتا پەیتا زانست، تەکنیك، سیاسەت، فەلسەفە، هونەر، ئەدەبیات، یاسا و داب و نەریتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ. بایەخدان بە میتۆدی زانستی برەوی سەند و روون بووەوە کە بەبێ پەنابردنە بەر میتۆدە زانستییە گونجاوەکان ناتوانین راستییە زانستییەکان وەدەست بێنین.

لە سەردەمی ڕێنسانسدا، فەیلەسووفان، ڕۆشنبیران، هونەرمەندان و بیرمەندانی تر ئاشنایەتیان لەگەڵ بیرمەندانی یۆنانی کۆندا پەیداکرد. لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئاستی هوشیارییەکانی خەڵکدا نەهاتبووە کایەوە و زانیارییە زانستی و فەلسەفییەکانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان لە ئاستێکی کەم تا زۆر وەکو یەکدا بوو، بەڵام لەم قۆناغەدا بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵگا باشتر بوو، شاری گەورە دروستکران و بواری بیرکردنەوە و مشتومڕ لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هاتە ئاراوە. برەوسەندنی ئامرازەکانی گواستنەوە و دۆزینەوەی ڕێگا دەریاییەکان، سەفەرکردنی بۆ ناوچەکانی تر ئاسان کرد و ناسین لەسەر کۆمەڵگاکانی تر زێتر بوو کە ئەنجامەکەی داهێنانی چەندین بەرهەمی نووسراو بوو لەبارەی خەڵکی نیشتەجێی کۆمەڵگا دوورەکان (بەنیسبەت ئەوروپا). لە گرنگترین هۆیەکانی ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە دەشێ ئاماژە بەم حاڵەتانەی خوارەوە بکەین:

- چەسپاندنی چاکسازیی ئایینی کە بە تایبەت لەگەڵ هەوڵەکانی "لۆتەر" و "کالڤین"دا هاتەئاراوە،
- فەتحی قوستەنتنییە لە لایەن ئیمپراتۆریای عوسمانی و پەرتوبڵاوبوونەوەی زانایان لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا،
- پەرەسەندنی پیشەسازیی کاغەز و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب،
- دۆزینەوەی قارەی ئەمریکا و ناسراوبوونی ڕێگا دەریاییەکانی هیندستان،
- نفووزکردنی شارستانیەتی ئیسلامی لە ئەوروپا.

ئەگەر بمانەوێ بەراوردێکی گشتی لە نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمانی دواتر کە بە سەردەمی نوێ، ڕێنسانس یان بووژاندنەوەی زانستی و ئەدەبی ناودەبرێ بکەین، دەبێ بزانین کە:



-لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زانست لە بیروباوەڕی خەڵکی کلێسادا کورت دەکرایەوە و ئەو لۆجیکە ئایینییەی ئەوان دایاندەهێنا گشت واقیعە زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕووندەکردەوە و لە کاتێکدا کە دوای ئەم سەردەمە پشکنینی زانستی و دۆزینەوەی واقیعی دونیای دەرەوە مانای وەرگرت.

- بیروباوەڕی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوە بوو کە ئەرکی نەوەکانی داهاتوو تەنیا وەبیرخۆهێنانەوەی ئەو شتانەیە کە نەوەکانی ڕابردوو کۆیانکردۆتەوە، چونکە ئەوەی شیاوی دۆزینەوەیە ئەوەیە کە پێشتر وەدەستهاتووە. ئەم شێوازە جێی پەسندی ژمارەیەکی زۆری فەیلەسووفانی ئەو سەردەم بوو. لە کاتێکدا دوای ڕێنسانس، ئەوەی داهاتوو جگە لە فێربوونی شتەکانی ڕابردوو ئەرکی تریشیان دۆزیەوە.

- لە سەردەمی نوێدا دەمارگیری سەبارەت بە وتەی پێشینان و سەلماندنی بێ ئەملا و ئەولای وتەی مامۆستایانی ڕابردوو بایەخی نەریتیی خۆی لەدەست دا و گومانی زانستی جێگەی گرتەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرهەڵستیکردنی ئەوەی خەڵکی کلێسا وتوویانە بە گوناهی گەورە دادەنرا و ڕووبەڕووی تەکفیرکردن دەبووەوە. لە سەدەکانی نوێدا پشتبەستنی زانایان بە بیرمەندانی پێشوو لەناو نەچوو، بەڵام جیتر پێیان وانەبوو کە بیروڕاکانیان لە هەڵە بەدوورن.

- ڕێنسانس هاوواتای گۆڕانی شێوەی بیرکردنەوە و میتۆدی ناسین و ئەوە بوو کە دواتر بە «میتۆدۆلۆژی» (Methodology) ناوبرا.

## بیکۆن و دیکارت

دوو کەس لەو فەیلەسووفانەی زێتر لە هەموان کاریگەرییان لە گۆڕینی بیری فەلسەفی سەدەی ١٧ی زایین هەبوو "فرانسیس بیکۆن" (F. Becon) و "ڕینێ دیکارت" (R. Descartes) (١٥٩٦-١٦٥٠) بوون."فرانسیس بیکۆن" (١٥٦٠-١٦٢٥) ڕەخنەیەکی توندی

ئاراستەی میتۆدی پێشینان کرد و تیۆرە فەلسەفییەکانی پووچەڵکردنەوە و مانایەکی تازەی بە زانست و مەعریفە بەخشی. ناوبراو چاودێریکردن و ئەزموونی بە میتۆدێکی زانستی لەقەڵەم دا و لەبارەی میتۆدی زانایانی پێش خۆی بڕوای وابوو [٣٩] کە : «...بۆ گەیشتن بە زانیاری لەو ڕێیەوە نەدەڕۆیشتن کە بە مەبەست بگەن. هەروەها لۆجیکیان کردبووە ئامرازێك بۆ وەدەستهێنانی زانست کە لە ڕاستیدا ئامراز نییە، شتە شاراوەکان بەهۆی بەڵگەی قیاسەوە کە بەشێکی سەرەکیی لۆجیکە ئاشکرا نابێ. سوودی لۆجیك لە ناچار و بێدەنگکردنی بەرامبەر دایە لە کاتی گفتوگۆ و مشتومڕدا و چەسپاندنی ئەو هەڵانەیە کە دووچاری هزر دەبنەوە. دۆزینەوەی ڕاستی تەنیا بەهۆی بیرکردنەوە و قیاس و هەڵێنجانی جوزئیات لە شتە گشتییەکانەوە نایەتەکایەوە، بەڵکو پێویستە لە جوزئیاتیش بکۆڵینەوە و زانیارییە جوزئییەکان ریزبەندیی بکەین و زانیاریی گشتی لێوەهەڵبێنجین. لەبەر ئەوەی بەهۆی لێکۆڵینەوە لە جوزئیات و ئیستقراوە پەی بە ڕاستیی شتەکان نابردرێ، عەقڵ و بیرکردنەوە بێ سەرچاوە و بناغەیە و پشت بە خەیاڵ و گومان دەبەستێ و ئەو زانستەی لێیەوە بەرهەم دێ گوزاشت لە واقیع ناکات، [بەڵکو] داهێنراوی خەیاڵی ئێمەیە و پەیوەندی بە ڕەوشی ڕاستەقینەی سروشتەوە نییە.» "بیکۆن" بڕوای وابوو کاتێك مرۆڤ بابەتێکی تایبەتی پەسند کرد، چ بەهۆی داکۆکیی ئەوانی تر و چ بەهۆی هەستکردن بە ڕەزامەندیی لەم پەسندکردنە، گشت بەڵگەکان بۆ سەلماندنی بەکاردێنێت. لەم حاڵەتەدا بەڵگەی بەرامبەر ڕەتدەکاتەوە یان سەرنجێکی وردیان لێ نادات. داکۆکیکرنی خەڵك لە سەر ڕاستیی شتێك سەرەتا بەپێی سەلیقەی تاکەکەسییە و دواتر هەوڵی تاقیکردنەوەی دەدات و کاتێك کە لەگەڵ ئاراستەی ئەواندا بگونجێ پێداگیری لەسەر دەکات.



زانایەکی تر کە " ڕینێ دیکارت"ی فەڕەنسییە لە ڕووی دژایەتیکردنی میتۆدی فەیلەسووفانی کۆن هاوڕێبازی "فرانسیس بیکۆن" بوو. سەرەڕای ئەوەی بەرهەمەکانی "دیکارت" زیاتر لایەنێکی فەلسەفیان هەیە، بەڵام بیروڕای زانایەکی ماتماتیك بە ئاشکرا بەسەریدا زاڵە و میتۆدێکی نوێی لە شێوازی بیرکردنەوەدا خستە ڕوو کە دەشێ لە هەموو بەشە زانستییەکاندا سوودی لێوەربگیرێ. بۆچوونی سەرەکیی "دیکارت" لە بەرهەمەکانیدا لە دەوری چەند بابەتێکی وەکو کەموکوڕیی کاری زانایانی پێشین، بایەخدان بە نەزانی و قبوولکردنی نەزانی, گرنگیی میتۆدی زانستی, بێکەڵکبوونی بەڵگەهێنانەوەی لۆجیکی, گرنگی و گشتیبوونی ماتماتیك، بایەخنەدان بە سەربەخۆیی فیکر، سوودوەرگرتن لە زانست لە کردەوەدا و گومانی زانستی، دەخولێتەوە. شابەرهەمی "دیکارت" کتێبێکە بەناوی «گوتارێك لەبارەی میتۆدی دروست بەڕێوەبردنی عەقڵ» کە بنچینەی بیروباوەڕەکانی وی لە بارەی ڕەوتی فیکر لە ڕێی وەدەستهێنانی زانست بە جوانی ڕوون دەکاتەوە.

تیۆرەکانی ئەم دوو زانایە بووە بنەمایەکی فیکری بۆ زۆربەی بیرمەندان لە بواری جیاجیادا و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ لەناوچوونی دەمارگیرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. لە ئەوساوە پەیتا پەیتا لە بواری کاروبار و کێشەی کۆمەڵایەتیشدا وەکو بەشەکانی تر چەندین بیرمەند سەریانهەڵدا و بوونە خاوەنی تیۆری تایبەت بە خۆیان. ئەم بیرمەندانە، هەم ئەوانەی کە سەر بە ڕێبازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بوون یان ئەوانەی لە پاڵ لێکۆڵینەوەکانی تریان بایەخیان بە توێژینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدا، بیروڕاکانیان ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیی زانستی بە واتا هاوچەرخەکەی بوون. لەبەر ئەوەی باسکردنی بیروڕای گشت ئەم کەسانە دوور و درێژ دەبێ، قسەکانمان لە چاوخشاندن بە کۆی بیروباوەڕی هەندێ لە ناودارترینیان کورت دەکەینەوە.

## ماکیاڤیللی

«نیکۆلۆ ماکیاڤیللی» (N. Machiavel) کە لە ئیتالیا لەدایک بووە لە یەکەمین بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ڕێنسانسە. ناوبراو لە ڕووی پیشەوە لە کاروباری سیاسیدا خزمەتی دەکرد و ڕاوێژکاری حکومەت بوو لە فلۆرەنسا [٤٠]. هەر چەند لە ماوەی خزمەتەکەیدا لێپرسراوێتیی سیاسیی جۆراوجۆری گرتبووە ئەستۆ، بەڵام دوای هەرەسهێنانی کۆماری فلۆرەنسا ناچاربوو وڵات بەجێ بهێڵێ. هەندێ پێیان وایە "ماکیاڤیللی" دواتر حەزی لێبوو بگەڕێتەوە بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت و بۆیە کتێبی میر (Le Prince)ی نووسیوە [٣١].

لە سەرەتاکانی تەمەنیدا واقیعبینییەکی تایبەت لە بیروڕاکانیدا بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا هەبوو. بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکانی خۆی لە ساڵی ١٥١٣ لە کتێبی میردا خستۆتە ڕوو. ناوبراو ئەگەرچی بایەخ بە لێکۆڵینەوە لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، بەڵام بنچینەی لێکۆڵینەوەکانی بریتین لە ڕێوشوێنە نەگونجاوەکانی کردارە حکومییەکانی ئەوسای ئیتالیا و لە هەندێ حاڵەتدا ئەم میتۆدانەی خستۆتە ڕیزی بنەما دروستکراوەکانەوە. لە تیۆرەکانی ئەودا چاکسازیخوازی و بنیاتنانەوەی هەلومەرجی باو، تێکەڵە بە لایەنە فەلسەفی-کۆمەڵایەتییەکان.

ماکیاڤیللی زێتر لە هەموو شتێك بایەخی بە یەکێتیی ئیتالیا دەدا، چونکە لەو سەردەمدا وڵاتەکەی ببوو بە چەند کۆمارێکەوە و چەندین کێشە بۆ ئیتالیا دروست ببوون. لە بەرهەمەکانی ئەودا داکۆکییەکی زۆر لە چینەکانی ناوەڕاست دەکرێ و "ماکیاڤیللی" پێیوایە پەرەسەندنی ئەم چینە دیاردەیەکی بەسوودە بۆ کۆمەڵگا.

لەبەر ئەوەی هەستی دەکرد کە دەبێ کۆمەڵگای ئیتالیا بە زەبری هێز و دەسەڵات هاوسەنگیی بۆ بگێڕدرێتەوە (کە هەمان یەکێتی ئیتالیا و



هێنانەدیی بارودۆخێکی لەبارە بۆی)، بڕوای وابوو کە ئامانجی حکومەت دەبێ گەیشتنە دەسەڵات بێ. ئەو لایەنگری حکومەتی ئیستبدادی بوو و لە ڕووی سیاسییەوە، پیادەکردنی هێز و دەسەڵاتی بە پێویست دەزانی. "ماکیاڤیللی" بایەخی بە لایەنی ئەخلاقیی ئەو کردەوانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بەرامبەر خەڵك ئەنجام دەدرێن نەدەدا. دەوڵەت ناچارە ئەو کردەوانە ئەنجام بدا کە بۆ چەسپاندنی ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانی دەوڵەت پێویستن و دەتوانێت هەموو ڕێگایەك بۆ سەرکەوتن لە ئەنجامدانی پرۆژەکانیدا بگرێتە بەر [٣١]. هێزی سەربازیی هەر وڵاتێك پێویستە ڕێکخراو بێت و هەموو کەسێك لە نێوان تەمەنی حەڤدە تا چل ساڵی دەبێ خزمەتی سەربازی ئەنجام بدات [٤١].

بەشێکی تری بیروڕاکانی لەسەر ڕەخنەگرتن لە مەسیحیەت و بیروباوەڕی خەڵکی کلێسایە. ئەو ڕەخنە لەو دینە دەگرێ چونکە پێیوایە پشت لە دونیا دەکات و هەروەها تاوانباری دەکات بە تاکگەرێتی و خۆدابڕان لە کۆمەڵگا.

"ماکیاڤیللی" پێشنیار دەکات دەوڵەتێکی بەهێز، مەرکەزی و بەبێ هیچ پەیوەندییەك بە کلێساوە بێتە کایەوە و سەربکەوێ و باڵادەستیی سیاسیی بەسەر ئەوروپادا هەبێ. ئەگەر دەوڵەتێکی بەهێز نەبێ، مرۆڤ کە بە دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا دەگەڕێ هەوڵی وەدەستهێنانی دەسەڵاتی زێتر و دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی خەڵك دەدات و ململانێ لەنێوان خەڵکدا پەیدا دەبێ و ئەم ململانێیە ئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە. لەو نێوانەدا سەرکردەی وڵات ڕۆڵێکی زۆر سەرەکیی هەیە. ئەو تەنیا دامەزرێنەری دەوڵەت نییە، بەڵکو لە لایەنی ئەخلاق، ئابووری و ئاینیشەوە دەوری هەیە. دەوڵەت ناچارە پەنا بەرێتە بەر توندوتیژی چونکە بەبێ ئەوە ناتوانێ حکومەت بە سەقامگیری بهێڵێتەوە و شیرازە و ڕێکخستنی گشتی بپارێزێ [٤١]. بەڕێوەبردنی وڵات خۆی بە یاسا دادەنرێ و گشت بڕیارەکانی دەبێ

موو بە موو جێبەجێ بکرێ. کەسێکی وا ناتوانێ بە ویستی خۆی یاساکان بگۆڕێ یان لەناوی بەرێت، بەڵام خۆی لە پەیڕەویکردنی یاسا بەدەرە.

بنەمای تیۆرەکانی "ماکیاڤیللی" پشت بەم هۆکارانە دەبەستێ: نییەتخراپی، پەنابردنە بەر هێز، کاری توند و زەبروزەنگ، پڕوپاگندەی سیاسی و فرت وفێڵ. ئامرازی جێبەجێکردنی ئەم هۆکارانە دەوڵەتە. "ماکیاڤیللی" کە لە ژێر کاریگەریی ڕەوتە فیکرییەکانی سەرەتاکانی ڕێنسانس، بەتایبەت بیروڕا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەدەی شازدەدا بوو دەوڵەتی بە بنچینەیەکی بەڵگەنەویست دادەنا و هەموو ئەوانی تری بە ئامراز لەقەڵەم دەدان. بە ڕای وی تەنیا دەوڵەت دەبێ سەرکەوێ و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەتوانێ:

- پیادەکردنی هێز بکاتە پێوەر و بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی تەواو دەتوانێ بە ڕادەیەکی زۆر سوود لە چەکی جۆراوجۆر وەرگرێ،
- سوود لە هەموو جۆرە هونەر و شێوازێکی پڕوپاگەندە تەنانەت بۆ فریودانی خەڵکیش وەرگرێ،
- توندوتیژی بەرامبەر بەو کەسانەی بیروڕا و ڕەفتارێکی جیاوازیان هەیە بە ڕەوا بزانێ،
- سوود لە گشت ئەو جۆرە فێڵ و شێوازانە وەربگرێ کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بۆچوون و بیروباوەڕی خەڵك،
- خۆی بە دیندار دەربخات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەشێ بڕوای بەو شتە نەبێ کە خۆی دەیڵێ!
- هەر کاتێ بە پێویست بزانێ پێچەوانەی قسەی پێشووی هەڵسوکەوت بکات، چونکە ئامانج پێشکەوتنە نەك پشتبەستن بە قسە.

بە کورتی "ماکیاڤیللی" بیری لە ئەخلاقیبوون، ئایینیبوون و لە کۆتاییدا باش یان خراپ بوونی بەرنامەی [سیاسی] نەدەکردەوە، ئەو تەنیا لە خەمی



پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەت دایە کە لە کەسایەتی "میر"دا بەرجەستە دەبێ. "ماکیاڤیللی" هەموو شتێك بە وەسیلە دادەنێ. زۆربەی ئەو ڕەخنانەی لێی گیراوە پەیوەندی بەو بایەخدانە زۆر و لەڕادە بەدەرەیەوە هەیە کە بە حکومەتی ئیستبدادیی دەدات. بۆیە لە باسکردنی ڕژێمە سیاسییەکاندا، بە جۆرێکی تایبەتی حکومەت کە لەسەر پیادەکردنی هێز و زۆرلێکردن و فرت و فێڵ دامەزرابێ دەڵێن «ماکیاڤیللیزم».

## تۆماس مۆر

"تۆماس مۆر" (T. More) فەیلەسووفی ئینگلیزی (١٤٨٠-١٥٣٥) لە پێشەنگەکانی بیری سۆسیالیستی دادەنرێ. ناوبراو لە کاروباری سیاسیی بەریتانیادا چالاك بوو و ماوەیەکیش لەگەڵ پاشای ئینگلیز لە کۆنفرانسەکانی ئەورووپادا بەشداری دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی ڕازی نەبوو بە جیاکردنەوەی کلێسای ئینگلیز لە کلێسای ڕۆما، بە خیانەتکردن لە پاشا تاوانبار کرا و لە بورجی لەندەندا لە سێدارە درا.

بەهۆی ئەو شێوازەی کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی نموونەیی «شاری نموونەیی یان فازیلە» دەیخاتە ڕوو دەشێ لەگەڵ "ئەفلاتون" و "فارابی"دا بەراورد بکرێت. ناوبراو لە کتێبی **یۆتۆپیا** (Utopia)دا کە لە ساڵی ١٥١٦ بڵاوکراوەتەوە وەسفی شاری نموونەیی خۆی دەکات کە دادگەری و یەکسانیی تەواو تیایدا بەرقەرارە. لەم شارەدا کە بە "دوورگەی یۆتۆپیایی" ناوی دەبات، گشت خەڵکەکەی لە خۆشی و خۆشگوزەرانی و سەلامەتیدا دەژین و هیچ شوێنەوارێکی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی نالەبار بەدی ناکرێ.

ئەوەی بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکانی تر تۆماس مۆر بخەنە ڕیزی شوێنکەوتووانی «سۆسیالیزمی خەیاڵی» لەبەر ئەوەیە کە باس لە دوورگەیەکی بێ دیاردەی موڵکایەتی دەکات و گشت کاروبارەکان دەخاتە دەستی دەوڵەتەوە. "تۆماس مۆر" باسی کۆمەڵگایەکی نموونەیی دەکات کە

لەسەر بنەمای پیادەکردنی تەواوی یاساکانەوە هاتۆتە کایەوە. ئەم وڵاتە بێ گرفت و بۆ کۆمەڵگای بەریتانیای ئەوسا داڕێژرابوو. ناوبراو تایبەتمەندییەکانی ئەو دوورگە خەیاڵییە لە زمان کەشتییەوانێك دەگێڕێتەوە کە بۆ وڵاتە دوور و نەناسراوەکان سەفەری کردووە. ئەم کەشتییەوانە لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نالەباری ئەوروپای ئەوسا و شەڕە یەك لەدوا یەکەکاندا بووە، لەگەڵ بینینی دوورگەی "یۆتۆپیایی" و بەراوردکردنی بە کۆمەڵگای خۆی بەو ئەنجامە گەیشتووە کە لە هەر شوێنێك پارە ببێتە پێوەری شتەکان و موڵکایەتی تایبەتی هەبێ، خۆشگوزەرانی، دادگەری و دڵنیایی نامێنێ و باشترین شتەکان دەکەونە بەر دەستی خراپترین خەڵك. هەموو شتەکان لە دەستی ژمارەیەك تاکەکەسدا کۆدەبێتەوە کە خاوەن پارە و هێزن و زۆربەی خەڵك لە هەژاری و بێدەرەتانیدا دەژین. ئەم بارودۆخە لە کۆمەڵگا خەیاڵییەکەی ئەودا نییە، چونکە لەو کۆمەڵگایەدا:

- هەموو شتێك بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان هەموو خەڵکدا دابەشکراوە،
- هەموو خەڵك لە خۆشگوزەرانی و ئارامیی تەواودا دەژین،
- لە ڕۆژێکدا تەنیا ٦ سەعات کار دەکەن و کاتەکانی تری خۆیان بە خوێندنەوە و زیادکردنی زانیارییەکانیان دەبەنە سەر،
- خاوەنی کانزا گران بەهاکانی وەکو زێڕ و زیو نین و زنجیر لەم کانزایانە دروست دەکەن بۆ ئەوەی تاوانبارانی پێ ببەستنەوە، چونکە باش دەرکیان بە ڕۆڵی سلبیی ئەم کانزایانە لە نێوان میللەتانی تردا کردووە.

بیروڕاکانی وی لەو سەردەمدا کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیی زۆریان هەبوو و تەنانەت ماوەیەك دواتر کەسانی تر بە پەیڕەوی لەو، کتێبیان لەو بوارەدا نووسیوە. لە سەدەی نۆزدەدا «کابە» (Cabet) نووسەری ناودار کتێبێکی لە ژێر ناوی *سەفەرکردن بۆ ئەیکاری* نووسی و بە پەیڕەویکردن لە بیروڕاکانی وی



ئەو کۆمەڵگا نموونەییەی شرۆڤەکردووە و بنچینە کۆمەڵایەتییەکەی بە سۆسیالیستی و هاوبەش وەسف دەکات.

## تۆماس هۆبز

فەیلەسووفی ئینگلیزی «تۆماس هۆبز» (T. Hobbes) (١٥٨٨-١٦٧٩) یەکێکە لە بیرمەندە کۆمەڵایەتییە ناودارەکانی ئەوروپا. بەشێکی زۆری ژیانی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە بەریتانیای ئەو سەردەم ڕوویاندەدا و ئەو بارودۆخە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بیروڕا سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی وی هەبوو. دەتوانین هۆبز لەو کەسانە حسێب بکەین کە وەکو "فرانسیس بیکۆن" بەرهەڵستییەکی توندی میتۆدی «سکولاستیك»ی سەدەکانی ناوەڕاستیان کردووە. بواری لێکۆڵینەوەی وی لە ناوەڕاستی تەمەنیدا زانستی ماتماتیك و فیزیا بوو، بەڵام وردە وردە بەرەو فەلسەفە ڕۆیشت و بە تایبەت بایەخی بە کێشە سیاسییەکان دەدا.

"هۆبز" لە کتێبی *خەڵکی شار و لیڤیاتان* (Leviathan) (کە واتای جۆرە بوونەوەرێکی سەیری وەکو دێوی دەریا دەگەیەنێ)دا بنچینەی بیروڕاکانی خۆی لە بارەی فەرمانڕەوایەتی و دامەزراندنی حکومەتەکان و پەیمان یان گرێبەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی مرۆڤ خستۆتە ڕوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە تایبەتەی کە [هێشتا] حکومەت نییە و مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی ژیان بەسەر دەبات، هەر مرۆڤێك دەبێتە گورگ بۆ مرۆڤێکی تر و سروشتی مرۆڤ بە غەریزە سەرکێش و دڕەندانەیە. لە دۆخی سەرەتاییدا هەر کەس تەنیا بیر لە دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە و دەیەوێ زیان بە ئەوانی تر بگەیەنێ. هەموو خەڵك بەردەوام لە شەڕدا دەبن و لە کۆتاییدا بەهێزترەکە سەردەکەوێ کە بە ڕای ئەو لە ڕووی سروشتییەوە شتێکی ڕاست و دروستە. لەم دۆخەدا دڵنیایی کۆمەڵایەتی و دەروونی هیچ مانایەکی نییە و هەمیشە خەڵك لە

مەترسی دەستدرێژیی ئەوانی تردا دەژین. "هۆبز" پێیوایە سەرەڕای ئەم ڕابردوو و سەرەتایە، بەڵام ئادەمیزاد لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە، وازیان لە مافی سروشتیی خۆیان هێنا، پەیمانێکیان بەست و دانیان بە دەسەڵاتێك وەك دەستەیەکی فەرمانڕەوا نا و گشت دەسەڵاتەکانی خۆیان بە حاکم بەخشی. حاکم دەتوانێت بە هەر شێوەیەك کە بیەوێ هەڵسوکەوت بکات. "هۆبز" لە کتێبی *لیڤیاتان*دا (کە لە ساڵی ١٦٥١ لە بەریتانیا بلاوی کردەوە) دەوڵەتی بە *لیڤیاتان* شوبهاندووە و بە بەرهەمی گرێبەندی کۆمەڵگای مرۆیی لەقەڵەم دەدا.

بە ڕای "هۆبز" ئیرادەی حاکم وەکو یاسا وایە و هەر لە بنەڕەتدا ناتوانین ئەو کارەی حاکم ئەنجامی دەدات بە پێچەوانەی یاسا لەقەڵەم بدەین، چونکە هەر خۆی یاسادانەرە. ئەگەر بمانەوێ ئاستەنگ لە ڕێی دەسەڵاتی تەواوی *لیڤیاتاندا* دروست بکەین ئەوا دژی گرێبەندی کۆمەڵایەتی و پرەنسیپی سەروەری وەستاوینەتەوە. بە ڕای "هۆبز" ئەم گوێڕایەڵییە لەبەر ئەوە پێویستە چونکە تاکەکەسان دەیانەوێ لە ئارامی و ئاشتیی تەواودا بژین و ئەمەش تەنیا لە ڕێی دەسەڵاتی حاکمەوە دابین دەبێ. ئەو شتە سوودی هەمووانی تێدایە کە *لیڤیاتان* بە پەسندی بزانێ و هەر دەمەتەقێ و ناڕەزاییەك کە لە لایەن تاکەکەسانەوە لەمەڕ بڕیارەکانیدا بکرێ ئامانجی کۆتایی گرێبەندی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. پێش دروستبوونی دەوڵەت، خەڵك بایەخیان بە موڵکایەتی نەدەدا. هەر کەسێك لە ڕووی بەهرەمەندبوون لە مافەکانیەوە، خۆی بە یەکسان لەگەڵ ئەوانی تر دەزانی. بە هۆی ئەو جەنگانەی ڕوویان دا مرۆڤە بەهێزەکان توانیان هەموو شتێك بخەنە بەرژەوەندیی خۆیانەوە. دەوڵەت لە کاتی پێویستدا دەتوانێ ئەم جۆرە موڵك و ماڵانە بەناوی خۆی تۆمار بکات.



ناوبراو دژی جیاکردنەوەی کاروبارە سیاسییەکان لە کاروبارە ئایینییەکان بوو. بە بڕوای ئەو ئەوەی دەسەڵاتی وڵاتی بەدەستە پێویستە لە هەمان کاتدا سەرۆکایەتیی کلێساشی لە ئەستۆ دابێ. خەڵکی کلێسا بە توندی دژی ئەم بۆچوونە وەستان. وتەکانی *لیڤیاتان*، جگە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا شتێکی دیکە نییە، چونکە گشت کۆمەڵگا *لیڤیاتانیان* بەرهەمهێناوە. ئەگەر خەڵك داوای ئارامی و خۆشگوزەرانی بکەن پێویستە قسەکانی لیڤیاتان بێ قەید و شەرت پەسند بکەن. سەرەڕای ئەوەی "هۆبز" دان بەوەدا دەنێ کە دەسەڵاتی بێ سنووری حاکم لە کۆمەڵگادا بێ گرفت نابێ، بەڵام قبوولکردنی ئەم مەسەلانەی لەپێناوی وەدەستهێنانی یاسا و هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی بە ڕەوا دەزانی و ڕایدەگەیەنێت کە ئایا لە کام لایەنی ژیاندا گیروگرفت نییە؟ "هۆبز" بە شێوەیەکی گشتی هەمو شتەکان لە ڕێڕەوی کاریگەریی لیڤیاتانەوە تاووتوێ دەکات و گشت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتی بێسنوور و ڕۆڵی گرنگی حاکمەوە شی دەکاتەوە.

دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە کتێبی لیڤیاتان وەڵامێکی فەلسەفی، یاسایی و ئەخلاقییە بۆ قەیرانێکی مێژوویی و سیاسی لە بارودۆخی شەڕەکانی ناوخۆی ئەوروپا و لە هەمان کاتدا وەڵامێکە بۆ ململانێی حکومەتە ئەرستۆکراتییەکان. لەم بارودۆخەدا «هاوسەنگی»، بە پرەنسیپێکی بەڵگەنەویستی «ئەرك» دەژمێردرێ [١١٦]. "هۆبز" وەکو "ماکیاڤیللی" دەیویست واقیعی غەریزەی مرۆیی بە شێوەیەك کە خۆی لێکی دەدایەوە بخاتە بەرامبەر بیری زاڵ کە پشت بەو فەلسەفە ئەفلاتونییە دەبەستێ کە «هیچ کەس خۆبەخشانە شەڕخوازی هەڵنابژێرێ». پێویستە بڵێین تیۆرەکانی وی لەبارەی خوو و سروشتی مرۆڤ و پەیوەندیی بە دەوڵەتەوە بوونە زەمینەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکانی دواتر لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و زانستی سیاسەت.

## جۆن لۆك

"جۆن لۆك" (J. Locke) فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی سەدەی حەڤدەیەم (١٦٣١-١٧٠٤) لەو کەسانە بوو کە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەریتانیا لە بیروڕا کۆمەڵایەتییەکانی کۆڵییەوە و بنچینەی بیروڕاکانی خۆی لە بواری پەیوەندییە مرۆییەکان، مافی موڵکایەتی، یاسا و هێزە حکومییەکان خستە ڕوو و لێکچوونێك لە نێوان بۆچوونەکانی ئەو و "تۆماس هۆبز"دا هەیە کە تا ڕادەیەك بەرهەمی لێکچوونی ڕێژەیی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگای ئەوانە، سەرەڕای ئەوەی جیاوازیی بیروڕاش هەیە. سەبارەت بە بوونی گرێبەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ "هۆبز"دا بۆچوونیان یەکە، بەڵام  بە پێچەوانەی ئەو "لۆك" پێیوانییە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا گورگ بێت بەسەر مرۆڤی ترەوە، بەڵکو بڕوای وایە مرۆڤ بە یارمەتیی بیری خۆی دەتوانێ بە ئاشتیانە لەگەڵ ئەوانی تردا بژیت.

"لۆك" بڕوای وایە ژیان لە دۆخی سروشتیدا، واتە لە حاڵەتی جەنگ و ململانێی هەمیشەییدا تەنیا لە نێوان ئاژەڵاندا بەدی دەکرێت. دۆخی سروشتی مرۆڤ ئەوەیە کە هەر کەسەی بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بێت. مرۆڤەکان ئازاد و یەکسانن. ئەوەی مرۆڤ وەدەستی دێنێ بەرهەمی هەوڵەکانی ئەوە و خەڵکانی تر مافی ئەوەیان نییە دەستی تێوەر بدەن. "لۆك" کارکردنی مرۆڤ بە بنچینەی موڵکایەتی دەزانێ و لەو بڕوایەدا بوو کە ئەم دیاردەیە تەنانەت پێش دروستبوونی دەوڵەتیش هەر هەبووە.

سەرەڕای ئەوەی بڕوای بە گرێبەندی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام سنوور بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕواکان دادەنێ و دەڵێ، ئەگەر ئەوان دەستدرێژی بکەنە سەر مافی خەڵك، خەڵك دەتوانن فەرمانڕەوایی لەو خەتاکارە وەرگرنەوە و بە کەسێکی تر کە شایستەیەتی ببەخشن. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە پەیڕەویکردن لە سیستم و یاسای بە پێویست دەزانی پێیوابوو هەر کات



سەغڵەتکارانە ڕووبەڕووی ئازادییە سروشتییەکانی تاکەکەسان وەستایەوە پێویستە هەڵوەشێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی مافی هەڵگەڕانەوە بە مافێکی سروشتیی تاکەکەسان دادەنێ.

ئەو خاڵەی کە "لۆك" ئاماژەی پێداوە و لە ڕووی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە گرنگە پەیوەندیی خوو و سرشتی مرۆڤە بە پاڵنەرەکان، بایەخدان و مەیلەکان و بە تایبەت نسبییەتی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەو بڕوای وایە، ئەوەی وتوویانە پرەنسیپی ئەخلاقی لە نێوان تاکەکەساندا بنەمایەی خۆرسکی هەیە ڕاست نییە، چونکە ئەوەی بە ڕای هەندێ کەس باشە لەوانەیە بە لای هەندێکی ترەوە خراپ بێت. بیرمەندان لەبارەی بە خۆڕسك لەقەڵەمدانی زۆر شت، لەبەر ئەوەی زانیویانە هەندێ حوکمیان کۆدەنگییان لەسەر هەیە و لە لایەن هەموانەوە پشتڕاست کراون و هەروەها لە ڕووی عەقڵیشەوە ئاستەنگێکیان نەدەبینی، وای بۆ چوون کە مرۆڤ هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە ئەم تایبەتمەندییانەی هەڵگرتووە. بە ڕای "لۆك" ئەم بۆچوونە و هەروەها مەیل بۆ بەرزڕاگرتنی پلەوپایەی مرۆڤ ڕێگر بووە لە بەردەم پشکنین و تۆژینەوەی واقیعەکان.

ناوبراو دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروبارە ئایینەکان قەدەغە دەکات، و بە شێوەیەکی گشتی پێیوایە ئایین شتێکی ویژدانییە و تایبەتە بە پەیوەندیی مرۆڤ بە خواوەندەوە و بڕوای وایە کە حکومەت نابێ ئایین بۆ تاکەکەسان دیار بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی پارێزەری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایە، پێویستە ڕووبەڕووی هەموو ئەو شتانە ببێتەوە کە دژی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی خەڵکە. تاکەکەسان پێویستە ئازادییەکی تەواویان لە بیروباوەڕی ئایینی و ئەخلاقیدا هەبێ. ئەو لەو بارەوە ڕەخنە ئاراستەی زانایانی ئایینی مەسیحی دەکات و داوایان لێدەکات واز لەو شتانە بێنن کە بە درێژایی مێژوو خراونەتە سەر ئەم ئایینەوە. بیروباوەڕی ئەو لە ڕووی

ئایینییەوە سەرچاوەی چەندین گۆڕانکاری بووە لە چاکسازیی ئایینی لە نێوان مەسیحییەکاندا. "لۆك" سەرهەڵدانی حکومەتی بۆ گرێبەندی کۆمەڵایەتی دەگێڕایەوە (وەکو بۆچوونەکەی هۆبز) و هیچ پەیوەندییەك لە نێوان حکومەت و ئاییندا بەدی ناکات. بەگوێرەی بۆچوونی "لۆك" موڵکایەتی لەبەر ئەوەی بەرهەمی کارکردنی مرۆڤە بۆیە پیرۆزە و شایانی ڕێزە [٤٠]. دەوڵەت مافی دەستوەردان لە موڵکایەتی نییە. دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە "لۆك" لایەنگری موڵکایەتی تایبەتە.

یەکێکی تر لە تیۆرە ناودارەکانی "لۆك" تیۆری لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە. لێکجیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، ڕاپەڕاندن و دادوەری کە ئەمڕۆ بنچینەی حکومکردنی زۆربەی دەوڵەتەکانە، یەکێکە لە کاریگەرییە فیکرییەکانی لۆك لەم سەردەمەی ئێمەدا. تیۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی "لۆك" کاریگەری هەبووە لەسەر کۆڕە سیاسییەکانی بەریتانیا و هەروەها زۆربەی بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانی دوای ئەو وەك "ڤۆڵتێر"، "ڕۆسۆ" و " مۆنتسیکیۆ". دەتوانین لە دەستووری وڵاتانی وەکو فەرەنسا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیادا بنچینەی بیروباوەڕەکانی لۆك بەدی بکەین.

## ڤیکۆ

«ژان باتیست ڤیکۆ» (J. Vico) (١٦٦٨-١٧٤٤) لە زانایانی فەلسەفەی مێژوو حسێب دەکرێ، چونکە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی و بە ئامانجی دۆزینەوەی بزووتنەوەی مێژوو و ئاراستە گشتییەکەی لە پەیوەندییدا بە بارودۆخی کۆمەڵگاکانەوە کۆڵیوەتەوە. کتێبە گرنگەکەی بە ناوی «بنەماکانی فەلسەفەی مێژوو یان بنماکانی زانستێکی نوێ» لە بارەی چارەنووسی هاوبەشی میللەتان لە ساڵی ١٧٢٥دا بڵاوکرایەوە. بە بڕوای "ڤیکۆ" پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان بە گوێرەی یاسا یان سیستمێك بەڕێوە



دەچێ کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت. بەڵام هەموو کۆمەڵگایەك بە سێ قۆناغی یەك لە دوا یەکدا دەڕوات:

- یەزدانی (ئەحکامی ئایینی بەسەر گشت لایەنەکاندا زاڵە)،
- پاڵەوانی (سەردەمی برەوسەندنی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی شێڤالیە و ئەرستۆکرات)،
- عەقڵ و لۆجیکی مرۆیی (بەڵگەهێنانەوە و بیرکردنەوەی واقیعی).

ئەو داکۆکی لەسەر پێویستیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بە گوێرەی یاسای واقیعی و دروست دەکات و لێکۆڵینەوەی پراکتیکی لە بواری تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکان لە ڕووی حکومەتە جۆراوجۆرەکان، ئەدەبیات و شیعر، ڕێوڕەسم، ڕێکخراوە دادوەرییەکان و... هتد، کە لاپەڕەیەکی نوێی لە میتۆدی لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کردۆتەوە.

کۆمەڵناسی هاوچەرخ «گاستۆن بۆتۆل» لە کتێبی مێژووی کۆمەڵناسی دا، بەراوردێك لە نێوان بیروڕاکانی "ڤیکۆ" و ئەوانی تر دەکات و دەچێتە سەر باسی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بیروڕاکانی ئەو و دەڵێت [٤٢]: «ئەو پشتگیری لە لیبرالیزم دەکات کە لە بواری دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕووی ئابوورییەوە لە تیۆری فیزیۆکراتەکان دەچێت. بە بڕوای ئەو لەبەر ئەوەی کۆمەڵ بەرهەمی تێگەیشتنێکی غەریزی و زیانبارە بۆیە عاقڵانەترین و باشترین میتۆد بریتییە لەوەی کە بۆ چەسپاندن و بەرەوپێشبردنی نازۆرەملێیانەی ئەم تێگەیشتنە غەریزییە، ئەوەیە لێگەڕێین باشترین هەلومەرج بۆ ژیان خۆی بێتەکایەوە».

یەکێك لەو خاڵانەی کە ڤیکۆ بایەخی پێدەدات سەرنجدانە لە دیاردەگەلێکی وەکو کۆویژدان (الوجدان الجمعی). کێشە و گرفتە سیاسییەکان بەرهەمی کۆبوونەوەی خەڵکن و لەبەر ئەوە زۆربەی ئەم ناکۆکیانە لەناو ناچن. کۆمەڵگا هەمیشە ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی وەکو

جیاوازیی چینایەتی و ململانێی جۆراوجۆر دەبێتەوە. "ڤیکۆ" کە لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی فەلسەفەی مێژوودا بوو، بڕوای وابوو ژیانی مرۆڤ سەرەتا شێوەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە بەڵام لە قۆناغێکی مێژوودا بە گوێرەی بارودۆخی تایبەت کۆمەڵگا ڕووەو هەڵدێر ڕۆیشت و مرۆڤ دەستیکرد بە دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئەوانی تر. دوای ماوەیەك بەهۆی دەسەڵاتی یەزدانی و هەستکردن بە شەرم لەوەی دەیکات لەو بارودۆخە نالەبارە رزگار بوو. بەم شێوەیە ئەو یەکێکە لەوانەی بڕوایان بە تیۆری «بازنەی مێژوو» هەیە. بە ڕای ئەو گۆڕانکاریی مێژوویی جگە لە گەڕانەوە بۆ قۆناغە کەم تا زۆر لێکچووەکانی پێشوو شتێکی دیکە نییە. ڕوانگە مێژووییەکەی لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیدا بە چاکی دیارە. لە تۆژینەوە مێژووییەکانیدا زۆر سوودی لە دەروونناسی وەرگرتووە.

"ڤیکۆ" لە مێژوونووسانی سەدەی نۆزدە دەچێت. "میشیلێ" دەڵێت ڤیکۆ تاکە فێرکاری ئەو بووە و ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە "ڤیکۆ" ڕۆڵی ڕای گشتی بە گرنگ لەقەڵەم دەدا. بە ڕای ئەو نەریتەکان و مافەکان لەژێر دەسەڵاتی ڕای گشتی دان. خەڵك ئەو واتایە بە یاساکان دەدەن کە خۆیان دەیانەوێ، و دەسەڵاتدارانیش ناچارن یاساکان بە گوێرەی ئەو واتایەی کە خەڵك پێی دەبەخشن ڕەچاو بکەن. "ڤیکۆ" لەو کەسانەیە کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە لە ڕیزی "مۆنتسیکیۆ"، "ڕۆسۆ" و "سپنسەر" هەوڵیان بۆ چەسپاندنی گرنگیی شعووری کۆمەڵایەتی دەدات. «بڕوای ڤیکۆ لەبارەی ڕۆڵی داهێنەرانەی خەڵك لە نێو مێژوونووساندا، "میشیلێ"ی بە قووڵی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و پێویست بە ئاماژەپێکردن ناکات کە نوێبوونی بەرهەمی "میشیلێ" بەناوی *مێژووی فەڕەنسا* ئەوە بوو کە زیاتر بایەخی بە لێکۆڵینەوە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بیروڕا و داهێنانە گشتییەکان دەدا نەك لیستی ناوی پاشاکان، وەزیرەکان، نزیکانی دەربار و



شەڕە جۆراوجۆرەکان. دەتوانین ڤیکۆ بە یەکێك لە پێشەنگانی تیۆری چینە کۆمەڵایەتییەکان دابنێین. ناوبراو ئەم تیۆرەی لە گشت حاڵەتەکاندا بە ڕاست و گرنگ دەزانی، و پێیوایە ڕێبازی سیاسیی زۆربەی خەڵك بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتییانە. "ڤیکۆ" پەی بە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نەتەوەیەك بردبوو، بەڵام بە ڕای ئەو ئەم ناکۆکییە هەرگیز لەناو ناچێت، چونکە پەیوەندی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە نەك بە خەڵکەوە، لە ئەنجامدا لەگەڵ لەناوچوونی کۆمەڵێك ناکۆکی، ناکۆکیی دیکە دێنە کایەوە [٤٢].

## فیزیۆکراتەکان

لە سەدەی هەژدەیەم لە فەڕەنسا چەندین زانا پەیدا بوون کە بڕوایان بە باڵادەستیی سروشت بەسەر گشت کاروبارەکاندا هەبوو و هەر لەبەر ئەوە بە "فیزیۆکراتەکان" (physiocrates) ناوبراون. بیروباوەڕی "فیزیۆکراتەکان" لە ماوەی ساڵانی ١٧٥٠ تا ١٧٨٠ لە ئەوروپا بە خێرایی بڵاوبووەوە. هەر لەو سەردەمەدا «ئابووریی سیاسی» چوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆی وەرگرت.

لە نێو پێشڕەوانی ئەم قوتابخانەدا دەتوانین ناوی "فرانسوا کوێنێ" (F. Quesnay) بەرین، کە بڕوای بە ناسینی یاسا باڵادەستەکان بەسەر سروشت و کاریگەرییان لەسەر خۆشگوزەرانیی ئادەمیزاد هەبوو. "کوێنێ" کتێبی خۆی بەناوی «خشتەی ئابووری» لە ساڵی ١٧٥٨ لە فەڕەنسادا بڵاوکردەوە. ئەو ڕایگەیاند کە بۆ وەدەستهێنانی شێوازی دروستی بەختەوەری و خۆشگوزەرانیی نەتەوەکان پێویست بە باس و بەڵگەهێنانەوەی زۆر ناکات، چونکە دەزانین کە ژیانی شار و پەیوەندییەکانی تاکەکەسان، بە گوێرەی ڕێسایەك بەڕێوەدەچێت کە هەر لە سەرەتای بوونەوە هەبووە و سوودەکانی ئەم ڕێسایەش ئاشکرایە و کەس جورئەت ناکا سەرپێچیی لێبکات. ئەو

دەیسەلمێنێ کە وەك چۆن لە کاتی چارەسەرکردنی پرسیارێکی ماتماتیکدا ئەگەر تاکەکەس پشت لە ڕێسای ئەندازە و ژمێریاری و پرەنسیپە داهێنراوەکانی بکات بە ڕێگەی ڕاستدا ناڕوات، سەرپێچیکردن لە ڕێسا سروشتییەکانیش ئەنجامێکی تەواو سلبیی دەبێت. ئەو سیستمە سروشتییەی فیزیۆکراتەکان بڕوایان پێیەتی کە لە هەموو شتەکاندا هەیە بە گوێرەی پێناسەکەی کۆنێ بە چاکی دەناسرێت. بە ڕای ئەو [٥٠]: «یاسای سروشتی ڕێڕەوی ڕێکوپێکی هەر واقیعێکی سروشتییە کە سیستمی سروشت هێنابێتیە ئاراوە. شتێکی سروشتییە ئەم یاسایە دەبێ باشترین یاسا بێت کە بۆ مرۆڤ دانراوە، یاسای ئەخلاقی ڕێسایەکە لە سیستمە ئەخلاقییەکانی سروشت کە مرۆڤ دەبێ ڕەفتار و کرداری خۆی بەگوێرەی ئەو ڕێك بخات و ئاشکرایە کە ئەم ڕێسایە دەبێ لەگەڵ سیستمی سروشتیدا بگونجێ و ئەگەر گونجا باشترین یاسایە بۆ مرۆڤ. ئەو یاسا سروشتییە و ئەم یاسا ئەخلاقییە بەیەکەوە سیستمی سروشتی پێکدەهێنن. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای مرۆیی بەشێکە لە سروشت، بۆچی ئەو یاسایەی بەسەر سروشتدا زاڵە بەسەر کۆمەڵگای مرۆییشدا باڵادەست نەبێ؟ سیستمی سروشتی بەشێکە لە سیستمی گشتیی دونیا و ئابووری بەشێکە لە بەشە لە ژمارە نەهاتووەکانی سروشت». "کۆنێ" لە کتێبی «خشتەی ئابووری»دا باسی مەسەلەی سەروەت و سامان و پەیوەندیی بە کۆمەڵگا و ئەو یاسا سروشتییانەی باڵادەستن بەسەر هەردووکیاندا دەکات و کۆمەڵگا بۆ سێ چین دابەش دەکات:

- چینی بەرهەمهێنەر: ئەم گرووپە ئەو جووتیارانە دەگرێتەوە کە لە بوارە جیاجیاکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا چالاکی دەنوێنن.

- چینی خاوەندار: ئەمە ئەوانە دەگرێتەوە کە خاوەن زەوین و هەروەها گشت ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەك لە شێوەکان خاوەنی ئیمتیازاتن لە ڕووی دەسەڵاتەوە.



- چینی نابەرهەمهێنەر: پیشەوەران و خاوەن پیشە ئازادەکانی تر دەگرێتەوە چونکە بە ڕای ئەوان تەنیا جووتکاری و کشتوکاڵ هۆکاری بەرهەمهێنانی سەروەت و سامانە.

بە ڕای ئەوان موڵکایەتی پرەنسیپێکی نەگۆڕە و جۆرە ڕەسەنایەتییەکی هەیە. "فیزیۆکراتەکان" زانستی ئابووریان بە بەشێکی زانستە سروشتییەکان لەقەڵەم دەدا، و بڕوایان وابوو کە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆیی بەشێکە لە سروشت و پشت بە هەمان یاساکانی سروشت دەبەستێ. هەڵبەتە ناتوانین بڵێین "فیزیۆکراتەکان" گشت لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیان بە پاشکۆی یاسا سروشتییەکان دادەنا، بەڵکو ئەم لایەنەیان بە گرنگترین لایەن لەقەڵەم دەدا [٤٣].

"فیزیۆکراتەکان" بڕوایان وابوو کە لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا جۆرە هاوسەنگییەك باڵادەستە کە سەرچاوەکەی بۆ ئەو سیستمە سروشتی یەزدانییەیە دەگەڕێتەوە کە لە کۆمەڵگادا هەیە. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە بۆ ئەوەی تاکەکەسان ساناتر بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن، پێویستە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەدەست خۆیانەوە بێ و تا دەکرێ مافی زیاد دەستتێوەردان لە دەوڵەت بسەنرێتەوە. دەوڵەت نابێ دەست لە کاروباری تاکەکەسان وەربدات و لە ڕێی دانانی یاساوە ناچاریان بکات ملکەچی ئەو بن، بەڵکو دەوڵەت دەبێ یاساناس بێ، بەو مانایەی کە یاسا لەو بنەما و ڕێسایانەی بەسەر سروشتدا زاڵن، هەڵبێنجێ. لە قوتابخانەی "فیزیۆکراسی"دا دەسەڵات و ئەرکەکانی دەوڵەت سنووردارن و تەنیا لە چەند کاروبارێکی وەکو دادگەریی کۆمەڵایەتی، دڵنیاکردن و پاراستنی وڵاتدا کورت دەکرێتەوە. ئەرکە تاکەکەسییەکانی دەوڵەت بریتین لە دروستکردنی ڕێگاوبان و خزمەتگوزاریی گشتی کە کاریگەرییان لەسەر ئابووریی وڵات دەبێ.

"فیزیۆکراتەکان" هۆی سەرەکی لەناوچوونی سیستمی کشتوکاڵیان بۆ نەمانی سەرمایەی پێویست دەگێڕایەوە، و بۆ نەهێشتنی ئەم گرفتە ڕاسپاردەیان ئەوەبوو کە: ڕێژەی وەبەرهێنان زیاد بکرێ و خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان ئامراز و کەلوپەلی پێویست دابین بکەن. بە بڕوای "فیزیۆکراتەکان" تەنیا چینی بەرهەمهێنەر، واتە جووتیارەکان دەبێ باج بدەن، چونکە تەنیا زەوی بەروبوومی بێگەرد (خالص) بەرهەم دێنێ [٤٣].

"مێرسیێ دو لاریڤیەر" کە یەکێك بوو لە پێشەنگانی ئەم ڕێبازە فیکرییە لە ساڵی ١٧٦٧ کتێبێکی لە بارەی بنەمای بیروباوەڕەکانی قوتابخانەی "فیزیۆکراسی" و لە ژێر ناوی *سیستمی سروشتی و بنەڕەتیی کۆمەڵگا سیاسییەکان* بڵاوکردەوە. لەو کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات کە مەبەست لە زاراوەی یاسا و ڕێساکان خستنەڕووی ئەنجامە سروشتییەکانی سیستمی بنەڕەتیی کۆمەڵگایە نەك دانانی یاسای نوێ. بۆچوونی گشتی "فیزیۆکراتەکان" ئەوەیە کە یاسا سروشتییەکان نەگۆڕن و ئەوەی گرنگە ناسینی واقیعیانەی ئەم یاسایانەیە. ئەوان دەیانەویست بڵێن ژیانی کۆمەڵایەتی پابەندی یاسا سروشتییەکانە، واتە یاسا لۆجیکی ونەگۆڕەکان، کە باشترین سیستمە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەتوانین بنچینەی بیروباوەڕی "فیزیۆکراتەکان" بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

- بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەریی سیستمی سروشتی و ئەو ڕێسایانە دایە کە باڵادەستن بەسەریدا،
- پێویستە بازرگانی لە ناوخۆی وڵاتدا ئازاد بێ و مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بە چەند مەرجێکی دیاریکراو ئەنجام بدرێ،
- پێویستە ئەرك و کارەکانی دەوڵەت سنووردار بن،



- موڵکایەتیی زەوی شتێکی ڕەوایە و لەگەڵ سروشتی شتەکاندا دەگونجێت،
- کێبڕکێی ئابووری واقیعێکی ڕاستە و دەبێ هەبێ،
- پێویستە جۆرەکانی بەرهەمهێنان و داهاتی کەرتی تایبەت و حکومی لەیەکتر جیابکرێنەوە،
- باجی ڕاستەوخۆ لە باجی ناڕاستەوخۆ بەسوود و گرنگترە.

## مۆنتیسکیۆ

"شارل مۆنتیسکیۆ" (C. Montesquieu) (١٦٨٩-١٧٥٥) سەرەتا خەریکی کاری دادوەری بوو، بەڵام لە تەمەنی چل ساڵیدا وازی لە وەزیفەی ڕەسمی هێنا و دەستی کرد بە تۆژینەوە و هەروەها بەشێکی تەمەنیشی بە سەفەرکردن بۆ ناوچە جیاجیاکان بردە سەر. گرنگیی "مۆنتیسکیۆ" لە بەرەودان بە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە ئاستێکدایە کە دواتر "ئۆگست کۆنت" نووسیویەتی دوای مۆنتیسکیۆ، تاکە پێشکەوتنێك کە شایانی باس بێت، «پرۆژەی گشتیی خشتەی مێژوویی گەشەکردنی ڕۆح» لە نووسینی فەیلەسووف، سیاسەتمەدار و ئابووریزانی فەڕەنسی "کۆندۆرسێ" (Condorcet)یە (١٧٤٣-١٧٩٤). بە لەبەرچاوگرتنی بەرهەمە جۆراوجۆر و گشتگیرەکانی، زۆربەی کۆمەڵناسان بە گەورەترین بیرمەندی کۆمەڵایەتی سەدەی هەژدەیەمی ئەورووپای لەقەڵەم دەدەن کە بەرهەمەکانی لەوانی تر زێتر زەمینە خۆشکەری کۆمەڵناسیی زانستی بووە.

ناوبراو چەمکی یاسا و هۆیەتی (Causality) لە بیری کۆمەڵایەتیدا خستە بەر باس و وا پێناسەی یاسای کرد کە بریتییە لە پەیوەندییەکی پێویست کە لە شتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ناساندنی سروشتی شتەکاندا، جێگەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکانیشی تێدا دەکردەوە. بە ڕای ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای پەیوەندییە نیمچە نەگۆڕەکانی

نێوان سروشتی مرۆڤ و ژینگە دامەزراون. ئەو زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بە پشتبەستن بەم پرەنسیپە شیدەکردنەوە. گرنگترین تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی مۆنتیسکیۆ لە دوو کتێبدا بەناوی **نامە ئێرانییەکان** کە لە ساڵی ١٧٢١دا بڵاوکراوەتەوە و کتێبە هەرە گرنگەکەی لە ژێر ناونیشانی **ڕۆحی یاساکان** کە ئەمەشیان لە ساڵی ١٧٤٨دا بڵاوکراوەتەوە، دەدۆزینەوە. لە ڕۆحی یاساکاندا بەشێوەیەکی گشتی ئەم کێشانە تاووتوێ کراون: جۆرەکانی حکومەت، ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لە سەر دانانی یاساکان هەیە، پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تیۆرە مێژوویی-یاساییە گشتییەکان.

لە ڕوانگەی مۆنتیسکیۆوە هەمەجۆریی یاساکان و ڕێوڕەسم و دابونەریتەکان شتێکی ڕێککەوت نییە. هەر یاسایەك بۆ خۆی پاساوێکی هەیە، چونکە پەیوەندی بە واقیعێکی سروشتی (زەوی و ئاووهەوا) یان ئەخلاقەوە هەیە. بە ڕای ئەو ئەخلاق دوو ڕەهەندی هەیە: شکڵ و شێوە و ڕێوڕەسم و داب و نەریت [٣]. ئەو بایەخێکی تایبەت بە چەمکی یاسا دەدات و بە دیاردەیەکی دادەنێت کە لە ژیانی بەکۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت [٣٩]. هەروەها بڕوای وایە لەبەر ئەوەی ئادەمیزاد پێویستە لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆی لە کۆمەڵگادا بژیت، ناچار دەبێ بە هۆی یاساوە پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان دەستنیشان بکرێت. ئەم یاسایانە دەشێ هەمیشە بەشێوەیەکی تۆمارکراو نەبن بەڵکو بەشێوەی دابونەریت و عادەتی پەیڕەوکراو بن. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا یاسا نەبێت تاکەکەسان ئازادی و ڕێز و ئاسایشیان نابێت، و هەر یەکە و تا بۆی بکرێ هەوڵدەدات ئەوانی تر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ئەمەش ڕێگرە لە بەردەم ئاسایش و ئارامیی مرۆڤدا. کەواتە تاکە ڕێگەی چەسپاندنی ئارامی و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ یاسایە. مۆنتیسکیۆ لە کۆمەڵگادا بڕوای بە سێ پرەنسیپی ئاین، ئەخلاق و سیاسەت



هەیە. ئەو لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە کە دەستیان هەیە لە گۆڕانی کۆمەڵگا مرۆییەکان، و هەروەها پەیوەندیی بارودۆخە ئابووری، بازرگانی و یاساییەکان بە سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە دەردەخات. لە باسی کۆمەڵگا مرۆییەکان و شێوەی دروستبوونیان لە کاریگەریی بارودۆخی جوگرافی و شێوازی بژاڤی دانیشتوان دەکۆڵێتەوە. ئەوەی لەم ڕێڕەوەوە دێتە دەست وێنەیەکە کە ئەو بۆ نسبییەتی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دەیکێشێت.

"مۆنتیسکیۆ" بڕوایەکی ئەوتۆی بە گۆڕانکارییە زۆر خێراکان نییە و لایەنگری چاکسازیی پەیتا پەیتایە. ئەو بایەخێکی تایبەتی بە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئەوسای بەریتانیا دەدا و لە بۆچوونەکانیدا زۆر لەژێر کاریگەریی "جۆن لۆك"ی فەیلەسووفی بەریتانیایی (کە پێشتر باسی هزرە کۆمەڵایەتییەکانی ئەومان کرد) دا بوو. لە بواری بونیادی سیاسی (حکومەت) لە کۆمەڵگادا، سێ جۆری تایبەتی حکومەت لێکجیا دەکاتەوە:

١- **کۆماری**، ئەم جۆرە حکومەتە بە حکومەتی زۆرینەی خەڵك پێناسە دەکات و بۆ دوو جۆر دابەشی دەکات:

ئ. *دیموکراسی*، کە واتاکەی حکومەتی خەڵکە و هەموو کەس دەستی هەیە تیایدا.

ب. *ئەرستۆکراسی*، واتا حکومەتی گرووپێکی تایبەتی خانەدان و ئەرستۆکراتەکان.

٢- **پاشایەتی**، لەم حکومەتەدا بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە ئەستۆی پاشادایە کە بەگوێرەی یاسا هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا دەکات و گرووپگەلێکیش وەك نێوانگیر لەنێوان پاشا و خەڵکدا چاودێری لە جێبەجێکردنی یاسا لە وڵاتدا دەکەن. لە سیستەمی پاشایەتیدا پێویستە لەنێوان پاشا و خەڵکدا دەستەیەك وەك نێوانگیر هەبێ، کە بریتین لە

ئەندامانی پەرلەمان، پیاوانی ئایینی، نوێنەری شارە جیاجیاکان و پیاوماقووڵ و ئەرستۆکراتەکان.

**٣- ئیستبدادی**، لەم حکومەتەدا کە بەزۆرەملێ و بە ئارەزوی دەستەی فەرمانڕەوایە یاسا و بڕیاری دروست لە ئارادا نین. ئەگەر هەبن جێبەجێ ناکرێن و بە کردەوە تەنیا هەوەس و ئارەزووی حاکم بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنرێ.

بە ڕای مۆنتیسکیۆ ئەم جۆرانەی حکومەت بە دەر نین لە هەرەسهێنان، چونکە هەر کات بنەمای پێکهێنەری هەر کامیان بکەوێتە مەترسییەوە، واتە نیشتمانپەروەری بایەخی پێ نەدرێ گەندەڵی لە دەزگای حکومەتدا سەرهەڵدەدات، جەستەپەرستی و تەمبەڵی بڕەوبسێنێ، تاکەکەسان تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بدەن و... حکومەتیش لەناو دەچێت.

بۆ بەرقەرارکردنی سیستم و هێشتنەوەی سەروەت و سامان، خەڵك دەبێ باج بدەن، بەڵام لە بەرمبەر ئەمەدا دەوڵەت دەبێ پێداویستییە واقیعییەکانی خۆی دابین بکات و بە گوێرەی داهات باج لە خەڵك وەربگرێ. هەروەها لەسەر دەوڵەت پێویستە پارێزگاری لە خەڵکی بێ توانا بکات و لەو کارانەی پێویستە لەو ڕێیەدا ئەنجامی بدات دۆزینەوەی کارە بۆ هەژاران. بە ڕای مۆنتیسکیۆ هۆی هەژاریی ئەم گرووپە نەبوونی پارە نییە بەڵکو بێکاری هۆی سەرەکیی هەژارییە [٣٩].

خاڵێکی تر کە لە تیۆرەکانی مۆنتیسکیۆدا بایەخێکی زۆری هەیە بڕوای ئەوە بە پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە وڵاتدا. دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی هێنانەدیی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و باشتر ئەنجامدانی کاروبارەکان، هەروەها بەو ئاکامە دەگات کە ئەم سێ دەسەڵاتەی خوارەوە دەبێ هەبن (لەژێر کاریگەریی بۆچوونی جۆن لۆك):

- دەسەڵاتی یاسادانان کە یاسا دادەڕێژێت،



- دەسەڵاتی دادوەری کە لەسەریەتی ئاگاداری تاوان و سەرپێچییەکان بێت و ئامانجی بەرقەرارکردنی سیستم و ڕێکخستنە،
- دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە دەسەڵاتی یاسادانان دایهێناون.

خاڵێکی تر کە ئەو لە کتێبی **ڕۆحی یاساکان**دا سەرنجی داوەتێ کاریگەریی بارودۆخی جوگرافییە لەسەر کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری تاکەکەسان. بە بڕوای ئەو ئاو و هەوا و بارودۆخی کەشناسی دەشێ دیاردەی کۆمەڵایەتی جیاجیا بێنێتە کایەوە. لە ناوچە گەرمەکاندا ئارەزووی بەکارهێنانی مادە ئەلکحولییەکان دروست دەبێت و زەمینە بۆ هاتنەکایەی حکومەتی ئیستبدادی خۆش دەکات. لە ڕووی مەسەلە دەروونی- کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامگیرییەکە تا ڕادەیەك ڕەشبینانەیە. بە بڕوای ئەو، لەبەر ئەوەی هەمیشە دەشێ تاکەکەس بە هەڵە سوود لە پێگە و دەسەڵاتی خۆی وەرگرێت ئەرکی دەوڵەتە کە لە ڕێی دانانی یاساکانەوە، ڕێ لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە مەسەلانە بگرێت.

کتێبی *نامە ئێرانییەکان* لە ڕووی قسەی چەند ئێرانییەکەوە نووسراوە کە سەفەریان بۆ فەرەنسا کردووە و ئەوەی دەیبینن و دەیبیستن تۆماری دەکەن. "مۆنتیسکیۆ" ئەم کتێبە بە وەسیلەی [نێوان] دوو کولتوور و بە تایبەت ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای فەرەنسی سەردەمی خۆی لەقەڵەم دەدات. لە تۆژینەوە مێژووییەکاندا مۆنتیسکیۆ ڕوانگەیەکی فەلسەفیی هەیە و هەوڵ دەدات پەیوەندیی هۆ و ئەنجام لە نێوان دیاردە مێژووییەکاندا دروست بکات. یەکێك لە بەرهەمەکانی بە ناوی *لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی پێشکەوتن و هەرەسهێنانی ڕۆمییەکان* نموونەیەك لەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ کێشە مێژووییەکان دەدا بەدەستەوە.

## ڤۆڵتێر

بەرهەمەکانی فەیلەسووفی فەڕەنسی "فڕانسوا ڤۆڵتێر" (F. Voltaire) (١٦٩٤-١٧٧٨) لە بواری فەلسەفی، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لایەنێکی وەسفی و ڕەخنەگرانەی هەیە. "ڤۆڵتێر" لە سەرەتای لاوێتیدا لەبەر ئەوەی بایەخی بە ئەدەبیات دەدا لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا ئامادە دەبوو، بەڵام هەمیشە حەزی لە ڕەخنەگرتن و گاڵتەپێکردن هەبوو. هەر لەبەر ئەوە چەندین جار بۆ دەرەوەی وڵات دوور خرایەوە. سەرەڕای ئەوەی "ڤۆڵتێر" هەمیشە حەزی لە ئەدەبیات دەکرد، بەڵام لە چلساڵیدا ڕووی لە تۆژینەوە لە بابەتە فەلسەفی، زانستی و کۆمەڵایەتییەکان کرد. "ڤۆڵتێر" سەرەنجام بووە ئەندامی ئەکادیمیای فەڕەنسا. لە بواری بۆچوونە فەلسەفی-کۆمەڵایەتییەکانیدا، ئەو لە تیۆرەکانی "جۆن لۆك" فەیلەسووفی ئینگلیزی نزیك بوو و لە بواری زانستە سروشتییەکاندا زۆر پشتی بە بەرهەمەکانی «نیوتن» دەبەست. بە بەراورد لەگەڵ ئەم دووانە بەرهەمی زانایانی تری بە ئەفسانە لەقەڵەم دەدرێت.

"ڤۆڵتێر" دژی بۆچوونی ئەو کەسانە بوو کە پێیان وابوو بزووتنەوەی مێژوو هەمیشە ڕووەو ڕێڕەوێکی تایبەت دەڕوات، بەڵکو تەنیا بە بەرهەمی ململانێی مرۆڤەکانی دەزانی. ئەو لێکۆڵینەوەی قووڵی لە بارەی مێژووی میللەتە جۆراوجۆرەکان ئەنجام داوە و کتێبی *مێژووی سەدەی لویسی چواردەیەمی* ڤۆڵتێر بە یەکێك لە یەکەمین کتێبە نوێیەکانی مێژوو لەقەڵەم دەدەن.

خاڵێکی تر کە "ڤۆڵتێر" بایەخی پێ دەدا لێکجیاکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆیی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو ڕێنماییەکان، دابونەریت و عادەت و بیروباوەڕەکان بوو. ئەو پێیوابوو کە سروشتی هاوبەش و وەکویەکی ئادەمیزاد لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا



بارودۆخی جیاجیا دێنێتە کایەوە. تا ئەو کاتەی خەڵك هەن و ژیان بە ململانێیەك بۆ مانەوە و خۆ بەهێزکردن لەقەڵەم دەدرێ ناتوانین وا دابنێین کە نایەکسانی لەناو دەچێت. یەکسانی بەو شێوەیەی زۆر لە فەیلەسووفان قسەیان لەبارەوە کردووە لە خەونێك زێتر نییە. ناکرێ بۆ نموونە گشت خەڵکی وڵاتێك دەسەڵاتێکی یەکسانیان هەبێ. بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا ئازادی دەشێ وەدەست بێ. زانیاریی تەواو لەسەر یاسا وادەکات هەموو خەڵك ئازاد بن [٣٣].

خەڵکانێکی زۆر "ڤۆڵتێر" پێش هەموو شتێك بە ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن، و بێگومان ئەو بەشێکی زۆری ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ململانێ لەگەڵ هەندێ بیروباوەڕ و ڕێوڕەسم و بۆچوونی خورافی.

"ڤۆڵتێر" بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر شارستانیەتی میللەتان ئەنجامی داون تیۆرگەلێکی لەبارەی چۆنیەتی شێوازی گۆڕان لە زانستەکان، هونەر، تەکنیك و پیشەسازی و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی تر خستۆتە ڕوو کە گوزارشت لە وردبینیی تۆژەرانەی ئەو سەبارەت بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی سەرهەڵدانیان دەکات. "ڤۆڵتێر" زۆر دژی جەنگە و دەیخستە ڕیزی تاوانە هەرە گەورەکان. کاتێك نەتەوەیەك هێرش دەکاتە سەر نەتەوەیەکی تر هەوڵی پاساو بۆ هێنانەی دەدات [٣٣].

ئەو سەرەڕای ئەوەی ڕەخنە دەگرێت؛ بەڵام سەبارەت بە بارودۆخی دونیا لە داهاتوودا زۆر گەشبینە.

"ڤۆڵتێر" هەم ڕەخنەگرە و هەم چاکساز و چاکەکار. ئەوەی زیاتر ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی دەردەخات ئەو ڕەخنانەیە کە لە بوارە جیاجیاکاندا دەری بڕیوە. ئەو دژی دەمارگیریی باوە ئایینییەکانی کۆمەڵگای ئەوروپا (کە پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاست بوون) بوو و گاڵتەی بە قسەی زانایانی ئایینی مەسیحی دەکرد. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی بە کوفر و ئیلحاد تاوانباری

بکەن. ئەو کە لە ڕێی لێکۆڵینەوەی سەفەرنامەکان و زانیاریی تەرەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ژیانی میللەتان و شارستانییەتە جیاجیاکاندا هەبوو، لە نووسینەکانیدا سوودی لەو زانیاریانە وەرگرتووە.

زەحمەتە بتوانین "ڤۆڵتێر" بە بەرگریکەر لە جۆرێکی تایبەتی حکومەت لەقەڵەم بدەین. سەرەڕای ئەوی تا ڕادەیەك مەیلی بۆ حکومەتی کۆماری هەبووە، لە هەمان کاتدا ڕەخنەشی لێگرتووە. بە بڕوای ئەو «کۆماری» یەکێتیی نەتەوەیی لەناو دەبات، چونکە لەم جۆرە حکومەتەدا خەڵك لە ناو گرووپی بچووکدا کۆدەبنەوە، و تەنانەت ئەگەر ناکۆکییەکیش لەنێوانیاندا سەرهەڵنەدات، خەڵك ناتوانن حوکمی خۆیان بکەن. کۆماری بەشێوەیەکی گشتی حکومەتێکی کاتییە و هەر لەبەر ئەوە وڵات سەقامگیرییەکی پێویست بەخۆیەوە نابینێ. کۆماری تایبەتە بە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، چونکە بەرهەمی هاوبەندیی گرووپە خزمایەتییەکانە. لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، حکومەتی کۆماری ئیعتیباری خۆی لەدەست دەدات. لە هەمان کاتدا، ئەو ناتوانێت بەو ئەنجامە بگات کە کام جۆری حکومەت گونجاوترە، و ڕادەگەیەنێت کە ئەمە باسێکی زۆر کۆنە و هەر گرووپ و دەستەیەکی کۆمەڵگا حەزی لە جۆرێکی حکومەتی تایبەت هەیە. دەوڵەمەندان حەزیان لە حکومەتی ئەرستۆکراسییە و چینەکانی ناوەڕاست حەزیان لە حکومەتی کۆمارییە.

## جان جاك ڕۆسۆ

"جان جاك ڕۆسۆ" (J. J. Rousseau) (١٧١٢-١٧٧٨) فەیلەسووفی ناودار لەو کەسانەیە کە هزرەکانی لە بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و پەروەردەییە جیاجیاکان لە سەدەی ١٨دا و دواتر لە ئەورووپا کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە. "ڕۆسۆ" لە "جنێڤ" لەدایکبووە و ژیانێکی سەختی بردۆتە سەر؛ ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرهەمەکانیدا هەبووە. تا



نزیکەی تەمەنی چل ساڵی بەرهەمێکی ئەوتۆی "ڕۆسۆ" بڵاونەکرابۆوە و ناوبانگی ئەو کاتە دەستی پێکرد کە لە پێشبڕکێ و چالاکییەکانی یەکێك لە کۆمەڵە ئەدەبییەکانی فەرەنسادا بەشداری کرد. لە دانیشتنی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە "ڕۆسۆ" نامەیەکی لەبارەی هۆیەکانی یەکسانیی خەڵك نووسی و هۆیەکەشی گێڕایەوە بۆ مەیلی ژیانی سەرەتایی بۆ شارستانیەت. لە بیروڕاکانی "ڕۆسۆ"دا جەخت لەسەر مەسەلەی ئازادیی مرۆڤ و یەکسانبوونی مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتیدا و بەبێ بوونی هیچ جۆرە ئیمتیازێکی تاکەکەسی و چینایەتی، کراوە.

بە بڕوای ئەو بە مەبەستی گەڵاڵەبوونی ڕێکخستنی حکومی و کاروبارە سیاسییەکان ئەندامانی کۆمەڵگا پەیمانێکیان لەگەڵ یەکتردا بەستووە و دەستەیەکی فەرمانڕەوایان بەسەر کۆمەڵگادا باڵادەست کردووە. لەم بارودۆخەدا تاکەکەسان لەبەرامبەر کۆمەڵگادا یەکسانن و شوێنکەوتەی ئەو یاسا بڕوانەن کە خۆیان دایانهێناون. لەبەر ئەوەی ویستی حاکم بەرەنجامی ویستی ئەو تاکەکەسانەیە کە دایانهێناوە، کەواتە لە ڕاستیدا تاکەکەسان پەیڕەوی لە خۆیان دەکەن. لە لایەکی تەرەوە یاسا دروستکراوی دەستی دەستەی فەرمانڕەوایە، واتە خەڵك و کەواتە هەموویان دەبێ ملکەچی بن.

بەپێچەوانەی "ڤۆڵتێر"، "ڕۆسۆ" لە هەموو حاڵەتەکاندا «کار» دەخاتە پێش «فکر»ەوە. بە ڕای "ڕۆسۆ" ئەو کاتە «دادگەری» دێتە کایەوە و خەڵك دەکەونە بارودۆخێکی «یەکسان»ەوە کە ئەو یاسایانەی هەن لەناو بچن و زەمینەی هاتنە کایەوەیان بڕەخسێ. "ڕۆسۆ"ش وەکو زۆربەی فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەیەم دژی ئەو ڕێوڕەسمە ئایینی و دابونەریت و عادەتانە بوو کە ئەهلی کلێسا دایانهێنابوو و دەیگوت دەبێ ئارام بگرین تا تاکەکەس خۆی، ئایینی خۆی هەڵدەبژێرێ.

"ڕۆسۆ" جیاوازی دادەنێت لە نێوان چەمکی «حاکم» کە مەبەست لێی خەڵك گشتی و چەمکی «حکومەت» کە لە ژمارەیەکی کەمی تاکەکەسان پێکدێت. بە بۆچوونی ئەو حکومەت دەبێ ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات کە حاکم بڕیاری لەسەر داوە. ئەو دەسەڵاتی یاسادانان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن جیادەکاتەوە. بەو بۆچوونە تایبەتە کە بۆ حکومەت هەیەتی ئەو کاتە بە ڕاست و ڕەوای دەزانێت کە ئەم هەلومەرجەی خوارەوە بێتە کایەوە:

- حکومەت لە ویستی گشتییەوە سەرچاوە بگرێ و بە هەڵبژاردن بێ،
- تاکەکەسان بتوانن بە یەکەوە دانیشن و باس و مشتومڕ لەسەر کاروبار و کێشەکانی خۆیان بکەن و بە کورتی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەن،
- نابێ هیچ گروپێك وەك نێوانگیر لە نێوان خەڵك و دەزگای حکومەت هەبێ.

لە بارەی شارستانیەت و ژیان لە کۆمەڵگادا پێیوایە کە شارستانیەت ژیانی مرۆڤی لە حاڵەتی سادە و سروشتی (کە سەرەتا وا بووە) بردۆتە دەرەوە. تاکەکەسان لە ژێر کاریگەریی پەروەردەی هەڵەوە بەرەو ڕێگای هەڵە دەڕۆن، لە ئەنجامدا ئەخلاقی مرۆڤ لەناو دەچێت و هەر لەبەر ئەمە مرۆڤ لە پلەوپایەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتییەوە دێتە خوارەوە. "ڕۆسۆ" دان بەو خاڵەدا دەنێ کە مرۆڤەکان لە دۆخی سروشتیشدا جیاوازییەکیان هەیە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەم جیاوازییە زۆر گرنگ نییە. لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ خەیاڵی لای دوو شتە: دڵسۆزی سەبارەت بە ئەوانی تر و پاراستنی خۆی. لەبەر ئەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا زۆر نین بە ئاسانی پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات و کەواتە پاراستنی خۆ زۆر ئاسانە. لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی ڕەفتاری ئەو بەستراوەتەوە بە سروشتی سەرەتایی ئەوەوە بۆیە مەیلی دەستدرێژیکردن و خراپەکاری لەگەڵ



ئەوانی تردا لە ناخیدا جێگیر نەبووە. لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیەتدا، تاکخوازی جێگەی هاوکاری دەگرێتەوە، کرێکار و خاوەنکار سەرهەڵدەدەن، مرۆڤ بەدوای بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیدا دەگەڕێ، گونجان زۆر زەحمەت دەبێ، بازنەی جیاوازییەکان گەورە دەبێ، یاسا و بەرپرسانی دەوڵەت دەست لە پەیوەندیی نێوان خەڵك وەردەدەن و...سەرەنجام مرۆڤ وردە وردە لە سروشت دوور دەکەوێتەوە و زیاتر دەکەوێتە ناو گەندەڵکارییەوە. "ڤۆڵتێر" کە دژی ئەم بۆچوونانە بوو ڕەخنەیەکی توند و تەنانەت گاڵتەجاڕانەشی لە "ڕۆسۆ" گرتووە.

"ڕۆسۆ" وردە وردە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە گەڕانەوە بۆ دۆخی سەرەتایی بەکردەوە نەشیاوە و لەو ڕووەوە هەوڵی دەدا بتوانێت ڕێگەگەلێك بۆ تێکەڵکردنی هەر دوو دۆخی سەرەتایی و شارستانیەت بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئازادیی سەرەتایی بێتەکایەوە و لە هەمان کاتدا مرۆڤ سوود لە دەستکەوتەکانی شارستانیەتیش وەرگرێت. تیۆرەکانی "ڕۆسۆ" لایەنی دەروونیان هەیە. ئەو چارەنووس و ڕەچەڵەکی مرۆڤی بە پاك و بێگەرد دادەنا کە بە هۆی شێوازی پەروەردەی هەڵەوە پاکی و سیفەتی سەرەتایی خۆی لەدەست داوە. ئەو لە کتێبی *ئەمیل*دا شێوازی پەروەردەی خۆی لەسەر بنەمای ئازادیی فیکر، ڕێزگرتن و گەورەیی پلەوپایەی مرۆڤ داڕشتووە. "ڕۆسۆ" دەیگوت دەبێ واز لە منداڵ بێنین بۆ ئەوەی سیفەتە ئیجابی و باڵاکانی تیایدا دەربکەون، هەروەها هەوڵی دەدا مرۆڤ بگێڕێتەوە بۆ دۆخی سروشتی یان سەرەتایی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێت بە بەختەوەیی ڕاستەقینە بگات. بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێگەی دۆزیوەتەوە: ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە ڕێی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە، و پەروەردە و فێرکردن.

لە ڕاستیدا هەموو بیروڕاکانی "ڕۆسۆ" لە دەوری ئەم دوو خاڵەی سەرەوە دەخولێنەوە. بنەمای بیروڕا کۆمەڵایەتییەکانی "ڕۆسۆ" لەم کتێبانەدا

خراونەتە ڕوو: *هێلویزی نوێ* کە لـە سـاڵی ١٧٦١ بڵاوکرایـەوە، *ئـەمیل* کـە دەربارەی پەروەردە و فێرکردنە (١٧٦٢)، *گرێبەنـدی کۆمەڵایـەتی* (١٧٦٢)، *دانپیانانەکان* کە دوای مردنی "ڕۆسۆ" چاپ کرا.

بەشی نۆیەم

# هزرە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەدا

لەم سەدەیەدا کۆمەڵناسی وردە وردە پەرەی سەند و کۆمەڵناسان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تا ڕادەیەك بەدوور لە فەلسەفە دەستیان دایە لێکۆڵینەوە. پەرەسەندنی کۆمەڵناسی هاودەم بوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە قووڵانەی کە لەو سەدەیە بەدواوە لە دونیادا سەریانهەڵدا. مەسەلەی وەکو پەرەسەندنی پیشەسازی، کێبڕکێی بازرگانی، کێشەی کرێکاران، کۆچکردن بەرەو شارەکان، ئایدیۆلۆژیا نوێیەکان، زۆربوونی دانیشتوان و... وای کردووە کە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی بە جیدی پێویست بێت. لەم بەشەدا چاوێك بە بیروڕاکانی چەند فەیلەسوف و بیرمەندێکی ناودار و کۆمەڵناسانی سەرەتاییدا دەخشێنین.

## سان سیمۆن

فەیلەسووفی ناوداری فەڕەنسی "کلود هانری دو سان سیمۆن" (C. H. de Saint Simon) (١٧٦٠-١٨٢٥) مامۆستای "ئۆگست کۆنت"، دامەزرێنەری کۆمەڵناسی بوو. ("ئۆگست کۆنت" لە درێژایی ساڵانی ١٨١٧-١٨٢٤ وەك سکرتێر لای "سان سیمۆن" کاری دەکرد). ئەو ژیانێکی زۆر پڕ لە موغامەرەی بە تایبەت لە نیوەی یەکەمی تەمەنیدا بەسەر برد. ماوەیەك خەریکی ئەندازیاری و پزیشکی بوو و دواتر بە هۆی تێکەڵاوبوونی



بە هەندێ خەڵکی هاوسەردەمی خۆی ڕووی لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کرد و تا کۆتایی تەمەنی خەریکی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە بوو لەم بوارەدا [٤٣].

"سان سیمۆن" وای بۆ دەچوو کە ناتوانین ئەو تیۆرانەی لە سەدەکانی ڕابردوو و بەتایبەت لە سەدەی هەژدەهەم خراونەتەڕوو پەسند بکەین. سەدەی نۆزدەهەم خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە و پێویستی بە تیۆرگەلێکی نوێ هەیە. لەم سەدەیەدا دەبێ ڕەخنە وەلا نێین و لە ڕێی پیشەسازییەوە دەست بدەینە بنیاتنانەوە. سەردەمی زێڕینی شارستانیەت لە پێشمانەوەیە، نەك لە پشتمانەوە. بە بۆچوونی "سان سیمۆن" ئەرکی کۆمەڵگا زاڵبوونە بەسەر تاکەکەس و سروشتەوە. لە کۆمەڵگادا بیروباوەڕ و بیروڕای بەکۆمەڵ و هاوبەش هەیە و یەکێك لە هێزەکانی بەیەکەوە بەستنەوەی تاکەکەسان لە کۆمەڵگادا ئەخلاقە.

ئەو لە کتێبی *ڕێکخەر* کە لە ساڵی ١٨١٩ بڵاوکرایەوە تیۆرەکانی خۆی لەبارەی توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیانی نووسی کە هەندێ دژی وەستان. لە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی خۆیدا دەیگوت با وادابنێین وڵاتی فەڕەنسا لە ناکاو پەنجا فیزیازان، پەنجا کیمیازان، پەنجا فیزیۆلۆژیست، پەنجا بەڕێوەبەری بانك، دووسەد بازرگان و شەش سەد جوتیاری خۆی لەدەست بدات و ئەمانە لە باشترین پسپۆری بواری خۆیان بن. لەو دۆخەدا وڵاتی فەڕەنسا دەبێتە جەستەیەکی بێ گیان و هەست بە لاوازی دەکات. بەڵام ئەگەر زانایانی خۆی بپارێزێ، و لەبەرامبەر ئەمەدا ژمارەیەکی زۆری ڕاوێژکاران، وەزیر، مارشاڵ، کاردیناڵ، مەتران، پارێزگار، قایمقام، ئەندامی وەزارەتەکان، موڵکدارەکان، ئەرستۆکرات و خاوەن سەرمایەکانی لەدەست بدات، تەنانەت لەناوچوونی سێ هەزار کەسیش لەوانە، کۆمەڵگا ڕووبەڕووی هەرەسهێنان ناکاتەوە. بەرپرسانی سیاسی و ئیداری بە ئەندازەی ڕێکخراوە ئابووری و زانستییەکان و توێژە بەرهەمهێنەرەکان بەسوود نین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەمایە دەبێ بونیادی سیاسیی دەوڵەت بگۆڕێت بۆ بونیادی ئابووری.

"سان سیمۆن" بە پشتبەستن بەم بەڵگەهێنانەوەیە کۆمەڵگا بۆ دوو بەش دابەش دەکات. ئەو پێیوایە، چینی بەرهەمهێنەر کە ئابووریی کۆمەڵگا هەڵدەسووڕێنێ دەبێ هەڵسووڕاندنی کاروباری سیاسیش لە ئەستۆ بگرێت. بە ڕای ئەو گونجاوترین کەس بۆ ئەم کارە خاوەن کارگەکانن. لەبەر ئەوەی ئەمانە لە بەڕێوەبردنی کارگەکەیان سەرکەوتوو بوونە دەتوانن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاشدا سەرکەوتوو بن. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە بەڕوای "سان سیمۆن" هەر تەنیا خاوەن کارگەکان گرووپی بەرهەمهێنەر نین. بەڕێوەبەرانی بانك، جوتیاران و بازرگانانیش لەم گرووپە حسێب دەکرێن [٤٣]. ئەو دوو چینەی "سان سیمۆن" بایەخیان پێ دەدات. بریتین لە:

- چینی چالاك، کە کرێکاران، پیشەوەران، جوتیاران، زانایان و هونەرمەندان دەگرێتەوە.
- چینی ناچالاك، کە بەرپرسانی حکومەت و توێژە فەرمانداره‌کان دەگرێتەوە.

بە ڕای "سان سیمۆن" بنەماکانی کۆمەڵگای نوێ لەسەر پیشەسازی دامەزراوە و گشت کۆڵەکەکانی کۆمەڵگا دەبێ بۆ ئەوە ئیش بکەن کە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی گونجاو لەگەڵ پیشەسازی بێننە کایەوە. لەم کۆمەڵگایەدا دەسەڵاتی جەستەیی و فانی هی پیشەوەرانە و دەسەڵاتی ڕۆحی هی زانایانە. ئەو بایەخێکی زۆر بە مەسەلە ئەخلاقییەکان دەدات، و پێیوابوو بەبێ ڕەچاوکردن و پەیڕەویکردن لە بنەما و پێوەرە ئەخلاقییەکان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەو یارمەتیی لە بیروباوەڕی ئایینی وەردەگرت بۆ چەسپاندنی ئەم ئامانجە و لە کتێبی *مەسیحییەتی نوێ*دا پێیوایە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ پێویستی بە بوونی مەرجەعێکی ڕۆحانی و ئایینیی تایبەت هەیە کە بتوانێت جێگەی کلێسا بگرێتەوە.

شوێنکەوتوو و قوتابیانی "سان سیمۆن" وەکو "ئارمان بازار" (A. Bazard) (١٧٩١-١٨٣٢) و "ئەنفاناتن" (Enfanatin) (١٧٩٦-



١٨٦٤)، بیروڕاکانی "سان سیمۆن"یان بە پوختە و پەراوێز و ڕوونکردنەوە لە بەرگێکدا بە ناوی *دەربڕینی بیروڕاکانی سان سیمۆن* دا بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە بەگشتی ئەم بنەما یان ئەنجامانە دەگرێتە خۆ:

- پێویستە دژی تەمبەڵی و بێکاریی تاکەکەسان لە کۆمەڵگادا بوەستین،
- پێویستە موڵکایەتی تایبەتی زۆر سنووردار بکرێ و دەوڵەتەکان دەستیان لە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سەروەت و ساماندا هەبێ،
- دەبێ سووی پارە و کرێ قەدەغە بکرێ،
- پێویستە مافی میرات نەمێنێ و موڵکەکان دوای مردنی خاوەنەکانیان ببنە هی دەوڵەت،
- گرووپە پیشەوەرە جیاجیاکان دەبێ دەستیان هەبێ لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و وڵاتدا،
- پێویستە ڕێنماییکردنی کۆمەڵگا لە دەستی گرووپێکی سەربژاردەدا بێ کە پسپۆرە بەرزەکان دەگرێتەوە.

بە گوێرەی ئەم بیروباوەڕانە و حاڵەتی دیکەوە "سان سیمۆن" و شوێنکەوتووانی دەخەنە ڕیزی سۆسیالیستەکانەوە. هەندێکی تریش "سان سیمۆن" بە ئایدیالیست و کاریگەر بە فەلسەفەی مێژوو لەقەڵەم دەدەن. "سان سیمۆن", بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوسا واتە کاتێك فەرەنسا دووچاری ئاڵۆزی و ئاژاوەی دوای شۆڕش ببووەوە، باسی چوارچێوەیەك دەکات و پێشنیار دەکات کە دەبێ ئامانجی سەرەکیی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شتانە بێ کە بۆ هەمووان بە سوودە. موڵکایەتی دەبێ بەشێوەیەك بێ کە خاوەنەکەی هەوڵی لێخەوتان یان چاککردن و زیادکردنی بدات. بناغەی موڵکایەتی لە سیستمی کاستدا لەسەر هێز و دەسەڵات دامەزراوە، لە کاتێکدا موڵکایەتی نوێ دەبێ لەسەر بنەمای کار دامەزرابێ، و دابەشکردنی سامان بە گوێرەی واقیعی شتەکان و بەهای کار و ئامادەباشییەکان بێ.

یەکێك لە قوتابییە بە تواناکانی واتە "ئارمان بازار" بڕوای وابوو کە چینی کرێکاری ئێستا، پاشماوەی چینی خواروو و نزمی جارانە. واپێدەچێ هەژاریش بە میرات بگوازرێتەوە. ئەوەی خۆی هیچی نییە هەمیشە لە لایەن ئەوانی ترەوە بەرهەمەکەی خوراوە و ئامرازێك بووە بۆ پێشکەوتنی ئەوانی تر. هەروەها سامانیش بۆماوەییە. ئەوانەی توانایان نییە، لە ڕێی میراتەوە دەبنە خاوەنی سەروەت و سامانی زۆر و بێسنوور و بەبێ ماندووبوون بە ئارامی و خۆشگوزەرانی دەگەن و وەکو کۆیلە هەڵسوکەوت لەگەڵ چینی کرێکاردا دەکەن. "بازار" سەرەنجام بە پەیڕەویکردن لە بیروڕاکانی مامۆستاکەی بەو ئەنجامە گەیشت کە بۆ کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە پێویستە مافی میرات سنووردار بێ و باج لەسەر میرات دابنرێ.

"پییێر دوکاسێ" (P. Ducassê) بەم شێوەیە حوکم لە سەر بیروڕاکانی "سان سیمۆن" دەدات [٣٤]: «لە زەینی سان سیمۆندا ڕەوتە ئایینی و زانستی و سیاسییەکان تێکەڵ بە یەکتر دەبن و پێکهاتەیەکی داهێنەرانە دروست دەکەن و هەڵبەت بە بۆچوونێکی ڕێکوپێك و ڕۆشن ناگەن، بەڵام بەهۆی بینینەکانی ئەم زەینە پڕ لە جۆش و خرۆشەوە چەند بۆچوونێکی گشتی دێنە دەست کە سەرەکیترینیان بریتین لە یەکگرتوویی زانست و گەشەکردنی ڕۆحی مرۆڤ و ئاشتیی پیشەسازی».

بیروڕاکانی "سان سیمۆن" و شوێنکەوتووانی بووە هۆی هاتنە کایەی قوتابخانەی ئابووریی «سان سیمۆنیزم» کە داکۆکی لەسەر دژایەتیکردنی مۆڵکایەتی تایبەتی دەکات. بەڵام ئەم قوتابخانەیە زۆر بەردەوام نەبوو و سەرەنجام گۆڕا بۆ بزاڤێکی نیمچە ئایینی، کە لە ساڵی ١٨٣٣ لەناوچوو و لایەنگرانیشی لە دادگاکانی فەرەنسادا دادگایی کران.

## هێگڵ

بیرمەند و فەیلەسووفی گەورەی سەردەمی ڕۆمانتیکی ئەڵمانیا، "ویلهێلم فریدریك هێگڵ" (W. F. Hegel) (١٧٧٠-١٨٣١) لێکۆڵینەوەکانی خۆی



لە زمانی لاتینی و یۆنانی و زانستە سروشتییەکان و ماتماتیك دەسپێکرد. یەکەم بەرهەمی لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا بڵاوکرایەوە. بە هۆی ناوبانگەکەیەوە کە لە ئەڵمانیا وەدەستی هێنابوو چووە زانکۆی بەرلین و وانەی فەلسەفەی دەگوتەوە.

ئەو «لۆژیکی دیالێکتیك»ی کردبوو بە بناغەی فەلسەفە و ڕوانگەی کۆمەڵایەتیی خۆی. دیالێکتیکی ئەو لەسەر بنەمای دژایەتیی ناو شتەکان دامەزرابوو. بە ڕای "هێگڵ" ناتوانین وێنای هیچ چەمکێك بکەین کە لە هەمان کاتدا چەمکە دژەکەشی نەبێت و لێرەشەوە جووڵە دەست پێدەکات. بە بۆچوونی ئەو دیالێکتیك جۆرە میتۆدێکی بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکییە هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پێشووتر و بە پێی ڕۆحی کێشەکان ڕێکخراوە. بە گوێرەی ئەم لۆژیکە "هێگڵ" بەو ئەنجامە دەگەیشت هەر ناکۆکییەك کە لە دونیا لە حاڵەتێکی تایبەتدا هەیە دیالێکتیك دێنێتە کایەوە و دەتوانین لەم ڕووەوە لێی بکۆڵینەوە. ئەم دیالێکتیکە لەسەر سێ بەش (تێز، ئەنتی تێز و سێنتێز) دامەزراوە. هەر شتێکی سادە یان دیاردەیەك (تێز)، ڕووبەڕووی فاکتەری تر دەبێتەوە (ئەنتی تێز)، و لە ئاوێتەبوونی ئەم دوو حاڵەتەی پێشوو دۆخێکی تازە دێتە کایەوە (سێنتێز). "هێگڵ" ئەم لۆژیکە بە شتێکی حەتمی دادەنێت لەناو هەموو کاروبارەکانی دونیادا و کاتێك لە ساڵی ١٨٢١دا کتێبی *فەلسەفەی هەقی* بڵاوکردەوە بناغەی ئەم باسەی بە میتۆدی دیالێکتیکی و بە گوێرەی ئەم دابەشکردنە ئەنجام دا: خێزان (وەك تێز)، کۆمەڵ وەك (ئەنتی تێز)، و دەوڵەت وەك (سێنتێز).

هەموو تاکەکەسێك لە خێزاندا پەروەردە دەبێت، کە یەکەم «یەکە»ی کۆمەڵایەتییە. سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی سروشتییەوە ژیانی تاکەکەس لە ناو خێزاندا دروست دەبێ، بەڵام ژیانێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ ئەوەی ئازادی و موڵکایەتیی خۆیان بپارێزن، لە کۆمەڵدا بەشدار دەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەت بە مانا ڕاستەقینەکەی بوونی نییە ئەوان هەست

بە ئازادی و دڵنیایی ڕاستەقینە ناکەن و جۆرە تاکگەراییەك بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە. کاتێك ڕۆژکاری تاکگەریێتی بەسەربچێ و دەسەڵاتی بێسنووری خێزانیش کەم ببێتەوە، و هەستی پێویستیی بوونی دەسەڵاتێکی گشتیش لەنێوان خەڵکدا بێتە کایەوە، دەوڵەت دێتە کایەوە و لەو ڕێیەوە هەموو دەتوانن بە ئازادیی ڕاستەقینە بگەن. دیالێکتیکی هێگڵ زیاتر لە لایەن مارکسیستەکانەوە بایەخی پێدرا، بەڵام بەشێوەیەکی تر سوودیان لێوەرگرت. بنەمای فەلسەفیی "هێگڵ" لە سەر ڕۆح و ئاراستەی ڕۆحی دامەزراوە، و مەبەست لەوە لێکۆڵینەوەیە لە ئاراستەی جموجۆڵێك یان ڕەوتێك کە بەشێوەیەکی دەروونی و ڕۆحی مرۆڤ بەرەو ناسینی جیهانی دەرەوە ڕێنمایی دەکات. لە راستیدا "هێگڵ" دەیەوێ فەلسەفەی ڕۆحیی ئادەمیزاد دەستنیشان بکات. بە ڕای "هێگڵ" مرۆڤ لە سەرەتادا لە ژێر حەز و غەریزە سەرکێشەکانیەتی و شارستانیەت تواناکانی مرۆڤ دەگۆڕێت. ئەو بایەخ بە سەرچاوەی کۆمەڵایەتیی ئەخلاق و پێوەرەکانیشی دەدات. مرۆڤ پێویستی بە هاوکاری و یارمەتیدانە و بۆ گونجان لەگەڵ کۆمەڵگا و سوودوەرگرتن لە دامەزراوەکانی پەیڕەوی لە پێوەرە ئەخلاقییەکان دەکات.

"هێگڵ" لەو فەیلەسووفە یەکەمانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی باسی هونەری کردووە و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئاشکرا دەکات، بە ڕای ئەو هونەر بریتییە لە ئاشکراکردنی ڕاستییە زاتییەکان بەهۆی شوێنەوارە هەستییەکان و ئەم کارە خۆی جۆرە لێکدانەوەیەکی تێروتەواوی سروشتە. ئەو پێیوایە هونەر سەفا بە سۆز و هەستی مرۆڤ دەبەخشێ و لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە بایەخداری دەزانێ. پەیوەندیی هونەر بە مەسەلە ڕۆحانی و ئایینییەکانیش فەرامۆش ناکات و بە تایبەت پێی وایە هونەری ڕۆمانتیك لە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی ئایینی دایە.

"هێگڵ" ستایشی دەوڵەت دەکات و پێیوایە ئامانجی کۆتایی دەوڵەت بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە، و هەر چەند دەوڵەت بەهێزتر و لە هەندێ حاڵەتدا زۆردارتر بێت بە ڕای ئەو ئیعتیباری زیاتری هەیە. بە بڕوای ئەو، ئەرکی



تاکەکەس ئەوەیە پەیڕەوییەکی تەواو لە دەوڵەت بکات و لە کاتی پێویست پارێزگاری لێبکات. تاکەکەس بەبێ وابەستەیی بە کۆمەڵگاوە نرخێکی نییە و بە بەشێکی کۆمەڵگا حسێب دەکرێت. لە ڕێبازی "هێگڵ"دا تاکەکەس لە بەرامبەر دەوڵەتدا بە هیچ دانانرێ و پێویستە تاکەکەسان وەك وەسیلەیەك - نەك بنچینەیەك- بۆ گەیشتن بە ئامانجی دەوڵەتان لەقەڵەم بدرێن. هەڵبەتە چەمکی "هێگڵ" بۆ وشەی دەوڵەت زۆر بەرفراوانە و چەندین لایەنی سیاسی، تەکنیکی، هونەری و ئایینی جۆراوجۆر دەگرێتەوە. لە ڕاستیدا دەوڵەت جۆرە ئاوێتەیەکی کولتووریی توخمە مادی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگایە کە بۆ کاری یەکێتی پێ بەخشین و وەدەستهێنانی هەست و مەعریفەی گشتی بەکەڵك دێت. بە ڕای "هێگڵ" ئەم دەوڵەتە ئامانجی خواوەند بۆ بنیاتنان و ڕێکخستنی کاروباری دونیا دەچەسپێنێ، لایەنی یەزدانی وەردەگرێ و دەبێتە نوێنەری خواوەند بۆ حوکمکردن لە دونیادا. بە بڕوای "هێگڵ" هەر دەوڵەتێك لە هەر کاتێکدا بەشێك لە ئامانجەکانی دەوڵەتە ڕاستەقینەکان جێبەجێدەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای ماوەیەك بەرەو کۆنەپارێزی دەڕۆن، وردە وردە سیستمێکی تر سەرهەڵدەدات و پەرەدەستێنێ. لە نێوان دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان ناکۆکی لێرەوە دەست پێدەکات.

ئەو خاڵەی لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە گرنگە، بڕوای "هێگڵ"ە بە بوونی جۆرە کۆویژدانێك کە بە گوێرەی ئەوە تاکەکەس دەخاتە بەرامبەر کۆمەڵگا و دەوڵەت و نفووزەکەیەوە و ئەمە هەمان ئەو بابەتەیە کە دواتر لەلایەن "دورکایم" لێی کۆڵدرایەوە و بە یەکێك لە بنەماکانی کۆمەڵناسییەکەی دادەنرێ.

"هێگڵ" لە ڕوانگەی فەلسەفەی مێژووەوە، پێیوایە ئازادی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا هاتووە و لەو ڕووەوە باسی دەکات و بەو ئەنجامە دەگات کە شارستانیەتی ڕۆژهەڵات لە قۆناغی منداڵیدا، شارستانیەتی یۆنانی لە قۆناغی لاویدا و شارستانیەتی ڕۆمانی لە حاڵەتی پیری دایە و

تەنیا لە ئەڵمانیا شارستانیەت و مێژوو بە قۆناغی پێگەیشتوویی دەگات و حاڵەتێکی گشتی وەردەگرێ.

"هێگڵ" پێیوایە مێژوو ڕەوتێکی تایبەتی هەیە و حەتمییەتی مێژوویی بە بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگا مرۆییەکان دادەنێت و بۆ سەلماندنی تیۆرەکانی خۆی پشت بە بەشێکی مێژووی ئەوروپا بە تایبەت ساڵانی ١٥١٥-١٧٨٩ دەبەستێ. ئەو بە توندی ڕەخنە لە مێژوونووسانی پێشوو دەگرێ لەبەر ئەوەی لە جیاتی نووسینەوەی واقیعەکان، ئەفسانان دەگێڕنەوە.

لە فەلسەفەی "هێگڵ"دا ئەوەی بەرچاو دەکەوێ ئەو ڕێز و بەها بێ وێنەیەیە کە بە دەسەڵات و باڵادەستیی دەبەخشێ و هەمیشە هەق دەدا بەو کەسەی کە بەسەر ئەوانی تردا زاڵە. ئەم بۆچوونەش بۆتە هۆی ئەوەی ستایشی هەموو ئەو کەسانە بکات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خاوەنی دەسەڵات و نفووز بووینە. دەتوانین "هێگڵ" بە یەکێك لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی ئەڵمانیا لە سەدەکانی ١٨و ١٩ دابنێین. ناوبراو خەڵکی ئەڵمانیا بە نموونەی کاملّی دەرکەوتنی ڕۆحی نەتەوەیی لەقەڵەم دەدا. "هێگڵ" چەندین بەرهەمی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە ئەنسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکان، لۆجیك، ناسینی شوێنەوارەکانی ڕۆح و فەلسەفەی حەق.

## ئۆگست کۆنت

"ئۆگست کۆنت" (١٧٩٨-١٨٥٧) داهێنەری وشەی «کۆمەڵناسی» و بە دامەزرێنەری ئەم لقە دادەنرێ. کاتێك "ئۆگست کۆنت" لە قوتابخانەی پۆلی تەکنیك دەرچوو دەستی کرد بە وتنەوەی بیرکاری. لە ساڵی ١٨١٧ تا ساڵی ١٨٢٤ قوتابی و سکرتێری "سان سیمۆن" بوو. لە ساڵی ١٨٢٦ لە یەکێك لە وانەکاندا وانەی دەگوتەوە و پەرەی بە فەلسەفە پۆزێتیڤەکەی دەدا. لەگەڵ جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی و لەدەستدانی نازناوی «کۆنت»، لە ساڵی ١٨٤٨ تا کاتی مردنی بە هۆی کەوتنە بارودۆخێکی دارایی سەختەوە



لەلایەن هەندێ لە هاوڕێکانییەوە یارمەتی دەدرا. تووڕە و تووشیی ئەو، بووە هۆی ئەوەی کە هەندێ لەو گرووپانەش وردە وردە لێی دووربکەونەوە و پەیوەندیان لەگەڵی بپچڕێت [١٨].

لە کۆمەڵناسیی فەرەنسیدا، بە تایبەت لە نێوان ئەو کەسانەی کە لەسەردەمی "ئۆگست کۆنت"دا دەژیان زۆربەی جار ناوی "تۆکڤیل" (A. de Tocqueville) (١٨٠٥-١٨٥٩)یش دێ. ئەو کە نووسەر و فەیلەسوف بوو لە ڕەهەندە جیاجیاکانی چەمکی دیموکراسیی کۆڵییەوە. ئەو پێی وابوو کە حەزی زۆر بۆ ژیانی تایبەتی مادی و بایەخدان بە کاروباری گشتی، یان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت یان «بە ئەتۆمیبوون یان پارچە پارچەبوونی» کۆمەڵگا و ئاژاوە دێنێتە کایەوە [٤٤].

"ئۆگست کۆنت" لەو یەکەم کەسانەیە کە هەستی بە پێویستبوونی هاتنەکایەی زانستێکی تایبەت بە ناسینی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان کرد و سەرەتا ناوی «فیزیای کۆمەڵایەتی» (Physique sociale) هەڵبژارد و وای ناساند کە زانستی شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە. "ئۆگست کۆنت" لە ماوەی ساڵانی ١٨٣٠ تا ١٨٤٢ بەرهەمی لێکۆڵینەوەی چەندین ساڵەی خۆی لە ژێر ناوی فەلسەفەی پۆزێتیڤ دا بڵاوکردەوە. لە بارەی ڕەوتی مێژوویی مەعریفە و زانینە مرۆییەکان، "کۆنت" لەو کتێبەدا ڕای گەیاند کە هزری مرۆڤ تا ئێستا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە. ئەم سێ قۆناغە بریتین لە [٤٥]:

- قۆناغی یەزدانی. لەم قۆناغەدا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بوونی خواوەند و ئەفسانە و شتی لەو بابەتە شرۆڤە (شرح) دەکرێن.
- قۆناغی میتافیزیکی، کە تیایدا هۆی شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان گشتیترن بەڵام [هێشتا] چاودێریکردن و ئەزموون و میتۆدی زانستی سەریهەڵنەداوە و بەڵگەهێناوە و لۆجیکێکی تایبەت بەسەر هزری خەڵکدا زاڵە. هۆکارە سەروسروشتییەکان (میتافیزیکییەکان) بە داهێنەری دیاردە و کاروبارەکان دادەنرێن.

- قۆناغی پۆزێتیڤ. لە قۆناغی پۆزێتیڤدا هۆی شتەکان بەگوێرەی چاودێریکردن و تاقیکردنەوەوە دیار دەکرێن و بیرورای پێش لێکۆڵینەوە ڕەتدەکرێنەوە و بواری بەڵگەهێنانەوەی زانستی دێتەکایەوە. ئەمە دوایین قۆناغە لە ڕەوتی هزری مرۆڤدا.

ئەو دەڵێ هزری مرۆڤ لە دوو قۆناغی یەکەمدا لە حاڵەتێکی وەهمی و خەیاڵاویدا بوو و لە قۆناغی سێیەمدا بە پلەی وەزعی یان زانستی گەیشتووە. هزر لە جیاتی بەستنەوەی دیاردەکان بە هۆکاری ناسروشتی دەست دەکات بە دروستکردنی پەیوەندی هۆ و ئەنجام و لە جیاتی خەیاڵکردن پشت بە چاودێریکردن و تاقیکردنەوە دەبەستێ. "کۆنت" بەهۆی خستنەڕووی چەند بەڵگەیەك، فەلسەفەی پۆزێتیڤی لە کۆمەڵناسیدا بەکاردەهێنا و دەیکردە بناغەیەك بۆ بەڵگەهێنانەوەی زانستی. لەو ڕووەوە چەندین ڕەخنەیان ئاراستەی ئەو کردووە.

"ئۆگست کۆنت" لە بەرهەمەکانیدا زانستەکان پۆلێن دەکات. ئەویش بەگوێرەی پێکهاتە و پلەی ئاڵۆزیانەوە: ماتماتیك، ئەستێرەناسی، فیزیا، کیمیا، زیندەوەرناسی و کۆمەڵناسی. کۆنت دەروونناسی بە زانستێکی سەربەخۆ نازانێت و پێیوایە کە بە یارمەتی زیندەوەرناسی و کۆمەڵناسی دەتوانین دیاردەکانی ژیانی دەروونیی مرۆڤ شیبکەینەوە. لەبەر ئەوەی بڕوای بە فەلسەفەی مێژوو هەبوو دەیگوت کۆمەڵناسی دوایین زانست و ئاڵۆزترینیانە. هەروەك چۆن زیندەوەرناسی زانستێکە چەندین بەش و لقی دیاریکراوی لێدەبێتەوە، کۆمەڵناسیش زانستێکە چەند بەشێکی وەکو مێژوو و سیاسەت و ئابووری و دەروونناسی و هی تریش دەگرێتەخۆ.

"ئۆگست کۆنت" بڕوای وابوو کە دەرکەوتنی دیاردە مێژووییەکان پەیوەندیان بە پێداویستییەکانی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ئەو تیۆرانەی لە شاهێدە مێژووییەکانەوە هەڵدێنجرێن پێویستە لەگەڵ یاسا گشتییەکانی سروشتی مرۆڤ هەڵبسەنگێنرێن [٣٩].



بە ڕای "کۆنت" دەتوانین پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بە جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ بشوبهێنین و ئەو گونجانەی لە نێوان ئەندامانی جەستەی مرۆڤدا پێویستە بۆ زیندوێتی و ساغی، لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگاشدا پێویستە هەبێ.

بە بۆچوونی "کۆنت" کۆمەڵناسی زانستێکە لە ڕەوتە فیکری و مەعنەوییەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و بە هۆی ئەوەوە کۆمەڵگا مرۆییەکان دەتوانن پێشبکەون. ئەو کۆمەڵناسی بۆ ئەم دوو بەشەی خوارەوە دابەش دەکات [٤٦]:

- کۆمەڵناسیی «ستاتیك» یا جێگیر کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان لە حاڵەتی جێگیر و سەقامگیریدا و تیایدا بارودۆخ یان دامەزراوە و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت لە ساتەوەختێکی تایبەتدا لێی دەکۆڵدرێتەوە و بابەتەکانیشی ئەمانەن: زمان، ئایین، موڵکایەتی و خێزان.

- کۆمەڵناسیی «دینامیك» یان گۆڕاو کە تیایدا لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی ناجێگیریدا دەکۆڵدرێتەوە. لەو ڕێیەوە یاسا گشتییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەدۆزێتەوە.

کاتێك دەچینە ناو بابەتەکانی هەر زانستێکەوە دەبینین بەسەر دوو جۆر دابەش دەبن، جێگیر و گۆڕاو. جێگیرەکان ئەوانەن کە پێویستییەکی وجودیی پێکهاتەی کۆمەڵگان و بەرپێوەچوونی پێکهاتەکە بەوەوە بەستراونەتەوە، هەروەها گۆڕاو یان دینامیکییەکان ئەو شتانەن کە پێویستییەکی گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵگان و پێشکەوتن بەوانەوە بەستراوەتەوە. بۆ نموونە زانستی جەستەی مرۆڤ لە دوو بەش پێکهاتووە زانستی شیکاری و زانستی فیزیۆلۆژی. زانستی شیکاری ناسینی پێکهاتەی جەستە دەگرێتەوە و گۆڕان و پەرەسەندنی جەستەیی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کەواتە شیکارناسی زانستی

لایەنە ستاتیکییەکانی جەستەیە و فیزیۆلۆژی زانستی لایەنە گۆڕاو و دینامیکییەکەیەتی.

بە ڕای "کۆنت" ئەوانەی دەڵێن، کۆمەڵ و کۆبوونەوەی مرۆڤ لەبەر ئەوە دامەزراوە چونکە تاکەکەسان سوودی خۆیانیان تێدا بینیوەتەوە راست نییە، چونکە تا کۆنەبوونەتەوە نەیان زانیوە سوودی چی بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ناخی مرۆڤدا دوو مەیلی خۆخوازی و ئەویترخوازی هەیە کە بەرهەمی سۆزەکانییەتی. یەکەمین بەرهەمی مەیلی ئەویترخوازی دامەزراندنی خێزانە. لەو پێکهاتە بچووکەدا مرۆڤ ڕووبەڕووی هاوکاری و سوودی گوێڕایەڵیکردنی کۆمەڵ بۆتەوە و بە هۆی خووگرتن پێیەوە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی ئامادە دەبێت. پێویستیی دابەشکردنی کاریش یارمەتی ئەم بیرۆکەیە دەدات و پێکهاتەی کۆمەڵگا پەیتا پەیتا فراوان دەکات تا دەگاتە ئەوەی کە بۆ ڕێکخستنی ئەم کاروبارانە پەنا بۆ دامەزراندنی حکومەت و دەوڵەت دەبەن.

هێنانەدیی کۆمەڵگا بەرهەمی هەستی ئەویترخوازیی مرۆڤە کە هێزی عەقڵیشی دێتە سەر و بەسەر هەستی خۆخوازیدا زاڵ دەبێت و لە ئەنجامدا وەکو چەشن(مرۆڤ)پەرستیی لێدەێت و هەر کەسێك مانەوەی چەشن بە بەردەوامی و مانەوەی شەخسی خۆی لەقەڵەم دەدات. جەوهەری ئەخلاق هەمان ئەویترخوازییە و ئەم جەوهەرە ئەخلاقییە بەهۆی پەروەردەی سۆزەکان و هێزی عەقڵانییەوە بەهێزتر دەبێت، و دواجار دەبینین پێشکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە زانستییەیدا دەگونجێت کە بتوانێت هەستی چەشنپەرستیی بەسەر خۆپەرستییدا زاڵ بکات.

"کۆنت" بەردەوام دەبێت و دەڵێت، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە کاروبارە کۆمەڵایەتییە پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیە و هەر شتێك کاریگەریی لەسەر یەکێك لە کاروبارەکان هەبوو کاریگەریی لەسەر ئەوانی تریش دەبێت و پێشکەوتنی هەندێ لایەن بەبێ پێشکەوتنی لایەنەکانی تر ناکرێ. ئەخلاق و بیروڕا و دابونەریت و یاساکان و دامەزراوەکان هەموویان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و گۆڕانیان بە یەکترەوە بەستراوەتەوە. ناتوانرێت کاروبارە



کۆمەڵایەتییەکان بە هێزی زۆرەملێ بگۆڕدرێن. بایەخدانی "ئۆگست کۆنت" بە ڕێژەییبوونی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی بیروڕاکانی. ئەو بڕوای بە هەستی کۆمەڵایەتیی هاوبەش هەبوو و پێیوابوو لێکۆڵینەوە لە فاکتە کۆمەڵایەتییەکان بە جیاواز و تاك تاکە، پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵناسی و پەیوەندیی نێوان بەشەکانی لەنێو دەبات. "ئۆگست کۆنت" بە پێچەوانەی ئەوەی کۆمەڵناسیی ئەمڕۆ دەیکات لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نموونەیی دەدا. ئەو دەیویست قۆناغی پۆزێتیڤی بە گشت خەسڵەتەکانییەوە لەو کۆمەڵگایەدا کە لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی مرۆڤدۆستی (هیومانیزم) و بە دەرە لە غەریزەی خۆخوازی پیادەبکات. لەم کۆمەڵگایەدا خاڵە سەرەکییەکانی ئەو ڕەوشە نموونەییەی کە "ئۆگست کۆنت" باسی دەکات بەم شێوەیە بوو:

- ئەندامانی خێزان دەبێ لە خۆشگوزەرانی و ئارامییەکی تەواودا بن،
- چاودێریکردنی منداڵ و ڕێنماییکردنیان لە ئەستۆی دایك دایە،
- پیاو بە هەر شێوەیەك بێ دەبێ ئامرازەکانی ئارامی و هەروەها ژیانی ئافرەت دابین بکات،
- دەوڵەتە گەورەکان دەبێ بۆ کۆماری بچووکتر دابەش ببن کە ژمارەی تاکەکەسانی هەر بنەماڵەیەك لە سێ سەد کەس تێپەڕ نەکات،
- لە هەر یەك لەو کۆمارانەدا دەبێ بە پێی پێویست چینی خانەدان، بەڕێوەبەرانی بانك، بەڵێندەر، خاوەن کارخانەکان، بازرگان، جووتیار و کرێکار هەبن،
- کرێی کرێکاران نەگۆڕە و بە گوێرەی ڕادەی چالاکیان زیاد دەکرێ،
- خاوەن بانکەکان کاروباری ئابووریی کۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن،
- بەرقەرارکردنی هەماهەنگی لە نێوان کۆمارە جیاجیاکان لە ئەستۆی پاپای قوتابخانەی مرۆڤدۆستی دایە، کە لە هەمووان زاناترە،
- لەم کۆمارانەدا جگە لە خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی مرۆڤ شتێکی دیکە نییە،

- پیادەکردنی ئامانجە بەرزەکانی سەرەوە واتە زاڵبوونی فەلسەفەی پۆزێتیڤی بەسەر جیهاندا بە سێ قۆناغ ڕوودەدات، کە ماوەی قۆناغەکان یەك لە دوای یەك سێ ساڵ، پێنج ساڵ و بیست و یەك ساڵە.

"ئەندرێ کرسۆن" نووسەری فەرەنسی لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەبارەی ئۆگست کۆنت ئاماژە بە هەندێ لە بۆچوونەکانی وی دەکات کە لە خوارەوە هەندێکیان دێنینەوە[٤]:

- کۆمەڵگای مرۆیی لە چەندین خێزان پێکدێت نەك تاکەکەسان، بە گوێرەی بنەمایەکی فەلسەفی کە ماوەیەکی زۆرە دانراوە، سیستمێك تەنیا لە توخمی وەکو خۆی، بەڵام بچووکتر لە خۆی پێکدێت. کەواتە کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵێك تاکەکەس دابەش نابێت وەك چۆن پەیکەرێکی ئەندازەیی بۆ کۆمەڵێك هێڵ یان هێڵێك بۆ چەند خاڵێك دابەش دەبێ،

- ئەرکی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتی لەسەر دوو نەزمی بەیەکەوە بەستراوە دامەزراوە، فیداکاریی بەهێزەکان لە پێناوی بێهێزەکاندا و ڕێزگرتنی بێهێزەکان لە بەهێزەکان،

- بۆ ئەوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتیی تازە جێگیر ببێ تەنیا ئەوە بەس نییە کە بەشێوەیەکی گونجاو لێی تێبگەین، بەڵکو دەبێ خەڵکی ئاسایی بە تامەزرۆوە بۆ چەسپاندنی هەوڵ بدەن. ئەم مەرجە نەك تەنیا بۆ تێکشکاندنی ئەو بەرگرییە کەم تا زۆر بەهێزەی کە ئەم سیستمە لە چینەکانی خوارەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە پێویستە، بەڵکو بە تایبەت بۆ ئەم زەرووڕەتە ئەخلاقییە لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگا بۆ ناو ژیانێکی تازە هەنگاو دەنێت پێویستە. بەبێ ئەم تامەزرۆیە کۆمەڵگا نە دەتوانێت بەسەر سستی و ستاتیکیەتی خۆیدا زاڵ بێت و نە خۆی لە کۆتی دابونەریتی کۆن رزگار بکات،

- سیستمی سیاسی جگە لە وەسفکردنی سیستمی مەدەنی شتێکی تر نییە و ناتوانێت ببێت،

- کۆمەڵگای بێ حکومەت وەکو حکومەتێکی بێ کۆمەڵگا وایە،



- پێکهاتەی پەرلەمان لە سیستمێکدا کە تیایدا دەستدرێژیکردن لە هەموو شوێنێکدا هەیە و بەرپرسیارێتی لە هیچ شوێنێك نییە و پڕ لە گەندەڵی و فرتوفێڵ. دەرمانی ئەو دەردەی کە لە دامەزراوە نامەعقولەکانەوە سەرهەڵدەدات ئەوەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان بە سیاسەتمەدارێك بسپێرن کە ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر وڵاتدا بەرپرس بێت و مافی میراتگری نەبێت،

- ئەگەر ئازادیی مرۆڤ بریتی بوو لەوەی کە پەیڕەوی لە هیچ یاسا و ڕێسایەك نەکات، زێتر لەوەی گەمژانە و نامەعقول بێت نائەخلاقی بوو، چونکە نەیدەهێشت هیچ ڕژێمێك، جا چ تاکەکەسی بێت یان کۆمەڵایەتی جێگیر ببێت.

چەمکی پۆزێتیڤیزم وەك باوە تێکەڵ بە ناوی "ئۆگست کۆنت" بووە، هەر چەند ئەو تەنیا یەکێك بوو لە بانگەشەکار و بڵاوکەرەوەیەکی جیدیی ئەم بیروباوەڕە و ئەوانی دیکەش بە شێوەی جیاواز باسیان لێوە کردووە. لە ڕوانگەی "ئۆگست کۆنت"ـەوە پۆزێتیڤیزم هاودەمە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی زانست کە تایبەتمەندیی قۆناغی پۆزێتیڤە و هەروەها داهێنەری ئەزموونگەریی سیستماتیکی هاوشان لەگەڵ جۆرە ئایینێکی ڕێسامەند کە پشت بە یەقینێکی میکانیکی دەبەستێ. پۆزێتیڤیزمی کۆنت بە کردەوە دەکەوێتە بەرامبەر فەرمانگەرێتییەوە، چونکە سەیری ئەوە دەکات کە هەیە نەك ئەوەی کە دەبێ ببێ (فەرمانگەرێتی). لە فەرمانگەرێتیدا هەمیشە حوکمدان لەسەر بنەمای بەهایەك یان سیستمێکی بەهاییە [١٣].

لە ڕێی تۆژینەوەی بۆچوونەکانی "کۆنت" دەردەکەوێ کە کۆمەڵناسیی ئەو هێشتا وێنەیەکی زانستیی وەرنەگرتووە، و پشت دەبەستێ بە فەلسەفە بە تایبەت فەلسەفەی پۆزێتیڤ کە خۆی دایهێناوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لە مەڕ کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دراوە سەرتاپاگیربوونی سێ قۆناغەکەی ئەو مەبەستیەتی ناسەلمێنن. جگە لەمە پێیوایە ئامانجی کۆمەڵناسییەکەی چاکسازیخوازی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە و بەرهەمەکانی پڕە لە حوکمی

فەرمانی و بەهایی. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە کاراترین ئەو کەسانەی دابنێین کە کۆمەڵناسیی نوێیان داڕشتووە. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە لە بیری "ئۆگست کۆنت"دا خوێنەر ڕووبەڕووی وێنەیەکی دوولایەنە دەبێتەوە. ئەو لە لایەك پێکهاتەیەکی زانستی بۆ کۆمەڵناسی دەخاتە ڕوو و لە لایەکی ترەوە ڕۆڵی پاپای ئایینی مرۆڤدۆستانە دەگێڕێت [٤٨].

گرنگترین بەرهەمەکانی "ئۆگست کۆنت" بریتین لە: *نامەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی*، *قۆناغی فەلسەفەی پۆزێتیڤ* لە شەش بەرگدا، *گوتارێك لەبارەی ڕۆحی پۆزێتیڤ*، *گوتارێك لەبارەی فەلسەفەی پۆزێتیڤ*، *ڕێکخستنی سیاسەتی پۆزێتیڤ* (نامەی کۆمەڵناسی لەسەر بنەمای ئایینی مرۆڤایەتی، کە ئەم کتێبە لە ماوەی ساڵانی ١٨٥١ تا ١٨٥٤ لە چوار بەرگدا بڵاوکرایەوە)، *بنەماکانی قۆناغخانەی پۆزێتیڤ*.

## مارکس

"کارل مارکس" (K. Marx) (١٨١٨-١٨٨٣) فەیلەسووفی کۆمەڵایەتیی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیا لەدایك بووە و لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی ئەوروپا و ڕەوتە فیکرییەکانی سەردەمی خۆیدا بوو. کارل مارکس کوڕی یەکێك لە پارێزەرەکانی دادگای ئەڵمانیا بوو و لە سەرەتادا ژیانێکی خێزانیی خۆشگوزەرانی هەبوو. مارکس لە زانکۆی بەرلین و بۆن دەیخوێند و لەوێدا کەوتە ژێر کاریگەریی سیستەمی فیکریی هێگڵەوە. ماوەیەك بە ڕۆژنامەنووسییەوە خەریك بوو و لە ساڵی ١٨٤٢ بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك. لە ساڵی ١٨٤٣ چووە پاریس و لەوێدا "فریدریك ئەنگلز"ی ناسی و لە یەکێك لە گۆڤارەکانی ئەو شارە دەستی دایە وتار نووسین. لە ساڵی ١٨٤٥ لە فەڕەنسا وەدەرنرا و ڕووی کردە برۆکسل. لەوێدا ساڵی ١٨٤٧ بە یارمەتیی "ئەنگلز" *مانیفێستی کۆمۆنیستەی* نووسی کە لە شوباتی ساڵی ١٨٤٨ لە لەندەن و ئەڵمانیا چاپ کرا. دوای گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا چووە شاری کلن و لەوێوە چووە پاریس و



ئینجا ڕووی کردە لەندەن و بۆ هەمیشە لەو شارەدا نیشتەجێ بوو. لە لەندەن کتێبی *سەرمایە*ی نووسی [٤٩].

فەلسەفەی "هێگڵ" و بەتایبەتی دیالێکتیکەکەی لە لایەن مارکسەوە بایەخی پێدرا، بەڵام ئەگەر چی مارکس میتۆدی دیاکێکتیکی لە هێگڵ وەرگرت، وێڕای ئەوەش هەولێدا ماتریالیزم بخاتە شوێن ئایدیالیزمی هێگڵەوە. لەو ڕوانگەیەوە بە بڕوای مارکس ماتریالیزمی دیالێکتیك زانستێکە لە یاساکانی گۆڕانی جیهانی دەرەوە و کاریگەری و شوێنەوارەکانی لەسەر هوشیاریی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە [٣].

"مارکس" بنەماکانی بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکانی لە *کتێبی سەرمایە* و *هەژاریی فەلسەفە*دا خستەڕوو. بنەماکانی بیروباوەڕەکانی مارکس لەسەر چەند تەوەرێك دامەزراون: جیاوازیی چینایەتی و پەیوەندیی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان، زێدەبەها و واتاکەی، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و وابەستەیی بیروڕا و بیروباوەڕ و ژیانی کۆمەڵایەتی بە پەیوەندیی بەرهەمهێنان و ئابوورییەوە. "مارکس" تاکەکەسی بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنا و جەختی لەسەر پەیوەندییەکانی ئەو بە لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگاوە دەکرد. جگە لە کەوتنە ژێر کاریگەریی "هێگڵ"، پێویستە "مارکس" بە یەکێك لە شوێنکەوتووانی فەلسەفەی مێژوو لەقەڵەم بدەین، چونکە پێشبینی دەکرد کە نەبوونی و مەینەتییەکانی ئەم ڕۆژگارەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئایندە، کە چینی تیا نامێنێ چارەسەر دەبن.

"جۆرج گورڤیچ" کۆمەڵناسی هاوچەرخ لەبارەی تیۆری ماتریالیزمی ئابووریی "مارکس" پێیوایە [٤٠]: « فریدریك ئەنگلز، هاوکاری مارکس کە نەیتوانیوە وشەیەکی گونجاو بۆ بیروڕای مارکس، بەتایبەت مارکسی لاو لەبارەی تایبەتمەندی و ئاڵۆزیی واقیعی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە، ڕێگەی بۆ کۆمەڵێك شرۆڤەکاری ماتریالیزمی ئابووری یان ماتریالیزمی مێژوویی ئاوەڵا کردۆتەوە کە بەهەر شێوەیەکی بیانەوێ تیۆری مارکس شرۆڤە بکەن. لە ڕاستیدا دەبێ بزانین کە مارکس نە لە سەرەتا و نە لە کۆتایی ژیانیدا هەرگیز

ئابووریی وەك هۆکارێکی زاڵ لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی واقیعی کۆمەڵایەتیدا بەکارنەهێناوە. لە نووسینەکانی قۆناغی لاوێتیدا نووسیویەتی کە ئەو لە کۆمەڵگادا کۆمەڵێك چالاکی و کۆششی بەکۆمەڵ دەبینێ کە لەیەك کاتدا مادی و مەعنەوین. بە ڕای ئەو ئەم چالاکی و کۆششانە لە یەك کاتدا لە دەسەڵاتی بەرهەمهێنان، لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و لە ویژدانی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی و شوێنەوارە بەرچاوەکانی (زمان، یاسا، زانست و...) بەرجەستە دەبن و بە ڕای ئەو دواتر هەموو ئەوانە بە هۆی ئایدیۆلۆژیاوە گۆڕانیان بەسەردا دێ... "مارکس" بڕوای وایە ناتوانین هێزەکانی بەرهەمهێنانی مادی بە شێوەیەکی تەواو، نە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان کە شوێنگەی بەدیهاتنیانە، و نە لە ویژدانی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی و شوێنەوارە بەرچاوەکانی جیابکەینەوە، چونکە هەموو ئەو توخمانە پێکهێنەری هێزەکانی بەرهەمهێنانن و لە ڕاستیدا "مارکس" خۆی ڕایگەیاندووە کە شێوەی کاری هاوبەش هێزێکی بەرهەمهێنانە. ئەو کاتەی مارکس لەبەر هۆی کردەییانە بە پێویستی زانی بیروڕاکانی خۆی سادەتر دەرببڕێت، بناغەی ئابووریی کۆمەڵگای نەك هەر بە هۆکارێك لەقەڵەم دەدا، بەڵکو پێیوابوو ژیانی ئابووری هەمان واقیعی کۆمەڵایەتییە. هەر ئەم بۆچوونەی ئەو بووە هۆی پەرەسەندنی لە ڕادەبەدەری چەمکی ژیانی ئابووری کە گشت ڕووالەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی (ڕێکخراوەکان، بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، بەشدارییەکان، چینەکان، گرووپەکان، موڵکایەتی، یاسا، زانستەکان و تەکنیك) لە ژێر دوو حاڵەتی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دەگرێتەخۆ. بەهۆی ئەم بۆچوونەوە مارکس نووسیی: «کۆمەڵگا جگە لە کۆی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان شتێکی دیکە نییە». سەرەڕای ئەوەی "گورڤیچ" دەیەوێ "مارکس" تا ڕادەیەك لە هەڵەی ڕوانگەی یەك لایەنەی ئابووریی وەك هۆکاری باڵادەست بپۆشێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە مارکس لە تەمەنی پیریدا ئەم بیروباوەڕەی هەبووە.



"گاستۆن بۆتۆل" کۆمەڵناسی فەڕەنسی لەبارەی تیۆرەکانی مارکس و بە تایبەت تیۆری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بۆچوونێکی جیاوازی هەیە [٤٢]: «شێوەی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان چۆن دەگۆڕێن؟ وەك مارکس دەڵێ بزوێنەری سەرەکیی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ کە خۆی ئەنجامی شێوازی بەرهەمهێنانە. لێهاتوویی "مارکس" لەودا بوو کە بە باشترین شێوە گرنگیی پەیوەندیی نێوان شێوازەکانی بەرهەمهێنان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەرخست. ئەم پێکهاتانە کە بەگوێرەی ژینگە و بارودۆخی تەکنیك دادەمەزرێنرێن حەتمین و بەدەر لە ویستی مرۆڤن. بە ڕای "مارکس" مێژوو و بەتایبەت ژێرخانی ئابووری فیکر دێنێتە ئاراوە و چەمکی فیکر لای مارکس پرەنسیپێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو زیاتر لە ڕێباز و بنەما سیاسییەکان و هەروەها مافە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. کەواتە بە ڕای ئەو هەموو شتێك بناغەیەکی مادیی هەیە».

"مارکس" لە یەکەم کەسانێکە باسی چەمکی «لەخۆنامۆبوون» (Alienation)ی کردووە. مارکس پێیوایە دیاردەکانی وەکو موڵکایەتی، سەرمایە، حکومەت و دەوڵەت لە لایەن مرۆڤەوە داهێنراون. مرۆڤ لە بەرامبەر ئەو بتانەی خۆی دروستی کردوون، بە هۆی خۆقوربانیکردن لە پێناویاندا دووچاری «لەخۆنامۆبوون» هاتووە. کاتێك "مارکس" لە بەرهەمەکانیدا چەمکی لەخۆنامۆبوون شیدەکاتەوە، سێ لایەنی لێکجیا دەکاتەوە کە بریتین لە: لەخۆنامۆبوونی ئایینی، سیاسی، ئابووری و هەر سێکیان پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە، بەڵام «لایەنی ئایینی و سیاسی ئەو کاتە لەناو دەچن کە لەخۆنامۆبوونی ئابووری نەمێنێ.» [٣].

بە بڕوای "مارکس" بە درێژایی مێژوو هەمیشە دوو چین هەبووە [٤٥]. چینێك کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بوون و چینێکی تر کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان نەبوون. لە مێژوودا ناکۆکی و ململانێیەکی بەردەوام و حەتمی لە نێوان ئەم دوو چینەدا هەبووە. "مارکس" پێیوابووکار

تایبەتمەندیی چینی کرێکارە و لەو بارەوە ئاماژە بە هوشیاریی چینایەتی دەکات و دان بەوەدا دەنێت کە بوونی ئەم هوشیارییە هۆکارێکە بۆ گۆڕان. کەواتە خودی مارکس چ زانیبێتی یان نەیزانیبێ بوونی ئەم هۆکارە کە سەرچاوەیەکی نائابووریی هەیە قبوولّ دەکات.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە تەنیا دوو چین هەیە بەو شێوەیەی "مارکس" باسی دەکرد نەك تەنیا لە سەردەمی ئەودا بەڵکو لە سەردەمانی ڕابردووشدا دوور بووە لە ڕاستی. ناتوانین گشت توێژ و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا وەکو جووتیاران، کۆیلەکان، لادێییەکان، کرێکاران، ڕۆشنبیران، سوپاییەکان و فەرمانبەرە ئیدارییەکان لەناو چینێکدا کۆبکەینەوە. جگە لەوە، چین واتایەکی بڕاوە و نەگۆڕی نییە. دەشێ تاکەکەسێك لە ڕووی ئابوورییەوە سەر بە چینێکی دیاریکراو بێ، کەچی لە ڕووی کولتوورییەوە لە چینێکی تر بێت. جگە لەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە چەمکی چینە کۆمەڵایەتییەکان و بونیاد و بارودۆخیانی بە گشتی گۆڕیوە و دەگۆڕێت.

لە قوتابخانەی"مارکس"دا هەموو شتێك سەرچاوەیەکی ئابووریی هەیە، تەنانەت تاوان و تاوانکاریش سەرچاوەکەی بۆ هەژاری دەگەڕێتەوە. لێکۆڵینەوە تاوانناسییەکان سەلماندوویانە کە هۆکاری ئابووری تەنیا یەکێکە لە هۆکارە جیاجیاکان و دیاردەکانی وەکو تاوانی لاوان و هەرزەکاران و تاوانبارە یەخە سپییەکان کە زۆربەی جار تایبەتە بە خێزانە خۆشگوزەرانەکان، لایەنێکی دیکەی ئەم واقیعە ئاشکرا دەکات.

ئەگەر لە بیروڕاکانی "مارکس" بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو لە ژێر کاریگەری ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی و کێشەکانی کرێکاران بە هۆی شۆڕشی پیشەسازی و سەرمایەدارە ڕۆژئاواییەکانەوە بووە، بەڵام ئەو دەیویست تیۆری خۆی کە بەرهەمێکی بارودۆخی کات و شوێنێکی دیاریکراو بوو لە ڕێی پێشبینییەوە بەسەر گشت ناوچەکانی تر بگشتێنێت کە بارودۆخێکی تەواو جیاوازیان هەبوو و "مارکس" لە وەرچەرخان و



بارودۆخی تایبەتیان بێ ئاگا بوو و هەروەها دۆزینەوەکانی خۆی بە یاساگەلێکی هەتا هەتایی دادەنا [٤٨].

### هێربرت سپنسەر

فەیلەسووفی ناوداری ئینگلیزی لە سەدەی نۆزدە (١٨٢٠-١٩٠٣) "هێربرت سپنسەر" (H. Spenser) لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبێکی سێ بەرگی بە ناوی کۆمەڵناسی لە ماوەی ساڵانی ١٨٧٦ تا ١٨٩٦ لە بەریتانیا، خزمەتێکی بەرچاوی بە بڵاوبوونەوەی کۆمەڵناسیی کردووە. "هێربرت سپنسەر" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا خۆی لە چالاکییە ڕەسمییەکان بەدوور گرت و ژیانی خۆی بە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانەوە خەریك کرد. لە ساڵی ١٨٥٥ چەندین کتێبی بڵاوکردەوە و فەلسەفەی پەرەسەندنی خۆی خستەڕوو.

باوکی مامۆستا بوو. "سپنسەر" سەرەتا حەزی لە خوێندنی ماتماتیك و تەکنیکەکان بوو و لە کۆتاییدا توانی پلەی ئەندازیاری وەدەست بێنێت. بەڵام زۆر حەزی لەم بوارە نەدەکرد و هەمیشە مەیلی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە ئایینی، سیاسی و فەلسەفییەکان هەبوو. لێکۆڵینەوە لە زانستە سروشتییەکان ئەویان بە تیۆری پەرەسەندن ناساند و لەبەر ئەوەی ئەم تیۆرەی پەسەند کرد، دواتر لە کتێبی *فەلسەفەی تەرکیبی*دا هەوڵیدا تیۆری پەرەسەندن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەکار بهێنێت. ناوبراو تا کۆتایی تەمەنی ژنی نەهێنا و بارودۆخی مادیشی گونجاو نەبوو. کتێبەکانی بە زەحمەتێکی زۆرەوە بە چاپ دەگەیاند (لە ڕێی پێشفرۆش و یارمەتییەوە) و تا کۆتایی تەمەنی هەر خەریکی لێکۆڵینەوە و دانانی کتێب بوو.

ناوبراو لە ژێر کاریگەریی قوتابخانەی زیندەوەرناسیی بەریتانیا و بیروباوەڕی پەیڕەوانی پەرەسەندندا بوو و بنەماکانی پەرەسەندنی لە کۆمەڵگادا بەکار هێنان و قۆناغەکانی ڕەوتی کۆمەڵایەتیی لە ڕوانگەی پەرەسەندنەوە تاووتوێ کرد و لەو ڕووەوە کاتێ باسی پەیڕەوانی قوتابخانەی

پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەکرێ، ناوی ئەو دەبرێت. ئەو ، وەکو هەندێ لە بیرمەندانی کۆن، خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای بە جەستەی مرۆڤ دەچواند و تیۆری خۆی لەسەر بنەمای پەرەسەندنی ئۆرگانیی کۆمەڵایەتی وەك بەرزترین قۆناغ خستەڕوو. ناوبراو کۆمەڵگا مرۆییەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات:

- کۆمەڵگای سەربازی کە پشت بە دەسەڵات و هێز دەبەستێ.
- کۆمەڵگای پیشەسازی کە تیایدا پسپۆر و خاوەن پیشەسازییەکان باڵادەستن.

ناوبراو پێیوابوو قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ لە ڕووی پەرەسەندنی پسپۆرییەکان لە حاڵەتێکی سنووردارادا بوو و دەیگوت لەم کۆمەڵگایەدا گشت خەڵکەکە لە ڕووی فیکرییەوە لێك دەچوون. پەیتا پەیتا کۆمەڵگا پەرەی سەند، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان گەشەیان کرد و لە ئەنجامدا پسپۆریی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگادا سەریانهەڵدا، و کۆمەڵگا چیتر وەك وجوودێکی لێکچوو و وەکو یەك نەمایەوە و ڕێسا و یاسای جۆراوجۆر بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوون. "سپنسەر" بڕوای وابوو کۆمەڵگا هەمیشە بەرەو هاوسەنگی دەڕوات و پێویستە هاوسەنگییەکی تەواو لەنێوان هەر کۆمەڵگایەك و ژینگەی تێدا جێگیربوونی هەبێ. هەروەها ئەم هاوسەنگییە دەبێ لەنێوان هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگایەکیشدا هەبێ. ڕێگەی هێنانەدی ئەم هاوسەنگییە هەوڵدانە بۆ پاراستنی زات و هەر لەو حاڵەتەدایە کۆمەڵگا بە ئارامی دەگات.

"سپنسەر" بە گوێرەی بۆچوونی زیندەوەرناسانە، لە بارەی پابەندیی چالاکییە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان بە یەکترەوە بەم ئەنجامگیرییە دەگات: «کاتێك لە کۆمەڵگایەکدا دەبینین چۆن وەستانی دەرهێنانی ئاسنی خاو لەلایەن کرێکارانی کانزاکان دەبێتە هۆی وەستانی کاری ئاسنگەری، وەك چۆن بەرهەمهێنەرانی جلوبەرگ بەبێ چالاکیی کرێکارانی ڕستن و چنین ناتوانن درێژە بە کاری خۆیان بدەن، وەك چۆن بەرهەمهێنەرانی کەلوپەلی پیشەسازی لە کارەکانیان دەوەستن (مەگەر هۆکارەکانی بەرهەمهێنەر و



دابەشکاری بەروبوومی خۆراك بەردەوام بن)، وەك چۆن هێزە کۆنترۆڵکەرەکانی کاروباری کۆمەڵگا، وەکو حکومەت و ئیدارە و خاوەن پلەوپایە دادوەرییەکان و پۆلیس کاتێك پێداویستییەکانی ژیانیان لەبەردەستدا نەبێ ناتوانن شیرازە و ڕێکخستن بپارێزن- ناچار دەبێ بڵێین ئەم وابەستەیی و پەیوەندییە دوو لایەنەیەی بەشەکان زۆر بەهێز و پتەوە» [٥٢].

بە ڕای ئەو واتای ڕاستەقینەی پەرەسەندن، پێشکەوتنە و کۆمەڵگای مرۆیی لە ڕێی گوزەرکردن لە بەربەرییەتەوە بەرەو شارستانیەت و بە چەندین قۆناغی تایبەتدا بەم حاڵەتەی ئێستای گەیشتووە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا مرۆییە سەرەتاییەکان خاوەنی گیانێکی ململانێ و شەڕخوازانەن و لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی پیشەسازی گیانی ئارامی و ئاسایش باڵ بەسەر کۆمەڵگادا دەکێشی. چەمکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی ئەو بۆ سنوورێك دەگەڕێتەوە، کە ئەگەر پێی گەیشت، هەرەس و مردن (بە گوێرەی یاسای پەرەسەندن) دێتە کایەوە و ئەمە پەیتا پەیتا بە ئەنجام دەگات. وەك چۆن گشت ئەندامانی لەش پەرەدەستێنن و بە گوێرەی یاسای پەرەسەندن لە سادەییەوە بەرەو هەمەجۆری دەڕوات لە کۆمەڵگاشدا ئەم خەسڵەتە هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سپنسەر قۆناغگەلێکی گۆڕان یان وەرچەرخانێکی تایبەت بۆ کۆمەڵگا دیاردەکات، تیۆرەکانی وی بە جۆرە فەلسەفەیەکی مێژوو حسێب دەکرێن.

"سپنسەر" پێیوایە دەشێ زانستی کۆمەڵناسی هەبێ. بە ڕای ئەو لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگادا سیستمێك هاوشان لەگەڵ بەیەکەوە ژیان و پێشکەوتن هەیە، دەشێ زانستێکیش بەناوی کۆمەڵناسی بێتەکایەوە و لەو کێشانە بکۆڵێتەوە. ناوبراو وشەی کۆمەڵناسی لە داهێنەری وشەکە واتە "ئۆگست کۆنت" وەرگرت و هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی سنووری کۆمەڵناسیی دا. ئەو هەرگیز پێناسەیەکی روون و ئاشکرای بۆ کۆمەڵناسی نەخستەڕوو و بە زانستی دیاردە «سەروئۆرگانیەکان» یان بە دەستەواژەیەکی وردبینانەتر «پەرەسەندنی سەروئۆرگانیك» لەقەڵەم دەدا. مەبەستی ئەو لە پەرەسەندنی

سەروئۆرگانیک لێکۆڵینەوە لە جەوهەری وەرچەرخانی کۆمەڵگای مرۆیی بوو. "سپنسەر" بایەخی بە پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان نەدەدا[٤٥].

"سپنسەر" دەوری هەبوو لە پێشکەوتنی کۆمەڵناسی لە بەریتانیا و بایەخی بە کێشەگەلێکی وەکو جۆرەکانی کۆمەڵگاکان، پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کەموکووڕیی نێوان کۆمەڵگاکان دەدا. ئەو بەتایبەت برەوی بە سوودوەرگرتن لە ئێتنۆگرافیا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دەدا. بە هۆی پەسندکردنی پرەنسیپەکانی قوتابخانەی پەرەسەندن و بیروباوەڕی زیندەوەرناسی، بیروڕاکانی خۆی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا سنووردار کرد. ئەو گشت کێشەکانی لە ڕوانگەی پەرەسەندنەوە چارەسەر دەکرد. سەرەنجام ئەو چەمکێکی بەرفراوانی بۆ کۆمەڵناسی دیارکرد و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە کۆمەڵە کتێبێکدا بە ناوی *فەلسەفەی تەرکیبی* خستە ڕوو و بەشە کۆمەڵایەتییەکەی ناونا «**پرەنسیپەکانی کۆمەڵناسی**».



بەشی دەیەم

## کۆمەڵناسی لە سەدەی بیستەمدا

کۆمەڵناسی بە تایبەت دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لە ڕووی تیۆری و تۆژینەوەوە گەشەسەندنێکی خێرای بەخۆوە بینی، هەر چەند دەتوانین ناوی چەند کۆمەڵناسێکی گەورە لە سەدەی نۆزدەهەم بەرین و لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیش چەند کۆمەڵناسێکی گەورە هەن، بەڵام ئێستا ناتوانین بەو شێوەیەی کە باسکرا لە مێژووی کۆمەڵناسی بکۆڵینەوە. لەم سەردەمەدا تەنیا دەتوانین باسی ئاراستە و بوارە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسی و بارودۆخیان لە وڵاتە جیاجیاکاندا بکەین و ڕەوتە تیۆری و ئەزموونگەرییە سەرەکییەکان لە ئاستی وڵاتاندا شیکار بکەین.

لەم بەشەدا سەرنج لە دوو خاڵی تایبەت دەدەین. یەکەم، ئەو هۆکارانە چین بوونەتە هۆی ئەوەی لەم سەدەیەدا ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان ئەوەندە پێویست بن. دووەم، بە چاوخشاندنێکی خێرا، بارودۆخی کۆمەڵناسی بخەینە بەر باس ئەمەش هاوکات لەگەڵ باسکردنی چەند کۆمەڵناسێکی هاوچەرخ.

### هۆی بایەخدان بە کۆمەڵناسی

کۆمەڵناسیش وەکو هەر زانستێکی تر بەرهەمی بنەمایەکی پێشوو و چەند هۆکارێکی تایبەتە، و بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریی دونیا دەوریان هەبووە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنیدا. کۆمەڵناسی لە یەکڕا و بەبێ دەروازە و سەرەتایەکی پێشینە نەهاتۆتە کایەوە. کاتێک پەیتا پەیتا زانیاریی مرۆڤ لەبارەی کاروبار و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان زێتر دەبوو، بنەما

و پێشینەیەکی بۆ دروست بوو و بواری گەشەکردنی کۆمەڵناسیش باشتر ڕەخسا. ڕاستە "ئۆگست کۆنت" یەکەم زانایە بوونی کۆمەڵناسیی وەك لقێکی زانستیی سەربەخۆ ڕاگەیاند و وای دانا کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەکو دیاردە سروشتییەکان شایانی ئەوەن بە شێوەیەکی تایبەت لێیان بکۆڵینەوە و لە پۆلێنکردنی زانستەکاندا کۆمەڵناسیی خستە دوایین قۆناغی سەرهەڵدان و هاتنەکایەی زانستەکانەوە، بەڵام چەند هۆکارێکی سەرەکی دەوریان هەبوو لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی خێرای ئەم زانستە لە سەدەی بیستەمدا کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- **گەشەکردنی لێکۆڵینەوە مرۆڤناسییەکان.** ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لە لایەن گەڕیدەکانەوە لە ناوچە جیاجیاکاندا کۆکرابوونەوە، زانیاریی سەرتاپاگیریان لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتیی میللەتە جیاجیاکان و دابونەریتیان خستە ڕوو. ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتیی میللەتانی سەرەتایی نیشتەجێی ناوچە دوورەکانی هەندێ لە کیشوەرانی وەکو ئەمریکا، ئوستوڕالیا، ئاسیا و ئەفریقا ئەنجام دران زەمینەی بۆ دەرککردنی هەمەجۆریی کۆمەڵایەتی و ناسینی ڕێژەییبونی دیاردەکان ڕەخساند و زانیاریی کشتگیری خستە بەردەستی کۆمەڵناسانەوە.

٢- **گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و کێشەکانی.** هاتنی پیشەسازی بۆ ناو ژیانی مرۆڤ و شێوەی هەڵکردن لەگەڵ ئەم دیاردانەدا چەندین کێشەی هێنا ئاراوە کە بە هۆی ئەم پەیوەندییەوە دروست ببوون و دەبوایە چارەسەر بکرێن. لەبەر ئەوە کێشە کۆمەڵایەتی — پیشەسازییەکان بوونە بابەتی ڕۆژ. سەرەتا کێشەگەلێکی وەکو مانگرتنی بەردەوامی کرێکاران، فراوانبوونی شارەکان و کۆچکردن بۆیان بە مەبەستی کارکردن لە کارگەکاندا لە لایەن کۆمەڵناسانەوە سەرنجی دراوەتێ. بەکارهێنانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زێتری پیشەسازی و تەکنەلۆژیای نوێ زۆربەی وڵاتانی بە شێوەیەکی جیدی ڕووبەڕووی پیسبوونی ژینگە کردەوە و ئەم کێشانە بە گشتی بوونە بواری



سەرەکیی باس و لێکۆڵینەوە لە لقەکانی وەکو کۆمەڵناسیی کار و پیشەسازی، دەروونناسیی پیشەسازی، و ئیکۆلۆژیای مرۆیی.

٣- **گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.** گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لەم سەردەمەدا زۆر لە جاران خێراترە. ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی بەرهەمی کۆمەڵێك هۆکار و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووریی جۆراوجۆرە کە بەیەکەوە پێکهاتەیەك دروست دەکەن. ئەم گۆڕانکاریانە بواری زێتر بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان دێنێتە ئاراوە. هۆکارەکانی وەکو بڵاوبوونەوەی نموونە کولتوورییەکان، گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری، فراوانبوون و چاکبوونی ڕێگاوبان و ئامرازەکانی گواستنەوە، زۆربوونی جموجۆڵی مرۆڤەکان، ئاڵۆزبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زێتری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و... هەموویان کاریگەریان هەبووە و هەیە لەو گۆڕانەدا.

٤- **زۆربوونی دانیشتوان.** زۆربوونی خێرای دانیشتوان و کێشەکانی، گرنگیی ژمارەی مرۆڤەکان لە پەیوەندی بە ژینگە و ئەو ئیمکاناتەی هەن زێتر و هەستیارتر کردووە. ئەو گۆڕانکاریانەی لە پێکهاتە و جموجۆڵی دانیشتواندا هاتنە ئاراوە هاوکات لەگەڵ گرنگیی پەیتا پەیتای کێشەی زۆربوونی دانیشتوان بەتایبەت لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا حکومەتی ڕووبەڕووی چەندین دیاردەی جۆراوجۆر کردۆتەوە. هەر لەبەر ئەوە کێشەی دانیشتوان یەکێکە لە گەرمترین کێشەکانی وڵاتانی تازە پەرەسەندوو، چونکە بارودۆخی ئەو وڵاتانە لە ڕووی پەروەردە و فێرکردن، خانووبەرە، کار، تەندروستی و داهات ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی سەخت دەکاتەوە. زۆربەی وڵاتانی تازە پەرەسەندوو ئێستا گشت تواناکانی خۆیان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی زۆربوونی دانیشتوان دەخەنە گەڕ [٥٣].

٥- **زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.** کەم سەردەم وەکو سەدەی ئێمە پڕ لە کێشە بووە و هۆیەکەشی ئەو هۆکارە تایبەتانەیە کە لە هەموو کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوویانداوە. جگە لەوە، کێشە کۆمەڵایەتییەکان

حاڵەتێکی بەرچاوتریان وەرگرتووە و بایەخ بە شوێنەوارەکانی دەدرێ. لەو کێشانەش: کێشە و گرفتی خێزانی، گۆڕانی پێوەرەکان و سیستمی بەها کۆمەڵایەتییەکان، ململانێی نەوەکان، لایەنە لادانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، شوێنەوارە دەروونییەکان و...

ئەم کێشانە و چەندین جۆری تریان، پێویستیان بە تاووتوێکردن و بڕیارلەسەردان هەیە و ئاسۆگەلێکی نوێ لەبەردەم کۆمەڵناسیدا دەکەنەوە. لقە زانستییەکانی وەکو کێشە کۆمەڵایەتییەکان، زیانناسیی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسیی تاوان، کۆمەڵناسیی پەیوەندییە سێکسییەکان و کۆمەڵناسیی نەخۆشییە دەروونییەکان هەموویان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم گرنگیان پەیدا کردووە.

## کۆمەڵناسی لە فەڕەنسا

دەتوانین وڵاتی فەڕەنسا بە زێدی کۆمەڵناسیی نوێ دابنێین. لەو کاتەوەی کۆمەڵناسی لە چوارچێوەی سێ کورسیی زانکۆیی فەڕەنسادا سنووردار بوو و تەنیا **ساڵنامەی کۆمەڵناسی** لە لایەن "دورکایم"ـەوە بڵاودەکرایەوە کاتێکی زۆر تێپەڕیوە. لەم ڕۆژگارە لە فەڕەنسادا لە زۆربەی زانکۆکاندا کۆمەڵناسی دەخوێندرێت یان توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام دەدرێ و خاوەنی چەندین دەزگای توێژینەوە و فێرکردنە.

نەوە جیاجیاکانی کۆمەڵناسیی سەدەی بیستەم لە فەڕەنسا بە گوێرەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر سەردەمێك بایەخیان بە کۆمەڵێك کێشەی تایبەتی داوە [٤٩]. یەکێك لەو تایبەتمەندییانەی کە تا ئێستاش تا ڕادەیەك لە کۆمەڵناسیی فەڕەنسادا باڵادەستە سەیرکردن و تێڕوانینی گشتییە بۆ کێشەکان. کۆمەڵناسیی فەڕەنسا زۆربەی جار هەوڵدەدات کۆمەڵگا وەك واقیعێکی گشتگیر لەبەرچاو بگرێت، ئەگەرچی بۆ چەندین بەشی جیاواز دابەشی دەکات.



کۆمەڵناسی لە فەڕەنسا سەرەتا لە بیروڕاکانی "ئەمیل دورکایم" و قوتابییانی دەکۆڵییەوە، بەڵام پەیتا پەیتا مەسەلەکانی وەك کۆویژدان، جەوهەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و... گرنگیی جارانیان نەما. لەبەر ئەوە کۆمەڵناسانی نەوەی ساڵانی ١٩٣٠ لە ڕووی بواری خوێندن و فیکرییەوە لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەدا بوونە، لە بەرهەمەکانیاندا ئاراستەی فەلسەفی بەدی دەکرێ.

لە بەرهەمەکانی کۆمەڵناسانی نەوەی ١٩٣٠ سەرەڕای ئەوەی کتێبی جۆراوجۆر لەبارەی کێشەی جیاجیا یان ژیان لە شارستانیەتە سەرەتاییەکاندا بەدی دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەڕووی ئەو واقیعە دەبینەوە کە زۆربەیان لە فەزای کاری زانکۆکاندا هاتبوونە ئاراوە و چوارچێوەی سەرەکیان زێتر بریتی بوو لە بیرکردنەوە و گریمان دارشتن، نەك تاقیکرنەوەی ڕاستەوخۆ و ئەنجامدانی توێژینەوەی بابەتیانە لە مەیدان. لەگەڵ نەمانی ئەو نەوەیەی لەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی "دورکایم"دا بوو بە تایبەت دوای ساڵانی ١٩٥٠ کۆمەڵناسی ڕووی لە ئەنجامدانی توێژینەوەی نیمچە ئەزموونگەری و ڕاستەوخۆ کرد و چەندین گۆڤار لە لایەن زانکۆکان و دامەزراوەکانی توێژینەوە بڵاوکرانەوە. لە سیما ناودارەکانی کۆمەڵناسیی فەڕەنسا لە درێژایی چەندین دەیەی دواییدا بێشك دەبێ ناوی "ڕیمۆن ئارۆن" (R. Aron) (١٩٠٥-١٩٨٣) بەرین کە لێکۆڵینەوەکانی زێتر لەبارەی کۆمەڵناسیی وڵاتانی پیشەسازی، شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی ئایدیۆلۆژییە تۆتالیتەرەکان (نازیزم و کۆمۆنیزم)، و کێشەی پەیوەست بە مەعریفەی مێژوویی بووە [٤٤].

دوای ئەم ئاماژە کورتە بۆ بارودۆخی گشتی کۆمەڵناسی لە فەڕەنسادا، پێویستە باسی مێژوویی خۆمان لەو بارەوە درێژە پێبدەین و باسی بیروڕاکانی دوو لە ناودارترین کۆمەڵناسانی هاوچەرخی فەڕەنسی، واتە "ئەمیل دورکایم" و "جۆرج گورڤیچ" بکەین.

## ئەمیل دورکایم

"دورکایم" کۆمەڵناسی فەڕەنسی (١٨٥٨-١٩١٧) نامەی دکتۆرای خۆی لە ژێر ناوی «**دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کار**»دا نووسی و لە ساڵی ١٩٠٢ چووە زانکۆی سۆربۆن. ساڵی ١٨٩٣ بۆ دورکایم سەرکەوتنێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا، چونکە توانی نامەی دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کار بەچاپ بگەیەنێت و بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیدا کرد [٤٩]. دوای "ئۆگست کۆنت"، "دورکایم" دووەم کەسە کە گۆڕانی لە بنەماکانی کۆمەڵناسیدا دروست کردووە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا چیتر "دورکایم" لە کۆمەڵناسیدا تەنیا نەبوو، بەڵکو کەسانی دیکەش چ لە فەڕەنسا و چ لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەستیان دایە نووسینی کتێب و وتار لەم بوارەدا. لە ساڵی (١٨٩٦) بڵاوکردنەوەی **ساڵنامەی کۆمەڵناسی** بە سەرپەرشتی "دورکایم" و دامەزراندنی کورسیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی "بۆردۆ" کۆمەڵناسی رەسمییەتی وەرگرت. ماوەیەك دوای مردنی "دورکایم" کورسیی کۆمەڵناسی لە زانکۆی "سۆربۆن"یش کرایەوە.

"دورکایم" بڕوای وابوو کە پشکنینی ئەرکی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، قۆناغێکی حەتمیە بۆ هەر شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسی و هەر لەسەر ئەو بنەمایە "دورکایم"یان لە ریزی لایەنگرانی قوتابخانەی ئەرکگرێتی (الوظیفیة) داناوە. لەگەڵ ئەوەشدا "دورکایم" ئەو بیرۆکەیە پەسند ناکات کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامە کردەییەکانی لە لایەن تاکەکەسان وەك واقعێك حساب دەکرێ. کەواتە تەنیا دیاریکردنی ئەرکی دیاردەکان بۆ پێناسەکردن بەس نییە، بەڵکو دەبێ لە کارکردیشیاندا بگەڕێین لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا [٣].

ئەو دژی بەکار هێنانی بیروڕای فەلسەفی بوو لە کۆمەڵناسیدا. لەو بارەوە دەیگوت: کۆمەڵناسان لەجیاتی پەنابردنە بەر فەلسەفە دەبێ لەو



شتانە بکۆڵنەوە کە بتوانین دەستیان لێ بدەن و یان بە پەنجە ئاماژەیان بۆ بکەن. "دورکایم" لە لێکۆڵینەوەکانیدا میتۆدی چاودێریکردن و تاقیکردنەوەی داهێنان و بەرهەمەکانی بە یەکەمین دەقی زانستیی کۆمەڵناسی دادەنرێن. لە بارەی دروست بوونی کۆمەڵگاوە پێی وابوو بوونی "کۆمەڵگا" شتێکی سروشتییە و ئەم سروشتی بوونە بەرهەمی خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵگایە. یەکێك لەو خاڵانەی کە لە کۆمەڵناسی "دورکایم"دا گرنگییەکی زۆری هەیە زاراوەی «کۆویژدان»ە کە تاڕادەیەك لە گشت بەرهەمەکانیدا باسی کردووە. چەمکی کۆویژدان لە ڕونگەی ئەوەوە کۆمەڵێك داب و نەریت و هۆکار و ئامرازی بەکۆمەڵە، سەرچاوەکەی کۆمەڵگایە و لە زەینی تاکەکەساندا بوونێکی تایبەتی هەیە و لە دەرەوەی شێوە تاکەکەسییەکەی دایە. لە بەرهەمەکانی ئەودا چەندین پێناسە بۆ کۆویژدان کراوە. لە کتێبی **دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کار**دا بە کۆمەڵێك بیروباوەڕ و هەستی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دادەنێت و لە کتێبی خۆکوشتندا بە سەرچاوەی گشت پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگا پێناسە دەکات و لە کۆتاییدا لە کتێبی **ڕێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی**دا کۆویژدان بریتیە لە کۆی ئەو ویژدانانەی کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ یەکتر دا ئاوێتە بوونە و ژیانی کۆمەڵایەتیان هێناوەتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی سەرەکی و جەوهەرەکەی لە گشت ئەم پێناسانەدا تاڕادەیەك وەکو یەکە. ئەو کۆویژدانەی "دورکایم" مەبەستییەتی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

_ بەرهەمی یاسا و بیروڕا هاوبەشەکانی نێوان تاکەکەسەکانە.

_ شوێنەوار و کاریگەری کۆویژدان تایبەت نیە بە توخمێك یان لایەنێکی کۆمەڵگا، بەڵکو بە هەموو کۆمەڵگادا بڵاوبۆتەوە.

_ تاکەکەسەکان لەنێو دەچن بەڵام کۆویژدان هەر دەمێنێ. کۆویژدان نەوەکان بە یەکترەوە دەبەستێتەوە.

_ کۆویژدان شێوەیەکی سەربەخۆیە لە ڕواڵەتە تاکەکەسییەکان.

_ دەستوەردان لە بارودۆخی کۆویژدان کاردانەوەی کۆمەڵایەتی دروست دەکات.

_ کۆویژدان تایبەت نییە بە نەوەی ئێستا، بەڵکو بەرهەمی ژیانی باب و باپیرانیشە.

"دورکایم" بڕوای بە ڕەسەنایەتی کۆمەڵگا هەیە و تاکەکەس بە بەشێکی کۆمەڵگا دادەنێت و درێژەی پێ دەدات کە کۆمەڵگا خاوەنی کۆویژدانە و چەند نمونەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی دێنێتەوە. ئەو دەڵێت وەك چۆن لە کیمیادا لە ئاوێتەکردنی دوو توخم، توخمێکی نوێ پەیدا دەبێ کە بوونێکی تایبەتی هەیە، کۆمەڵی تاکەکەسانیش شتێکی جیاواز لە یەکە پێکهێنەرەکانی دێنێتە ئاراوە. دەروونناسی فەرەنسی "گابریل تارد" (G. Tarde) ڕەخنە لەو بۆچوونەی "دورکایم" دەگرێ و دەنووسێت: «من لەم بابەتە تێناگەم، کاتێ تاکەکەس نەبێ چۆن شتێك بەناوی کۆمەڵ دەمێنێتەوە؛ لە زانکۆیەکدا ئەگەر مامۆستا و قوتابیانی لێ بکەینە دەرەوە، ئایا جگە لە هۆڵ و ژوورەکان شتێکی دیکەی لێ دەمێنێتەوە؟ "دورکایم" بەو شێوەیەی کە دەشێ بەو ئەنجامە گەیشت، کە دەیەوێ ڕامانبکێشێ بۆ واقیعگەریی سەدەکانی ناوەڕاست. بە ڕای من لە تیۆری "دورکایم"دا وا دێتە بەرچاو کۆویژدان بووە بە بوونێکی میتافیزیکی» [٥٤].

"دورکایم" لە کتێبی فەلسەفە و کۆمەڵناسی دا لە وەڵامی ئەم ڕەخنەگرانەدا دەڵێت «چۆن دەشێ سەرچاوەی بزاڤە ژیانییەکان (الحياتية) ئەو توخمانە بن کە ژیان و زیندوویێتیان تێدا نییە؟ هەروەها چۆن سیفەتە دیاریکراوەکانی ژیان لە نێوان ئەم توخمانەدا دابەشبوونە؟ ئەم سیفەتانە ناشێ بە یەکسانی لە هەموو ئەو توخمانەدا هەبن، چونکە لە چەشن و جۆری جیاوازن. ئۆکسجین ناتوانێ هەمان ئەو ڕۆڵانە بگێڕێ کە کاربۆن هەیەتی و هەمان سیفەتی هەبێ. هەروەها کەمتر جێی ڕەتکردنەوەیە ئەگەر بڵێین هەر لایەنێکی ژیان دەچێتە ناو کۆمەڵێك گەردیلەی جیاوازەوە. ژیان بەم شێوەیە دابەش دابەش نەبووە. ژیان یەکە و لە ئەنجامدا جگە لە جەوهەرێکی زیندوو



لە کۆی خۆیدا، ناشێ سەرچاوەیەکی دیکەی هەبێ. ژیان لە گشت دایە نەك لە بەشەکان» [٥٥].

خاڵێکی تر کە "دورکایم" ئاماژەی پێ دەکات و یەکێکە لە چەمکە کۆمەڵناسییەکەی، ئەو تایبەتمەندیانەیە کە ئەو بۆ کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات. "دورکایم" کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان وەکو جۆرە شتێك سەیریان دەکات و وەك شت لێیان دەکۆڵێتەوە، بەڵام شتگەلێك کە خاوەنی سیفەتی کۆمەڵایەتیبوون و تایبەتمەندیی وەکو دەرەکیبوون (یان بەرجەستەبوون)، حەتمیبوون، و سەرتاپاگیربوونن. لە کۆمەڵناسیی "دورکایم"دا، چەمکی بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە و تەنانەت ئەو پێی وایە کە یەکێك لە بابەتەکانی کۆمەڵناسی لێکۆڵینەوەیە لەم بۆچوونانە. مەبەستی ئەو لە بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەکردن و شێوەی حوکمدان و تێگەیشتنی تاکەکەسانە لە واقیع، دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان.

کتێبی **شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینیی** "دورکایم" یەکێکە لە تۆژینەوە یەکەمەکانی بواری کۆمەڵناسیی ئایینی و تیایدا باسی مەسەلەی وەکو: توتەمیزم لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، هۆی حەرامکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەمەکان، و ئایین وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کراوە. یەکێکی تر لەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەی (جگە لە ئایین) کە "دورکایم" بایەخی پێ داوە پەروەردە و فێرکردنە. ئەو لە پێناسەیەکی کۆمەڵناسانەوە بۆ «پەروەردە و فێرکردن» بەو ئەنجامە دەگات کە پەروەردە و فێرکردن هەنگاوێکە لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێ کە بە تەمەنن بەسەر ئەوانەوە کە هێشتا لە قۆناغەکانی بەرایی گەشەکردن دان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ئامانج لێی گەشەپێکردنی هەندێ لە تایبەتمەندییە جەستەیی، عەقلی و ئەخلاقییەکانی منداڵە، ئەو تایبەتمەندیانەی کە کۆمەڵگا لە منداڵی چاوەڕێ دەکات.

"دورکایم" لەم پێناسەیەدا جەوهەر و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیانەی پەروەردە و فێرکردن شیدەکاتەوە و لە هەمان کات کە جەوهەری دووالیزمانەی سروشتی مرۆڤی لەبەرچاوە داکۆکی لەسەر گرنگیی هێنانەدی یەکێتی لە نێوان خواستەکانی کۆمەڵگا و سروشتی مرۆڤ دەکات [١١٧].

لە کارە سەنجڕاکێشەکانی "دورکایم" لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی خۆکوشتن کە بە سوودوەرگرتن لە ئامار و زانیاری ئەنجامی داوە. لە کتێبی **خۆکوشتندا** ئەو هۆکارانە بەیەکترەوە دەبەستێتەوە کە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە. ئەو بە هۆی بەکارهێنانی ئامارەوە دەریخست کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو خێزان و ئایین پەیوەندیان بە خۆکوشتنەوە هەیە و سەرەڕای ئەوەی وا دێتە بەرچاو ئەم دیاردەیە شێوەیەکی تاکەکەسیانەی هەیە، بەڵام دەتوانین بیسەلمێنین کە جگە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی لادەرانە شتێکی دیکە نییە. میتۆدی "دورکایم" لە لێکۆڵینەوەی خۆکوشتندا ئەم هۆکارانەی لەبەرچاو گرتبوو: پەیوەندی خۆکوشتن بە کات و وەرزەکانی ساڵەوە، خۆکوشتن لەناو گرووپ، چین و توێژە جیاجیاکاندا، پەیوەندی خۆکوشتن بە شوێنی نیشتەجێبوون، پەیوەندی خۆکوشتن بە بواری ئینتیما و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی کێشە و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە سەرهەڵدانی خۆکوشتندا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا "دورکایم" داکۆکییەکی تایبەت لەسەر گرنگیی ئینتیما و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆکوشتندا دەکات. ئەو کە لە چەند جۆرێکی خۆکوشتنی کۆڵیوەتەوە، جۆرێکی خۆکوشتنی بە «کۆمەڵایەتیترین» جۆر لەقەڵەم داوە و ئەویش ئەوەیە کە تاکەکەس خۆی لەپێناوی بیروباوەڕێکی تایبەت یان بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دەکاتە قوربانی. "دورکایم" خۆکوشتن بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێت و پێی وایە لێکدانەوەی تەنیا بەهۆی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت و گشتیترین جۆری خۆکوشتن ئەوەیە کە پەیوەندیی تاکەکەس بە کۆمەڵگاوە بڕابێت. بە کورتی ئەو لە کتێبی خۆکوشتن پەیڕەوی لە پرەنسیپی «لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕێی دیاردەی



کۆمەڵایەتی» دەکات؛ چونکە سوود لە میتۆدی گۆڕانکارییە لێکنزیکەکان وەردەگرێ و دەیەوێ پەیوەندییەك لە نێوان خۆکوشتن و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر (ڕەگەز, ئایین و...) دروست بکات [٣].

باسکردنی مەسەلەی ئەخلاق و سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکەشی لە لایەن "دورکایم"ەوە بایەخی پێدراوە. بە بڕوای ئەو ئەخلاقیبوونی مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوونیەتی. ئەگەر ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو بچێت شتێك بەناوی ئەخلاق نامێنێ. ئەخلاق بریتییە لەوەی تاکەکەس لە کۆمەڵگادا پەیوەندی بە ئەوانی ترەوە بکات و هاوکاریی کۆمەڵایەتیان لەنێواندا هەبێ. ئەوەی گرنگە ڕێزگرتنە لە ئیعتیباری مرۆڤ. "دورکایم" بایەخ بە نسبییەتی چەمکەکان و نموونەی ئەخلاقی لە نێوان میللەتاندا دەدات. ئەوەی لە لای هەندێك ئەخلاقییە لەوانەیە لە لای کەسانی تر پێچەوانەی ئەخلاق بێت.

"دورکایم" لە کتێبی **دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کاردا** ئاماژە بە چۆنیەتی دابەشبوونی کار لە کۆمەڵگا و ئەو هۆیانەی کاریگەریان لەسەری هەیە دەکات و دوو جۆر هاوبەندی لە کۆمەڵگادا لێکجیا دەکاتەوە.

- هاوبەندیی میکانیکی کە بەرهەمی لێکچوونی نێوان تاکەکەسانە و پسپۆریی هەمەجۆری تێدا نییە و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لە ڕووی پیشەوە لێکدەچن.

- هاوبەندیی ئۆرگانی کە لەسەر لێکنەچوون و ناگونجانکاری تاکەکەسان دامەزراوە. [لێرەدا] کۆمەڵگا پەرەدەستێنێ و پیشەی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن.

"دورکایم" لە کتێبی **دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کاردا** بەو ئەنجامە دەگات کە : «دابەشبوونی کار لە ڕێی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ بە ڕەهەندەکانی کۆمەڵگاوە دەگۆڕێت و ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا هەمیشە لە زیادبوون دان. لە هەموو سەردەمەکاندا, دەرك بەوە کراوە کە پەیوەندییەك لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە, چونکە ئەوەی بۆ پسپۆریی وەزیفەکان زێتر لە جاران پێویستە, ئەوەیە کە تاکەکەسی هاوکار زۆر بن و بۆ برەودان بەم هاوسەنگییە

پێویستە تاکەکەسان لەیەکتر نزیك بن.» [٥٦]. "دورکایم" بڕوای وابوو تێپەڕبوون لە شێوەیەکی هاوبەندیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ شێوەیەکی تر دەشێ هەندێجار هاودەم بێت لەگەڵ پەرەسەندنی نائاسایی هوشیاریی تاکەکەسی و بە زیانی هوشیاریی کۆمەڵیانە کۆتایی بێت. کاتێك ئەم بارودۆخە دێتە کایەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لاواز دەبێت و مەترسیی بێپێودانگی (ئەنۆمی) دێتە کایەوە [٣].

"دورکایم" لە ساڵی ١٨٩٤ کتێبێکی بەناوی **ڕێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی** بڵاوکردەوە کە پەیوەندی بە کتێبی یەکەمی ئەوەوە واتە **دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کار**ەوە هەیە [١١]. لەم کتێبەدا ناوبراو دەست دەکات بە شرۆڤەکردن و وەسفکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ئامانجی دیاریکردنی سنووری زانستیی کۆمەڵناسییە.

"دورکایم" بایەخ بە تاوان و سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی دەدات. بە ڕای ئەو ئەو کاتە دەتوانین کارێك بە تاوانکارانە لەقەڵەم بدەین کە فۆرمێکی دیاریکراو و بەهێزی کۆویژدان پێشێل بکات و هەوڵی لەناوبردن یان لاوازکردنی بدات. لەو حاڵەتەدا کۆویژدان کەمتر چاوپۆشی دەکات و مەسەلەی سزا دێتە گۆڕێ. کەواتە تاوان و سزا هەردووکیان دیاردەی کۆمەڵایەتین و پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە. "دورکایم" لەو بڕوایەدا بوو کە «ناتوانین تاوان بە گوێرەی ناوەرۆکی کۆمەڵە کردارێکی دیاریکراو پێناسە بکەین, چونکە لە کات و شوێنی جیاوازدا چەندین ڕەفتاری جۆراوجۆر بە تاوان لەقەڵەم دراون. تاکە خەسڵەتی هاوبەش و گشتیی تاوانکارییەکان لەوەدایە هەموویان هەڕەشە لەو بیروباوەڕە ئەخلاقیانە دەکەن کە خەڵکی ئاسایی پابەندە پێیانەوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵگا کاردانەوەیەکی سزائامێزی بەرامبەریان دەبێت» [٥٧].

"دورکایم" لەوانەیە یەکەم کۆمەڵناس بێت کە باسی میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا دەکات و سەرنجی سێ میتۆدی تایبەت دەدات و لە لێکۆڵینەوەکانیدا بەکاریان دەهێنێت, ئەوانیش بریتین



لە: میتۆدی بەراوردکردنی مێژوویی (لە کتێبی *مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە فەڕەنسا*), میتۆدی ئێتنۆلۆژی (لە کتێبی *شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی*), و میتۆدی ئاماری (لە کتێبی *خۆکوشتن*). بە کورتی دەتوانین بواری ئیشکردنی دورکایم لەم لایەنانەی خوارەوەدا چڕ بکەینەوە:

- هێنانە کایەی زانستێکی سەربەخۆ بەناوی کۆمەڵناسی کە خودان بابەت و میتۆدی تایبەت بێت،
- سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە دیاردەکان بە ڕواڵەت تاکەکەسین (وەکو خۆکوشتن) بەڵام کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتیی دەستنیشانکەریان لە پشتەوەیە،
- هەماهەنگیی کۆمەڵایەتی لە ڕێی جێگیربوونی سیستمێکی ئەخلاقییەوە دەبێت کە پشت دەبەستێ بە بەها کۆمەڵییەکان و توانەوەی تاکەکەس لەناو کۆمەڵگادا.

بەرهەمەکانی "دورکایم" لە کۆمەڵناسیدا ڕستێك لێکۆڵینەوەن لەم بوارەدا و کەم کێشە هەن کە ئەو بایەخی پێنەدابێ. ئەمە سەرەڕای ئەو وتارانەی لێیەوە بەجێ ماون، گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە: **دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کار** (١٨٩٢), **ڕێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی** (١٨٩٤), **خۆکوشتن** (١٨٩٧), **شێوە سەرتاییەکانی ژیانی ئایین** (١٩١٢) , و **فەلسەفە و کۆمەڵناسی** (١٩٢٥).

## جۆرج گورڤیچ

"جۆرج گورڤیچ" (G. Gurvitch) کۆمەڵناسی فەڕەنسی (١٨٩٤-١٩٦٥) لە سەرەتای کارەکەیدا لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بووە پرۆفیسۆر لە زانکۆی "تومسك". ناوبراو لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی سۆڤیەت بەشدار بوو و لەو ماوەیەدا "لینین"ی ناسی. دواتر بە هۆی جیاوازیی بۆچوون لەگەڵ سەرانی سۆڤیەت بڕیاری دا سۆڤیەت بەجێ بهێڵێت [٤٩]. لە ساڵی ١٩٤٩ بووە پرۆفیسۆر لە زانکۆی پاریس و بە یەکێك لە پێشڕەوانی

کۆمەڵناسیی بونیادگەری دادەنرێت. ناوبراو ماوەیەکیش لە زانکۆی "ستراسبۆرگ" (فەرەنسا) لە جیاتی "مۆریس هالْبواکس" وانەی دەگوتەوە. "گورڤیچ" دامەزرێنەری "سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی" بوو لە پاریس و یەکەم سەرۆکی ئەم سەنتەرە بووە. دواتر کرایە بەڕێوەبەری قوتابخانەی عەمەلی خوێندنی باڵای پاریس. لە ساڵی ١٩٤٦ گۆڤاری بایەخداری "نووسینگە نێونەتەوەییەکانی کۆمەڵناسی" دەرخست و وتاری تێدا نووسین. لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٦٣ سەرۆکی کۆمسیۆنی کۆمەڵناسی و دیمۆگرافی بوو لە "سەنتەری نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکان" لە پاریس.

توانا و لێهاتوویی زانستیی وی لە نووسین و لێکۆڵینەوەدا بووە هۆی ئەوەی ئەو دوای دورکایم بە درەوشاوەترین کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرەنسی لە قەڵەم بدرێ. لە ڕێی بڵاوکردنەوەی دوو کتێب بەناوی **کۆمەڵناسیی یاسایی** و **بنەماکانی کۆمەڵناسی** ناوبراو لە ئاستی نێونەتەوەیشدا ناوبانگی دەرکرد. ئەو لە چەندین بواری جیاوازی کۆمەڵناسیدا بەرهەمی هەیە و لە زۆر ڕووەوە بە "سۆرۆکین"ی فەرەنسای دادەنێن. ئەو زۆر دژی میتۆدی ئەزموونگەریی کۆمەڵناسانی ئەمریکا بوو [٤٦].

"گورڤیچ" ماوەی پێنج ساڵ لە تەمەنی خۆی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ تا ١٩٤٥ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر برد و لەو ماوەیەدا بە تایبەت ئیشی لەگەڵ "ویلبێرت مۆر" دەکرد و بە هاوکاریی لەگەڵ چەند نووسەرێك کتێبی "تیۆرە نوێیەکانی کۆمەڵناسی"یان چاپ کرد (بە زمانی ئینگلیزی) [٣٦]. بواری سەرەتایی لێکۆڵینەوەکانی گورڤیچ یاسا و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بوو کە دواتر ئەم مەسەلەیەی لە قاڵبی چەمکە کۆمەڵایەتییەکاندا خستە ڕوو [٥٨].

لەوانەیە گرنگترین بەرهەمی "گورڤیچ" کتێبی **بانگەشەی ئێستای کۆمەڵناسی** بێت. ئەم کتێبە ناوبانگێکی زۆری بۆ ئەو بەتایبەت لە فەرەنسا لێکەوتەوە و بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك کۆمەڵناسی فەرەنسی لە دەوری



کۆببنەوە. لە بەرهەمەکانی "گورڤیچ"دا ئەو چەمکانەی زۆر بەرچاو دەکەون بریتین لە قەیران, ململانێ و کێبڕکێ کە دەشێ بەهۆی کاریگەربوونی پێشووی بێت بە ڕێبازی مارکسیزم. بە پێچەوانەی "دورکایم", "گورڤیچ" بڕوای بە بوونی حەتمییەت نییە لە فاکت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا و دەڵێت پێویستە هۆیەتی (السببیة) و حەتمییەت لێکجیابکرێنەوە [٣٦].

"گورڤیچ" کۆمەڵناسی بە زانستێك دادەنێت کە لە شێوە و لایەنەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان دەکۆڵێتەوە. ئەو لە کتێبی **دیالێکتیك و کۆمەڵناسی**دا هەوڵدەدات بسەلمێنێت کە بەبێ کەڵك وەرگرتن لە دیالێکتیك ناتوانین بە وردی لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵینەوە. ئەرکی کۆتایی دیالێکتیك لەناوبردنی چەمکە وەدەستهاتووەکانە. ئامانج ئەوەیە ڕێ بگرین لە بەمۆمیابوونی ئەم چەمکانە. بەم پێیە دیاکێکتیك دەبێ هەموو جۆرە هەڵوێستێکی فەلسەفیی پێشووتر ڕەتبکاتەوە [٥٩].

"گورڤیچ" لە بارەی پەیوەندیی کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان تیۆری سەرنجڕاکێشی هەن. بە بڕوای "گورڤیچ" ڕۆڵی کۆمەڵناسی و مێژوو ڕێنماییکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ترە و لەو ڕووەوە ئەم دوو زانستە لایەنی پسپۆڕییان نییە. "گورڤیچ" جوگرافیای مرۆییش لە ریزی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پۆلێن دەکات, چونکە "مرۆیی" و دواجار "کۆمەڵایەتی"یە [٥٩]. وەك چۆن گشت زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێویستیان بە کۆمەڵناسی هەیە, لقە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسیش پێویستیان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بواری یاسا, ئابووری, سیاسەتناسی, زماننانسی و جوگرافیا هەیە.

لێکۆڵینەوەی ورد لە بیروڕاکانی "گورڤیچ" پێویستی بە شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی یەکە بە یەکەی بەرهەمەکانی وی و ئەنجامگیریی لێیانەوە هەیە و ئەم کارە لە توانای ئەم کتێبە بەدەرە.

## کۆمەڵناسیی ئەڵمانیا

کۆمەڵناسی بە واتا پسپۆرییەکەی لە ئەڵمانیا کەمێك بەر لە فەرەنسا سەریهەڵدا و یەکەم بەرهەم کە شایانی باس بێت لەم بوارەدا لە سەرتاکانی سەدەی بیستەم هاتۆتەکایەوە, هەر چەندە "تۆنیس" (F. Tonnies) (١٨٥٥-١٩٣٦) بەرهەمە ناودارەکەی خۆی لە ژێر ناونیشانی *کۆمەڵ و کۆمەڵگا* لە ساڵی ١٨٨٧ لەو وڵاتەدا بڵاوکردۆتەوە. وەك دەزانین لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵناسی لە ئەڵمانیا ئەم کتێبەش بایەخی پێدرا.

کۆمەڵناسیی ئەڵمانی لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا, بە ڕادەیەکی زۆر وابەستەی فەلسەفەی مێژوو و بە تایبەت قوتابخانە فەلسەفییەکانی ئەڵمانیا بوو. لە ئەڵمانیا دوای جەنگی دووەمی جیهانی دوو قوتابخانەی سەرەکی لە کۆمەڵناسیدا هاتنە کایەوە کە "لیۆپۆلد فن ڤیزە" سەرپەرشتیاری قوتابخانەی «کلن» بوو و لە قوتابخانەکەی تر واتە «هایدلبێرگ»، "ئەلفرید ڤیبەر" برای "ماکس ڤیبەر" چالاکی دەنواند [٣٧]. ماوەیەکی زۆر کۆمەڵناسیی ئەڵمانی لە ژێر کاریگەریی هزری "هێگڵ" و "مارکس"دا بوو, و چەمکگەلێکی وەکو دیالێکتیکی مێژوویی, حەتمییەتی مێژوویی و ژێرخانی ئابووری بە ڕادەیەکی زۆر لە دەقەکانی کۆمەڵناسیی ئەڵمانیدا بەرچاو دەکەن. دەتوانین ڕەوتە فیکرییەکانی کۆمەڵناسانی ئەڵمانیا لە سێ بواردا کورت بکەینەوە: گەیشتن بە هەندێ یاسای گشتی کە بەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکاندا باڵادەستن, مێژووی زانستی کۆمەڵناسی و لەبەرچاوگرتنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەك دیاردەگەلێکی گشتی.

کەواتە لەوانەیە بتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە شیکردنەوەی تایبەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و میتۆدۆلۆژی دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی کۆمەڵناسین لە ئەڵمانیا. ماوەیەکیش لە نێوان کۆمەڵناسانی ئەڵمانیا ئەو باسە لە ئارادا بوو کە ئایا کۆمەڵناسی دەبێ لە قەڵەمڕەوی زانستە سروشتییەکاندا لێی بکۆڵدرێتەوە یان لە قەڵەمڕەوی زانستە عەقڵییەکاندا



[٤٠]. لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسانی ئەڵمانی لە بواری گۆڕانکاریی مێژوویی زێتر پشت بە مێژووی شارستانیەتی ئەوروپا و بە تایبەت ئەڵمانیا دەبەستێ و زانیاریی لە بارەی شارستانیەتەکانی تر زۆر کەم بوو.

لەو ساڵانەی دواییدا کۆمەڵناسانی ئەڵمانیا بە ڕادەیەکی بەرچاو کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵناسانی ئەمریکی. ئەم حەز و مەیلە کە بە گشتی لە لای کۆمەڵناسانی لاوی ئەو وڵاتەدا کورت دەبێتەوە زێتر لە بارەی میتۆدۆلۆژیای کۆمەڵناسی و بەکارهێنانی ئامار و لێکۆڵینەوەی لە جۆری شیکردنەوەی ناوەرۆکە. "رینێ کۆنیگ" (R. Konig) و "رالف داریندۆرف" (R. Darendorf) لە ناودارترین کۆمەڵناسانی هاوچەرخی ئەڵمانیا دەژمێردرێن. باسەکەمان لە بارەی کۆمەڵناسیی ئەڵمانی بە باسی ژیان و بەرهەمەکانی "ماکس ڤیبەر" یەکێك لە بەناوبانگترین پێشڕەوانی کۆمەڵناسیی ئەڵمانی درێژە پێدەدەین.

### ماکس ڤیبەر

"ماکس ڤیبەر" ئابووریزان, کۆمەڵناس و فەیلەسووفی ئەڵمانی (١٨٤٦-١٩٢٠) لە ساڵی ١٨٩٤ لە زانکۆی "فرایبۆرك – پرایگۆڤ" سەرگەرمی وانە گوتنەوە بوو و هەروەها لە ساڵی ١٨٩٧ەوە لە زانکۆی "هایدلبێرگ" وانەی دەگوتەوە. بە هۆی نەخۆشکەوتنەوە ناچار بوو لە ساڵی ١٩٠٣ واز لە پەروەردە و فێرکردن بێنێت بەڵام ماوەیەك دواتر واتە ساڵی ١٩١٩ دووبارە دەستی بە کار کردەوە. لە ساڵی ١٩٠٤ بە هاوکاریی "سومبارت" (Sombart), "شومپیتێر" (Schumpeter) و چەند کەسێکی تر «ئەرشیفی سیاسەتی کۆمەڵایەتی» بڵاوکردەوە. لەو گۆڤارەدا ناوبراو لە ساڵی ١٩٠١دا وتارە هەرە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی **«ئەخلاقی پرۆتستانتی و رۆحی سەرمایەداری»** بڵاوکردەوە [٤٩].

دوای مردنی "ڤیبەر", جگە لە کتێبە گرنگەکەی بە ناوی **ئابووری و کۆمەڵگا** (١٩٢٢)، لێکۆڵینەوەکانی دیکەی لە بواری **کۆمەڵناسیی ئایین**

(۱۹۲۱)، **میتۆدی زانستی** (۱۹۲۲)، **کۆمەڵناسی و زانستی سیاسەت** (۱۹۲٤) و **مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری** (۱۹۲٤) چاپ کران. بەشێکی بەرچاوی نووسینەکانی "ڤیبەر" تایبەت نین بە کۆمەڵناسییەوە بە واتا تایبەتییەکەی. ناوبراو لە بەرهەمەکانیدا، بەتایبەت ئەو نووسینانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵناسییەوە هەیە بە مانا تایبەتییەکەی، زێتر کێشە بابەتییەکان دەگرنەوە نەك تیۆری گشتی. بیروڕاکانی "ماکس ڤیبەر" لە بارودۆخێکی ژینگەیی ڕۆشنبیرانەی تایبەتدا هاتنە کایەوە کە خەسڵەتی تایبەتیان بریتییە لە: بارودۆخی سیاسیی ئەڵمانیا لەو سەردەم جەختکردنی زۆر لەسەر مەسەلەی «ئیرادە» (لە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی نیچە). ناتوانین لە ڕۆڵی "ماکس ڤیبەر" لە کۆمەڵناسی و ناوەرۆکی بیروڕاکانی تێبگەین بەبێ گەڕانەوە بۆ بارودۆخی فکری، و بە تایبەت فەلسەفی و زانستیی ئەڵمانیا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. تیۆری مارکسیزم ڕۆڵێکی گرنگی لە فەزای فکریی ئەو سەردەمدا دەگێڕا، لە هەمان کاتدا فەلسەفەی "کانت" هێشتا بە فەلسەفەیەکی باڵادەست دادەنرا.

بە لای "ماکس ڤیبەر"ی کۆمەڵناسەوە، زانستی «کردەی کۆمەڵایەتی» (یان چالاکیی کۆمەڵایەتی)یە. پێشنیاری ئەو ناسین و گۆڕینی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانە بە مەبەستی دەرخستنی هۆکار و پرۆسەکانی. مەبەستی لە چالاکی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە [۳]. شێوەی چالاکیی جیاجیا بە پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان کۆتایی دێ.

لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە "ماکس ڤیبەر" لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا بە یەکێك لەوانە دادەنرێ کە بەرەوی بە میتۆدی «لێتێگەیشتن» (Verstenhen) داوە، میتۆدێك کە پشت دەبەشتێ بە ئاراستەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە ڕێی هاوسۆزی، لێتێگەیشتن و دەرککردنی تەواوی جەوهەریانە و بڕوای وایە بەبێ تێگەیشتن لە مانای ڕاستەقینەی ئەنجامدانی چالاکییەکان ناتوانین بە وردی بیانناسین. ژولین فرۆند (J. Freund) لە شیکردنەوەی میتۆدی "ماکس ڤیبەر" دەنووسێت:



«ئەگەر تەنیا بە لێکۆڵینەوە لە دامەزراوەیەك لە دەرەوەڕا وازبێنین، بێ ئەوەی بزانین بەبێ ئەم دامەزراوەیە مرۆڤ چی لێدەهات، بێگومان ئەوە دەگەیەنێ کە لە لایەنێکی زۆر گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی بێ ئاگاین. لە ڕاستیدا، گەشەکردنی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو مەبەستانەی مرۆڤ بەدوایاندا دەگەڕێ و ئەو بەرژەوەندیانەی بەدوایاندا وێڵە و ئەو مانا جۆراوجۆرانەی بە درێژایی مێژوو پێی بەخشیوە؛ لێکدەدرێتەوە. هۆی ئەو گرنگییەی کە "ڤیبەر" بە چەمکی ڕێژەییبوونی ماناکانی دەدات، لێرەوەیە، کە سەرەڕای تێگەیشتن لە گۆڕانی بابەتیانە ڕێگەدەدات مرۆڤ لەو مانایە تێبگات کە بە شێوەیەکی زهنی بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی خۆی دەبەخشێ» [٦٠].

ئەو هەوڵیدەدا، بە شێوەیەکی کەم تا زۆر نزیك لە "دورکایم" کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر بنەمای ئایینەوە دەربخات؛ "ڤیبەر" هەوڵدەدات هۆکارە کاریگەرەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئەوروپا لە ڕێی ئایینەوە روونبکاتەوە. لە کتێبی **ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری** بەو ئەنجامە دەگات کە مەزهەبی پرۆتستانتەکان بارودۆخی کۆمەڵایەتی – کولتووریی ئەوروپای بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری ئامادەکردووە. پرۆتستانتەکان مەیلێکی زێتریان بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستن و بەهێزکردنی زات هەیە. تەقوا و خۆپارێزیی کاتۆلیکەکان پاڵ بە تاکەکەسەوە دەنێت واز لە دونیا بێنێ و گۆشەگیری هەڵبژێرێ. لە نێو پرۆتستانتەکاندا زەمینەی فکری بۆ سەرمایەداری لەبار بوو و بووە هۆی ئەوەی بەرەو سەروەت کۆکردنەوە و وەبەرهێنان هەنگاوبنێن.

شایانی باسە یەکێك لە سەنجراکێشترین بەرهەمی "ماکس ڤیبەر" لە بارەی کۆمەڵناسیی ڕێکخراوەکانە. بە بڕوای "ماکس ڤیبەر" بیرۆکراسیەت کۆنەپارێزە و هەوڵدەدات بوونی خۆی بسەلمێنێ. بیرۆکراسیەت هەندێ نموونەی ڕەفتاری فێری کارمەندان دەکات و وایانلێدەکات قاڵبێك وەربگرن.

"ماکس ڤیبەر" بە پێچەوانەی "پارێتو" (کە زێتر پشت بە پێوەرە ڕەفتارییە نەگۆڕەکان دەبەستێ) لە بنەڕەتدا بایەخ بە بنەما عەقڵییەکانی ڕەفتارە خودییەکانی مرۆڤ دەدات [٤٥]. بیروڕاکانی "ماکس ڤیبەر" لە وڵاتانی دیکەشدا کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە. بۆ نموون "ڕیمۆن ئارۆن" لە فەڕەنسا زێتر لە ئەوانی تر بە بیروڕاکانی "ماکس ڤیبەر" ئاشنا بوو و هەوڵیداوە بیناسێنێ. بیروڕاکانی "ماکس ڤیبەر" زێتر تەلقینی فکری دێننە کایەوە نەك ئایدیۆلۆژیایەکی ڕێکوپێك."ماکس ڤیبەر" زۆر سوودی لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان وەرگرتووە [٤٦]. "ڕیمۆن ئارۆن" لە وەسفی ئەودا نووسیویەتی: «ماکس ڤیبەر نە پیاوی سیاسەت بوو و نە پیاوی حکومەت، بەڵکو پیاوی زانست بوو و جاروباریش دەپڕژایە سەر ڕۆژنامەنووسیی سیاسی. بەڵام لە هەموو ژیانیدا بەتامەزرۆوە خەمی کاروباری گشتیی دەخوارد و بۆ چرکەیەکیش لە سیاسەت غافڵ نەبوو، وەك بڵێی ئامانجی کۆتایی ئەو بەشداریکردن لە کردەوە بوو» [٦١].

## کۆمەڵناسی لە وڵاتە ئەکگرتووەکانی ئەمریکا

سەرچاوەی هزری کۆمەڵایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مەسیحییەت و بە تایبەت مەزهەبی پرۆتستانتەوە دەست پێدەکات. کەواتە دەتوانین سەرهەڵدانی هزری کۆمەڵایەتی لاییك (دونیەوی) لە ناو تیۆلۆژیای پرۆتستانتییەوە وەك گواستنەوەی بەها ئایینییەکان بۆ ناو کۆمەڵگای مەدەنی لەبەر چاو بگرین. بە بڕوای "ماکس ڤیبەر" فکری پرۆتستانتی جۆرە ڕوانگەیەکی دونیەوییانە بۆ گەردوون پەروەردە دەکات و جیهانبینییەکەی زێتر دونیاییە نەك ئوخرەوی. ئاراستەکەی لەسەر ئەو فەرمانە دامەزراوە کە دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی دابمەزێنێ و نزیکەی فکر و هیوای گشت دامەزرێنەرانی سەرەکیی کۆمەڵناسیی ئەمریکایی ئەوە بوو کە بەشداری لە دروستکردنی دونیایەکی باشتردا بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەم جیهانە باشەی ئەوان خەیاڵیش بێت [١٤].



دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسیی ئەمریکایی لە دونیای نێوان شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی واتە : "ئەلیبۆن سمۆڵ" (١٨٥٤-١٩٢٦)، "فرانکلین گیدینگز" (١٨٥٥-١٩٣١)، "ئەدوار ڕۆس" (١٨٦٦-١٩٥١) و "چارلس کولی" (١٨٦٤-١٩٢٩) لە ڕووی مێژووییەوە ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەبوو. ئەوان دەرفەتیان بۆ شیانی بەدامەزاوەییبوونی کۆمەڵناسی ڕەخساند (بە تایبەت "سمۆڵ" لە شیکاگۆ، و "گیدینگز" لە کۆلۆمبیا) و هەندێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو زانستەیان دیاریکرد. ئەوان دەیانویست کۆمەڵناسی بکەنە لقێکی زانستیی ئیجابی و دیاردە «کۆمەڵایەتی»یەکان لە دیاردە «دەروونی» و «کولتووری»یەکان جیا بکەنەوە. هەڵبەت ئەم هەوڵێستانە لە ئەمریکاش باس و مشتومڕێکی زۆریان لێنەکەوتەوە. بەڵام کاتێك دواتر بابەتی کۆمەڵناسیی ئەزموونگەری هاتەگۆڕێ و "پارك" و "بێرجس" ویستیان کاری ئەزموونگەری ئەنجام بدەن، مەسەلەی میتۆدەکان لە کۆمەڵناسیدا مشتومڕی لەسەر دروست بوو، و دوو قوتابخانەی ئەمریکایی «شیکاگۆ» و «کۆلۆمبیا» لەبەرامبەر یەکتر هاتنە کایەوە [١١٨]. وەك دەزانین دوای شەڕی جیهانیی دووەم کۆمەڵناسیی ئەمریکایی پەرەی سەند. لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٠ زانکۆی شیکاگۆ بە هۆی کەسانی وەك "جۆرج هێربرت مید" (G. H. Mead) (١٨٦٣-١٩٣١)، "ڕ. پارك" (R. Park) (١٨٦٤-١٩٤٤) و تەنانەت "بێرجس" (E. Burgess) (١٨٨٦-١٩٦٦) پێگەیەکی باڵادەستی هەبوو. بەڵام دوای ١٩٤٥ ڕووبەڕووی کێبڕکێیەکی توند لەگەڵ زانکۆی کۆلۆمبیا بووەوە [٣].

کۆمەڵناسیی ئەمریکایی لانی کەم لە ڕووی چەندایەتیی ئەو کارانەی پێشکەشی کردووە نفووزی کردۆتە ناو گەلێك ناوەندی خوێندن و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی لە دونیادا. ڕێژەی ئەو لێکۆڵینەوە پراکتیکی و تۆژینەوە ئەزموونگەری و نیمچە ئەزموونگەریانەی لە ماوەی سەدەی بیستەمدا لە لایەن کۆمەڵناسانی ئەمریکایی ئەنجام دراون لە ژمارە نایەن. کۆمەڵناسی لە ئەمریکا زێتر لایەنێکی پراکتیکی هەیە. بۆ نموونە

لێکۆڵینەوە لەبارەی کار و پەیوەندییە مرۆییەکان لە ناو کارگەدا لەوانەیە لە ڕووی ژمارەوە لە هەمووان زۆرتر بن و لەو لایەنەوە پڕژاونەتەوە سەر مەسەلە جوزئی و بچووکەکان. لە هەندێ حاڵەتدا لە ڕێی ڕەتکردنەوەی نموونە تیۆرییەکان، کۆمەڵناسانی ئەمریکایی، کۆمەڵناسییان گەیاندۆتە ئاستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و ئامانجیان لەم لێکۆڵینەوانە کەمکردنەوەی ململانێ و تەنگژەکانی کۆمەڵگایە. ئەم بابەتە لەبارەی پەیوەندی کۆمەڵناسی بە دیمۆگرافیاشەوە تێبینی دەکەین. لە زانکۆکاندا وانەگوتنەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی مەسەلەی دانیشتوان بەزۆری کەوتۆتە سەر شانی گرووپی کۆمەڵناسی و ژمارەی ئەو کۆمەڵناسانەی کە لە یەك کاتدا کۆمەڵناس و دیمۆگرافن زۆرە.

لە ئەمریکا زۆربەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن کارگەکانەوە پشتیوانیی داراییان لێ دەکرێ و زانای کۆمەڵایەتی بەزۆری مووچە لە کارگە وەردەگرێ. ئەم حاڵەتە تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ئەوروپا بەدی دەکرێ، چونکە لە ئەوروپا کۆمەڵناسان بەزۆری لە خزمەتی زانکۆ و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەی وابەستە بە حکومەت دان.

لەو ساڵانەی دواییدا لێکۆڵینەوە ئەزموونگەرییەکان تا ڕادەیەك بە لای ڕەفتارناسدا دەشکێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵناسانی وەك "پارسۆنز" هەوڵدەدەن کۆمەڵناسانی ئەمریکایی بە لای بنەما تیۆرییەکانەوە ڕاکێشن، کارێك کە ئەوان زۆر گرنگیی پێنادەن. ئەو بایەخەی کە لە ئەمریکا بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکەسان و گرووپەکان دەدرێ بۆتە هۆی لێك نزیکبوونەوەی دەروونناسی و کۆمەڵناسی.

ڕۆڵی کۆمەڵناسی زیاتر لە جاران ئەوەیە کە لە یەکبوون و پەیوەندیی تاکەکەسان لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی بکۆڵێتەوە، ئەو بەهایانەی کە لە ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوەی تاك لەگەڵ کۆمەڵگا یان گرووپێکی دیاریکراو دێنە ئاراوە. کۆمەڵناسی ئەمریکایی زیاتر بایەخ بە «پەیوەندییەکان» دەدات نەك «بونیاد» و «دامەزراوە». کێشە تایبەتەکانی



کۆمەڵگای ئەمریکایی، واتە ململانێی نەژادی، کەمایەتییەکان و تاوانکاری (بەتایبەت تاوانکاریی لاوان) زەمینە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بووە و دەبێت. کەم کتێبی کۆمەڵناسیی ئەمریکایی هەیە باسی کێشەی نەژادی نەکردبێ.

کۆمەڵناسانی ئەمریکایی، کەمێکیان نەبێ وەك "پارسۆنز" و "سۆرۆکین"، ئەوانی تر خۆیان لە تیۆر، ئایدیۆلۆژیا و خودگەرایی دەدزییەوە. زۆر و لەڕادەبەدەر سوود وەرگرتن لە زانستی ئامار، کۆمەڵناسیی ئەمریکایی بەرەو چەندایەتیگەری بردووە. گرنگیی ئەم ڕێبازەی تۆژینەوە بە ڕادەیەك بووە کە ناڕەزاییەکانی کەسانی وەك "پارسۆنز"یش بە هیچ جێیەك نەگەیشتوون و هەندێ لە کۆمەڵناسانی لاو ئەویان بە «گشتیخواز»، «تیۆرساز» و «ناعەمەلی» ناوبردووە.

لە زۆربەی ناوچەکانی دونیا ئێستا، کۆمەڵناسی لە چەمکە ئەمریکییەکەیدا کورت کراوەتەوە. باڵادەستیی کۆمەڵناسیی ئەمریکایی و سنوورە پسپۆرییەکەی لە سەرانسەری دونیادا لەوانەیە پێش ئەوەی هوشیارانە بێت حاڵەتێکی ناهوشیارانەی وەرگرتووە. میتۆدەکانی کۆمەڵناسیی ئەمریکایی زیاتر لە جاران بە هەموو دونیادا بڵاوبۆتەوە و زۆر کەس تیۆرەکانی کۆمەڵناسانی ئەمریکایی بۆ ئیعتیبار بەخشین بە بیرکردنەوەکانی خۆیان بەکاری دێنن (!) و هەوڵدەدەن پرۆژە تۆژینەوەکانی خۆیان بە پشتبەستن بەم تیۆرانە دابڕێژن، کارێك کە گوزارشت لە چەند شتێك دەکات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵناسانی ئەمریکا فرەلایەنیی ناوخۆییانە لە ڕووی ئاراستە تیۆرییەکان، میتۆدۆلۆژیاکان، پەرەسەندنی پسپۆرییە لاوەکییەکان. دەسەڵاتی دەرەکیشی دوای شەڕی جیهانی دووەم هەمیشە بەهێزبووە. تەنیا ئەوە بەسە سەیرێکی تێزەکانی ماستەر و دکتۆرای زانکۆکانی ئێران بکەین کە لەم چەند دەیەی دواییدا پەسند کراون بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵناسیی ئەمریکا لە ڕووی تیۆری و میتۆدەوە ببینین؛ سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە پێمان بڵێن، ئەم لایەنانە سەر بە قوتابخانەی جیهانین لە کۆمەڵناسیدا نەك کۆمەڵناسیی ئەمریکایی، بەڵام چۆن دەتوانین ئەمە

بسەلمێنین؟ ئەنجامگیریی ئێمە پێویستی بە سەلماندن نییە. ئەگەرچی زانست پەیوەندی بە هەموانەوە هەیە و زانایان جیهانین، بەڵام نابێ پەیوەندیی زانست و دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و کولتووری پشتگوێ بخرێ. هەندێ جار دەبینێ ئەوەی زۆربەی قوتابیان و توێژەرانی کۆمەڵناسی لەبارەی کۆمەڵناسیی رۆژئاوایی (بەتایبەت کۆمەڵناسیی ئەمریکا) دەیزانن، هەندێ جار کەمترە لەوەی دەربارەی وڵاتی خۆیان دەیزانن، و هەڵبەت ئەم زانستە لەگەڵ زانستەکەی بەرامبەر (بۆ نموونە زانیاریی کۆمەڵناسانی رۆژئاوا لەسەر کۆمەڵناسیی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان) بەراورد ناکرێ. هەڵبەت پێویستە زانیاریی هەندێ لە دامەزراوەکانی توێژینەوەی رۆژئاوایی (بەتایبەت ئەو دامەزراوانەی کە پەیوەندیان بە وەزارەتەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتانەوە هەیە) کە تارادەیەك گشتگیرن جیابکەینەوە. لە ڕوویەکی ترەوە بە زۆری زانیاریمان لەسەر کۆمەڵناسانی رۆژئاوا زیاترە لە زانیاریمان لەسەر کۆمەڵناسیی رۆژئاوایی [١٤٠].

ئەو پەرەسەندنەی کۆمەڵناسی لە ئەمریکا بە خۆیەوە بینیویەتی، تا ئێستا لە هیچ کۆمەڵگایەکی تردا نەبووە. نزیکەی گشت زانکۆ گەورەکانی ئەمریکا خاوەنی گرووپی خوێندن و دامەزراوەی توێژینەوەی کۆمەڵناسین. کۆمەڵناسان سنووری ناوەندەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان بڕیوە و کارکردنیان لە کۆلێژی «تەکنیکی»، «ئەدەبیات»، «کشتوکاڵ»، «بیناسازی»، «پزیشکی» و «تەندروستی» زۆر بەرفراوان بووە.

کۆمەڵناسی ئەمریکایی هەوڵدەدات خۆی لە کۆت و بەندی قوتابخانە و فەلسەفەکان رزگار بکات. ئەوان ئەوەندە مەسەلەکان شیدەکەنەوە کە لە هەندێ حاڵەتدا مانا مرۆییەکەیان لەناو دەچێت و پەیوەندیی نێوان دیاردەکان فەرامۆش دەکرێت. بەئاماریکردنی ڕەفتارە مرۆییەکان و پلەبەندیی سۆزەکان و هەوڵدان بۆ گۆڕینی گشت خەسڵەتە چۆنایەتییەکان بۆ چەندایەتییەکان، ئەگەر زیادەڕۆیی تێدا بکرێ و لە هەمان کاتدا ئەوە لەبیر بکرێ کە مرۆڤ بوونەوەرێکی «کۆگیر»ە، کۆمەڵناسی دووچاری کورتبینی دەکاتەوە. ئەم



بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵناسانی ئەمریکایی چەندین ڕیپۆرتاژ و کتێب لە چەندین بواری جیاواز و دوور لە یەکتریان هەبێ و سەرەنجام نەتوانن پەیوەندییەك لە نێوان ئەم لێکۆڵینەوە پەرتوبڵاوانەدا بدۆزنەوە.

"ڕایت میلز" (C. W. mills) (١٩١٦-١٩٦٢) یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی لە ئەمریکا لەو چەند دەیەی دواییدا ناوبانگێکی تایبەتی هەبووە و هۆیەکەشی زێتر بۆ بۆچوونەکانی ئەو لەبارەی کۆمەڵناسیی ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە[٤٤]. بە ڕای ئەو هەبوونی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە لەمەڕ کێشەکانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی زیادبوونی هوشیاریی تاکەکەسی لە بواری کاروبار و کێشە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو ڕەخنە لە هەلومەرجی کۆمەڵناسی لە ئەمریکا دەگرێت و دەڵێت: «بە بڕوای من زۆربەی زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت لە ئەمریکا لێکۆڵینەوە لە بابەتە سەرەکییەکانیان پشتگوێ خستووە. هەندێکیان بایەخ بە ئەرکی سیاسیی ڕۆشنبیرانەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی نادەن و هەندێکی تر شایستەی ئەو ئەرکە نین کە گرتوویانەتە ئەستۆ. ئەم کەسانە هەندێجار بەشێوەیەکی سەرەکی پەنایان بردۆتە بەر وردەکارییە هونەرییە نەریتییەکان و کەموکووڕیی نوێیان تێدا دەرکەوتووە». لە شوێنێکی تردا دەڵێت: «لێکۆڵینەوە لە واقیعە هاوچەرخەکان پەیتا پەیتا ئاراستەی کۆمەڵێك مەسەلەی ناسەرەکی و بێبایەخ کرا. زۆربەی یەکە دەرسییەکانی بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆکانی ئەمریکا گوزارشت لەم جۆرە کۆمەڵناسییە دەکەن. وەك دیارە کتێبە دەرسییەکانی «نارێکخستنی کۆمەڵایەتی» بە باشترین شێوە ئەم شێوازە فکری و توێژینەوەییە دەردەخات. بە لای ئەو کۆمەڵناسانەی هەوڵدەدەن خۆیان لە بوارێکدا بە پسپۆر دەزانن میتۆدی توێژینەوە بۆتە میتۆدۆلۆژیا» [٢٩].

بە گوێرەی بەرفراوانبوونی بێوێنەی کۆمەڵناسی لە ئەمریکادا ئامادەکردنی لیستێکی کۆمەڵناسانی ئەم وڵاتە و خستنەڕووی لەم کتێبەدا کارێکی نەشیاوە. «کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی ئەمریکا» کۆی ژمارەی

کۆمەڵناسانی ئەمریکایی نزیکەی بە چل و پێنج هەزار کەس مەزەندە دەکات کە بەشێکی زۆریان لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن. بۆ باسکردنی کۆمەڵناسی لە ئەمریکا، چاوێك بە ژیان و بیروباوەڕەکانی دوو کەس لە بەرچاوترین کۆمەڵناسانی هاوچەرخی ئەمریکایی واتە "سۆرۆکین" و "پارسۆنز"دا دەخشێنین.

### سۆرۆکین

پیتریم ئەلکساندەرۆڤیچ سۆرۆکین (P. A. Sorokin) (١٨٨٩-١٩٦٨) کۆمەڵناسی ئەمریکایی بە ڕەچەڵەك روسی لە ساڵی ١٩٢٣ روسیای سۆڤیەتی جارانی بەجێهێشت و ڕووی کردە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە ساڵی ١٩٣٠ بووە هاووڵاتیی ئەمریکی. سۆرۆکین لە زانکۆی «سێنت پیترزبۆرگ» دەروونناسیی سەریری خوێند. ناوبراو بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکاندا دەکرد و لەساڵی ١٩١٨ ئەندامی جڤاتی نەتەوەیی دەستووری سۆڤیەتیش بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٢٢ بەهۆی ڕێنمایی دژە بەلشەڤی لە کار لادرا.

ئەو لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٣٠لە زانکۆی «مینە سوتا» وانەبێژی کۆمەڵناسی بوو و دواتر لە ساڵی ١٩٣٠-١٩٥٠ لە زانکۆی «هارڤارد» کۆمەڵناسی دەگوتەوە. "سۆرۆکین" لە زانکۆی ناوبراودا گرووپی کۆمەڵناسی دامەزراند و بووە بەڕێوەبەری گرووپەکە. ئەم ناوەندە دواتر بووە یەکێك لە ناوەندە سەرەکییەکانی توێژینەوە و فێرکردن لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا و ناوبانگی جیهانیی وەدەستهێنا. ناوبانگی "سۆرۆکین" لە دونیادا بووە هۆی ئەوەی بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانان وەربگێڕدرێن. بابەتی سەرەکی لە سیستمی بیرکردنەوەی ئەودا «قەیران» بوو و بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: کۆمەڵناسیی شۆڕش (١٩٢٥)، دینامیزمی کولتووری و کۆمەڵایەتی (١٩٣٧) لە چوار بەرگدا، ڕەوتی سەرەکیی سەردەمەکەمان (١٩٦٤)، و تیۆرەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵناسی (١٩٦٦).



لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕۆڵی شۆڕش و جەنگەکان لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا شرۆڤەکراوە. دەتوانی بەرهەمەکانی "سۆرۆکین" لە دوو کۆمەڵەدا پۆلێن بکەین. کۆمەڵی یەکەم ئەو بەرهەمانەی پەیوەندیان بە کۆمەڵناسیی سیستماتیکەوە هەیە و کۆمەڵەی دووەم ئەو مەسەلانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە کۆمەڵناسیی دینامیکی. "سۆرۆکین" هەستا بە پێناسەکردن و بەرەودان و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵناسیی سیستماتیك و لەو ڕووەوە دەتوانین ناوبراو بە یەکێك لە لایەنگرانی کۆمەڵناسیی سیستماتیك دابنێین.

وەسفکردنی کۆمەڵناسی لە لایەن "سۆرۆکین"ەوە، وەسفکردنێکە کە وادێتە بەرچاو لە لایەن ئەو کۆمەڵناسانەی ئاراستەی جیاجیایان هەیە پەسندکراوە. میتۆدی ئیشکردنی ئەو بەشێوەیەکە کە ڕەهەندی کۆمەڵناسیی تیۆری (کە بابەتێکی ئاڵۆزە و کەمتر کۆدەنگیی کۆمەڵناسانی لەسەرە) بە چاکی ڕوون دەکاتەوە. بە ڕای "سۆرۆکین" «کۆمەڵناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییە گشتییەکان کە هاوبەشن لەناو گشت دیاردە کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتییەکاندا». لە کتێبی **کۆمەڵگا، کولتوور و کەسایەتیدا** پێناسەکی دیکە دەخاتەڕوو کە تا ڕادەیەك وردبینانەترە: «کۆمەڵناسی بریتییە لە گشتاندنی تیۆری بونیاد و بزاوتی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، سیستمە کولتوورییەکان و کەسایەتی لە ڕووی قاڵبە بونیادییەکانەوە» [٦٤].

وەك ڕوانگەی زۆربەی کۆمەڵناسانی ئەمریکایی، "سۆرۆکین" زۆر بایەخ بە بابەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی (Social interaction) دەدات و بە قاڵبێکی دادەنێت بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوە کۆمەڵناسییەکان. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە لە پێناسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا کە جەخت لەسەر ڕەفتاری کاریگەری مرۆڤ لەسەر ئەوانی تر دەکات، لەوانەیە بەو ئەنجامە بگەین هەر گرووپێك کە ئەندامەکانی پەیوەندیی ڕووبەڕوویان لەگەڵ یەکتردا هەیە بە پلەی یەکەم یەکەیەکە گشت بەشەکانی ڕووبەڕووانە و بە ڕێژەیەکی

بەرهەست پەیوەندی و وابەستەییان بە یەکترەوە هەیە. بە دەستەواژەیەکی تر، بە ڕای "سۆرۆکین" هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر ڕێکخراویش نەبێ سیستمێکی کۆمەڵایەتییە. هەڵبەت پێویستە بزانین لە فەرهەنگی "سۆرۆکین"دا وشەی «سیستم» (system) واتایەکی تایبەتی هەیە و ئەو چەمکە گشتییە نادا بەدەستەوە کە کۆمەڵناسانی تر مەبەستیانە.

"سۆرۆکین" بایەخ بە کێشە گشتی و تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیش دەدات و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی لە بارەی فەلسەفەی مێژوو هەیە. ئەو کێشانەی ئەو لە ڕابردوودا بایەخیان پێدەدات ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە. ناوبراو وێڕای ڕەتکردنەوەی گشت ئەو قۆناغانەی کە کۆمەڵناسانی بەرێ وەکو "ئۆگست کۆنت" و "هێربرت سپنسەر" بۆ ڕەوتی گۆڕانکاریی مێژوو دیاریان دەکات، بەو ئەنجامە دەگات کە لە میانی مێژوودا سێ قۆناغی «مەعنەوی»، «مەعنەوی ئامێزانە»، و «هەستگەرایی» بەدی دەکرێ [٦٤]. ئەم سێ قۆناغە سەردەم و کاتی مێژوویی دیاریکراویان نییە و بە دوای یەکتردا نایەن، بەڵکو لە هەر سەردەمێکی مێژوودا دەتوانین یەکێکیان بە زەقی ببینین. ناوبراو کۆمەڵناسی بە [زانستێکی] «چەندایەتیگەری» (الكمية)، و دواجار «هەستگەرایی» (الحسية) دادەنێت. بە بڕوای ئەو مەعریفەی هەستگەرایی بەرەو توندڕەوی ڕۆیشتووە و مەعریفەی مەعنەوی بە گشتی پشتگوێ خراوە.

"سۆرۆکین" وێڕای ئاماژەکردن بە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری مێژوودا لە کتێبی ***بزاوتی کۆمەڵایەتی***دا دەنووسێت: «هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراو، هەمیشە دەزگایەکی چینایەتییە. هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتی نەبووە و نییە کە گشت ئەندامەکانی لەگەڵ یەکتر یەکسان بن. کۆمەڵگای بێ چین کە یەکسانیی ڕاستەقینە لە نێوان ئەندامانی هەبێ، ئەفسانەیەکە هەرگیز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەچەسپیوە. شێوە و پەیوەندیی چینایەتیبوون جیاوازە، بەڵام جەوهەرەکەی، تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە گرووپە کۆمەڵایەتییە کەم تا زۆر سەقامگیر و هەمیشەیی و



ڕێکخراوەکانەوەیە، سەقامگیر و هەمیشەییە. ئەم دۆخە، نەك تەنیا لە کۆمەڵگای مرۆییدا، بەڵکو بۆ گرووپە گیاییەکان و گیانلەبەرکانیش ڕاستە» [٥٢].

## پارسۆنز

"تالکۆت پارسۆنز" (١٩٠٢-١٩٧٩) دوای تەواوکردنی خوێندن لە لەندن و هایدلبێرگ بووە پرۆفیسۆری یاریدەدەری کۆمەڵناسی لە زانکۆی هارڤارد، و لە ساڵی ١٩٤٤ بووە پرۆفیسۆر لەو زانکۆیەدا. "پارسۆنز" بۆ ماوەی چەندین ساڵ هاوکاری "سۆرۆکین" بوو و ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هێنانەدی کۆمەڵناسیی سیستماتیکدا. هەر چەند لە ڕووی چوارچێوەی تیۆرییەوە لێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەم دوو زانایەدا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە لە دوو جەمسەری دژ بە یەك وەستاون.

"پارسۆنز" لە کۆلێژی "ئامهێرست" بەشی بایۆلۆژی خوێند و کەوتە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی زانایانی ئەوروپایی. کاتێك لە کۆلێژی ئابووریی لەندەن خەریکی خوێند بوو، لە ژێر چاودێری "هۆبهاوس" (L. T. Hobhouse) و "مۆریس گینسبێرگ" (M. Ginsberg) کۆمەڵناسی بەریتانی و "مالینۆفسکی" (Malinovski) مرۆڤناسی ناودار لێکۆڵینەوە و خوێندنی ئەنجام دەدا. "مالینۆفسکی" ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دروستکردنی بۆچوونی «ئەرکگەرەکان» (فۆنێکشنالیستەکان) لە لای ئەو. دواتر لە لەندەنەوە ڕووی لە هایدلبێرگ و ئاشنا بوو بە کۆمەڵناسانی ئەڵمانی و نامەی دکتۆراکەی لە ژێر ناوی ***چەمکی سەرمایەداری لە تیۆرەکانی ماکس ڤیبەر و وارنەر سومبارت*** نووسی. دوای چەند ساڵ، ناوبراو کتێبە بەناوبانگەکەی ماکس ڤیبەری «ئەخلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری» وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

کاتێك "پارسۆنز" لە هارڤارد بوو چاوی دەکەوت بە کۆمەڵێك ئابووریناسی بەناوبانگ و بەتایبەت ئاشنایەتی لەگەڵ تیۆرەکانی

ئابووریناسانی کلاسیك واتە «ئالفرێد مارشال» (A. Marchall)دا پەیدا کرد. هەروەها لە بەرهەمەکانی "دورکایم"ی کۆڵیوەتەوە و دواتر کەوتە ژێر کاریگەریی تیۆرەکانی دەروونناسی ناودار "هەندرسن" کە ئەمەش خۆی زۆر ڕێزی لە بەرهەمەکانی "پارێتو" (کۆمەڵناسی ئیتالیایی) دەگرت [٥].

لە نێوان ئەم بەرهەمانەدا، نووسینەکانی "ماکس ڤیبەر"، "دورکایم" و "پارێتو" زۆر کاریگەریان لەسەر "پارسۆنز" هەبوو و ژێرخانە فکرییەکەی لەو ژێدەرانەوە بەرهەم هاتووە. ئەم کاریگەرییە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا لە ژێر ناونیشانی ***بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی***دا بەدی دەکەین.

لە نزیکەی ساڵانی ١٩٣٧ بایەخی بە تیۆرەکانی دەروونشیکاری دەدا و ئەم کەوتنە ژێر کاریگەرییە لە یەکەمین بەرهەمەکانیدا بە چاکی دەردەکەوێ. لە ماوەی چەند ساڵاندا"پارسۆنز" بەردەوام هەوڵیدەدا پێویستیی سەرهەڵدان و گەشەکردنی «تیۆری کردەی مرۆیی» دەربخات. "پارسۆنز" لە بەرهەمەکانی دواتریدا هەوڵیدەدا بیسەلمێنێت کە بواری سەرەکیی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی «کردەی کۆمەڵایەتی»یە؛ بۆچوونێك کە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی "ماکس ڤیبەر"ی پێوە دیارە. بە گوێرەی تیۆرەکانی "پارسۆنز" کردەی کۆمەڵایەتی ئەم توخمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: تاکەکەسێك کە کردەکە دەنوێنێ، هەلومەرجێك کە کردەکەی تێدا دێتەکایەوە، و هەڵوێست و ئاراستەی تاکەکەسێك کە کردەکە دەنوێنێ (بە گوێرەی هەلومەرج).

ناوبراو لە بواری ئابووریدا، بە تایبەت ئابووریی سیاسی لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی ئەنجام داوە. لە کتێبەکانیدا بەردەوام زاراوەی ئابووری بەرچاو دەکەون، بەڵام هەمیشە بایەخێکی تایبەت بە نموونە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکان (الانماط الاجتماعیة الخاصة) دەدات کە لە چوارچێوەیدا چالاکییە ئابوورییەکان ئەنجام دەدرێن. لە بواری «فکری»یەوە پەیڕەوی لە ماکس ڤیبەر دەکات و هەوڵدەدات هەندێ لە زاراوەکانی ماکس ڤیبەر لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمریکایی بگونجێنێت (بە تایبەت لە بارەی سەرمایەدارییەوە).



لەو چەمکانەی کە لایەنی میتۆدۆلۆژییان هەیە، وشەی «بەها» و «دۆخی دەروونی» لە لای ئەو (وەکو زۆربەی کۆمەڵناسانی ئەمریکایی) گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. لە بەکارهێنانی زاراوەی «سیستمی کۆمەڵایەتی» دا لە ژێر کاریگەری "ئەمیل دورکایم" کۆمەڵناسی فەڕەنسی دایە. دواجار بیروڕاکانی "فرۆید" لە بارەی مەسەلەی «ناهاوسەنگی» کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەو هەبووە.

"پارسۆنز" لەو یەکەم کەسانە بوو کە لە بواری کۆمەڵناسیی پزیشکی هەندێ تۆژینەوەی لە بارەی پەیوەندی پزیشك و نەخۆش ئەنجام داوە و لەو بارەشەوە وەك چۆن شێوازەکەی وایە زێتر بایەخی بە «کارلێکی کۆمەڵایەتی» دەدا. بە ڕای پارسۆنز سیستمی گشتیی کردەی کۆمەڵایەتی بۆ چوار سیستمی لاوەکی دابەش دەبێ کە بریتین لە: سیستمی کۆمەڵایەتی، سیستمی کولتووری، سیستمی سایکۆلۆژی و سیستمی بایۆلۆژی، کە دوو سیستمەکەی دوایی بە سیستمی کەسایەتی ناودەبات. بە ڕای پارسۆنز سیستمی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆمەڵناسانەوە بایەخی پێ دەدرێ[٣]. "پارسۆنز" پێیوابوو سیستەمی کۆمەڵایەتی لە ڕێی کردەکانەوە پێناسە دەکرێت و کردەکان سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپەکان ئاراستە دەکەن. سیستەم و گرووپەکان زێتر لە سیستەمی کولتووریانەوە ڕووبەڕووی گۆڕان دەبنەوە و گرووپ و سیستەمەکان لە ڕێی ئەرك و ڕۆڵەکانەوە دەناسرێنەوە. بەڵام ئایا ئەرك و فەرمان (الوظیفة) لەسەر چ دامەزراوە؟ بە بڕوای "پارسۆنز" ئەرك و فەرمان لە تەوەری گونجان، گەیشتن بە ئامانج، پاراستنی هاوسەنگی و توانەوە لەناو کۆمەڵگادا دەجولێتەوە.

بە لای "پارسۆنز"ەوە، «هاوسەنگی» و «ناهاوسەنگی» گرنگییەکی زۆریان هەیە. ئەو هەمیشە هەوڵدەدات لە زۆر بواردا ئەم دوو وشەیە بەکاربهێنێت. خوێندنی بنەڕەتی لە ئاستی سەرەتاییدا جۆرە ناهاوسەنگییەك بۆ منداڵ دروست دەکات، چونکە منداڵ ناچارە ژینگەی خێزانیی خۆی ڕەتبکاتەوە. قوتابیی سەرەتایی چیتر منداڵ نییە، ئەو چالاکی دەنوێنێت و

رەوشێکی دەروونیی جیاوازی هەیە (مەیل بۆ بوون بە قوتابییەکی باش). لەو بارودۆخەدا منداڵ ئامانجگەلێکی تایبەت دەدۆزێتەوە. لە سیستمی پەروەردەی سەرەتاییدا هەر کەسێك ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە. مامۆستا لە جێی باوك یان دایك دایە، بێ ئەوەی بەڕاستی وا بێت. ئەو ئامرازەکانی پەڕینەوە لە قۆناغی منداڵی بۆ مێردمنداڵی دابین دەکات. لە پرۆسەی پرۆگرامەکانی خوێندندا هەر کەسەو ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە (ڕێبەر یان پەیڕەوکەر) و هەر کەسەو چاوەڕێی کردەێکی تایبەت لەوانی دیکە دەکات.

"پارسۆنز" ئاماژە بە زەحمەتییەکانی تۆژینەوە لە کۆمەڵناسیدا دەکات و دەنووسێت: «لێکۆڵینەوەی زانستیانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانە، چەند زەحمەتی و سەختییەکی تایبەت دێنێنە کایەوە. ئێمە بەردەوام لەناو و لەڕێی ئەم پەیوەندیانەوە دەژین، و دواجار ناتوانین لە دەرەوەڕا سەیریان بکەین. دەتوانین ئەم کێشەیە بە ڕێزمان و لایەنەکانی دیکەی زمان بەراورد بکەین کە زماننانسی پسپۆر باسیان دەکات. هەر کەسێکی ئاسایی زمانی دایکی خۆی بەپێی پێویست، بەدروستی و بەبێ کۆششێکی تایبەت بەکاردێنێ، بێ ئەوەی بزانێت ئەم زمانەی ئەو لایەنی تەکنیکی تێدایە. لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، ئەم تێبینیانە بە شێوەیەکی بەرچاوانە بەسەر خێزاندا دەچەسپێن، چونکە هیچ لایەنێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی نابینینەوە بە ئەندازەی خێزان پڕ بێ لە هەست و پاڵنەرەکان (کە لە بوونیان ئاگادار نین). هەر لەبەر ئەوە زەحمەتی و سەختیی تۆژینەوە، زۆربەیجار پێش ئەوەی پەیوەندی بە لەگەڵ ڕاهاتن، یان گرفتی ناسینی گشت واقیعەکانەوە هەبێ، پەیوەندی بەو گۆشەنیگایەوە هەیە کە لێیەوە سەیری ئەم واقیعانە دەکەین» [٥٢]؟.

هەندێ لە گرنگترین کتێبەکانی "پارسۆنز" بریتین لە: **بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی (١٩٣٧)، تیۆری کۆمەڵناسی (١٩٤٩)، سیستمی کۆمەڵایەتی (١٩٥١)، بەرەو تیۆرێکی گشتی لەبارەی کردەوە (١٩٥١) خێزان، بەکۆمەڵایەتیبوون و پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی (١٩٥٥)، بونیاد و**



**پرۆسە لە کۆمەڵگا تازەکاندا (١٩٥٩)، بونیادی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی (١٩٦٣)، کۆمەڵگاکان لە ڕووی گۆڕانکاری و بەراوردەوە (١٩٦٦).**

"تالکۆت پارسۆنز" نووسەرێکە لە ئەمریکا لە نووسەرانی تر زێتر پشتی پیدەبەستێ و نزیکەی هەموو کتێبەکانی بە شێوازێکی ئاڵۆز نووسراون. وەك دەزانین بەرهەمەکانی "تالکۆت پارسۆنز" (١٩٠٢-١٩٧٩) دەکەوێتە ناو کایەی کۆمەڵناسییەکی چەمکگەرییانەوە و ئەزموونگەریی لازارسفیڵد ڕەتدەکاتەوە. بە بڕوای ئەو بابەتی کۆمەڵناسی ڕوونکردنەوەی کردە مرۆییەکانە. بە بڕوای "پارسۆنز" ئەو کاتە دەتوانی لەم کردانە تێبگەین کە پەیوەندییەك لە نێوان ئەرکەکانیان و بونیادی کۆمەڵایەتیدا بێتەکایەوە، و بە گوێرەی ئەمە تیۆری "پارسۆنز" بە بونیاگەری- ئەرکگەرێتی (البنائية الوظيفية) ناسراوە [٣]. ئەو دەیەوێ دەریبخات کە بکەرە کۆمەڵایەتییەکان کار و کردەوەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ئامانجدار ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەم کردانە دەکەونە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێك بەهاوە کە بونیاد بە کۆمەڵگا دەبەخشن و ئەرکیان ڕاکێشانی تاکە بۆ ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

## کۆمەڵناسی لە بەریتانیا

لە سەرەتادا لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان لە بەریتانیا پشتیان بە تیۆرە فەلسەفییەکان (سەدەی هەژدەیەم) دەبەست و بە پێچەوانەی ئەمریکا، لە بەریتانیا قوتابخانەیەکی سەربەخۆ بۆ کۆمەڵناسی نەهاتە کایەوە. بەڵام ئەو هۆیەی وای کرد لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی ئەنجام بدرێت کێشەی کۆمەڵگا کۆلۆنیالییەکان و کێشەی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا (کرێکارانی پیشەسازی) بوو. لە قۆناغەکانی دواتر، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵناسیی بەریتانیا لە ڕووی میتۆد، هەڵبژاردنی کێشەی لێکۆڵینەوە، جۆری شیکردنەوە و زۆر لایەنی دیکەش لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵناسیی ئەمریکیدا بوو، بەڵام کۆمەڵناسانی بەریتانی نموونەی کۆمەڵناسیی ئەمریکیان بە تەواوی وەرنەگرت، بەڵکو بەپێی سەلیقەی خۆیان گۆڕانکاریان تێدا ئەنجام دا.

ئێستا، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵناسیی بەریتانی بە لای میتۆدی چەندایەتی (المنهج الكمي)دا دەشکێتەوە، بەڵام بنەمای فەلسەفیشی هەیە و هەروەها بنەمای تیۆری هێشتا پلەوپایەیەکی گرنگی لەناو کۆمەڵناسیی بەریتانی بە خۆی بڕیوە. لە لایەکی دیکەوە پێویستە بڵێین بەهۆی ڕابردووی زێتری لێکۆڵینەوە مرۆڤناسییەکان لەم وڵاتەدا، کۆمەڵناسی بە تایبەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا زۆر سوودی لە ئەنجامە وەدەستهاتووەکانی مرۆڤناسان وەرگرتووە [٣٧]. بەگشتی دەتوانین بڵێین کۆمەڵناسی بە مانا پسپۆرییەکەی لە دوا دواییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم لە بەریتانیا بە جیدی بایەخی پێدرا.

سەرەڕای ئەوەی «هێربرت سپنسەر» یەکێك لە پێشەنگەکانی کۆمەڵناسی، لە بەریتانیا ژیاوە، بەڵام بەرهەمەکانی تا ماوەیەکی زۆر فەرامۆش کرابوون و لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بایەخیان پێدرا. هەڵبەت لەم ماوەیەدا کەسانێك هەبوون بایەخیان بە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەدا، بەڵام بیروڕاکانیان زێتر فەلسەفی بوون نەك لێکۆڵینەوەی بابەتیانە. دەشێ بڵێین ئێستاشی لەگەڵدابێ مرۆڤناسی لە بەریتانیا گرنگییەکی زێتر لە کۆمەڵناسیی هەیە. سەرهەڵدانی چەند مرۆڤناسێکی ناودار لە بەریتانیا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەلومەرجەکە هەبووە. لە گرنگترین کەسایەتییەکانی کۆمەڵناسی لە بەریتانیا دەتوانین ناوی ئەمانەی خوارەوە بەرین: "چارلس بووت" (Ch. Booth) (١٨٤٠-١٩١٦) پسپۆری بواری کۆمەڵناسیی کار، "لیونارد هۆبهاوس" (L. T. Hobhouse) (١٨٦٤-١٩٢٩) پسپۆری کۆمەڵناسیی گشتی"، "مۆریس گینسبێرگ" (N. Ginsberg) پسپۆری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و "تۆماس باتامۆر" (T. Battomore) (لەدایکبووی ١٩٢٠) پسپۆری کۆمەڵناسیی مەعریفە.



## کۆمەڵناسی لە ئیتاڵیا

لە ئیتاڵیا سوودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسیەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا زێتر لایەنێکی پراکتیکی لەناو زانستەکاندا هەبووە و چالاکیی کۆمەڵناسانی ئیتاڵی بەگشتی زێتر لە بواری «دەروونناسیی کۆمەڵایەتی» و «تاوانناسی» بوو. لێکۆڵینەوەی تاوانناسی لەم وڵاتەدا زێتر لە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی "لومبرۆزۆ" (C. Lombroso)دا بوو. لەوانەیە بەرچاوترین کەس لە مێژووی کۆمەڵناسیی ئیتاڵیا تا ئێستا تەنیا "پارێتۆ" بێت کە ناوبانگێکی زۆری هەیە. "پارێتۆ" لە بنەڕەتدا نیشتەجێی سویسرا بوو و لە زانکۆی «لۆزان» وانەی دەگوتەوە.

یەکێك لە پسپۆرانی تاوانناسی لە ئیتاڵیا "ئەنریکۆ فێری" (E. Ferri) (١٨٥٤-١٩٢٨) کە کتێبی **کۆمەڵناسیی تاوانکاری** نووسی و ئەم کتێبە ناوبانگی بۆ پەیداکرد. دوای "فێری" کۆمەڵناسێکی دیکە کە دەتوانین بیروڕاکانی تاووتوێ بکەین "کۆزنتینی" (P. Cosentini)یە کە لێکۆڵینەوەکانی زێتر لە بواری کۆمەڵناسیی یاسا بوو. لێرەدا بە کورتی باسی ژیان و بەرهەمەکانی "ڤیلفەر دو پارێتۆ" دەکەین.

### پارێتۆ

"ڤیلفەر دو پارێتۆ" (V. Pareto) (١٨٤٨-١٩٢٣) ئابووریناس و کۆمەڵناسی ئیتاڵی لە سەرەتای خوێندنی خۆیدا خەریکی ئەندازیاری بوو و چەند ساڵێك دواتر پلەی دکتۆرای لە فیزیا وەرگرت. ناوبراو بەڕێوەبەرایەتی چەند کارگەیەکی ئیتاڵیشی بە ملەوە بوو. لە زانکۆی «لۆزان» خاوەنی کورسی ئابووریی سیاسی و کۆمەڵناسی بوو (١٩١٢). دوای ئەوەی نامەی دکتۆرای خۆی لە فیزیادا نووسی، هەوڵیدا ئابووری بە پیشەسازی و ماتماتیك ببەستێتەوە. بە پلەی یەکەم ئامانجی "پارێتۆ" ئەوە بوو کورسیی فیزیا لە یەکێك لە زانکۆکانی ئیتاڵیا بەڕێوە ببات، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا ڕووی کردە سویسرا و دەستیکرد بە گوتنەوەی ئابووریناسی.

"پارێتۆ" لەو کەسانە بوو کە لە سەدەی بیستەم بە ئاراستەی سوودوەگرتن لە تیۆرە سایکۆلۆژییەکان و بەکارهێنانیان لە کۆمەڵناسیدا کاری دەکرد، بەڵام تێگەیشتنی "پارێتۆ" زێتر ڕەنگێکی غەریزی هەبوو و لەسەر بنەمای بوونی هۆکارە نەگۆڕەکانی ڕەفتار دامەزرابوو. بەرهەمە گرنگەکانی "پارێتۆ" بریتین لە : وانەکانی ئابووریی سیاسی (١٨٩٦-١٨٩٧) و سیستمی سۆسیالیستی (١٩٠٢).

ناوبراو هەوڵیدەدا کۆمەڵناسیی پراکتیکی بڵاوبکاتەوە کە لەسەر لێکدانەوەیەکی سادەی ئابووری دامەزراوە، بەم پێیە ئەو هەوڵیدا بە پشتبەستن بە چەمکی «نەگۆڕ یان نیشتووەکان - رسوبات» (Residus) و «لێوەرگیراوەکان - مشتقات» (Derivations) دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شیبکاتەوە. بە بڕوای "پارێتۆ" ئەو ڕەفتارانەی کە تیایدا پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوان ئامراز و ئامانجەکاندا نییە بە نالۆژیکی دادەنرێن. ئەم ڕەفتارانە لە ڕێی زاراوە ڕەمزییەکانەوە دەناسرێنەوە، ئەو داب و ڕێوڕەسم و کردەوانەی کە ئەنجام دەدرێن لەسەر بنەمای «رسوبات» یان هۆکاری نەگۆڕ دامەزراون. رسوبات بەو مانایەی ئەو مەبەستیەتی نە حەز و مەیلە، نە هەست و سۆز.

"پارێتۆ" پێیوایە زاراوە زارەکی و نووسراوەکان لە جۆری «نەگۆڕەکان»ن، لێوەرگیراوێك (مشتقات)ێك کە لە نەگۆڕەکان (رسوبات)ەوە سەرچاوە دەگرن. بە بۆچوونی "پارێتۆ" جیاوازی زاراوەی نەگۆڕە نیشتووەکان لەگەڵ غەریزەدا لەوەدایە کە سەرەڕای ئەوەی نەگۆڕە نیشتووەکان بە ڕەفتاری نەگۆڕ لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام دەشێ ناوەڕۆکیان بگۆڕێن و بە فۆرمی جیاواز خۆیان دەرخەن. لە کۆمەڵناسیی "پارێتۆ"دا هەموو دەرکەوتە ڕەفتارییەکان ئامرازن بۆ ئاراستەکردنی نەگۆڕە نیشتووەکان، و لە جۆری لێوەرگیراوەکانن. "پارێتۆ" دەیەوێ زۆربەی ئەو واقیعانەی لە درێژایی مێژوودا ڕوویان داوە بە چەمکی نەگۆڕە نیشتووەکان و لێوەرگیراوەکانەوە گرێ بدات. تیۆری " نەگۆڕە نیشتووەکان " و "لێوەرگیراوەکان"ی ئەو لە لایەن دەروونناسان و



کۆمەڵناسانەوە بە توندی ڕەخنەی لێگیرا. بە بڕوای ئەوان ئەم دوو چەمکە مانایان ڕوون نییە و ئەو پێوەرێك بۆ دەستنیشانکردنیان بە شێوەیەکی ورد نەخستۆتە ڕوو.

ئەو بڕوای بە پێشکەوتن لە مێژوودا هەبوو و پێیوابوو کۆمەڵگا لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە. بە ڕای ئەو لە درێژای مێژوودا دوو چین لە ململانێ دان و ئەم دووانە "سەربژاردە" و "چینی هەژارن" کە هەمشە شوێنی خۆیان بە یەکتر داوە. سەربژاردەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دروشم بەرز دەکەنەوە، باسی بەرژەوەندیی گشتی دەکەن و خۆیان بە چاکەکاری کۆمەڵگا دەزانن. بەڵام کاتێك دەگەنە دەسەڵات هەوڵی پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەدەن و دەبنە کۆنەپارێز و گیانی پێشکەوتخوازیی خۆیان لەدەست دەدەن. سەربژاردەکان شێوازگەلێکی وەك ستەمکاری، گەندەڵی، پڕوپاگەندە و پیادەکردنی هێز بەکاردێنن بۆ ئەوەی بتوانن پێگەی خۆیان بەهێزتر بچەسپێنن.

"پارێتۆ" وشەی سەربژاردە بە دوو واتا بەکاردێنێ: گشت جۆرەکان سەربژاردە و سەربژاردەی حاکم."پارێتۆ" لە واتای دووەمدا ئاماژە بەوە دکات کە "مێژووی کۆمەڵگا مرۆییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر مێژووی ئەرستۆکراتەکانە. مێژووی کۆمەڵگاکان، مێژووی بە دوایەکداهاتنی ئەو کەمینە پایەبەرزانەیە کە هێز وەدەست دێنن، شەڕ دەکەن، بە دەسەڵات دەگەن، سوودلە دەسەڵات دەردەگرن، هەرەس دێنن و لە ئاکامدا جێی خۆیان بۆ کەمینەی تر چۆڵ دەکەن. خەسڵەتی سەربژاردە تازەکان کە بە هەڵبەز و دابەزێکی نائارامەوە، لە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدەن، بۆ توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا سەردەکەون، لە کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەن و لە ئاکامدا ڕێگەی هەڵدێ و هەرەسهێنان دەگرنە بەر و لەناو دەچن، یەکێکە لە پرەنسیپەکانی مێژوو و لێتێگەیشتنی بۆ تێگەیشتن لە بزاڤە کۆمەڵایەتییە گەورەکان پێویستە[٦٥].

## کۆمەڵناسی لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا

کۆمەڵناسی هەمیشە لە میانی سەدەی نۆزدە و بیستەمدا لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا پلەوپایەکی کەم تا زۆر گرنگی هەبوو. سەرەڕای ئەوەی لە ڕوسیای سۆڤیەتیدا، کۆمەڵناسی تا بەستنی بیستەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیست پشتگۆێ خرابوو، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە فۆلکلۆر، شوێنەوارناسی، مێژوو و تەنانەت زمانناسیدا هەمیشە لە ئارادابووە، هەر چەند ڕۆڵی کۆمەڵناسی پێش ئەوەی وەك زانستێکی سەربەخۆ بێت زێتر زانستێکی پراکتیکی بووە. بۆ نموونە بەرهەمەکانی "مارکۆف" (Markov) لەم جۆرەیە. ئەوەی لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەئارادابووە کەم تا زۆر لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیشدا بەرچاو دەکەوت، بۆ نموونە پارێزگاریکردن لە ئاراستەی لێکۆڵینەوە جوانیناسی و زمانناسییەکان لە پراگ، ئاراستەی لێکۆڵینەوە ئابوورییەکان لە مەجەڕستان و ئاراستەی گشتی و هاوبەش بۆ ماتماتیك و لۆژیك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە قۆناغی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم تۆژینەوەکان لەم وڵاتانەدا سەرەڕای ڕێزگرتنی ڕەسمی لە بنەماکانی تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی لە بنەڕەتدا ئاراستەیان بەرەو پراکتیك بوو[٤٩].

لەو وڵاتانەدا دەتوانین چەندین ئاراستەی جیاواز لێکجیابکەینەوە. ئەو ئاراستانەی لە ساڵانی ١٩٧٠ دەورێکی بەرچاویان هەبوو، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوون کە ڕەهەندەکانی کۆمەڵناسیی ماتریالیستی لە ماتریالیزمی مێژووییدا کورت بکەنەوە. ئاراستە دووەم لە هەمان کات کە لە نموونە و پێکهاتە تیۆرییەکان خۆی دەبوێرێت، بەلای میتۆدەکانی کۆمەڵناسیی ئەزموونگەریی کۆمەڵناسانی ئەمریکیدا دەشکێتەوە. ئاراستەی سێیەم هەوڵیدەدا بە پشتبەستن بە تۆژینەوە پراکتیکییەکان بە قووڵاییەکی زێترەوە ئیش لە تیۆرە مارکسیستییەکان بکات و چەمکە سەرەکییەکانی پەرەپێبدات.



"ئەلڤین گلدنەر" بەراوردی نێوان کۆمەڵناسانی سۆڤیەت و ئەرکگەرەکان دەکات و دەنووسێت: «نابێ وابزانین کۆمەڵناسانی سۆڤیەت پێیان وایە ئەنجامی تۆژینەوە بابەتییەکان ناسێنەری ناوەرۆکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای سۆڤیەتییە. ئەوەی کۆمەڵناسانی سۆڤیەت بە ڕاستەقینەی دادەنێن هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی تیۆرە گشتییەکان و گریمانە مەرجەعییەکانیان —بە کورتی مارکسیزم- دایە. لەو ڕووەوە جیاوازیەك لە نێوان ئەوان و ئەو کۆمەڵناسانەی ڕۆژئاوا کە پابەندی فۆنێکشنالیزمن نییە. چونکە تێگەیشتنیان بۆ واقیعە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر کاریگەریی پابەندییە میتافیزیکییەکانی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان دایە [٦٦].

کۆمەڵناسان لە سۆڤیەتدا ڕوانگەی هەمەجۆریان هەبوو. بۆ نموونە "ئۆسیپۆف" (G. Ossipov) لە «ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی پیشەسازیی دووەم»ی کۆڵیوەتەوە. کۆمەڵناسێکی تر "سەمینۆف" (V. Seminov) بایەخی بە لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانکاریانە دەدات کە لە قاڵبی بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدەن. ئەم دووانە بە هاوکاری کەسانی وەك "زامۆشکین" (Zamochkine)، "کۆنستانتینۆف" (Konstantinov)، "ڕۆمیان تۆف" (Roumiantov)، "باخی تۆف" (Bakhitov) دەوریان لە دامەزراندنی «کۆمەڵناسیی گشتی» هەبوو. لە بواری کۆمەڵناسیی کاردا کەسانی وەك "نۆویکۆف" (Nowikov)، "مەنجیکۆف" (Menchikov) و "ئەمبارتسۆمۆف" (Ambertzoumove) تۆژینەوەیان ئەنجام داوە. لێکۆڵینەوەکانی "چۆبکین" (choubkine) لە بواری کۆمەڵناسیی کاتی بەتاڵی جێی بایەخە، و دواجار کەسێك کە لە هەمووان زێتر لە کۆمەڵناسیی خێزاندا تۆژینەوەی ئەنجام داوە "خارشچێف" (Khartchrv)ە [٤٩].

پەیتا پەیتا و نزیکەی لە یەك کاتدا بنکەکانی تۆژینەوەی کۆمەڵناسی لە زۆربەی وڵاتانی سۆسیالیستیی جارانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا پەرەیان سەند. پۆڵۆنیا تاکە وڵاتێکە زۆر پێشتر قوتابخانەیەکی گرنگی لە کۆمەڵناسیدا هێناوەتە ئاراوە. کۆمەڵناسیی پۆڵۆنیا جگە لە تۆژینەوە بابەتییەکان، لە

بـواری زمانناسیشـدا چـالاك بـوو. لـه مـاوەی دوور و درێـژی باڵادەسـتیی سیستمی کۆمۆنیستیدا له پۆلۆنیا ئـەرکی کۆمـەڵناس بـریتی بـوو لەمانـە: پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان جەماوەر و حیزب، سـوودوەرگرتن لـە بنـەماکانی بیرکردنەوەی مارکسیستی بۆ شیکردنەوەی کێشەکان، قبوولکردنی کۆمـەڵگا وەك گشـتێکی سـەرتاپاگیر، خـۆدوورگرتن لـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە بـەرای بەرپرسان شتێکی زیاد و جوانکارانەن و دواجـار خسـتنەرووی ڕێگەچـارە بـۆ دابینکردنی بنچینەکانی جێبەجێکردنی پلانەکانی پەرەپێدان یان ئاسانکاریی جێبەجێکردنیان و لێکۆڵینەوە له لایەنه سلبییەکانیان و ئاکامەکانیان [٦٧].

لەو ساڵانەی دواییدا تۆژینەوەی کۆمەڵناسانه لـە وڵاتـانی یوگوسـلاڤیای جاران، ڕۆمانیـا، چـیك و سـلۆڤاکیا، ئـەڵمانیای ڕۆژهـەڵاتی جـاران (پـێش یەکگرتنەوەی هەر دوو ئەڵمانیا) پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. له ڕۆمانیا تۆژینەوە کۆمەڵناسییەکان زێـتر فرەڕوانگـەن و بابـەتی جۆراوجـۆری زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکانیان لـە خۆگرتـووە. بـە گشـتی تـا پـێش گۆڕانکارییەکانی ئـەم دوابیـە کۆمەڵناسـی لـە وڵاتـە سۆسیالیسـتییەکانی جاراندا ئەم تایبەتمەندیانەی هەبووە: باسکردنی مەسەله سیاسییەکان، جـۆری پەیوەندی و بەشداریکردن و هاوکـاری لەگـەڵ دونیـای ڕۆژئـاوا و وەرگـرتنی مارکسیزم وەك پرەنسیپێکی بەڵگەنەویست.

خۆبەستنەوە بە چوارچێوە تیۆرییەکانی مارکسـیزم، ئاسـۆی لێکۆڵینـەوە کۆمەڵناسییەکانی له زۆربەی وڵاته سۆسیالیستییەکانی جـاران (بـە تایبـەت سۆڤیەت)دا زۆر سنووردارکرد. له هەندێ باردا ئـەم نموونـە ڕەسمییـە لەگـەڵ سەلیقەی زۆربەی کۆمەڵناساندا تێکی نەدەکردەوە و بـێ هـۆ نـەبوو زۆربـەی کۆمەڵناسانی سۆڤیەت دوای چەندین ساڵ لێکۆڵینـەوە، ڕوویـان لـە وڵاتـانی دیکه دەکرد. کەسانی وەك "سۆرۆکین" و "گورڤیچ" لەوانەن. لەگەڵ ئەوەشدا مارکسیزم له زۆربەی وڵاتانی دونیا و به تایبەت ئەورووپادا له ماوەی چەندین ساڵدا وەك ژێدەرێکی تیۆری سەیری دەکرا [١٢٧].

بەشی یازدە

# قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی لە سەدەی بیستەمدا

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵناسان خۆیان بە قوتابخانەی جیاجیاوە بەستەوە. لە چەند حاڵەتێکیشدا کۆمەڵناسان بەبێ ئەم وابەستەییە لە ڕەوتی خۆیاندا تۆژینەوەیان کردووە و پاشان کۆمەڵناسانی دیکە بە پێی پێوەری خۆیان، لەناو قوتابخانەکاندا پۆلێنیان کردوون. لە هەمان کاتدا زۆرێك لە قوتابخانەکان پەیوەندیان بە قوتابخانەکانی ترەوە هەیە یان لە هەندێ بواردا بیروڕای هاوبەشیان لەنێواندا هەیە. لە نێوان چەندین قوتابخانەی کۆمەڵناسیدا چەند قوتابخانەیەکی ناودار وەردەگرین و بە کورتی لێیان دەدوێین، ئەگەر چی هەندێکیان وەکو قوتابخانەی جوگرافیایی یان دەروونناسی گشت بابەتەکانی ناکەونە چوارچێوەی کۆمەڵناسییەوە.

## قوتابخانەی دەروونناسی

بە بڕوای لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بەندن بە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی تاکەکەسان لە کۆمەڵگادا و ئەو پرەنسیپانەی جەختیان لەسەر دەکرێتەوە بریتین لە: بوونی ئارەزووی دەروونیی نەگۆڕ (جێگیر)، کاریگەربوونی چاولێکەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بوونی جیاوازیی دەروونی لە نێوان تاکەکەساندا.

لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە دەرکەوتە دەروونییەکان بە بناغەی ڕەوتی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن. بۆ نموونە "گابریل تارد" چاولێکەری بە هۆکاری بەدیهێنەری زۆربەی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دادەنا و دەیویست



ئەم دیاردانە بەهۆی ئەم بنەمایانەوە تەفسیر بکات. لە لایەکی ترەوە، "مۆریس هالبواکس" و کەسانی تر کە لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، دەیسەلمێنن کە بەشی هەرە گەورەی تێگەیشتنەکانی مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان دێتە کایەوە و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بینین، بیستن، تێگەیشتن و بەگشتی ناسینی ئیدراکی و سۆزدارانە کە بە هۆی هەستەکانەوە دێنە دەست.

لایەنگرانی قوتابخانەی دەروونی، فاکتە کۆمەڵایەتییەکان بە پشتبەستن بە بزوێنەرەکانی تاکەکەسان شرۆڤە دەکەن و ئەم بزوێنەرانە بە هۆکاری دەستنیشانکەری ڕەفتار و پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان دادەنێن. لایەنگرانی قوتابخانەی دەروونناسی لەم ساڵانەی دواییدا روویان کردۆتە لێکۆڵینەوە لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی. بە پێی بیروڕای ئەم گرووپە دیاردەکانی وەك ئەلکهولیزم، خۆکوشتن، هاوسەرگیری، ململانێ و جەنگەکان، شۆڕشە سیاسییەکان و تەنانەت چالاکییە پیشەییەکانیش هەموویان بەرهەمی دیاردە دەروونییەکانن، هەر چەند هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش لەو نێوانەدا کاریگەریان هەیە.

ئەو مشتومڕەی کە سەرەتا لە نێوان دەروونناسان و کۆمەڵناسان هەبوو (وەکو گفتوگۆی نێوان "گابریل تارد" و "ئەمیل دورکایم") بووە هۆی ئەوەی پێکهاتەیەك لەم دوو لقە دروست ببێت و ناو بنرێ دەروونناسیی کۆمەڵایەتی. دەروونناسیی کۆمەڵایەتی پێش هەر وڵاتێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بایەخی پێدراوە. بەرهەمی ناوداری "لستر وارد" (L. Ward) (١٨٤١-١٩١٣) لە ژێر ناونیشانی **کۆمەڵناسیی دینامیکی** نموونەیەکی ئەم بایەخدانەیە.

## قوتابخانەی بایۆلۆژی

خاڵی سەرەکی لەم قوتابخانەیەدا، لێکدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکانە بە گوێرەی واقیعە بایۆلۆژییەکان. بیروڕای قوتابخانەی بایۆلۆژی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەگرێتەوە:

- بنەما بۆمایی و نەژادییەکان و کاریگەریان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسان،
- بوونی دیاردەی ململانێ لە پێناوی مانەوە لە کۆمەڵگادا،
- بڕوابوون بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، بە بەراورد لەگەڵ پەرەسەندنی سروشتی.

ژمارەیەك کۆمەڵناس حەز دەکەن بۆ شرۆڤەکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا، بیشوبهێنن بە جەستەی مرۆڤ و پێیان وایە وەك چۆن هەر یەك لە ئەندامانی جەستە ئەرك و گرنگی خۆی هەیە لە کۆمەڵگاشدا هەر وایە. ئەم گرووپە لە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی قوتابخانەی پەرەسەندن تەنانەت هەوڵیان دا دیاردەی *ململانێ لە پێناوی مانەوە* و *هەڵبژاردنی سروشتی* بێننە ناو کۆمەڵناسییەوە و لە پاڵ ئەوانەدا باسی کێشەی وەك کێبڕکێ و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بکەن. ئەمان پێیان وایە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئەم هەوڵ و ململانێ و هەڵبژاردنەیە.

فەیلەسووفی ئەڵمانی "سوالد شپنگلەر" لە کتێبی *هەرەسهێنانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا*دا، شارستانیەت بە بوونەوەری زیندوو دەچوێنێ و دەڵێ شارستانیەتەکانیش وەکو بوونەوەران، لەدایکبوون، گەشەکردن و مردنیان هەیە. هەموو شارستانیەتێك گەشەدەکات، بە پلەی کەمال و پێگەیشتوویی دەگات و سەرەنجام لەناو دەچێت. شارستانیەتی ڕۆژئاوا بە پێی ئەو هەلومەرجەی هەیەتی لە قۆناغی سەرەولێژی دایە.

لەو بوارەدا دەبێ باسی تیۆری نەژاد بکەین. ئەم تیۆرە گشت سیفەتە نەژادییەکان بە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی شارستانیەتە تایبەتەکان دادەنێ و پێی وایە نەژادە بەرزەکان شارستانیەتی بەرز دروست دەکەن و



نەژادە نزمەکان دروستکەری شارستانیەتی گەندەڵ و بێنرخن. لەم باسەدا مەسەلەی بۆماوە گرنگییەکی زۆری هەیە. لە سەدەی نۆزدەهەم " کۆنت دو گۆبینۆ" (C. Gobineua) فەیلەسووف و سیاسەتمەداری فەرەنسی (١٨١٦-١٨٨٢) یەکێك بوو لەوانەی پشتگیری لە تیۆری نەژاد دەکرد و لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبی *تۆژینەوەیەك لە بارەی نایەکسانیی نەژادەکان* بیروڕای خۆی لەو بارەوە خستەڕوو.

تیۆرەکانی قوتابخانەی بایۆلۆژی لە هەندێ حاڵەتدا خزمەتی سیاسەتی کرد و حکومەتەکان کردیانە بنچینەیەك بۆ پێشنیاری بەرنامە سیاسییەکانی خۆیان. ئەم قوتابخانەیە ئەمڕۆ، لایەنگرانی ئەوتۆی نین.

## قوتابخانەی جوگرافیایی

لە قوتابخانەی جوگرافیاییدا واقیعەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی کاریگەریی هۆکارە جوگرافییەکان لێکدەدرێنەوە. هەرێمەکانی نیشتەجێبوون و کۆمەڵگا مرۆییەکان بە پێی جۆری ئاووهەوا بۆ جەمسەری (قطبي)، بیابان و هی تر دابەش دەکرێت و لێرەدا سەرنج لە گونجانی مرۆڤ لەگەڵ حەتمییەتی جوگرافیایی دەدرێت. لێکۆڵەرانی وەك "ڤیدال دولابلانس" (V. de la Blanche) و "پییێر جۆرج" (P. Georges) لە ڕێی پەرەسەندنی قوتابخانەی جوگرافیای مرۆیی، باسیان لە کاریگەریی کۆمەڵگای مرۆڤ و گرووپ و ڕێکخراوەکان لەسەر هەلومەرجی جوگرافیایی و چۆنیەتی گونجانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر کردووە.

بە گوێرەی ئەو نموونانەی کە قوتابخانەی جوگرافیایی دەیخاتەڕوو پێویستە لە پەیوەندی بە بالادەستیی جوگرافیاوە باسی گەشەکردن و هەرەسهێنانی شارستانیەتەکان بکەین. گۆڕانکارییە هەرێمییەکان لە ماوەیەکی دوور و درێژدا بۆتە هۆی ڕوودانی چەندین دیاردەی کۆچکردن لە ڕەوتی مێژوودا. بە زۆری لەبارەی کاریگەریی حەتمییەتی جوگرافیایی ژیانی میللەتانی

دانیشتووی بیابانەکان لەگەڵ ژیانی ئەسکیمۆکان یان گرووپی دیکە بەراورد دەکرێ و پەیوەندییەکی هۆیەکی لەنێوان دیاردەکاندا دروست دەکرێ.

هەڵبەت لە درێژایی مێژوودا بایەخدان بە کاریگەریی هۆکارە جوگرافییەکان وەك هۆکارێکی باڵادەست و ڕەها یان وەك یەکێك لە هۆکارەکان ڕابردوویەکی لەمێژینەی هەیە. پێشتر ئاماژەمان بە تیۆرەکانی "مۆنتیسکیۆ" لەو بارەوە دا. لە سەدەی نۆزدەهەم "فریدریك لو پلای" (F. le Play) (١٨٠٦-١٨٨٢) لەو کەسانە بوو کە سەرەتا ژمارەیەك "مۆنۆگرافی" لە ناوچەی جیاجیادا ئامادەکرد. لە بەرهەمەکانیدا لێکدانەوەی جوگرافیایی [بۆ دیاردەکان] بەرچاو و زاڵە.

لە لایەکی ترەوە دەتوانین ئاماژە بە ناوی "راتزل" (F. Ratzel) (١٨٤٤-١٩٠٤) جوگرافیازانی ئەڵمانی بکەین کە لێکۆڵینەوەکانی زیاتر بە لای "خەڵکناسیی جوگرافییەوە" ڕادەکێشرێن و لە سەردەمی خۆی لە ئەڵمانیادا ناوبانگێکی زۆری هەبوو. قوتابخانەی جوگرافی ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵناسیدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەو ڕوانگە موتڵەقگەرانەی کە پێشتر لە نێوان جوگرافیازانەکاندا هەبوو شوێنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە سەرتاپاگیر و هەمەلایەنەکان چۆڵ کردووە.

## قوتابخانەی ئەرکگەرێتی (فۆنێکشنالیزم)

ئەرکگەرێتی هەوڵدەدات دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە گوێرەی ئەو ئەرکانەی لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی-کولتووریدا هەیانە، شیدەکاتەوە. لە ئەرکگەرێتیدا کۆمەڵگا سیستمێکە لە کۆمەڵێك بەش پێکهاتووە کە تیایدا ناتوانن بە جیا لە هەر بەشێك لە بەشەکانی تر تێبگەین. هەر گۆڕانێك لە هەر بەشێك ڕوویدات دەبێتە هۆی گۆڕان لە بەشەکانی تر[١٣٧].

"فۆنێکشنالیستەکان" هەوڵی دۆزینەوەی ئەو یاسایانە دەدەن کە بتوانن پەیوەندییە نەگۆڕەکانی کۆڕەفتارەکان (السلوك الجعي) بە هەلومەرجەکانەوە ڕوون بکەنەوە. کۆمەڵناسیی ئەرکگەرێتی بایەخ بە چەمکی دیاردەکان



دەدات، [واتە] هەوڵدەدات بزانێت دیاردەکان بۆ هەن و ئەم دیاردانە چین. فۆنێکشنالیزم دەیەوێ بڵێت هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکە، بە ئاراستەیەکی دیاریکراو کاردەکات و لە کۆتاییدا ئامانجێکی تایبەتە. ئەمە بەو مانایە نییە کە گشت توخمەکانی کولتوورێك یان کۆمەڵگایەك ئەرکگەلێکی ئیجابییان هەیە. هەندێ لە فۆنێکشنالیستەکان پێیان وایە توخمی بێ ئەرك یان خودان چەند ئەرکێك هەن (وەکو مێرتۆن).

کۆمەڵناسان و مرۆڤناسانی لایەنگری قوتابخانەی ئەرکگەرێتی (فۆنێکشنالیزم) چەمکگەلێکی جیاواز بۆ کۆمەڵناسی دەخەنەڕوو. چەمکی فۆنێکشن (ئەرك) و ناوەرۆکی تیۆرەکان و ڕوونکردنەوەی فۆنێکشنالیستەکان لە پەیوەندی بە شێوەی بەکارهێنانی جیاوازە. "راد کلیف براون" (R. Brown) (١٨٨١-١٩٥٥) بە گوێرەی نموونەی فۆنێکشنالیستەکان لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەبواری مرۆڤناسیدا ئەنجام داوە. "مالینۆفسکی" (Malinowski) (١٨٨٤-١٩٤٢)یش بە ڕوانگەیەکی فۆنێکشنالیستی شارستانیەت و کولتوورەکان شیدەکاتەوە؟. "رالف لینتۆن" (R. Linton) (١٨٩٣-١٩٥٣)یش هەر ئەو میتۆدەی گرتە بەر. "ڕۆبرت مێرتۆن" (R. K. Merton) کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك تیۆری ئەرك (فۆنێکشن) لە کۆمەڵناسیدا برەو پێدەدات، ئەرکی ئاشکرا و شاراوە لە کۆمەڵگادا لێکجیا دەکاتەوە و هەوڵدەدات شیکردنەوە بە گوێرەی ئەرك لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵناسیدا برەو پێبدات. "تالکۆت پارسۆنز" (T. Parsons) بڕوای وایە کە تیۆری کۆمەڵناسی پێویستە بونیادگەری — ئەرکگەرێتی بێت. ئەو ئەرك بە مانایەکی تەواو تایبەت بەکار دێنێ کە تەواو جیاوازە لەو مانایەی کە گشت فۆنێکشنالیستەکان مەبەستیانە.

## قوتابخانەی بونیادگەری

وشەی "بونیاد" (Structure) بە واتایەکی سادە بریتییە لە شێوازێك کە بەشە جیاجیاکانی دیاردەیەك یان شتێکی دیاریکراو بە یەکترەوە

دەبەستێتەوە و لە پەیوەندیی نێوانیاندا وابەستییەکی تایبەت دێتەکایەوە. یەکەمین حاڵەتی بەکارهێنانی وشەی بونیاد لە زمانناسیدا لەو سەردەمەدا خرایە ڕوو کە بایەخ بە ئەناتۆمیی پراکتیکی درابوو. نموونەیەکی "فۆنۆلۆژی"، بونیادی دەنگیی زمانە جیاجیاکان ئاراستە دەکات. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری، فیزیا، کیمیا و زۆربەی زانستەکانی تر چەمکی بونیاد شێوازی پەیوەندیی کۆمەڵە شتێك، بەش یان هێزێکە کە بە چەشنێك لە شوێنێکدا کۆبوونەتەوە کە دیاردەیەك یان شتێکی دیاریکراو پێکبهێنن. کاتێك باسی بونیاد دەکرێ ئامانج دیاریکردنی هارمۆنیای پێکهاتەیەکی گشتی و گونجانیەتی لەگەڵ توخمەکانی تر. لە بونیادێکدا، هەر بەش یان توخمێك پەیوەندی بە بەش و توخمەکانی ترەوە هەیە و ئەو شتە بە بونیاد دانانرێ، ئەگەر پەیوەندی بە بەشەکانی ترەوە نەبێت. لەو ڕووەوە ئەو گۆڕانەی لە توخمێکدا ڕوودەدات دەبێتە هۆی گۆڕان لە توخمەکانی تری ئەو بونیادە[٤٩]. بونیاد بەشێوەیەکی گشتی شاراوە و بە نەگۆڕی لە واقیعی شتەکاندایە. لەو ڕووەوە تێگەیشتن و هەستکردن بە بونیادێك وادەکات شێوەی کار و بەکارهێنانی دیاربکەوێت. کاتێك بونیاد دەگۆڕێ نموونەی بەکارهێنانیشی دەگۆڕێت، واتە:

نموونەی بەکارهێنان ← بونیاد ← بەشەکانی بونیاد

"ژان پیاژێ" (J. Piaget) دەروونناسی سویسری دەڵێت بونیاد ئەو کاتە لە گشتیترین شێوەی خۆیدا بوونی هەیە کە بنەماکانی لە فۆرمێکی گشتی و کۆگیردا کۆببنەوە. بە بڕوای "پیاژێ" بونیاد لە ڕێی ئەم تایبەتمەندیانەوە دەناسرێت: کشتگیری، گۆڕانی شێوە و ناوەڕۆك، ڕێکخستنی خۆبەخۆیی.

"کلود لیڤی شتراوس" مرۆڤناسی فەڕەنسی یەکێکە لە ناودارترین ئەو کەسانەی سەر بەم قوتابخانەیەن و چەندین گۆڕانکاریی قووڵی لە بنەماکانی قوتابخانەی بونیادگەری هێناوەتە ئاراوە. "شتراوس" دژی ریالیزمە لەناو چەمکی بونیاددا. ئەو دەڵێت بونیاد نایەتە کایەوە بەبێ ئەوەی "شێوەی پێکهاتە" و "پەیوەندی" وەڵامی دوو مەرج بدەنەوە: بونیاد بریتییە لە



سیستمێك کە لە ڕێی پەیوەندیی ناوەکییەوە دێتە کایەوە و ئەم پەیوەندییە سەرەڕای ئەوەی بینینی سیستمێکی گۆشەگیر ئاسان نییە، لە کاتی پشکنینی گۆڕینی شێوەکاندا خۆی ئاشکرا دەکات. لەو ڕووەوە دەتوانین چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەش لە نێوان ئەم سیستمانەی بە ڕواڵەت جیاوازن بدۆزینەوە.

بایەخدان بە چەمکی بونیاد و بەکارهێنانی لە بوارەکانی دیکەی جیا لە زمانناسی (یەکەمجار لەم بوارەدا بەکارهاتووە) وەکو ئێتنۆلۆژی، دەروونشیکاری، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئابووری، سیبرنتیك و ماتماتیك هەموویان بەڵگەی سەلماندنی ئەوەن کە ئەم چەمکە توانیویەتی ببێتە بناغەیەك بۆ مەعریفەی زانستی. بە یەکێك لە واتاکان هەموو شتێکی کۆمەڵایەتی، بونیادی خۆی هەیە، بەڵام زۆربەی جار ئەم بونیادانە نابینرێن، بەڵکو شێوەیەکی ناهوشیاریان هەیە [٧]. لە ڕێکخراوێکی فەرمیی وەکو زانکۆدا، سیستمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی تاکەکەسان ڕێکدەخەن. بوونی تاکەکەسان لە گرووپی دیاریکراودا، چوون و هاتنە دەرەوە لە پۆلی قوتابخانە لە کاتێکی دیاریکراودا، وانەگوتنەوە لە لایەن مامۆستاوە، جێبەجێکردنی ئەرکی وانەکان لە لایەن خوێندکاران، ڕێنماییەکانی خوێندن، ناونووسکردن، تاقیکردنەوە و هی تر فۆرمێکی تایبەت بە پەیوەندییە مرۆییەکان دەبەخشێ کە دەتوانین بڵێین لە ژێر کاریگەریی بونیادی کۆمەڵایەتیی زانکۆ دایە [٨].

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنانی چەمکی بونیاد، بەتایبەت لەلای دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جێگیرەکانی وەکو ڕێنماییەکانی هاوسەرگیری یان ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی لە ڕاستەخۆ حاڵەتێکی ڕەمزیان هەیە (وەکو ئەفسانەناسی Mythology) لەم ساڵانەی دواییدا بایەخی پێدراوە.

بەشی یازدە

# قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی لە سەدەی بیستەمدا

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵناسان خۆیان بە قوتابخانەی جیاجیاوە بەستەوە. لە چەند حاڵەتێکیشدا کۆمەڵناسان بەبێ ئەم وابەستەییە لە ڕەوتی خۆیاندا تۆژینەوەیان کردووە و پاشان کۆمەڵناسانی دیکە بە پێی پێوەری خۆیان، لەناو قوتابخانەکاندا پۆلێنیان کردوون. لە هەمان کاتدا زۆرێك لە قوتابخانەکان پەیوەندیان بە قوتابخانەکانی ترەوە هەیە یان لە هەندێ بواردا بیروڕای هاوبەشیان لەنێواندا هەیە. لە نێوان چەندین قوتابخانەی کۆمەڵناسیدا چەند قوتابخانەیەکی ناودار وەردەگرین و بە کورتی لێیان دەدوێین، ئەگەر چی هەندێکیان وەکو قوتابخانەی جوگرافیایی یان دەروونناسی گشت بابەتەکانی ناکەونە چوارچێوەی کۆمەڵناسییەوە.

## قوتابخانەی دەروونناسی

بە بڕوای لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بەندن بە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی تاکەکەسان لە کۆمەڵگادا و ئەو پرەنسیپانەی جەختیان لەسەر دەکرێتەوە بریتین لە: بوونی ئارەزووی دەروونیی نەگۆڕ (جێگیر)، کاریگەربوونی چاولێکەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بوونی جیاوازیی دەروونی لە نێوان تاکەکەساندا.

لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە دەرکەوتە دەروونییەکان بە بناغەی ڕەوتی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن. بۆ نموونە "گابریل تارد" چاولێکەری بە هۆکاری بەدیهێنەری زۆربەی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان دادەنا و دەیویست



ئەم دیاردانە بەهۆی ئەم بنەمایانەوە تەفسیر بکات. لە لایەکی ترەوە، "مۆریس هالبواکس" و کەسانی تر کە لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، دەیسەلمێنن کە بەشی هەرە گەورەی تێگەیشتنەکانی مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان دێتە کایەوە و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر بینین، بیستن، تێگەیشتن و بەگشتی ناسینی ئیدراکی و سۆزدارانە کە بە هۆی هەستەکانەوە دێنە دەست.

لایەنگرانی قوتابخانەی دەروونی، فاکتە کۆمەڵایەتییەکان بە پشتبەستن بە بزوێنەرەکانی تاکەکەسان شرۆڤە دەکەن و ئەم بزوێنەرانە بە هۆکاری دەستنیشانکەری ڕەفتار و پەیوەندیی نێوان تاکەکەسان دادەنێن. لایەنگرانی قوتابخانەی دەروونناسی لەم ساڵانەی دواییدا روویان کردۆتە لێکۆڵینەوە لە بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی. بە پێی بیروڕای ئەم گرووپە دیاردەکانی وەك ئەلکهولیزم، خۆکوشتن، هاوسەرگیری، ململانێ و جەنگەکان، شۆڕشە سیاسییەکان و تەنانەت چالاکییە پیشەییەکانیش هەموویان بەرهەمی دیاردە دەروونییەکانن، هەر چەند هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیش لەو نێوانەدا کاریگەریان هەیە.

ئەو مشتومڕەی کە سەرەتا لە نێوان دەروونناسان و کۆمەڵناسان هەبوو (وەکو گفتوگۆی نێوان "گابریل تارد" و "ئەمیل دورکایم") بووە هۆی ئەوەی پێکهاتەیەك لەم دوو لقە دروست ببێت و ناو بنرێ دەروونناسیی کۆمەڵایەتی. دەروونناسیی کۆمەڵایەتی پێش هەر وڵاتێك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بایەخی پێدراوە. بەرهەمی ناوداری "لستر وارد" (L. Ward) (١٨٤١-١٩١٣) لە ژێر ناونیشانی **کۆمەڵناسیی دینامیکی** نموونەیەکی ئەم بایەخدانەیە.

## قوتابخانەی بایۆلۆژی

خاڵی سەرەکی لەم قوتابخانەیەدا، لێکدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکانە بە گوێرەی واقیعە بایۆلۆژییەکان. بیرورای قوتابخانەی بایۆلۆژی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکرێتەوە:

- بنەما بۆمایی و نەژادییەکان و کاریگەریان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەکانی تاکەکەسان،
- بوونی دیاردەی ململانێ لە پێناوی مانەوە لە کۆمەڵگادا،
- بڕوابوون بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، بە بەراورد لەگەڵ پەرەسەندنی سروشتی.

ژمارەیەك کۆمەڵناس حەز دەکەن بۆ شرۆڤەکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا، بیشوبهێنن بە جەستەی مرۆڤ و پێیان وایە وەك چۆن هەر یەك لە ئەندامانی جەستە ئەرك و گرنگی خۆی هەیە لە کۆمەڵگاشدا هەر وایە. ئەم گرووپە لە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی قوتابخانەی پەرەسەندن تەنانەت هەوڵیان دا دیاردەی *ململانێ لە پێناوی مانەوە* و *هەڵبژاردنی سروشتی* بێننە ناو کۆمەڵناسییەوە و لە پاڵ ئەوانەدا باسی کێشەی وەك کێبڕکێ و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان بکەن. ئەمان پێیان وایە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرهەمی ئەم هەوڵ و ململانێ و هەڵبژاردنەیە.

فەیلەسووفی ئەڵمانی "سواڵد شپنگلەر" لە کتێبی *هەرەسهێنانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا*دا، شارستانیەت بە بوونەوەری زیندوو دەچوێنێ و دەڵێ شارستانیەتەکانیش وەکو بوونەوەران، لەدایکبوون، گەشەکردن و مردنیان هەیە. هەموو شارستانیەتێك گەشەدەکات، بە پلەی کەماڵ و پێگەیشتوویی دەگات و سەرەنجام لەناو دەچێت. شارستانیەتی ڕۆژئاوا بە پێی ئەو هەلومەرجەی هەیەتی لە قۆناغی سەرەولێژی دایە.

لەو بوارەدا دەبێ باسی تیۆری نەژاد بکەین. ئەم تیۆرە گشت سیفەتە نەژادییەکان بە هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی شارستانیەتە تایبەتەکان دادەنێ و پێی وایە نەژادە بەرزەکان شارستانیەتی بەرز دروست دەکەن و



نەژادە نزمەکان دروستکەری شارستانیەتی گەندەڵ و بێنرخن. لەم باسەدا مەسەلەی بۆماوە گرنگییەکی زۆری هەیە. لە سەدەی نۆزدەهەم "کۆنت دو گۆبینۆ" (C. Gobineua) فەیلەسووف و سیاسەتمەداری فەڕەنسی (١٨١٦-١٨٨٢) یەکێك بوو لەوانەی پشتگیری لە تیۆری نەژاد دەکرد و لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کتێبی *تۆژینەوەیەك لە بارەی نایەکسانیی نەژادەکان* بیرورای خۆی لەو بارەوە خستەڕوو.

تیۆرەکانی قوتابخانەی بایۆلۆژی لە هەندێ حاڵەتدا خزمەتی سیاسەتی کرد و حکومەتەکان کردیانە بنچینەیەك بۆ پێشنیاری بەرنامە سیاسییەکانی خۆیان. ئەم قوتابخانەیە ئەمڕۆ، لایەنگرانی ئەوتۆی نین.

## قوتابخانەی جوگرافیایی

لە قوتابخانەی جوگرافیاییدا واقیعەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی کاریگەریی هۆکارە جوگرافییەکان لێکدەدرێنەوە. هەرێمەکانی نیشتەجێبوون و کۆمەڵگا مرۆییەکان بە پێی جۆری ئاووهەوا بۆ جەمسەری (قطبي)، بیابان و هی تر دابەش دەکرێت و لێرەدا سەرنج لە گونجانی مرۆڤ لەگەڵ حەتمییەتی جوگرافیایی دەدرێت. لێکۆڵەرانی وەك "ڤیدال دولابلانس" (V. de la Blanche) و "پییێر جۆرج" (P. Georges) لە ڕێی پەرەسەندنی قوتابخانەی جوگرافیای مرۆیی، باسیان لە کاریگەریی کۆمەڵگای مرۆڤ و گرووپ و ڕێکخراوەکان لەسەر هەلومەرجی جوگرافیایی و چۆنیەتی گونجانی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر کردووە.

بە گوێرەی ئەو نموونانەی کە قوتابخانەی جوگرافیایی دەیخاتەڕوو پێویستە لە پەیوەندی بە باڵادەستیی جوگرافیاوە باسی گەشەکردن و هەرەسهێنانی شارستانیەتەکان بکەین. گۆڕانکارییە هەرێمییەکان لە ماوەیەکی دوور و درێژدا بۆتە هۆی ڕوودانی چەندین دیاردەی کۆچکردن لە ڕەوتی مێژوودا. بە زۆری لەبارەی کاریگەریی حەتمییەتی جوگرافیایی ژیانی میللەتانی

دانیشتووی بیابانەکان لەگەڵ ژیانی ئەسکیمۆکان یان گرووپی دیکە بەراورد دەکرێ و پەیوەندییەکی هۆیەکی لەنێوان دیاردەکاندا دروست دەکرێ.

هەڵبەت لە درێژایی مێژوودا بایەخدان بە کاریگەریی هۆکارە جوگرافییەکان وەك هۆکارێکی باڵادەست و ڕەها یان وەك یەکێك لە هۆکارەکان ڕابردوویەکی لەمێژینەی هەیە. پێشتر ئاماژەمان بە تیۆرەکانی "مۆنتیسکیۆ" لەو بارەوە دا. لە سەدەی نۆزدەهەم "فریدریك لو پلای" (F. le Play) (١٨٠٦-١٨٨٢) لەو کەسانە بوو کە سەرەتا ژمارەیەك "مۆنۆگرافی" لە ناوچەی جیاجیادا ئامادەکرد. لە بەرهەمەکانیدا لێکدانەوەی جوگرافیایی [بۆ دیاردەکان] بەرچاو و زاڵە.

لە لایەکی ترەوە دەتوانین ئاماژە بە ناوی "راتزل" (F. Ratzel) (١٨٤٤-١٩٠٤) جوگرافیازانی ئەڵمانی بکەین کە لێکۆڵینەوەکانی زیاتر بە لای "خەڵکناسیی جوگرافییەوە" ڕادەکێشرێن و لە سەردەمی خۆی لە ئەڵمانیادا ناوبانگێکی زۆری هەبوو. قوتابخانەی جوگرافی ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵناسیدا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەو ڕوانگە موتڵەقگەرانەی کە پێشتر لە نێوان جوگرافیازانەکاندا هەبوو شوێنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە سەرتاپاگیر و هەمەلایەنەکان چۆڵ کردووە.

## قوتابخانەی ئەرکگەرێتی (فۆنێکشنالیزم)

ئەرکگەرێتی هەوڵدەدات دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە گوێرەی ئەو ئەرکانەی لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی-کولتووریدا هەیانە، شیدەکاتەوە. لە ئەرکگەرێتیدا کۆمەڵگا سیستمێکە لە کۆمەڵێك بەش پێکهاتووە کە تیایدا ناتوانن بە جیا لە هەر بەشێك لە بەشەکانی تر تێبگەین. هەر گۆڕانێك لە هەر بەشێك ڕوودات دەبێتە هۆی گۆڕان لە بەشەکانی تر[١٣٧].

"فۆنێکشنالیستەکان" هەوڵی دۆزینەوەی ئەو یاسایانە دەدەن کە بتوانن پەیوەندییە نەگۆڕەکانی کۆڕەفتارەکان (السلوك الجعي) بە هەلومەرجەکانەوە ڕوون بکەنەوە. کۆمەڵناسیی ئەرکگەرێتی بایەخ بە چەمکی دیاردەکان



دەدات، [واتە] هەوڵدەدات بزانێت دیاردەکان بۆ هەن و ئەم دیاردانە چین. فۆنێکشنالیزم دەیەوێ بڵێت هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکە، بە ئاراستەیەکی دیاریکراو کاردەکات و لە کۆتاییدا ئامانجێکی تایبەتە. ئەمە بەو مانایە نییە کە گشت توخمەکانی کولتوورێك یان کۆمەڵگایەك ئەرکگەلێکی ئیجابییان هەیە. هەندێ لە فۆنێکشنالیستەکان پێیان وایە توخمی بێ ئەرك یان خودان چەند ئەرکێك هەن (وەکو مێرتۆن).

کۆمەڵناسان و مرۆڤناسانی لایەنگری قوتابخانەی ئەرکگەرێتی (فۆنێکشنالیزم) چەمکگەلێکی جیاواز بۆ کۆمەڵناسی دەخەنەڕوو. چەمکی فۆنێکشن (ئەرك) و ناوەرۆکی تیۆرەکان و ڕوونکردنەوەی فۆنێکشنالیستەکان لە پەیوەندی بە شێوەی بەکارهێنانی جیاوازە. "راد کلیف براون" (R. Brown) (١٨٨١-١٩٥٥) بە گوێرەی نموونەی فۆنێکشنالیستەکان لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەبواری مرۆڤناسیدا ئەنجام داوە. "مالینۆفسکی" (Malinowski) (١٨٨٤-١٩٤٢)یش بە ڕوانگەیەکی فۆنێکشنالیستی شارستانیەت و کولتوورەکان شیدەکاتەوە؟. "ڕالف لینتۆن" (R. Linton) (١٨٩٣-١٩٥٣)یش هەر ئەو میتۆدەی گرتە بەر. "ڕۆبرت مێرتۆن" (R. K. Merton) کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك تیۆری ئەرك (فۆنێکشن) لە کۆمەڵناسیدا برەو پێدەدات، ئەرکی ئاشکرا و شاراوە لە کۆمەڵگادا لێکجیا دەکاتەوە و هەوڵدەدات شیکردنەوە بە گوێرەی ئەرك لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵناسیدا برەو پێبدات. "تالکۆت پارسۆنز" (T. Parsons) بڕوای وایە کە تیۆری کۆمەڵناسی پێویستە بونیادگەری — ئەرکگەرێتی بێت. ئەو ئەرك بە مانایەکی تەواو تایبەت بەکار دێنێ کە تەواو جیاوازە لەو مانایەی کە گشت فۆنێکشنالیستەکان مەبەستیانە.

## قوتابخانەی بونیادگەری

وشەی "بونیاد" (Structure) بە واتایەکی سادە بریتییە لە شێوازێك کە بەشە جیاجیاکانی دیاردەیەك یان شتێکی دیاریکراو بە یەکترەوە

دەبەستێتەوە و لە پەیوەندیی نێوانیاندا وابەستییەکی تایبەت دێتەکایەوە. یەکەمین حاڵەتی بەکارهێنانی وشەی بونیاد لە زمانناسیدا لەو سەردەمەدا خرایە ڕوو کە بایەخ بە ئەناتۆمیی پراکتیکی درابوو. نموونەیەکی "فۆنۆلۆژی"، بونیادی دەنگیی زمانە جیاجیاکان ئاراستە دەکات. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ئابووری، فیزیا، کیمیا و زۆربەی زانستەکانی تر چەمکی بونیاد شێوازی پەیوەندیی کۆمەڵە شتێك، بەش یان هێزێکە کە بە چەشنێك لە شوێنێکدا کۆبوونەتەوە کە دیاردەیەك یان شتێکی دیاریکراو پێکبهێنن. کاتێك باسی بونیاد دەکرێ ئامانج دیاریکردنی هارمۆنیای پێکهاتەیەکی گشتی و گونجانیەتی لەگەڵ توخمەکانی تر. لە بونیادێکدا، هەر بەش یان توخمێك پەیوەندی بە بەش و توخمەکانی ترەوە هەیە و ئەو شتە بە بونیاد دانانرێ، ئەگەر پەیوەندی بە بەشەکانی ترەوە نەبێت. لەو ڕووەوە ئەو گۆڕانەی لە توخمێکدا ڕوودەدات دەبێتە هۆی گۆڕان لە توخمەکانی تری ئەو بونیادە[٤٩]. بونیاد بەشێوەیەکی گشتی شاراوە و بە نەگۆڕی لە واقیعی شتەکاندایە. لەو ڕووەوە تێگەیشتن و هەستکردن بە بونیادێك وادەکات شێوەی کار و بەکارهێنانی دیاربکەوێت. کاتێك بونیاد دەگۆڕێ نموونەی بەکارهێنانیشی دەگۆڕێت، واتە:

نموونەی بەکارهێنان ⟵ بونیاد ⟵ بەشەکانی بونیاد

"ژان پیاژێ" (J. Piaget) دەروونناسی سویسری دەڵێت بونیاد ئەو کاتە لە گشتیترین شێوەی خۆیدا بوونی هەیە کە بنەماکانی لە فۆرمێکی گشتی و کۆگیردا کۆببنەوە. بە بڕوای "پیاژێ" بونیاد لە ڕێی ئەم تایبەتمەندیانەوە دەناسرێت: کشتگیری، گۆڕانی شێوە و ناوەڕۆك، ڕێکخستنی خۆبەخۆیی.

"کلود لیڤی شتراوس" مرۆڤناسی فەرەنسی یەکێکە لە ناودارترین ئەو کەسانەی سەر بەم قوتابخانەیەن و چەندین گۆڕانکاریی قووڵی لە بنەماکانی قوتابخانەی بونیادگەری هێناوەتە ئاراوە. "شتراوس" دژی ریالیزمە لەناو چەمکی بونیاددا. ئەو دەڵێت بونیاد نایەتە کایەوە بەبێ ئەوەی "شێوەی پێکهاتە" و "پەیوەندی" وەڵامی دوو مەرج بدەنەوە: بونیاد بریتییە لە



سیستمێك کە لە ڕێی پەیوەندیی ناوەکییەوە دێتە کایەوە و ئەم پەیوەندییە سەرەڕای ئەوەی بینینی سیستمێکی گۆشەگیر ئاسان نییە، لە کاتی پشکنینی گۆڕینی شێوەکاندا خۆی ئاشکرا دەکات. لەو ڕووەوە دەتوانین چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەش لە نێوان ئەم سیستمانەی بە ڕواڵەت جیاوازن بدۆزینەوە.

بایەخدان بە چەمکی بونیاد و بەکارهێنانی لە بوارەکانی دیکەی جیا لە زمانناسی (یەکەمجار لەم بوارەدا بەکارهاتووە) وەکو ئێتنۆلۆژی، دەروونشیکاری، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئابووری، سیبرنتیك و ماتماتیك هەموویان بەڵگەی سەلماندنی ئەوەن کە ئەم چەمکە توانیویەتی ببێتە بناغەیەك بۆ مەعریفەی زانستی. بە یەکێك لە واتاکان هەموو شتێکی کۆمەڵایەتی، بونیادی خۆی هەیە، بەڵام زۆربەی جار ئەم بونیادانە نابینرێن، بەڵکو شێوەیەکی ناهوشیاریان هەیە [٧]. لە ڕێکخراوێکی فەرمیی وەکو زانکۆدا، سیستمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی تاکەکەسان ڕێکدەخەن. بوونی تاکەکەسان لە گرووپی دیاریکراودا، چوون و هاتنە دەرەوە لە پۆلی قوتابخانە لە کاتێکی دیاریکراودا، وانەگوتنەوە لە لایەن مامۆستاوە، جێبەجێکردنی ئەرکی وانەکان لە لایەن خوێندکاران، ڕێنماییەکانی خوێندن، ناونووسکردن، تاقیکردنەوە و هی تر فۆرمێکی تایبەت بە پەیوەندییە مرۆییەکان دەبەخشێ کە دەتوانین بڵێین لە ژێر کاریگەریی بونیادی کۆمەڵایەتیی زانکۆ دایە [٨].

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنانی چەمکی بونیاد، بەتایبەت لەلای دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جێگیرەکانی وەکو ڕێنماییەکانی هاوسەرگیری یان ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی لە ڕاستەخۆ حاڵەتێکی ڕەمزیان هەیە (وەکو ئەفسانەناسی Mythology) لەم ساڵانەی دواییدا بایەخی پێدراوە.

بەشی دوازدەهەم

## چاوخشاندنێك بە قۆناغەكانی دروستبوونی كۆمەڵناسی

مێژووی كۆمەڵناسی لە ڕووی ئەو وەرچەرخان و گۆڕانەی لە ئاراستە فكرییەكانیدا هاتۆتە كایەوە دەتوانین بۆ چەند قۆناغ دابەشی بكەین كە لە هەر یەك لەم قۆناغانەدا هەندێ زانا و بیرمەند هەن. زەحمەتە بتوانین لە ڕووی مێژووییەوە ئەم قۆناغانە بە وردی لەیەكتر جیابكەینەوە، چونكە هەمیشە لە هەر سەردەمێكدا ڕووبەڕووی چەندین ئاراستەی فكری دەبینەوە كە تەواو لە یەكتر جیان. كەواتە زێتر بایەخ بە گۆڕانی میتۆد و چۆنیەتیی لێكۆڵینەوە دەدەین نەك كۆنی و نوێیی مێژوویی، چونكە وادێتە بەرچاو، تەنانەت ئەو زانایانەی چەندین سەدە لە ڕووی زەمەنییەوە لەیەك دوورن بەگوێرەی ئەم پۆلێنكردنە دەكەونە چوارچێوەی یەك قۆناغەوە. دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە باسی گرنگترین قۆناغەكانی دروستبوونی كۆمەڵناسی بكەین:

**قۆناغی خەیاڵی:** لە قۆناغی خەیاڵیدا كۆمەڵێك فەیلەسوف هەن كە لە ڕێی خەیاڵ یان ئەندێشەی ڕووتەوە باسی كێشە كۆمەڵایەتییەكان و كاروبارەكانی كۆمەڵگا دەكەن. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون كە كۆمەڵگای نموونەیی یان یۆتۆپیا دەبێ چۆن بێت. نموونەی ئەم زانایانە "ئەفلاتون"، "فارابی" و "تۆماس مۆر"ن.

**قۆناغی بە پرۆگرام:** مەبەست لە قۆناغی بە پرۆگرام خستنەڕووی هزرە كۆمەڵایەتییەكانی ئەو كۆمەڵە بیرمەندانەیە كە هەوڵیان داوە پرۆگرام و



بەرنامەی كردەیی بۆ سەقامگیریی ژیانی بەختەوەرانەی ئەندامانی كۆمەڵگا پێشكەش بكەن. هەر زانا و فەیلەسوفێك بەگوێرەی كۆمەڵگا و ئەزموونی خۆی و ئەو بەها كۆمەڵایەتیانەی بەسەر بیریاندا زاڵن، حوكمی تایبەتیان لەو بارەوە دەركردووە. بابەتگەلێكی وەكو حیكمەت و لقی لەو شێوەیە سیمای ئەم بۆچوونەن. ئەوان بیریان لەوە دەكردەوە كە مرۆڤ بۆ باشتر ژیان دەبێ چی بكات، و چ شتێك باشە و چ خراپە. پێش هەموو شتێك چاكسازیخوازی لە پێشەوەی كارەكانیان بوو. ئایدیالخوازیی ئەم گرووپە زێتر پشتی بە ئەزموون و فكر دەبەست نەك خەیاڵ.

**قۆناغی فەلسەفەی مێژوو:** هەندێ لە مێژوونووسان لە زۆر زووەوە لەو بڕوایەدا بوون كە ڕەوتی ڕووداوەكان لە هەر كۆمەڵگایەكدا لە درێژایی مێژوودا پەیڕەوی لە یاسایەكی تایبەت دەكات. لە ئەوروپاش لە سەرەتاكانی سەدەی هەژدەهەمەوە ئەم شێوە بیركردنەوەیە بەگوڕ و تینتر بوو. دەتوانین فەلسەفەی مێژوو بەشێوەیەكی نووسراو، یەكەم جار لە بەرهەمەكانی بیرمەندی ناوداری موسڵمان ئیبن خەلدوون (١٣٣٢- ١٤٠٦)دا بەدی بكەین.

ئەو بیروڕایانەی پشت بە فەلسەفەی مێژوو دەبەستن لەلای زۆربەی فەیلەسووفانی كۆندا هەبوو و بەتایبەت كەسانی وەك "بۆسوێ" (Bossuet)، "ڤیكۆ" (Vico) و "تورگۆ" (Turgot) لەو بوارەدا كاریان كردووە. لە ڕەخنەگرانی دیكەی فەلسەفەی مێژوو دەتوانین ناوی ئەم دوو كەسە بەرین: "هێردەر" (Herder) كە لە ماوەی سالانی ١٧٨٤-١٧٩١ كتێبی فەلسەفەی مێژووی نووسی و هەروەها "كۆندۆرسێ" (Condorcet) كە لە ساڵی ١٧٩٤ كتێبی خشتەی مێژوویی بڵاوكردەوە. ئامانجی سەرەكی لە فەلسەفەی مێژوو ئەوە بوو بتوانن بەهۆی ئەنجامگیری لە مێژوو و

فەلسەفەوە، یاسایەکی تایبەت بۆ ڕەوتی وەرچەرخانی کۆمەڵگاکان و شێوەی گۆڕانی مێژوویی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزنەوە.

**قۆناغی فەلسەفەکان و هزرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان:** بیروڕای زۆرێك لە فەیلەسووفانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ئەم قۆناغەوە. مەبەست ئەو کەسانەیە کە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام باس و ڕادەبڕینەکانیان زێتر پشتی بە فکر بەستووە نەك چاودێریکردن و تاقیکردنەوەی زانستی و پشتبەستن بە میتۆدی پێشتر ئاراستەکراو. فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی بە هۆی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ڕێی کتێبەوە یان گەڕانەوە بەگشتی هاتبووە بەردەست، بیری لە چەندین کێشە دەکردەوە و ئەنجامگیریی دەکرد.

بێگومان لە نێوان ئەو کەسانەی بۆچوونەکانیان دەکەوێتە ناو ئەم قۆناغەوە دەتوانین لە ڕووی پلەی بایەخی ڕاستەقینەیان جیاوازی دابنێین، وەکو ئەو جیاوازییەی لە نێوان "جان جاك رۆسۆ" و "مۆنتسکیۆ"دا هەیە کە هەردووکیان بیرمەندی کۆمەڵایەتین. فەیلەسووفی کۆمەڵایەتی لەجیاتی لێکۆڵینەوەی شتێکی دیاریکراو و ناسینی زانستیانەی بە لەبەرچاوگرتنی بیر و ئەزموون و لێکۆڵینەوە شەخسییەکانی هەوڵی دۆزینەوەی یاساگەلێکی گشتی و سەرتاپاگیر لەمەڕ کۆمەڵگاکان دەدا و زۆر بایەخێکی ئەوتۆی بە نسبییەتی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵۆزییان و هەروەها میتۆدی زانستی نەدەدا. جگە لەمە بەزۆری فەیلەسووف خودان ئایدیۆلۆژییەکی تایبەت بوو و لە زۆر باراندا ئەو بەڵگەی دەیهێنایەوە بە ئاراستەی ئەو فەلسەفەیە بوو کە پێشتر خۆی دیاری کردبوو.

**قۆناغی کۆمەڵناسی — فەلسەفە:** زەمینەکانی سەرهەڵدانی قۆناغی زانستی لە کۆمەڵناسیدا هاوکات بوو لەگەڵ جیابوونەوەی ئەم لقە لە



فەلسەفە و گۆڕان لە میتۆدیدا. رووکردنە ئەزموون و چاودێریکردن لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا هەر چەند کۆمەڵناسی بووە لقێکی سەربەخۆ بەڵام هێشتا لە ڕووی میتۆدی لێکۆڵینەوەوە تا ڕادەیەك بەلای فەلسەفەدا دەشکایەوە. کۆمەڵناسان هەمان فەیلەسووفانی کۆن بوون و خوێندن و بەرهەمەکانی پێشتریان بەگشتی لەم بوارەدا بوو (هەندێ حاڵەتی ئەم قۆناغە لە ئێستاشدا بەدی دەکەین). کۆمەڵناس لە بەڵگەهێنانەوەکانی خۆیدا پەنای بۆ فەلسەفە دەبرد، میتۆدە چەندایەتییەکان لە کۆمەڵناسیدا هێشتا باو نەببوون، هەر چەند هەندێ جار کۆمەڵناسان ئاماژەیان بە ژمارەش دەکرد. زۆربەی بەرهەمەکانی ناودارانی وەکو "ئۆگست کۆنت"، "مارکس" و "سپنسەر" دەکەونە ئەم ڕیزەوە.

**قۆناغی کۆمەڵناسیی ئەزموونگەری:** لەم قۆناغەدا کۆمەڵناسی سوودێکی زۆر لە تاقیکردنەوە و چاودێریکردن وەردەگرێت. تیۆری گشتی کەمتر پشتی پێ دەبەسترێ. کۆمەڵناس خۆی لەم جۆرە تیۆرانە بەدوور دەگرێ و بڕوای تەنیا بە تاقیکردنەوەکان و ئەو داتایانە هەیە کە بە میتۆدێکی تاقیگەیی دەستدەکەون. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە سوودوەرگرتنی لەڕادەبەدەرە لە ماتماتیك، ئامار و میتۆدەکانی. کۆمەڵناس هەوڵدەدات بە پێی توانا گشت دیاردەکان بەهۆی فۆرمۆڵە ماتماتیکییەکانەوە راڤە بکات و پێوانەکردن بە مەرجێکی سەرکیی ئەنجامگیریی تۆژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لەقەڵەم دەدات. دەبێ ئەم قۆناغە بە قۆناغی ئەزموونگەریی کۆمەڵناسی دابنێین و پێشڕەوی ئەم قۆناغە زانایانی ئەمریکایین. وەك دەزانین تەکنیك و پرۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، ئامادەکردن و شیکردنەوەی دراوەکان کە خەسڵەتی کۆمەڵناسیی ئەزموونگەریی نوێیە لە سەردەمێکدا کە لە نزیکەی ساڵانی دوای شەڕی

جیهانی یەکەم دەستپێدەکات سەرەتا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا برەوی سەند.

**قۆناغی ئەزموونگەری و تیۆری:** ئەزموون و تاقیکردنەوە بە تەنیا هەمیشە بۆ راڤەکردنی وردی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەس نییە. لە هەندێ حاڵەتدا لە بنەڕەتدا ناکرێ میتۆدی ئەزموونگەری پیادە بکەین. لەم قۆناغەدا جیاوازیی نێوان کۆمەڵناسانی ئەمریکایی و ئەوروپایی، کە گرووپی یەکەم بڕوایان تەنیا بە ئەزموون و گرووپی دووەم بایەخیان بە تیۆر دەدا کەمتر دەبێتەوە، و هەوڵ دەدرێ ئاوێتەیەك لە ئەزموون و تیۆر بێتە کایەوە. تەنانەت لە هەندێ باردا پشتبەستن بە ئەزموون و توێژینەوەی چەندایەتی و پەیوەندیی بە تیۆر و شیکردنەوەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تیۆرگەلێکی گشتی و کۆگیر بێنە کایەوە کە کەمتر تایبەتن بە بەشێکی کۆمەڵگاوە. کۆمەڵناسانی وەك "سۆرۆکین"، "پارسۆنز" و "گۆرڤیچ" سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی لە رووی تیۆرەکانەوە هەیانە دەشێ لەو گرووپە حسێب بکرێن. ئەم گرووپە کە کۆمەڵێك کۆمەڵناسی هاوچەرخ دەگرێتەوە پێیان وایە تەنیا بە یارمەتی میتۆدی چەندایەتییەوە (المنهج الکمی) ناتوانرێت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە واقیعگەلێکی کۆگیر و زۆر ئاڵۆزن، شیبکرێنەوە.

## کورتەی بەندی دووەم

مێژووی کۆمەڵناسی لە مەعریفەی کۆمەڵایەتی و هوشیاربوون لە کۆمەڵگاوە دەستپێدەکات و ڕابردوویەکی کۆنی هەیە. مرۆڤ لەمێژە تا ڕادەیەك بە کاریگەریی دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی خۆیدا ئاشنا بووە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییەی کە میتۆدی ناسین و بایەخدان بەم هۆکارانە لە هەر سەردەمێکدا شێوەیەکی تایبەتی هەبووە.



ناسینی زانستیانەی هۆکارە سروشتییەکان و شوێنەوارەکانی زووتر و خێراتر لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێن و هەر چەندی گۆڕان و گەشەکردن زانستی لەم لقە زانستییەدا ڕوویدا، بە ڕێژەیەکی خێراتر و زێتر لە کۆت و بەندی تیۆری فەلسەفی- خەیاڵی یان شەخسی رزگار بوو. هۆی پێشکەوتنی ناسینی هۆکارە سروشتییەکان ئەوە بوو: دیاردە سروشتییەکان هەمیشە بەرهەستتر و بەرچاوتر و ناسراوترن، لێکۆڵینەوە و ناسینی دیاردە سروشتییەکان سادەترە، و لێکۆڵینەوە سروشتییەکان کەمتر لایەنی شەخسیان تێدایە و دابڕینیان لە بوونی تاکەکەسی ئاسانترە.

سەرەڕای ئەوە وەك گوتمان چەندین ساڵ بەر لە ئێستا هەوڵ دراوە بۆ ناسین و بایەخدان بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. بایەخدان بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە هەر سەردەمێکدا فۆرمی جیاوازی هەبوو و ئەوەی لە هەمووان زێتر جێی سەرنجە ڕەنگە سیاسییەکەیەتی، چونکە حکومەت هەمیشە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ بووە. لە زۆربەی دەقە کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵی ڕێکخستنی پەیوەندیی راست و دروستی نێوان تاك و دەوڵەت و بەگشتی سیستمی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دراوە. لە کۆتاییدا دەتوانین مێژووی کۆمەڵناسی بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندنی زانستی و بیروڕا و تیۆرەکانی زانایان لە دوو قۆناغی گشتیدا چڕ بکەینەوە:

یەکەم: قۆناغی هزرە کۆمەڵایەتییەکان کە سیفەتی باو تیایدا، بوونی بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و ڕەنگێکی فەلسەفیی تەواوی هەیە و درێژترین قۆناغە لە مێژووی کۆمەڵناسیدا.

دووەم: قۆناغی کۆمەڵناسیی نوێ کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستپێدەکات و تا ئێستا بەردەوامە. لەم قۆناغەدا کۆمەڵناسی سەربەخۆیی زانستیی خۆی وەرگرت و بە خێرایی پەرەیسەند.

## سەرچاوەکان


1. Schaefer, R. *Sociology*. New York: McGraw-Hill. 1983. P. 20, 30, 125.
2. Fichter, J. H. *La Sociologie*. Paris: Editions universitaires. 1960. p. p. 13-14, 175, 162-164, 354, 187-190, 141-142, 218.
3. Beitone, A. *et al. Sciences Sociales*. Paris: Dalloz. 2000. p. 6, 18, 16, 70, 5, 75, 76, 79, 20, 81, 84, 91, 92, 171, 126.

۴. گورویچ، ژرژ و... ***طرح مسایل جامعه‌شناسی امروز***، ترجمهٔ عبدالحسین نیک‌گهر. مشهد: مؤلف. ۱۳۴۷. ص: ۵۸ـ۱۱، ۹۵ـ۹۴، ۷۱.

۵. کنیگ، ساموئل، ***جامعه‌شناسی***، ترجمهٔ مشفق همدانی. تهران: امیرکبیر. چاپ سوم. ۱۳۴۶. ص: ۱۷.

6. Aron, R. *Les étapes de la pensée sociologique*. Paris: Gallimard. 1967.
7. Birou, A. *Vocabulaire Pratique de sciences sociales.* Paris: Les Editions Ouvrières. 1966, p. 316, 319, 14, 215, 330-331, 312-314, 232, 60, 55, 152-1530.

۸. فتاحی‌پور، احمد. ***نهادهای اصلی اجتماعی***. تهران: مدرسهٔ عالی دختران ایران. ۱۳۵۱. ص: ۴.

9. Cazeneuve, J. et al. *La Sociologie.* Paris: Centre d'Etude et de Promotion de la Lecture. 1970. p. 149, 454-459.
10. Houser, H. "Des divers sens de l'adjectif social". *Revue internationale de l'enseignement.* T. 43. 1902. p. p. 22-26.

۱۱. دورکیم، امیل. ***قواعد روش جامعه‌شناختی***، تهران: مؤسسهٔ مطالعات و تحقیقات اجتماعی دانشگاه تهران. ۱۳۴۳. ص: ۸ـ۶ مقدمه، ۳۶.

12. Sutherland, R. L. et al. *Introductory Sociology*. 6th. Edition Chicago: Lippincott. 1961. p.p. 9-10.
13. Duverger, M. *Sociologie politique*, Paris: P. U. F. 1966. p. 29.
14. Maymaud, J. *Introduction à la science politique,* Cahiers de la Fondation nationale des sciences politiques, No. 100, Paris: A. Colin. 1959. p.p. 71-86.
15. Giddens, *A. Sociology*, Cambridge, Poltiy Press, pp. 677-9, 551.

۱۶. پرسا، رولان، ***جمعیت‌شناسی***. ترجمهٔ منوچهر محسنی. تهران: انتشارات دانشگاه تهران. چاپ دوم. ۱۳۶۳.

17. Nations Unies, *Dictionnaire démographique*. New York: N. U. 1958.

۱۸. محسنی، منوچهر، ***قلمرو جمعیت‌شناسی***. مجلهٔ ***مسایل ایران***، شمارهٔ ۱۲۰. آبان ۱۳۵۲. ص ۲۲ـ۱۹.

19. Bonnard, A. *Civilisation grecque*, Lausanne: Guide du Livre. 1957. p. 150.
20. Lévis-Srauss: C. *La Pensée sauvage*. Paris: Plon. 1962. p. 326.
21. Jaccard, P. *Introduction aux sciences sociales*. Toulouse: Privat. 1971.
22. Cuvillier, A. *Manuel de sociologie*. Paris: P. U. F. 1950. p.p. 252-254.
23. Julia, D. *Dictionnaire de la philosophie.* Paris: Larousse. 1964. p. 187, 31-32.
24. Sutton, D. et. al. *Ecology*. N. Y.: John Wiley. 1973. p. 9.

۲۵. لاروک، پیر. ***طبقات اجتماعی***. ترجمهٔ ایرج علی‌آبادی. تهران: سازمان کتاب‌های جیبی، ۱۳۴۶، ص: ۸۸ـ۸۵.

۲۶. بودون، ریمون. ***منطق اجتماعی***. ترجمهٔ عبدالحسین نیک‌گهر. تهران: جاویدان. ۱۳۶۴. ص: ۱۵.

27. goode, W. J. *Principles of Sociology*, New Delhi: TATA. 1979. p. 3, 27.

۲۸. رشه، گی. ***کنش اجتماعی***. ترجمهٔ هما زنجانی‌زاده. مشهد: دانشگاه فردوسی. ۱۳۶۷، ص ۹.

۲۹. میلز، سی، رایت. ***بینش جامعه‌شناختی***. ترجمهٔ عبدالمعبود انصاری. تهران: شرکت انتشار. ۱۳۶۰. ص: ۲۰، ۳۶، ۳۸.

30. Smelser, N. *Handbook of Sociology*. London: Sage. 1988. P. 30, 46.

۳۱، علومی، رضا. ***اصول علوم سیاسی***. جلد اول. تهران: مؤسسهٔ مطالعات و تحقیقات اجتماعی دانشگاه تهران. ۱۳۴۴. ص: ۴۸ـ۴۵.

۳۲. افلاطون. ***چهار رساله***. ترجمهٔ محمود صناعی. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب. ۱۳۴۷.

۳۳. دورانت، ویل. ***تاریخ فلسفه***. جلد اول. ترجمهٔ عباس زریاب خویی. تهران: شرکت کتاب‌های جیبی. چاپ چهارم. ۱۳۴۹. ص: ۵۸ـ۳۳. ۱۵۰ـ۱۴۸.

۳۴. دوکاسه، پیر. ***فلسفه‌های بزرگ***. ترجمهٔ احمد آرام. تهران: مؤسسهٔ مطبوعاتی علمی. ۱۳۴۳. ص: ۴۱، ۱۲۹.

۳۵. ارسطو. ***اصول حکومت آتن***. ترجمهٔ محمد ابراهیم باستانی پاریزی. تهران: مؤسسهٔ مطالعات و تحقیقات اجتماعی دانشگاه تهران. ۱۳۴۲. ص: ۱۶۳.

36. Americana. New York: *American Corporation*. 1972. Vol. 19. p. 233.

۳۷. نراقی، احسان. ***علوم اجتماعی و سیر تکوینی آن***. تهران: مؤلف، چاپ دوم. ۱۳۴۷. ص: ۱۲۱.

۳۸. پاره، فرانسوا. ***تاریخ کار***. ترجمهٔ حبیب‌الله فضل‌اللهی. تهران: سازمان نشر فرهنگ انسانی. ۱۳۴۲. ص: ۱۶.

۳۹. فروغی، محمدعلی. ***سیر حکمت در اروپا***. جلد اول. تهران: زاوار. ۱۳۳۴. ص: ۲۸ـ۱۸، ۴۸، ۸۸، ۱۱۴، ۱۶۱، ۱۶۵.

۴۰. مرتضوی، جمشید. ***تاریخ جامعه‌شناسی***. تبریز: مؤسسهٔ تحقیقات اجتماعی و علوم انسانی دانشگاه تبریز. ۱۳۵۱، ص: ۵ـ۱۵۲.

۴۱. پازارگاد، بهاءالدین. ***مکتب‌های سیاسی***. تهران: اقبال. چاپ سوم. ۱۳۴۴. ص: ۶ـ۱۸۳.

۴۲. بوتول، گاستون. ***جامعه‌شناسی***. ترجمه ا. وکیلی. تهران: مؤسسهٔ مطبوعاتی صفی علیشاه. ۱۳۴۴. ص: ۴۳، ۷۶.

۴۳. نهاوندی، هوشنگ. ***تاریخ عقاید اقتصادی***. تهران: انتشارات دانشگاه تهران. ۱۳۵۲. ص۵۶ـ۵۷.

44. Giacobbi, J. P. *Initation à la sociologie*. Paris: Hatier. 1990. p. 228, 284, 274.

45. Thimasheff. N. S. *Sociological Theory*. New York: Random House. 3rd Edition 1967. p.p. 17-29, 36, 239.
46. Michell, D. *A Dictionary of Sociology*. London: Routledge, 1973, p.p. 36-37, 88, 222, 194-5, 99-100, 86.
۴۷. کرسون، آندره. **اگوست کنت**. ترجمهٔ کاظم عمادی. تهران: مطبوعاتی صفی‌علیشاه. ۱۳۳۴. ص: ۱۱۰.
۴۸. کوزر، لیوئیس. **زندگی و اندیشهٔ بزرگان جامعه‌شناسی**. ترجمهٔ محسن ثلاثی. تهران: علمی. ۱۳۶۸، ص: ۷۲، ۱۳۲.
49. Sumpf, J. et. al. *Dictionnaire de sociologie*. Paris: Larousse. 1973. p. 64, 168, 208, 143-4, 230, 207.
۵۰. شهید نورایی، حسن. **تاریخ عقاید اقتصادی**. تهران: انتشارات دانشگاه تهران. چاپ دوم. ۱۳۳۷. ص: ۱۰.
۵۱. پی‌یتر، آندره. **مارکس و مارکسیسم**. ترجمهٔ شجاع‌الدین ضیائیان. تهران: انتشارات دانشگاه تهران. ۱۳۵۲.
۵۲. آبراهامز، جی. اچ. **مبانی و رشد جامعه‌شناسی**. ترجمهٔ حسن پویان. تهران: چاپخش. ۱۳۶۳. جلد ۱. ص: ۲۸۴، جلد ۲، ص: ۵۶۲، ۷۱۴.
۵۳. محسنی، منوچهر. **تحول جمعیت دنیا و روند فعلی آن**. مجلهٔ **مسایل ایران**. شمارهٔ ۱۱۵. ۱۳۵۲. ص: ۲۶-۱۹.
۵۴. کسمبهال، ن. **تاریخ جامعه‌شناسی**. ترجمه و گفتار احد زرفروشان. تبریز: چهر. ۱۳۵۶. ص: ۳۳۸.
۵۵. دورکیم، امیل. **فلسفه و جامعه‌شناسی**. ترجمهٔ فرحناز خمسه‌ای. تهران: مرکز ایرانی مطالعهٔ فرهنگ‌ها. ۱۳۶۰. ص: ۳۸.
۵۶. دورکیم، امیل. **تقسیم کار اجتماعی**. ترجمهٔ حسن حبیبی. تهران: انتشارات قلم. ۱۳۵۹. ص ۳۰۳.
۵۷. گیدنز، انتونی. دورکیم. ترجمهٔ یوسف اباذری. تهران: انتشارات خوارزمی. ۱۳۶۳. ص: ۲۱.
58. Duvignaud, J. Gurvitch. Paris: Seghers. 1969.
۵۹. گورویچ، ژرژ. **دیالکتیک یا سیر جدالی و جامعه‌شناسی**. ترجمهٔ حسن حبیبی. تهران: شرکت انتشار. ۱۳۵۲. ص: ۲۱-۲۰، ۳۱۰-۳۰۸.
۶۰. فروند، ژولین. **جامعه‌شناسی مارکس وبر**. ترجمهٔ عبدالحسین نیک‌گهر. تهران: رایزن. ص: ۹۷.
۶۱. وبر، ماکس. **دانشمند و سیاستمدار**. ترجمهٔ احمد نقیب‌زاده. تهران: انتشارات دانشگاه تهران. ۱۳۶۸. ص: ۱.
62. Javeau, C. L'enquête par questionnaire. Bruxelles: Université libre de Bruxelles. 1971. p. 1-21.
۶۳. راسخ، شاپور. «ژرژ گورویچ» مجلهٔ **سخن**. شمارهٔ ۷. دورهٔ ۱۶. ۱۳۴۵. ص: ۶۶۰-۶۵۵.
۶۴. صاحب‌الزمانی، ناصرالدین. **خداوند دو کعبه**. تهران: عطایی. ۱۳۴۷. ص: ۳۲.
۶۵. آرون، ریمون. **مراحل اساسی اندیشه در جامعه‌شناسی**. ترجمهٔ باقر پرهام. تهران: امیرکبیر. جلد دوم. ص ۱۶۳ و ۱۷۰.
۶۶. گلدنر، آلوین. **بحران جامعه‌شناسی غرب**. ترجمهٔ فریده ممتاز. تهران: شرکت انتشار. ۱۳۶۸. ص: ۵۰۵.
۶۷. محسنی، منوچهر. **جامعه‌شناسی در لهستان**. نامهٔ پژوهشکده. سال دوم. شمارهٔ دوم. تابستان ۱۳۵۷. ص: ۸۳.
۶۸. مطهری، مرتضی. **جامعه و تاریخ**. تهران: انتشارات صدرا. (بدون تاریخ). ص: ۳۳.
۶۹. تامپسون، جی. **رفتار انسان**. ترجمهٔ منوچهر محسنی. تهران: کتابخانهٔ طهوری. ۱۳۴۸. ص: ۴۵-۴۲.
70. Boudon, R. *Les mathématiques en sociologie*. Paris: P. U. F. 1971. p.p. 7-20.
71. Cazeneuve, J. et. al. *Guide de l'étudiant en sociologie*. Paris: P. U. F. 1971. p.p. 41-43.



72. Baker, T. L. *Doing Social Research*, New York: Mc Graw-Hill. 1988. p. 261.
۷۳. محسنی، منوچهر. **مسایل تحقیقات اجتماعی در ایران**. مجلهٔ نگین. سال چهارم. شمارهٔ ۴۲. ۱۳۴۷. ص: ۳۳-۳۱.
74. Goode, E. Sociology. New Jersey: Prentice-Hall. 1984. p. 182.
75. Harris, M. *Culture, Man, and Nature*. N. Y. Crowell. 1971. P. 65, 87, 102, 137.
۷۶. بهزاد، محمود. **داروینیسم و تکامل**. تهران: شرکت کتاب‌های جیبی. چاپ ششم. ۱۳۵۲. ص: ۳۸-۳۳، ۷۸-۶۲.
۷۷. رستان، ژان. **انسان**. ترجمهٔ علی مولوی و... تهران: مؤسسهٔ مطبوعاتی فریدون علمی. (بدون تاریخ). ص: ۳۲، ۱۲۷.
۷۸. صانعی، پرویز. **جامعه‌شناسی ارزش‌ها**. تهران: دهخدا. ۱۳۴۷. ص: ۱۰۹.
۷۹. روزنامهٔ **کیهان**. شمارهٔ ۷۸۸۶، ۱۱ آبان ۱۳۴۸، ص: ۱۴.
80. Rabaud, E. Phénomène social et société animale. *Paris: Flex Alcan. 1937. pp. 48-50.*
۸۱. آگبرن، و. **زمینهٔ جامعه‌شناسی**. ترجمهٔ ا. ح. آریانپور. تهران: دهخدا. ۱۳۴۷. ص: ۷-۴۶.
۸۲. بهنام، جمشید. **جمعیت‌شناسی**. تهران: مؤسسه مطالعات و تحقیقات اجتماعی. ۱۳۴۱. ص: ۱۳۱-۱۳۰.
۸۳. کلاین برگ، اتو. **روانشناسی اجتماعی**. ترجمهٔ محمدعلی کاردان. تهران: اندیشه. چاپ دوم. ۱۳۶۸. جلد ۱. ص: ۲۴. جلد ۲. ص: ۴۲۵، ۴۹۲، ۴۸۲.
۸۴. زیگفرید، آندره. **روح ملت‌ها**. ترجمهٔ احمد آرام. تهران: شرکت انتشار. ۱۳۴۳. ص: ۱۵-۳. ۱۶۸-۱۵۱.
85. Sanderson, *D. Rural Sociology*. New York: John Wley. 1942. p. 278-9.
86. Hoyois, G. *Sociologie rurale*. Paris: Editions Universitaires. 1968.
87. Charrier, J. B. *Citadin et ruraux*. Paris: P. U. F. 1970, p.p. 7-20.
88. Morris, R. N. *Urban Sociology*. New York: F. Prager. 1968, p.p. 39-42.
89. Braun, D. D. *Sociology. Nebraska:* Cliff's Notes. 1971. p.p. 18-25, 109-111, 79, 81.
۹۰. جمال‌زاده، محمدعلی. **خلقیات ما ایرانیان**. تهران: انتشارات مجلهٔ مسایل ایران. ۱۳۴۵. ص: ۱۱۱.
۹۱. جمال‌زاده، محمدعلی. **از سلسله‌مقالات دربارهٔ خلقیات ما ایرانیان**. مجلهٔ مسایل ایران. سال دوم. شمارهٔ ۳. ۱۳۴۳. ص: ۲۷۴-۲۷۲.
92. Hoult, T. F. *Dictionary of Modern Sociology. New Jersey: Littelfield. 1972. P. 166.*
۹۳. نستورخ، میخائیل. **مبدأ نژادهای انسان**. ترجمهٔ فرامرز نعیم. تهران: صدف. ۱۳۵۱. ص: ۶-۱۱۵.
94. Oyen, E. *Comparative Methodology. London: Sage. 1990. p.p. 1-15.*
۹۵. نواب، عبدالحسین. **رازهای جنسی و فرهنگ آن**. تهران: هفته‌نامهٔ **طب و دارو**. ۱۳۵۱. ص: ۲-۱۷۱.
۹۶. دوگوبینو، کنت. **نامه‌های ایرانی**. ترجمهٔ عذرا غفاری. تهران: دهخدا. ۱۳۴۱.
۹۷. مزون نو، ژان. **روانشناسی اجتماعی**. ترجمهٔ علی‌محمد کاردان. تهران: دانشگاه تهران. چاپ دوم. ۱۳۴۲. ص: ۲۷.
98. Power, R. et al *Sociology*. London: Pitman. 1986. p. 211.
99. Rocher, G. *Le changement social*. Paris: H. M. H. 1968. p.p. 33-104, 20-22.
۱۰۰. ایوانف، م. س. **تاریخ نوین ایران**. (بدون نام ناشر و تاریخ). ص: ۱۷.
۱۰۱. بیرجندی، پروین. **روانشناسی رفتار غیرعادی**. تهران: دانشگاه تهران. ۱۳۴۳. ص: ۱۳۲.
102. Beauchant, J. M. *La santé dans le monde*. Paris: P. U. F. 1982. p.p. 7-10.
103. *American Handbook of Psychiatry*. Vol. I. New York: Harper. 1969. p. 164.
104. Henslin, J. M. et al *Social Problem*. New York: McGraw-Hill. 1983. p. 42.
۱۰۵. مان، نرمان. ل. **اصول روان‌شناسی**. ترجمهٔ محمود صناعی. تهران: نشر اندیشه. ۱۳۴۴. ص: ۱۶۹.

۱۰۶. جاسلین، ایرن م. **بیماری‌های اطفال و مشکلات روحی آنان**. ترجمهٔ ع. انگلیون. تهران: معرفت. ۱۳۳۹.

۱۰۷. کازنو، ژان. **جامعه‌شناسی وسایل ارتباط جمعی**. ترجمهٔ منوچهر محسنی و... تهران: اطلاعات. چاپ پنجم. ۱۳۷۳. ص: ۱۷۵ـ۱۶۰.

108. König, R. *Sociologie.* Paris: Flammarion. 1972. p.p. 153-160.

109. Maisonneuve, J. *La dynamique des groupes*. Paris: P. U. F. 1969. p.p. 71-47.

110. Bottomore, T. B. *Classes in Modern Society.* London: G. Allen. 1973. p.p. 15-22.

۱۱۱. روزنامهٔ **کیهان**. ۲۲ مرداد ۱۳۵۷.

۱۱۲. ناصری، عبدالله. **فرهنگ مردم بلوچ**. تهران (بدون نام ناشر). ۱۳۵۸. ص: ۴۵.

۱۱۳. محسنی، منوچهر. **مقدمات جامعه‌شناسی**. تهران: پژوهش‌یار. چاپ یازدهم. ۱۳۷۳. ص:

114. Hunler, J. E. *Methodes of Meta-Analysis*. London: sage. 1990. p. 13.

115. Horton, P. B. *Sociology*. New York: McGraw-Hill 2nd Edition. 1984. p. 529, 447-8, 211, 108.

116. angoulvent, *A. L. Hobbes et la morale politique*. Paris: P. U. F. 1994. p. 7.

117. Prades, *J. A. Durkheim*. Paris: P. U. F. 1990. p. 59.

118. Berthelot, J. M. *La construction de la sociologie*. Paris: P. U. F. 1991. pp. 72-, 63-4.

۱۱۹. مهدی، محسن. **فلسفهٔ تاریخ ابن‌خلدون**. ترجمهٔ مجید مسعودی. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب. ۱۳۵۲.

120. Jacquart, H. Qui? quoi? ou comment on pratique des sondages. Paris: Eyrolles. 1988. p. 64, 80, 84.

۱۲۱. محسنی، منوچهر. **انحرافات اجتماعی: انگیزه‌ها و علل خودکشی**. تهران: پژوهش‌یار. ۱۳۶۶. ص: ۲۸.

122. Bates, D. et al. *Cultural Anthropology.* New York: McGraw-Hill. 1990. p. 318.

123. Duvignaud, Jean. *Introduction à la sociologie*. Paris: gallimard. 1966. p. 153.

124. Vander zanden, J. W. *Sociology.* The Core. New Yokr: McGraw-Hill. 2nd Ed. 1990. p. 3.

125. Marsh, Ian. *Sociology* Essex: Prentice-Hall. 2nd. Ed. 2000. p. 656.

126. Browne, ken. *An Introduction to Sociology*. Cambridg: Polity. 1996. P. 1.

127. Morin, Jean-Michel. *Précis de Sociologie*. Paris: Nathan. 1996. P. 12.

128. Macionis, J. J. *Society*. New Jersey: Prentice Hall. 1997. p. 5. 229.

۱۲۹. فولادی، حفیظ الله. **دیدگاه‌های اجتماعی ابوریحان بیرونی**. حوزه و دانشگاه. شمارهٔ ۱۰. بهار ۱۳۷۶. ص: ۷۲ـ۵۲.

130. Martin, J. *sociology For Everyone*. London: Polity Press. and 2nd Ed. 1994. p. 251.

131. Calhoun, G. et al. *Sociology*. New York: McGraw Hill. 7th ed. 1997. p. 108, 95, 139, 146.

132. Brinkerhoff, D. B. *Sociologie*. New York: Wadsworth. 4th. Ed. 1997. P. 284.

133. Wander Zanden, J. *The Social Experience*. New York: McGrow-Hill. 2nd Ed. 1990. p. 619.

134. Taylor, S. E. *Social Psychology*. New Jersey: Prentice Hall. 9th Ed. 1997. p. 288.

۱۳۵. راوندی، مرتضی. **زندگی ایرانیان در خلال روزگاران**. تهران: زوار. ۱۳۶۲. ص ۲۳.

136. Trigg, R. *Understanding Social Science*. Oxford: Balckwell. 1993. p. 44.

137. Bhushan, B. *Dictionary of Sociology*. New Delhi: Anmol. 1994. p. 241, 105.

138. Thio, A. *Deviant Behavior*. New York: Longman. 1998. p. 113.

139. Moulder, F. *Social Problems of the Modern World*. Stanford: Wadsworth. 2000. p. 1.

۱۴۰. محسنی، منوچهر. و کوثری، مسعود. **وضعیت تحقیقات فرهنگی اجتماعی در ایران**. تهران: نشر رسانش. ۱۳۷۸. ص: ۱۱، ۱۳، ۱۴، ۱۸، ۱۹، ۲۳.




## چاپکراوەکانی دەزگا

### ★ دیموکراسی بۆ هەمووان

**نووسەر: دوکتۆر حسەین بەشیریە**

**وەرگێڕ: حسەین موحەممەدزادە**

### ★ دادگەی نێودەوڵەتیی تاوانکاری

**((لێوەکۆڵینێکی شرۆڤەکارانەی دادگەی نێودەوڵەتیی تاوانکاریی**
**تایبەت بە یۆگسلافیای جارانە بە بەراورد**
**لەگەڵ دادگەکانی نۆرمبێرگ و تۆکیۆ و رواندا))**

**نووسینی: د. مرشد احمد السید و احمد غازی الهرمزی**

**و: ئاسۆ کەریم**

### ★ خۆ بەکۆیلەکردن

**نووسینی: دۆلابۆتی**

**وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی و مراد حەکیم**